# هەولێر

# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٧٠٨ - ١٣٣٩ کۆچی
١٦٦٧ - ١٩٢٠ زایینی

**بەرگی دووەم**

هەواڵنامەی کتێب


ئامادە و پێشکەشکردنی:
**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# هەولێر

# لەبەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٠٧٨ - ١٣٣٩ کۆچی
١٦٦٧ - ١٩٢٠ زایینی

**بەرگی دووەم**

هەواڵنامەی کتێب

**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**
**خانەی بەڵگەکان**

**٢٠١٨**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**




- ناوی کتێب • **هەولێر** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا
  ١٠٧٨ - ١٣٣٩ کۆچی/ ١٦٦٧ - ١٩٢٠ زایینی
  بەرگی دووەم
- ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی ڕەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • کامیلۆ ئارتمەند
- دیزاینی ناوەرۆک • هێمن حەساری
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی بەڵگەکان
- چاپ • یەکەم ٢٠١٨ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ زانکۆی جیهان

# پێشەکی

بوونی بەڵگە نەك تەنیا لە بوارەکاندا بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەشدا گرنگن و جێگای بایەخن، زۆربەی کات لە بچووکترین قسە کە دەکرێت، دەڵێن بەڵگەت هەیە؟، واتە لە رابردوو و لەم ڕۆژگارەدا بەڵگە متمانە دەبەخشێتە ناخی تاك و دڵی تاك ئاسوودە دەکات، لەو گومانەی کە لە ناخیدایە، وا دەکات ببێتە جێگای باوەر پێکراو جگە لەمەش وا لە بابەتەکە دەکات کە دروستکراو نەبێت. بە تایبەتی لە بابەتی مێژوویی و دادگاییدا.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی لێرەدا زۆر پێویست و گرنگە، بایەخەکەی بە هیچ شتێك یەکسان ناکرێت و ناخرێتە هەمان قاڵبەوە، ڕووداوە مێژوویەکانە، کە بە هەزارەها ساڵ لەمەوبەر ڕوویان داوە، یا ئەوەتا بە باس کردن پشت لە دوای پشت بۆ یەکتری گێردراوەتەوە دواتر کراوەتە کتێب، یاخود ئەو دەستنووس و بەڵگانەیە کە لەم سەردەمانەدا نووسراونەتەوە و بۆ ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ماوەتەوە، هەر خۆی لە خۆیدا هەمیشە ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان جێگای گومان بوونە، هەردەم بە چاوی گومانەوە سەیری کتێبە مێژووییەکان کراوە، لە بارەی ئەو شتانەی کە باسکراوە، بۆیە بە پلە یەك دەستنووس و بەڵگەکانی مێژووی لە سەرووی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان هەژمار کراوە و بە ڕادەیەکی بەرز گومانی تاکی ڕەواندۆتەوە و مێژوونووسان بەم ڕێگەیەوە توانیویانە پاکتاوی مێژوو بکەن و لە ڕووداوەکاندا زانیاری پوخت و باوەر پێکراو بخەنە ژێر دەستی خوێنەر، ئەم زانیاریانەی کە ناراست و نادروستن پشتگوێ بخرێن و سەرچاوەی بەڵگە بکەنە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی خاکی کورد بە درێژایی مێژوو لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە بووە، هەر بۆیە نووسینەوەی مێژووەکەشی لەلایەن بێگانەوە نووسراوەتەوە، جگە لەمەش ئەم نووسراوانەش لەم وڵاتانە پارێزراون کە کوردستانیان لە ژێر دەستدا بووە، ئەمەش وایکردووە مێژووی کورد لە ڕووی زانیاری ڕاست و دروستەوە هەژار بێت و بۆشاییەکی گەورە دروست بکات. لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە و ئەو زانیاری ڕاست و دروستانە شوێنی ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کە لە مێژووی کورددا دروست بوون. هەڵبەتە هێنانی ئەو بەڵگانە و وەرگێرانیان هێندە ئاسان نییە، هیلاکی و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی و مێژوویەکی پوخت و دروست، لەگەڵ ئاشکرا کردن و دۆزینەوەی ئەو زانیاریانەی کە هێشتا لە ناو بەڵگەکاندا پەنگیان خواردۆتەوە و بە دەست مێژوونووسان نەگەیشتوون، هەر بۆیە بەشێکی تری بەڵگەکان کە تایبەتن بە شاری هەولێری دێرین لە بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ لەسەر ئەرکی زانکۆی جیهان هێنران و وەرگێردران، لە پەرتوکێکی تر کۆمانکردەوە، ئەوانیش لە (٢٩٢) بەڵگە پێك دێن.

ئەوەی شایەنی باسە شاری هەولێر یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان، گرنگیەکی تایبەتمەندی هەیە، ئەم تایبەتمەندیە وایکردووە لە زۆربەی پەرتوکە جیهانیەکاندا باسی بکرێت و ناوی بهێنرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم شارە دێرینە بە چەندین سەردەمی زێرین تێپەڕیوە و لەلایەن چەندین نەتەوە و هێزەوە دەستی بەسەر داگیراوە، بەهۆی تێپەڕبوونی بەم هەموو قۆناغەوە هەر میللەتێك و هێزێك بە هەولێر تێپەری بێت ناوی هێناوە و باسی دێرینی ئەم شارەی کردووە. یەکێك لەم هێز و نەتەوانە نەتەوەی عوسمانی بووە، دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەولێر کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان و بۆ ئەو دەوڵەتە شوێنێکی گرنگ و بە بایەخ بووە، لە ڕووی کارگێری و سیاسیەوە پێگە و پلەوپایەکەی بەهادار و بە نرخ بووە، نووسراو و بەڵگەکانیش گەواهیدەری ئەو سەردەمەن.

دوای ئەو ماندووبوون و هیلاکیەی کە کێشامان، هیواخوازین سوودێکمان بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی کوردستان گەیاندبێت و مێژوونووسان سوود لە زانیاریەکانی ئەم پەرتوکە وەربگرن.

**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
**سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان**

# ڕوونکردنەوە لە بارەی بەڵگەکانەوە

1 • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

2 • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

3 • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

4 • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

5 • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

6 • هەندێک ووشە یاخود ڕاستترە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە

بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

꩜

7 • جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەرەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی وەرگێردراوە.

꩜

8 • دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

꩜

9 • لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

꩜

10 • لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

꩜

11 • لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ رێزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

**وەرگێر**

# وشەکان

| | |
|---|---|
| ئاڵای (الای) | ئـــاڵای بـــە مـــانـــای کـــۆمـــەڵ، قـــەڵـــەبـــاڵـــغ دێـــت، لـــە زاراوەی ســـەربـــازیـــش وشـــەیـــەکـــە لـــە سێ چـــوار تـــابـــور پـــێـــک دێـــت، هـــەروەهـــا هـــەر ئـــالایـــەک ســـەنـــجـــەقـــێـــکـــی لـــە ژێـــر دەســـتـــدا بـــوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بـەدواداچـوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئـەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی والا لـە ساڵی ١٨٣٧ دامـــەزرا، ئـەم ئەنجوومەنە کـاری ئـەوە بـوو، داواکـــاری نـێـوان دەوڵـەت و خـەڵـک جێبەجێ بـکـات، لـە ساڵـی ١٨٦٧ هـەڵـوەشـایـەوە و لـە شـوێـن ئـەو شـورای دەوڵـــەت دامـــەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق | ئـەو زەویـیـانـەن کـە جـیـاکـرابـوونـەوە و داهـاتـەکـانـیـان بـۆ پـارێـزگـارانی قـەڵا و کـۆگـای چـەک دەڕۆیـشـت. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی همایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کـیـتـابـەت واتـە پـیـشـەی نـووسـیـن، بـاش کـیـتـابـەت یـەکـسـانـە بـە بـاش کـاتـیـبـی، واتـە سـەرۆکـی نـووسـین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک. |
| بەرائەتی شەریفە | واتـە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامـەزرانـدن دەبـوایـە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵـەت بـەرائـەتی شەریفە واتـە پاکانەی ئەستۆی وەرگرتبووایە. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە کە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خزمەتی خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئـەو شوێنە بـوو کـاروبـاری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکـرا، واتـە کـارگـەی دەریایی و کـاروبـاری دەریـایـی کە تێدا کـارەکـانی تێدا جێبەجێ دەکـرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تەغار (تغار) | چوار ربە يەك تەغارە. |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە دایە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگـیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بـواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئـەوە بـوو تا بژێوی ژیـانی خۆیان پێ دابـین بکەن، لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |


| | |
|---|---|
| پارە | وشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بە شێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە بووە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە نـاوداری گـەورە، وەزیـر یـاخـود مـوشـیرەکـان هـەروەهـا کـە نـووسراو بـۆ فـەرمـانـگـەی ئـەوان دەکـرا، بـەم شێوەیە ڕێـزیـان لـێ دەگـیرا، هـەروەهـا لـە پلەی ئـەوان نزمتر پێیان دەوتـرا بەهیبە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گـرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکـو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی ڕێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبۆل پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە کاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەڕێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری ڕووداوەکان، یاخود دەفتەری ڕۆژانە. |
| ڕایج | ڕایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای ڕابردووی. |
| ڕەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە وتراوە ڕەدیف کە لە دواوەی سەربازی ڕێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| ڕەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| ڕوزهزر و ڕوزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، ڕوزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (ڕۆژی هزر) کە بە ناوی ڕۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو ڕۆژەیە لە سەر ڕووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی ڕۆژژمێری زایینی ڕۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی ڕۆژژمێری ڕومی ڕۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی ڕۆژەکانی هزر وەرزی هاوین، هەرچی ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی ڕۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە ڕۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و ڕۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| ڕوسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| ڕوسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ڕیاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ڕیاسەتپەناهی. |
| ڕیال | ڕیال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ڕیکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| سالیانە | ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بە ئەرك ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعززەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعززەمەوە هەیە، وایە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعززەم. |
| سەدری ئەعززەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەی لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك(سفربرلك) | چوونە شەر، واتە بەو کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئـەو سـەربـازە سـوارەیـە خـاوەنی تیمارە واتـە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سـوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئـەو دە یەکە (عـشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریـانـدەگرت لەگەڵ ئـەو ئـاژەڵانـەی کە خۆیان بەخێویان دەکـرد بەشـداری جەنگیان دەکـرد، بـەڵام کەلوپەلی جەنگی لـەلایـەن دەوڵـەتـەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر(سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەڕەکان بە چەك شەڕیان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر(شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لە دەوڵـەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامـەزراوەیـە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا شورای دەوڵەت لە ساڵی ١٨٦٨ دامـەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکـردنی یاسای گونجاو بـوو، ئەم دامـەزراوەیـە تا ساڵی ١٩٢٢ بـەردەوام بوو. |
| چاوش | وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك(چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو پاشایە بوو، کە سەر بە خەزینە بوو، فەرمانبەرێک بوو ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعززەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سەنجاقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەڕێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوە ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیـە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تـاقـم، تـیـپ، دوو لایــەن، کـۆمـەڵـە خـەڵـکـێـکـی زۆر، بـە پـلـەی سـەربـازیـش دێـت، لـە کـۆن لـە چـیـنـی سـەربـازی لـە دوای مـوشـیر دەهـات، ئـەویـش گـەورەتـریـن پـلـەی سـەربـازی بـوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |


| | |
|---|---|
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئـــەرک و خـــزمـــەت بـــوو، ئـــەو فـــەرمـــانـــبـــەرانـــە بـــوون لـــە بـــابی عـــالی لـــە ویـــلایـــەت لـە خـــزمـــەتی قـــەپـــوکـــەتـــهـــودا دابـــــوون و هـــەنـــدێـک داواکـــــــاری والـــیـــان جـێـبـەجـێ دەکـــرد. |
| قەپوچی باشی | بەڕێوەبەری ئەو چینەیە کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتـە فەرمانبەرانی دەوڵـەت، بۆ نموونە ریکابی همایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری یەک قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لە رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروسـت دەکـرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | بە مانای زەوییەکی تەخت دێت، ئەو زەوییە بۆ چاندنی خورما و گەنم بەکارهاتووە. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی بە پلە لە فەرمانبەر پلەکەیان نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەو پارچە دارانـەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێڵە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |
| کیل | کیلە، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| مەشروتیەت (مشروطیت) | مـــەشروت واتـــە مـــەرجـدار کـــە پەیوەستە بـــە مـــەرجـەکـانـەوە، مـــەشروتـە واتــە لــەلایــەن یــەکــەم خــاوەنــیــەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکـو خـانـوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مـزگـەوت، هـەرچـی مـەشروتـیـەتـە ئـەوا ئـەو حـوکـمـدارە دەگـرێـتـەوە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتـی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وولاتی عوسمانی. |
| مەمالیك (ممالك) | وولاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وولاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە رێگای یەک رۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |

| | |
|---|---|
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەویيانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی رێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش راستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و رێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەرێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| هومایۆن (هومایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە رووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی رەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

هەواڵنامەی کتێب





| IE.TCT. | 00004.00431 | 28 موحەررەم 1078 |
|---|---|---|
| موتەسەرفی پێشووی سانجەقی هەولێر وەلی بەگ، سەنجاقی شەهربازاری پێدراوە، بریارەکە نووسراوەتەوە. 28 موحەررەم 1078 | | |





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>IE.AS.</td><td>00012.1109</td><td>29 موحەررەم 1078</td></tr>
<tr><td colspan="3">بـۆ جەنابـی سـوڵتانی میهرەبانـم سـەلامەت بێـت لـە داواکاری بەندەتـان هاتـووە، لـە ئەیالەتـی شـارەزوور دزداری قـەڵای هەولێـر وەلـی باوکـی منـە، بـەم دواییـە لـە خزمەتەکەیـدا کاری باشـی ئەنجـام نـەداوە، بۆیـە کاری ئـەو دزداریـە بدرێتـە بەندەتـان، تـکا دەکـەم وەکـو سـەدەقە و ئیحسـان مـەرام دەکـەم، داواکاریـم داوە، ئـەو فەرمانـەی ماوەتـەوە بۆجەنابـی سـوڵتانمە.<br>بەندە محەمەد</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>IE.AS.</td><td>00007.00595</td><td>11 جەمادی کۆتایی 1079</td></tr>
<tr><td colspan="3">١١ جەمادی کۆتایی ١٠٧٩<br>بەگی ئالای پێشووی سەنجاقی هەولێر بەندە سلێمان جێگیر و دیندار بوو، هەروەها لە قەڵای ناوهاتوو کاری خێری کردووە و سوودی هەبووە و خزمەتی کردووە، دڵسۆزیەکەی پاکە، بەبێ هیچ هۆیەك لە خزمەتەکەی دوور خراوەتەوە و کەسێکی تر بە ناوی سەلیم لە شوێنی دانراوە، بەم شێوەیە ناوبراو زوڵمی لێکراوە بەوەی کەسێکی تریان هێناوەتە شوێنی، بۆیە تکا دەکرێت لە ئەرکەکەی بمێنێتەوە، ڕاگەیەندراوە، فەرمانیش بۆ سەرووە.<br>داواکاری بە واژووی مستەفا بەگ/ پارێزگاری بەغداد</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>7 زیلحیجه 1079</td><td>00019.01800</td><td>IE.AS.</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سەنجاقی هەولێر و ناوەوەی..... هەروەها ئەوانی تر بە ٤٤٨٨ ئاقچە مەزرەعە خاڵیە، بە کۆی ١٠٠٠ ئاقچە ٥٤٨٨ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی لەسەر ناوی ئیبراهیم بووە، ئەو مردووە، شوێنەکەی بەتاڵە و خزمەتەکەی وەستاوە، بۆیە بەندە محەمەد کەسێکی شیاوە و بۆ ئەم کارە لێهاتووە، لە نەبوونی ئیبراهیم بە تکا و سەدەقەوە داوا دەکرێت بدرێتە محەمەد، ئەمر و فەرمان بۆ ئێوەیە.<br>بەندە سەلیم میری ئاڵای هەولێر</td></tr>
</table>




| IE.AS. | 00016.01517 | 23 جەمادی کۆتایی 1081 |
|---|---|---|
| لـە قـەڵای هەولێـر میـرزا محەمـەد ووتاربێـژی جامیعـی شـەریف ڕۆژانە بـە ١٠ ئاقچە ئەرکـی هەبـووە، دوای مردنـی شـوێنەکەی بـە تـاڵ بووە و ئەرکەکەی خاڵیە، لە شـوێن ئـەو مەلا محەمەد خەلیل بۆ ئـەو کارە گونجاوە و شـایەنی ئەوەیـە ئـەو ئەرکـەی پـێ بدرێـت، بـە تـکاوە بـە سـەرووم ڕاگەیانـدووە، فەرمانیـش بـۆ سـەرووە. دزداری قەڵای هەولێر | | |



| AE.SMMD.IV. | 00016.01767 | 4 جەمادی کۆتایی 1092 |
|---|---|---|
| ٤ جەمادی کۆتایی ١٠٩٢<br>بۆ جەنابی سوڵتانم<br>بەندەتان لە ئەیالەتی شارەزوور سەنجاقی هەولێر دوور خراوەتەوە بۆ سەنجاقی موسڵ سەنجاقی ماقلوب نێردراوە، لەم بارەیەوە چاوەڕێی میهرەبانی دەکرێت، ئەو فەرمانەی ماوەتەوە بۆ جەنابی سوڵتانمە.<br>محەمەد | | |




<table>
<tr><td>IE.TCT.</td><td>23.2422</td><td>10 رەمەزان 1126</td></tr>
<tr><td colspan="3">نێردراوە لە ١٠ رەمەزان ١١٢٦<br>بۆ یەنیجەرەکانی پارێزگارانی بەغداد هەموو ساڵێك بۆ بەهای زەرەرەکان لە خەزینەی بەغداد هەر یەکە ٦٠٠ قوروش هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە بەگی ئاڵای ئەیالەت سەنجاقی هەولێر عەبدولرەحیم هەموو ساڵێك بۆ کارەکەی و هەموو ئەوانەی سەر بە ئەون و ئەوەی پێویستە بۆ کاروبارەکان بکرێت لەگەڵ ئەوەی بۆ منداڵی هەژار کردوویەتی، دواتر لەسەر داوای خۆی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە بەندەتان محەمەد کەسێکی شیاوە و مەرجەکانی تێدا هەیە، ئەوەی باس کراوە بۆ هەر یەکە لە ٦٠٠ قوروشەکە بۆ زیانی ئاقچەکانی من ساڵی جارێك وەکو جاران لە خەزینەی بەغداد بە مەرجی جێبەجێ کردن و رادەست کردنەوە، لە لیوای ناوهاتوو عەبدولرەحیم لابدرێت و محەمەد دابنرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ رەبیعی کۆتایی ١١٢٦.</td></tr>
</table>




| 16 رەبیعی یەکەم 1126 | 60.5418 | IE.AS. |
|---|---|---|

پاشاهی پارێزگاری شارەزوور
هۆکاری نووسراوی قەڵەم و ژمارەی ووتار ئەوەیە لە سەنجاق و ناحیەی هەولێر مەزرەعە بە ناوی گردە عروە سەلیم فەوزی ئەیوب ئەو مەزرەعەیە بە بری ٥٠٠٠ ئاقچە بەڕێوەی دەبات، بەڵام ئێستا خاڵیە، هەروەها دیسان لیوای ناوبراو و ناحیەی ناوهاتوو مەزرەعە بە ناوی قرەیتام بە بری ١٥٠٠ ئاقچە لەلایەن کەسێك بە ناوی وەلی، بە هۆی کەموکوری خۆی بۆشاییەکی بە جێ هێشتووە لەگەڵ ئەوەی زەویەکە خاڵیە بدرێتە ئەحمەد کە چاوی کاڵ و برۆ زەرد و باڵا مام ناوەندە، ئەو کەسە شایەنی وەرگرتنی ئەو زەوییەیە، وەلی، بەگی ئالای لیوای ناوبراو رایگەیاندووە ئەوەی باس کراوە ٥٠٠٠ ئاقچە کراوەتە ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ئەوەی باس کراوە لە ١٥٠٠ ئاقچە کۆبکرێنەوە و لە سەنجاقەکەی خۆی نیشتەجێ بێت و لە ژێر بەگی ئالا بە مەرجی چوونە شەڕ لە ساڵی ١١٢٤ موحەررەم ڕۆژی هەشتەم پێی بدرێت ئەگەر پێویست بکات لە ئەمرۆ بە دواوە لە ژێر دەستی ممێنێتەوە چ خەرجیەکی کردبێت هەروەها لە خزمەتی ئەرکەکەیدا جێبەجێ بکرێت، بە سوپاسەوە هەوڵ و کۆششی سەربازانی مەنسورە لە دەفتەر و دەفتەر خاقانی هیچ کەموکوریەکی تێدا نەکرێت، لە مێژووی باس کراو نووسراوەتەوە.



| IE.TCT. | 14.1574 | 29 جەمادی کۆتایی 1133 |
| --- | --- | --- |

٢٩ جەمادی کۆتایی ١١٣٣ نێردراوە
ئێستا لە سانجەقی هەولێر کارەکان ماونەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، خضر کوڕی محەمەد کەسێکی باشە و هەڵبژاردنێکی گونجاوە بۆ وەرگرتنی بەگایەتی لیوای ناوهاتوو، هەروەها کەموکوری نابێت، بەندەتان لە هەموو لایەك شایەنی ئەو پلەیە و گونجاوە، بەهۆی کەموکوری عومەر بەگی لیوای ناوهاتوو لە شوێن ئەو خضر کوڕی محەمەد دابنرێت و کارەکەی پێ بسپێردرێت، بۆیە تکا دەکەین فەرمانی شەریفەی عالیشانی پێ بدرێت بۆ ئەمەش راگەیاندن رێکخراوە ئەوەی ماوەتەوە ئەمر و فەرمان بۆ پاشایە، لە ٢٢ رەبیعی یەکەم ١١٣٣.
عەبدولرەحمان بەگ میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور




| | | |
|---|---|---|
| C.ML. | 112.4971 | 15 سەفەر 1145 |


پێشتر لە هەولێر لە مزگەوتی شەریفەی شێخ سەفەددین قودسی، رۆژانە ١٨٠ ئاقچە وەکو خزمەتی ئەرك و ساڵانە ١٨٠ کیلۆ زەخیرە بە بەرائەتی عالیشانی دراوەتە شێخ سەید مستەفا ئەفەندی ئیمام و ووتاربێژ و بانگخواز، کە خاوەن زانست و زانیاری، بە دین و لە پیاوچاکان بوو، شەش مانگ لە ئابڵوقەدانی قەڵای ناوهاتوو وەکو خەڵکی تری ئیسلام لەم قەڵایە بوو، هەر لەم ساڵە پیرۆزە ئەمجارە کە لەگەڵ سوپاکە بووە، بە فیشەك چاوی راستی لە دەست دا و بریندار بوو، بۆ پارەی نان جێگەی بەزەیی و شایستەی میهرەبانییە، لەبەر ئەو حاڵەتەی کە تووشی بووە، داواکراوە لە پارەی موقاتەعەی قۆیقۆدەی دیاربەکر بە سەدەقە و میهرەبانیەوە بۆ ناوبراو برێك پارە و ئەرکێك دابین بکرێت، ئەوەی ماوەتەوە فەرمان بۆ ئەو ناونیشانەیە.

عەلی بەگ سەر عەسکەر

| C.AS. | 858.36713 | **ناوەڕاستی سەفەر 1157** |
| --- | --- | --- |


هەر ئێستا فەرمانە بۆ ئەحمەد پاشا والی بەغداد
پارێزەرانـی قەڵاکانـی هەولێـر و کەرکـووك کـە لـە نـاو سـەرحەدی مەنسـورەی ئیسـلامیەدان، لـە گونوللویانـی چـەپ و راسـت، یەرلـو قولـو، یەنیجـەری سـەرد و هەمـوو تائیفـەی سـەربازی هـەر لـە کۆنـەوە نـان و نیعمەتـی ملوکانـە دەخـۆن، ئـەو ئەرکـەی کـە ئێسـتا هەیانـە ئەمـەش دەخرێتـە پـاڵ ئـەو میهرەبانیـە و دڵسـۆزیەی کـە ملوکانـەم هەیەتـی، ئـەو ئەرکـەی کـە ئێسـتا تێـدا کار دەکـەن، بـە فەرمانـی پارێـزگار و هەمـوو خزمەتەکانـی هومایۆنـەوە، دڵسـۆزی و پاکـی خۆیـان بـۆ دیـن و دەوڵـەت نیشـان داوە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە بەنـدەی دەوڵەتـن، کەچـی خیانـەت و پیسـی خۆپـان نیشـان داوە، چـوار پێنـج سـاڵ دەبـێ خیانـەت دەکـەن، نـادر شـا لـە گەشـتەکەیدا بـۆ ناوچەکـە لەگـەڵ کۆمەڵێـك خەڵکـی چیـا ملکەچـی خۆیـان دەربریـوە، ئـەو سـەربازانەی لـە سـەربازانی مەمالیکـی مەحروسـە ئـەو کارانـە دەکـەن لەگـەڵ ئەوەی قەدەغەیـە کەچـی زەخیـرە و ئەسـپ بـۆ نـادر شـا دەگوازنـەوە، بوێریـان کـردووە ئـەو جـۆرە چالاکییـە نـا ماقولانـە ئەنجـام بـدەن، لەوانـە لـە چەنـد ناوچەیـەك بـۆ هـەر یەکـە ٨ هـەزار سـەر ئەسـپ و زەخیرەیـان بـۆ لەشـکرەکەی عەجـەم گوازتۆتـەوە، هەرچـی زووە و بـە پەلـە ئەوانـەی خیانەتیـان لـە دەوڵـەت کـردووە و ئاشـکران، ئەوانـە دەسـت نیشـان بکرێـن، پێویسـتە ئەوانـەی خیانەتیـان لـە دیـن و دەوڵـەت کـردووە، خاکیان لـێ پـاك بکرێتـەوە، قـەڵای کەرکـووك کـە لەسـەر خدێوانەیـە رێك بخرێـت و جێگیـر بکرێت، پێشـەکی بەگی بەگانـی شـارەزوور حوسـێن پاشـا بـۆ پاراسـتنی قەڵاکـە دامەزرێـت، هەروەهـا قـەڵای ناوبـراو لەبـەر ئـەوەی لـە موسـڵ نزیکـە ئـەو تاکانـەی کـە بوێـری ئەوەیـان کـردووە ئـەو کارە ئەنجـام بـدەن و پیشـەیان بۆتـە ئـەو کارە، پـاك بکرێنـەوە، یـا ئـەو مەملەکەتـی ناوهاتـووە زیانـی پـێ نـەگات، لـەم بارەیـەوە فەرمانـی شـەریفەی عالیشـانی والـی موسـڵ و وەزیـرم حوسـێن پاشـا لـە قـەڵای کەرکووك بـۆ پاراسـتنی قەڵاکە ئـەوەی بـاس کراوە ئـەو سـەربازانەی کـە بوێـری خیانەتیـان کـردووە، خائینـەکان بـە نهێنـی و ئاشـکرا کـە چاودێـری و سـیخوری دەکـەن، هـەر هەمـووی بهێنرێـن بـە شـارەزای پۆلیـس و زانیـاری شـەرعەوە چ سـزایەکیان شـایەنە جێبەجـێ بکرێـت، لەگـەڵ ئـەوەش قـەڵا و دەورووبـەری قـەڵای ناوهاتـوو لـە خائینـی دیـن و دەوڵـەت و کافیـری یاسـا و نیعمـەت ئەوانـەی کـە پیشـەیان خیانەتـە پـاك بکرێنـەوە لەگـەڵ ئـەوەش کاروبـارەکان رێك بخرێنـەوە، لەم بارەیـەوە فەرمانـی شـەریفەم دەرچـووە و نێـردراوە، ئێسـتا لەگەڵ گەیشـتنی وەزیـری ناوبراو بـە نـووسراو میـری میرانـی ناوبـراو لـە ئەیالەتـی ناوهاتـوو دیسـان بـۆ لایەنەکـەی تـر نێردراوەتـەوە، هەروەها قـەڵای ناوهاتـوو بـە پـاك کردنـەوەی تاکـەکان و پاککردنـەوەی کاروبـارەکان هیـوای هومایۆنـم بـووە، ئـەوەی دیـارە لـەوەی باسـکراوە لـە چینـی سـەربازی لـە بـارەی خیانـەت و خیانەتکاریـان دیـارە لـە رێگـەی سـیخوری و چاودێریـەوە هـەر هەمـووی بهێنرێـن و بـە شـارەزایی پۆلیـس و زانیـاری شـەرعی سـزا بدرێـن، ئەوانـە هـەر لـە کۆنـەوە دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ دەوڵـەت نیشـان دابـوو، ئەوانـەی کـە لەلایـەن هومایۆنـەوە ئەرکیـان پـێ سـپێردرا بـوو کۆتایـی پـێ بێـت و قـەڵای ناوهاتـوو و دەورووبـەری لـە خائینـی دیـن و دەوڵـەت و کافیـری یاسـا و نیعمـەت پـاك بکرێنـەوە، بـۆ نیشـاندانی رازی بـوون بـە خەلافەتیـش، فەرمانـی عالیشـانی دەرچـووە.
ناوەراستی سەفەر ١١٥٧





هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>12 زیلقەعدە 1158</td><td>1149.51065</td><td>C.AS.</td></tr>
<tr><td colspan="3">راگەیەندراوی بەندەتانە<br>لە ئەیالەتی شارەزوور قەڵایەکانی کەرکووک و هەولێر هەندێك لە گەرەکەکانیان وێران بووە، جگە لەوەش باروت و فیشەك و پێداویستیەکانی تر و زەخیرە نەماوە، داواکراوە ئەو گەرەکانەی کە پێویستیان بە نۆژەن کردنەوەیە، نۆژەن بکرێنەوە لەگەڵ دابینکردنی پێداوێستی جبەخانە و تۆبخانە، هەر ئێستا بەگی بەگانی شارەزوور حوسێن پاشا بەشیر، لە دوو پارچە نامەی بە مۆر لەگەڵ داواکاری جیا جیای خەڵکی کەرکووك و هەولێر تکای کردووە بۆ ئەوەی کارەکە جێبەجێ بکرێت، کەلوپەلی دیاری کراو هەر ئێستا حەواڵەی والی دیاربەکر جەنابی عەبدوڵڵا پاشا کراوە تا جێبەجێی بکات، ئەم کارەش پەسەند کراوە، لەلایەن ناوبراوان راستەوخۆ میری میران و ئاغا و پۆلیس دامەزراون، ئەو گەرەکانەی نۆژەنکردنەوەیان پێویستە دەرخستەیان بۆ کراوە، هەروەها تۆپ و کەلوپەلی جبەخانە و تۆپخانەکان لە ژێر چاودێری دیاربەکر و زەخیرەکانیش بگوازرێتەوە بۆ گەرەکە گونجاوەکان، دوای ئەوەی گوازرایەوە، ئەوانەش لە دەفتەر بنووسرێتەوە، هەروەها دوای ئەوەی دەفتەرەکانی بە مۆر و واژوو رەوانەی دەرسەعادەت کرا، دووبارە چاوەرێ بکرێت تا فەرمانی شەریفە دێت، لەگەڵ ئەوەی کات و وەختی دیار نییە، خەرجیەکە لەلایەن میریەوە دەدرێت، لە ژێر چاودێری ناوبراو نۆژەنکردنەوەکان بکرێت، جگە لەوە لە بارەی گواستنەوەی تۆپ و کەلوپەلی جبەخانە و تۆپخانە دیسان بە مەرجی ئەوەی خەرجی گواستنەوەیان لەلایەن میریەوە دابین بکرێت، وەزیری ناوبراو بە ئامادەبوونی دیاربەکر تۆپچی بۆ شوێنی دیاریکراو بچێت و بنێردرێتە هەردوو قەڵا، ئەمەش لە سەرۆکایەتی ژمێریاری تۆمار کراوە، بە گوێرەی یاساش نووسراو دەکرێت، فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانە.</td></tr>
</table>




| 3 زيلحيجه 1159 | 233.9800 | C.ML. |
| --- | --- | --- |

فەرمان بۆ بەرپرسی داهاتی قبرس عەبدوڵڵا پاشا


ئـەو یەنیجەرانـەی لـە سـەرحەدی مەنسـورەیەی کـە بـۆ پارێـزگاری کـردن لـە قەڵایەکانـی کەرکـووك و هەولێـر و قـرم دامـەزراون لـە ١١٥٧ بـۆ دەسـت بـە کاربـوون لـە ئەرکەکانیـان ئەوانـەی لەسـەر فەرمانـی مالیکانـەن خراونەتـە سـەر باجـی قـبرس و حەواڵـە کراون، لـە باجی باسـکراو بۆ ئاسـانکاری و گواسـتنەوەیان لـە کەناراوەکانـی ئیزمیـر یاخـود ئەنـادۆڵ کەشـتییەك لـە کەشـتیەکان ئامادە بکرێت بـە مەرجـی وەرگرتنی باجـی باسـکراو لـە کەشـتیەکان کەشـتیەك ئامـادە بکرێـت، نـووسراو بکرێـت ئـەو پارەیـەی پێویسـتە لـە دوورگـەی ناوبـراو هەڵبگیرێـت و بگوازرێتـەوە بـۆ کەنـار دەریـا و ئاسـانکاریان بـۆ بکرێـت، لەلایـەن ئۆچاقەکانیانـەوە هـەواڵ دراوە و کۆتایـی پـێ دێـت، بـۆ راگەیاندنـی ئـەوەش بـۆ ئـەم کارە فەرمانـی عالـی شـەریفە راگەیەنـدراوە و ئەوانـەی بـە شـێوەی سـالیانە دامـەزراون بەیەکـەوە نێـردراون، هەروەهـا ئێسـتا لـە سـەر گەیشـتنە، هـەر لەگـەڵ گەیشـتن و حەواڵـە بوونـی، هـەروەك ئامـادە و حـازر بـووە بـە هیـچ شـێوەیەك دوانەکەوێـت و نەوەسـتێت، ئاقچەکان بـە تەواوەتـی وەربگیرێن و بـۆ ناوچەکانی خۆیـان بنێردرێـن، بـە گوێـرەی ئـەوەی بـاس کـراوە ئـەو کەشـتیەی ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، ئەو سـالیانەی لە دەسـتییەتی بـە مەرجـی رادەسـت کـردن دوای ئـەوەی لـە کەناراوەکانـی ...... و ئیزمیـر یاخـود ئەنـادۆڵ لـە دوورگـەی ناوهاتـوو یەکێـك لـە کەشـتیەکان کەشـتیەکی گونجـاو ئـەو ئەرکەی پێ بسـپێردرێت و نـووسراوی بـۆ بکرێـت، دوای وەرگرتنـی متمانـە لەگـەڵ را و زانیـاری بایەخـداران ئاقچـەی دیـاری کـراو بـە کەشـتی دیـاری کـراو هەڵبگیرێـت و حەواڵـە بکرێـت، بـە فەرمانـی هومایـۆن کار بکرێـت و دەسـت بـە جولـە بکرێـت، لـە کاتـی دواکەوتـن و فەرامـۆش کردنـی دەبێتـە هـۆی نـان بریـن و پەرێشـانی، بەرژەوەندییـەکان تووشـی زیـان دەبـن، لـەم حاڵەتـەدا ئـاگادار کردنـەوە و دوورخسـتنەوە فەرمانـی عالـی دەردەچێـت.

لە ٣ زيلحيجه ١١٥٩

هەواڵنامەی کتێب




<table dir="rtl">
<tr><td>D.MKF.D.</td><td>30032</td><td>11 سەفەر 1177</td></tr>
<tr><td colspan="3">راگەیەندراوی بەندەتانە<br>ساڵی ١١٧٥ لە روزهـزر تا ساڵی ١١٧٦ روز هـزر لە مەنزیلی هەولێر بە ئەحکامی ئینعام (احکام انعام) ئەو پۆستەچیانەی هاتووچۆیان کردووە، ئەو بارگیرانەی لە مەنزیلی هەولێر پێیان دراوە، ژمارە و کرێیەکانی لە دەفتەر نووسراوەتەوە و راگەیەندراوە، هەژمار کراوە و جێبەجێ کراوە، لە ساڵی رابردوو تا کۆتاییەکەی ٤٤٨٩٥ ئاقچە داواکراوە، دوای جێبەجێ کردنی ٤٨٩٥ ئاقچە کەم کراوەتەوە، جگە لەمە لیستی ٤٠٠٠٠ ئاقچە کراوە تا بدرێت، فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانمە.<br>لە ١١ سەفەر ١١٧٧</td></tr>
</table>





| .C.AS | 66.3132 | 13 ڕەبیعی کۆتایی 1179 |
| --- | --- | --- |

- لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەڵای هەولێر بۆ ئەو کەسانەی کە ئەرکی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن لە پارەی موقاتەعە بە شێوەی ئۆجاق بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی ساڵانەیان کە ٨٦ هەزار و ٤٠٠ قوروشە، لە هەر ١٦٠ ئاقچە لە یەك قوروشدا ئەوا ٥٤٠ قوروش بۆ ساڵی ١١٢١ لەمەوپێش ساڵی ١١٢٠ لە پارەی موقاتەعەی موسڵ حەواڵە بووە، لە دەفتەری خەزینەی عامیرەم تۆمار کراوە، بەڵام قەڵای ناوبراو لە دەوڵەت دوورە، بۆیە زەحمەتە و ئەو تواناییانەیان نییە هەموو ساڵ پیاو بنێردرێت و داوای پارە بکرێت و حەواڵە بکرێت، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان و نەبوونی کەموکوری بری پارەی دیاری کراو ٥٤٠ قوروش لە داهاتی موقاتەعەی موسڵ هەموو ساڵ بە شێوەی ئۆجاق بە پێشکەش کردنی بەرائەتی عالیشانی و دامەزراندن کەسانی ناوبراو و دیاری کراو بانگ بکرێن و لە لایەن پارێزگاری موسڵ سەید محەمەد ڕایگەیاندووە بە پێی ڕاگەیەندراوی ئەو ئۆجاقلق دامەزرێن و لە دەستیان بەرائەتی عالیشانیان پێ بدرێت، بەم پێیەوە فەرمانی منی لەسەرە کە بە شێوەی ئۆجاق دامەزرێن و بەرائەتیان پێ بدرێت، لە ساڵی ١١٢١ جەمادی یەکەم ڕۆژی ٢٨ بەرائەتی هومایۆنم پێیان دا و فەرمووم کەسانی ناوبراو ساڵانە ئەرکیانە لە داهاتی هەموو موقاتەعاتەکان لە ئۆجاقلقەکانیان تەنیا بۆ هەر ساڵێك بۆ تەواوکردنی مووچەی ئەرکەکانیان ئەوەی دەمێنێتەوە بری دیاری کراو کە پێك دێت لە ٥٤٠ قوروش لە سەرەتای ١١٢١ بۆ هەر ساڵێك لە پارەی موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاقلق پارەکە وەردەگرن و دابەشی دەکەن، هەروەها لە ئەیالەتی ناوهاتوو قەرزی ئەوانەی پارەکە وەردەگرن لەسەریان هەژمار دەکرێت، بۆ ئەم کارە بە وێنەی بەرائەتی عالیشانی و بیانووی شەرعی پۆلیسەکان پارەی هەموومان وەردەگرن، لە کاتی هەژمارکردن، قەرزەکان هەژمار دەکرێن و لە دەفتەری هومایۆن بۆ تۆمارکردنی داهاتوو و خەرجی ئەوەی لە دەستیانە دەپارێزرێت و لەلایەنەکەی تریش هیچ تاکێك لاری نییە و پشت بە ڕاگەیاندنی شەریفە دەبەستن، لە ڕۆژی سێیەم مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ١١٢١ نوسراوەتەوە.


ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەڵای هەولێر ئەو پۆلیسانە پارێزگاری لە قەڵا دەکەن، لە کۆمەڵەی پیادە ساڵانە بۆ ئەرکەکانیان پارەکەیان ٧٧٧٦٠ ئاقچەیە، لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاقلق جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ساڵی ١١٧٣ بۆ ئەرکەکانیان لە داهاتی موقاتەعەی ناوهاتوو هەژمار کراوە، بۆیە نووسراو دراوە کە بری پارەی دیاری کراو لە ئۆجاق خەرج بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانمە.


نووسراوی هاتوو لە ١٣ شەعبان ١١٧٩

- بۆ ئەم کارە بە گوێرەی بەرائەتی عالیشانی باسکراوە و پەسەند کراوە، لە قەڵای هەولێر ئەو پۆلیسی پاراستنانەی کە لە قەڵا ئەرکیان هەیە، کاتبی ئۆجاق عوسمان ئەفەندی و سەر بلۆکەکان خان ئاغا و چاوش موستەفا چاوش هاتوونەتە ئەنجوومەنی شەرع و سوێندیان خواردووە و مەرامی خۆیان دووپات کردۆتەوە، کە لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاق ساڵانە ئەوەی پێویستە ئەو کەسانەی ناویان هاتووە، ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن کە ٥٤٠ قوروشە لە ساڵی ١١٧٣ هەژمار کراوە، یەکسەر لەلایەن والی شاری موسڵ محەمەد ئەمین پاشا خوا کارەکانی ئاسان بکات و چۆنی دەوێت ئاوا خێری بۆ بنووسێت، لە پارەی موقاتەعەی ناوهاتوو بری پارەی دیاری کراو ٥٤٠ قوروش بە تەواوەتی و هەر هەمووی بدرێتە پۆلیسەکانمان بە ناوی هەموو ئەوانەی ئەرك جێبەجێ دەکەن، ئەوەی لە دەستیانە پەسەند کراوە، لە مێژووی ساڵی نووسراودا.

حاجی قاسم سەلام / یەحیا جەلەبی / مەولانا حەسەن ئەفەندی مودەریس




<table>
<tr><td>D.MKF.D.</td><td>30693</td><td>29 جەمادی یەکەم 1191</td></tr>
<tr><td colspan="3">ڕاگەیەندراوی بەندەتانە<br>ساڵی ١١٩٠ لە ڕوزقاسم تا ١١٩١ ڕوزهەزر لە مەنزیلی هەولێر بە ئەحکامی ئینعام (احکامی انعام) ئەو ئەسپ سوارانەی هاتووچۆیان کردووە لەم مەنزیلە بارگیریان وەرگرتووە، بە تکای وەرگرتنی کرێیەکەیان ئەو دەفتەرەی واژوو کراوە، هەژمار کراوە و جێبەجێ کراوە، جگە لە کەم کردنەوەکە ئەوەی ساڵی ڕابردوو دابین کراوە لە ١٤١٩٠٣ ئاقچە ١٩٩٠٣ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا لیستی ١٢٢٠٠٠ ئاقچە کراوە و دراوە، فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانە.<br>لیست لە ٢٩ جەمادی یەکەم ١١٩١</td></tr>
</table>



| C.AS. | 00079.03738 | 12 ڕەجەب 1196 |
|---|---|---|


چۆنیەتی ڕاستی ئەو بابەتە لە دەفتەرداری بەڕێز پرسیار دەکرێت، بە داواکردنی ڕێك دەخرێت
لـە موقاتەعـەی هەولێـر پێویسـت دەکات هەروەهـا بـە فەرمانـی شـەریفە ڕێك دەخرێـت و ڕەوانـە دەکرێت، ئـەوەی بـاس کـراوە لـەو نووسراوانـەی نێـردراوە لەلایـەن سـەروو نووسـراوەتـەوە، بـەڵام موقاتەعـەی شـوێنی نـاو هاتـوو بـە فەرمـان و ئامـاژە ووتـراوە، بەرگـەی میـری و موعەججەلـە (معجلـە) ناگرێـت، پێشـەکی ئەوەی لـە دەسـتی خاوەنەکەیەتـی دیـار و ئاشـکرایە لـە دوا تۆمـار لەگـەڵ میـری و موعەجەلـە (معجلـە)، بەرائەتی ڕێـك بخرێـت و جێبەجـێ بکرێـت و ڕەوانـە بکرێـت.

دەدرێتە دەفتەرداری ئەفەندی
لـە لکێنراوەکانـی کەرکـووك لـە کـۆی سـەنجاق لـە تەکیـەی مزگەوتـی شـێخ، دەروێـش عومـەر و دەروێـش مەحمـود نیشـتەجێیە، بـە دارایـی موقاتەعـەی ماردیـن دەبەسـترێتەوە، ڕۆژانـە یـەك قوروشـی پـێ دەدرێـت، بـەڵام لـە موقاتەعـەی ناوبـراو سـاڵی ڕابـردوو یەك شـت دەسـت نەکەوتـووە، هەروەهـا سـاڵی ڕابـردوو داهاتی لـە دیاربەکـر و دەورووبـەری ڕێـك خـراوە و بـۆ سـەربازەکانی خـەرج کـراوە، بـەڵام داهاتـی شـوێنی ناوهاتـوو بـۆ خەرجـی ناوبـراو بـە نادڵسـۆزی و کەموکـوری ئامـاژەی پـێ کـراوە، ئەمـرۆش لـە دارایـی سـاڵی ڕابـردوو لـە سـەر نـاوی ڤۆیڤـودە ٣٠٠٠٠ قـوروش ماوەتـەوە، هەروەهـا ئـەوەی داواکـراوە، دارایـی بەرگـەی ئـەوە ناگرێـت جێبەجێـی بـکات، چونکـە ئێسـا حاڵـی حـازر زیـاد کـردن و پێدانـی ئـەرك دەبێتـە بـار قورسـی بـۆ میـری و جێگـەی بەرگـە نییـە، لـە ئەرکـی ناوهاتـوو بـە دوورخسـتنەوەی یەکێـك، لایەنـی ناوهاتـوو ئـاگادار کراوەتەوە.




هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>HAT.</td><td>B.00092.03777</td><td>29 زيلحيجه 1218</td></tr>
<tr><td colspan="3">لیستی بەندەی والی بەغداد لە بارەی ڕووداوەکان، فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات<br>پێش ئێستا حاکمی کۆی سەنجاق بێ دەنگ بووە، بۆ هێنانی هەواڵیش لە وەڵامی نووسینی نووسراومان ئەمجارە ئەو کاغەزەی هاتووە کافری مۆسکۆ هێرشیان کردۆتە سەر خوی و دەستیان بەسەر داگرتووە، ئەوەی ووتراوە نووسراوەتەوە و پێشکەشی سەروو کراوە، جگە لەوەش لە شوێنە نزیکەکان ئەو کاغەزانەی لەلایەن بازرگانەکانەوە هاتووە، شوێنەکانمان لەگەڵ مۆسکۆی کافیر نزیکە، ئەو شوێنە نزیکانەش هێرشیان کراوەتە سەر و داگیریان کردووە، ئەمەش بە ڕوونی و بە درێژی نووسراوەتەوە و ڕاگەیەندراوە، هەرچی خویە، ئەوا نێوانی لەگەڵ ناحیەی هەولێر سێ قۆناغە، لە کاتی لێکۆڵینەوە ئەو زانیاریە لە سەروو ئاماژەی پێکراوە، ئەو ڕووداوە گەورەیەی کە باس کراوە زانینی هەواڵی پێویستە و ڕاستییەکان پێشکەشی دەوڵەت کراوە، هەموو موسڵمانان لە مۆسکۆی کافیر و هەموو دوژمنێك بپارێزرێت و منداڵی دەوڵەت لە خراپەکاری پارێزراو بن و لە ئارامی دابن، دیارە ئەگەر چاوی هاوکاری و میهرەبانی بفەرموویت لە هەر حاڵەتێك ئەمر و فەرمان، بۆ دەوڵەتی بە میهرەبان و دڵسۆزە، بەزەیی و میهرەبانی زۆریش لە جەنابی سوڵتانەوەیە.<br>٢٩ زیلحیجە ١٢١٨</td></tr>
</table>



HAT. 791/36812-D
HAT. 0791

هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | D.00791.36812 | کۆتایی شەوال 1230 |
|---|---|---|

نووسراوی هاتووی بەندەی والی موسڵە
ئـەو ڕووداوانـەی لـە دەوروبـەری بەغـداد و ئێـران ڕوویانـداوە، بـە سـیخوریکردن ئـەم هەواڵانـە نێـردراوە، لـەم بارەیـەوە بـێ ئـەوەی لێـی دابڕێـت بـەردەوام چاودێـری بارودۆخەکـەی کـردووە، ئەمجـارە بـە بیانـووی هەندێـك تایبەتمەنـدی بـە تایبەتـی بـۆ ڕووداوی بـاس کـراو سـیخوری لەسـەر چۆنیەتـی ڕووداوەکان کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پیـاوی خـۆی ناردۆتـە لای بەغـداد، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی ئـەو هەواڵانـە بگاتـە لای ئێمـە بـرادەری هۆجـە خەرفیـل بـە نـاوی هۆجـە غـوررەی بـە نهێنـی و تێبینـی کـراوە بـۆ ئـەوەی کـەس نەزانـی بیخوێنێتـەوە بـە زمانـی یەهـودی لـە کاغەزێـك نووسراوەتـەوە و نێـردراوە، ئـەم کاغـەزە بـاس کـراوەش بـۆ دڵسـۆزان نێـردراوە، لـەم کاتـەدا بریـکاری هەولێـر حاجـی قاسـم ئاغـا لـەم ناوچەیـە ئـەم پارچـە نامەیـەی کـە بـۆ هەندێـك بـازرگان هـات بـوو، لەگـەڵ نامـەی خـۆی، نامـەی ناوهاتـووی بـە هاوپێـچ نـاردووە، جگـە لەمـەش بـۆ ڕۆژێکیـش بێـت ڕووداو و چۆنیەتیەکـەی گـوێ بیسـت نەبوویـن، لـە کۆتایـی شـەوال ١٢٣٠.

دڵسۆزکار
لـە کۆتایـی نووسراوماندا هاتـووە کـە جگـە لـە حاجـی قاسـم ئاغـا، یـەك پارچـە کاغـەز بـۆ هەندێـك بـازرگان هاتبـوو، بـە کورتـی سـەربازانی ئێـران لـە کـۆی سـەنجاق دەسـت درێژیـان کردۆتـە سـەر هـۆزی بلبـاس کەلوپـەل و پارەوپولیـان تـاڵان کـراوە، دواتـر لـە قەڵایەکانـی ڕوانـدز ئابڵوقـەی قەڵایەکیـان داوە بـە نـاوی قـەڵای سـیدەکان، دوای گەڕانەوەیـان ڕایانگەیانـدووە، ئەمـەش بـۆ ئامـادەکاری ئامـاژەی پێکـراوە.




| HAT. | F.00791.36812 | کۆتایی شەوال 1230 |
| --- | --- | --- |

- سەعادەتکار

پێش ئەو ماوەیە سەربازانی ئێران لەگەڵ بلباسەکان ناوچەکانی سیکنە و لاجانیان وێران کردووە و تاڵانیان کردووە، بەم شیوەیە گوێ بیست بووین، ئەمجارە کاغەزی بەگی رواندز بۆ لای ئێمە هاتووە، بە پشت بەستن بەم کاغەزە ٥٠ هەزار عەجەمی سوارە هاتوون لە سیدەکان شەڕیان کردووە و دوای ڕووبەڕووبوونەوە قەڵای ناوهاتوویان دەست بەسەر کردووە و داگیریان کردووە، هەروەها بۆ سەر رواندز دەڕۆن، لەلایەن ئێمەوە داوای تۆپ و بارود کراوە، لە موسڵیش ئەو پیاوانەی بوونیان هەیە عەبدوڵڵا خەزینەدار و کامیلا و محەمەد نووسراویان نووسیوە و بۆ ئێمەیان ناردووە، نووسراویان کردووە بۆ لای ئەوان بنێردرێت، لە راستییدا ئەو سەربازانەی ئێران کە ناویان هاتووە خوا نەکات ئەگەر بێتۆ بێنە سەر رواندز و داگیری بکەن ئەوا دیارە دەست بە سەر هەموو عێراق دادەگرن، ئەگەرنا بە تەمای خوا هەر لە سیدەکان بگەڕێنەوە ئەوا خوا گەورەیە. هەروەها ئەو هۆزانەی بوونیان هەیە لە ناوچەکە هەموو بۆ یارمەتی رواندز رۆیشتوون، بە یارمەتی خوا سەرکەوتن بۆ کۆمەڵەی سوننەت و جەماعەتە، بۆ خۆیان داوای تۆپ و عارەبانە کراوە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەش چیایە عارەبانە ناتوانێ بڕوات، ئەو کاغەزە بۆ لای ئێمە هاتووە، هەروەها میری ناوبراو رادەستی پیاوەکانی خۆی کردووە و بۆ لای ئێمەی ناردووە، لە ٢٢ شەوال ١٢٣٠.

حاجی قاسم بریکاری هەولێر

- بۆ جەنابی برام یاسین جەلەبی لە موسڵ



HAT. 791/36812-H
HAT. 0791

| HAT. | H.00791.36812 | 22 زیلحیجه 1230 |
| --- | --- | --- |

پوختەی لیستێك لەلایەن بریکاری هەولێر حاجی قاسم هاتووە لە ٢٢ زیلحیجە ١٢٣٠
برێـك سـەربازی ئێـران هاتـوون هەندێـك لـە گەرەکەکانـی بلباسـیان تـاڵان کـردووە، هەروەهـا لـە گەرەکێك بـە نـاوی سـیکنە بـە تەواوەتـی کەلوپەلەکانیـان تـاڵان کـردووە، پێشـەکی بـە دووروودرێـژی ڕاگەیەنـدراوە، ئەمجـارە بەگـی ڕوانـدز مسـتەفا بـەگ لەگـەڵ سـەربازانی ناوبـراو قـەڵای سـیدەکان کـە سـەر بـە ڕوانـدزە و پێنـج شـەش کاتژمێـر دوورە، ئابڵوقـەداوە، لەگـەڵ ئـەوان شـەڕی کـردووە، لـە عەجەمـەکان ١٠٠ کـەس مـردووە و لـە لایەنـی بەرامبەریـش نزیکـەی ٢٠ شـەهید هەیـە. لەگەڵ ئـەوەی ڕاگەیەنـدراوە نیازیـان هەیە بچنـە سـەر ڕوانـدز، یـەك تـۆپ و یـەك یـوك بـاروت داواکـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو نێـردراوە، ئەم ڕووداوە وایکـردووە خۆشـناو و هۆزەکانـی کوردسـتان کـە گـوێ بیسـتی ئـەو ڕووداوە بوونـە، بـە مەبەسـتی جیهـاد و غـەزا هەمـوو ڕوویـان لـە ڕوانـدز کـردووە، هەروەهـا بـە تەواوەتـی سـەرباز نێردراوەتـە خاکـی عەقـرە و عەمادییـە، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەم بابەتـە لەلایـەن بریـکاری ناوبـراو، یەکێـك نێردراوەتـە ئـەو لایـە، لـە کاتـی گەڕانـەوەی پیاوەکـە بـە تێڕوانیـن لـە ڕاپۆرتەکـەی تەنیـا لـە سـیدەکان دوو کـەس شـەهید بـووە، لـە عەجەمیـش چەنـد کوژراوێـك هەیـە، لـەوە زیاتـر شـەڕ ڕووی نـەداوە، هێشـتا سـەربازانی ئێـران بوێـری ئەوەیـان نەکـردووە بێنـە سـەر ڕوانـدز، ڕاوێـژ و چاوپێخشـاندنەوە دەکـەن، لەلایـەن میـری ناوبـراو کاغـەز هاتـووە و پێشـکەش کـراوە.

کاغەزی ناوهاتوو بوونی نییە


سـەربازانی ئێـران لەگـەڵ هاتنیـان، لـە سـاڵی ڕابـردوودا بەگـی ڕوانـدز میـری ناوبـراو بـرادەری یەحیـا بـەگ و بـرادەرزادە بەکـر خـان بـەگ و چەنـد بەگزادەیـەك و لایەنگرانیـان بـە ناهەقـی کـوژران، کەسـێك بـە نـاوی یوسـف بـەگ لەگـەڵ چەنـد کەسـێك بـۆ شـنۆ هەڵاتـن و بـە یارمەتـی دادوەر هانایـان بـۆ شـاهزادەی تەبریـز بـرد، لـە نـاو سـەربازانی ناوبـراو دامـەزراون، هەروەهـا لـە هێرشـی سـیکنە کەلوپـەل و پارەوپولیـان تـاڵان کـرد، لـە چەکیـش ئـەوا بـە هەژمـار نایـەت، لەبـەر چاوچنۆکـی و چڵێسـی ئەگـەر هەوڵیـان دابێـت بچنـە سـەر ڕواندزیـش، بـەڵام ڕاگەیەنـدراوە بـە مەرامیان نەگەیشـتوون و گەڕاونەتەوە، سـەرۆت و سـامانی ڕواندزیـەکان و ناوبـراو مسـتەفا بـەگ زۆر بەناوبانگـە، ئـەوە یـەك پارچـە لیسـتی نـووسراوی وەکیلـی ناوبراوە.




| | | |
|---|---|---|
| **HAT.** | C.00792.36828 | **24 زیلحیجە 1236** |

لیستی نێردراوی موتەسەرفی بابان مەحمود پاشا بۆ والی بەغداد
لەلایەن بەندەتانەوە ڕاگەیەندراوە
لـەم مانگـەی ئێسـتادا لـە ڕۆژی ٢٢ی دووشـەممە لەگـەڵ شـازادە دوای بەیەکگەیشـتنمان شـەڕەکەمان یەکسـەر ڕووینـەدا، دوای ووتووێـژ لەگـەڵ بەنـدەی شکسـتخواردوو، بـاش ئاغـای بەندەتـان لەگـەڵ بڕێکـی سـوارە بـە بـێ وەسـتان لەگـەڵ خـۆی بـە پەلـە لـە ڕۆژی چوارشـەممە کاتـی ڕۆژئـاوا بوون، گەیشـتینە شـاری کـۆی سـەنجاق لـە شـەوی پێنج شـەممەش لە ناوچـەی ناو هاتـوو چـواردەوری خۆمـان کۆکـردەوە و هەموو دەسـتەکانت، دەستەڕاسـتتان عوسـمان بـەگ لەگـەڵ هەموو سـەربازەکانمان لەگـەڵ خێـزان و منداڵەوە پێنج شـەممە لە کـۆی سـەنجاق ڕۆیشـتین، هەروەهـا ڕۆژی هەینـی کاتـی عـەسر، گەیشـتینە هەولێـر، لـە پێـش قەڵاکـە خێمـە لێـدرا، بـە بەزەیـی و میهرەبانییـەوە چاوەڕێـی فەرمانـی جەنابتـان دەکـەم، هـەر چ فەرمانێـك بفەرمووێـت، بـە گوێـرەی ئـەوە دەسـت بـە جولـە دەکەیـن، ئەمـر و فەرمـان میهرەبانـی و بەخشـندەیی بـۆ سـوڵتانمانە، لـە ٢٤ زیلحیجـە ١٢٣٦.

مەحمود عەبدولرەحمان پاشازادە




هەولێرنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| HAT. | 00770.36177 | 17 رەجەب 1237 |

لە سیلاحشۆری تایبەتی باشبوغی ئەدەنە ئیبراهیم ئاغا بۆ والی بەغداد نێردراوە

بۆ جەنابی سوڵتانم

دەوڵەت سەلامەت بێت، بە فەرمانی جەنابی سەروو چەند رۆژ لە هەولێر نیشتەجێ بووین، بۆ ئەم کارە دادوەری هەولێر حاجی قاسم ئاغا کاروباری تایبەتی ئێمەی جێبەجێ کردووە، بە قەت تۆزقاڵێک کەموکوری نەبووە، لە هەموو لایەنێک لە بەندەی ئاغای ناوبراوتان رازیم و مەمنوون بووم، خودا هەموو لایەکتان سەرکەوتوو بکات و هاوکارتان بێت، ئەو سەربازانەی لەوێن هەموو بە را و ئامادەکاری ئەفەندی ناوبراو بۆ بەندەتان حەواڵە کراوە، بۆ ئەوەی بە رێوشوێنی ئەو جولە بکرێت، ئەمر و فەرمان دەرچووە، فەرمانی ئەفەندیمە بە را و ئامادەکاری ناوبراو لە مێژووی ئەو داواکاریەوە پشت بەستن بە خوا بۆ لای کۆی سەنجاق بەرێکەوتووین، هەر لەگەڵ گەیشتنیان ئەمر و فەرمانی میهرەبان و دڵسۆز بۆ جەنابی سوڵتانمە، ١٧ رەجەب ١٢٣٧.


سەر عەسکەر / ئیبراهیم بەگ سیلاحشۆری تایبەت




هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | D.00826.37449 | کۆتایی شەعبان 1237 |
|---|---|---|

چاکەکار
یاخی بوو عەبدوڵڵا پاشا بە هاوکاری فەرمانبەرانی ئێران ئەو خۆبەخشانەی لە لەشکرەکەدا هەیە لە شا و شازادەکان، هەوڵ دەدەن دەست بە سەر دەوروبەری هەولێر و کەرکووک دابگرن، ناوبراوی یاخی بوو ئەو سەربازە پیسانەی کە لە ژێر دەست و هاوکاری ناوبراو دامەزراون، لەگەڵ سەرکردەکانیان چەند پارچە نووسراویان نووسیوە، ئەوانەی لەلای ئێمە دامەزراون هەندێك لە سەرکردەکانی سەربازی ویژدانیان قەبوڵی نەکردووە، بۆ لای ئێمە هاتوون، ئێرانیەکان لەم لایەنە مەبەستی خراپ و توندوتیژی شەرانگێزی و رق و کینەیان دیارە، هەر بۆیە لە نامەکە باس کراوە و نێردراوە، لە کۆتایی شەعبان ١٢٣٧.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HAT. | 00651.31813 | 5 جەمادی کۆتایی 1238 |

بۆ جەنابی سوڵتان

لەم رۆژانە موتەسەرفی پێشووی بابان مەحمود پاشا لە ملكەچی ئێمە دەرچووە و چۆتە پاڵ ئێران و لەگەڵ وەرگرتنی هاوكاری بە عەجەمەوە هاتۆتە دەوروبەری كۆی سەنجاق و كۆپری و هەولێر، بۆ ئەوەی زیان و ئاژاوەی ئەوانە دوور بخرێتەوە، ئەگەرچی یەكسەر لەلایەن والی بەغداد و بەسرا و شارەزوور كەتهودای جەنابی داود پاشا بە سەربازەوە دامەزراوە و رەوانە كراوە، بەڵام بە گەیشتنی یارمەتی ئێران، دەستیان بەسەر ئەو ناوچانە داگرتووە، بە گوێرەی دەستوور ئەو سەربازانەی كە ئەركیان پێ سپێردراوە، دەبێ پەلە بكرێت بە ناردنی زەخیرە، هەروەها بە تێروانین لە بارودۆخەكە پێش یەك رۆژ فەرموودەی پاشا پێیان گەیشتووە، بۆ ئەو لایەنە جولەیان كردووە، هەرچی دەكرێت بە پەلە ئەو ناوچانە پاك بكرێنەوە و دوور بخرێنەوە، لە ٥ جەمادی كۆتایی ١٢٣٨.

یەحیا

لەلایەن والی موسڵ یەحیا پاشا بۆ والی حەلەب نێردراوە.


| HAT. | 00771.36182 | 28 سەفەر 1238 |
| --- | --- | --- |

پوختەی نووسراوی والی بەغداد داود پاشایە لە ٢٨ سەفەر ١٢٣٨
دانیشتوانی قەسەبەی مەندەلیچین لەگەڵ ئێرانیەکان هەمان مەزهەبن پێشەکی بێ ئابڵوقەدان ملکەچی خۆیان بۆ ئێرانیەکان راگەیاندووە، هەروەها لە قەسەبەی ناوبراو بە لایەنی ئێران جێگیر کراوە، لەلایەن ناوبراوەوە سەرباز دامەزراوە و نێردراوە، گوندی بەدرەوجەسان کە لە ریزی قەسەبەی ناوبراوە هێرشی کراوەتە سەر بۆ نەهێشتنی ئەو هێرشانە بە یارمەتی خوا بۆ ئەوەی قەسەبەی ناوبراو لە دەستی عەجەم رزگار بکرێت، پێویستە دەست بەکار بکرێت.

یەك کاغەزی ناوبراوی نێردراو سەبارەت بە سەپاندنی دەسەڵات بە سەر قەسەبەی ناوبراو ئەو بلوك باشی سوارەی کە دامەزراوە، گوندەکانی ناوبراو لە دەستی عەجەم رزگار کراوە.

لە هۆزەکانی سەنجاقی کۆی سەنجاقی هۆزی بلباس بە حەوت هەشت هەزار ئەسپ سوار و تفەنگچی و لە سەر مەزهەبی سوننی شافیعی کە تائیفەیەکی بوێر و دیندارن، بە هاتووچۆکردنیان لە چواردەوری تەبریز جۆرەها زیانیان لە ئێران داوە، هەر چەند لەلای تەبریزی ئێران ماونەتەوە، بینایە و سەرباز تێدا نیشتەجێ کراون، دیسان لە شەڕ فرۆشتنەکانیان رزگاری نەبووە، لە پارێزگاری کردنی ئەوانە بێ دەسەڵات ماونەتەوە، بۆ تەمبێ کردنی هۆزی ناوبراو لەگەڵ کۆچ کردوو سلێمان پاشا رێککەوتوون ناوبراو بۆ موتەسەرفی کوردستان نووسیویەتی، والی بەغداد لە سەر ناوبراو کاریگەری نەبووە، لە ناو ئێران بە ناوێك هۆزی ناوبراو لە دەورووبەری هەولێر و کۆی پەرشوبڵاو بوونەتەوە، بۆ چاودێری کردنیشیان سەرباز دامەزراون، هەندێك ئاسانکاری تێدا بووە، هێرشیان کردۆتە سەر خانەکانیان لەگەڵ یەکەم رێگا هۆزی ناوبراو بۆ لایەنێك دوورخراوەتەوە، لەم کاتەوە هۆزی ناوبراو لە سەر خاکی ئێران بە سەربەستی هاتووچۆ دەکەن، لە سەر هەندێك داواکاری، بۆ ئەوان لە هەولێر و دەورووبەری زەوی کشتوکاڵیان بۆ دابین کراوە، بە کۆی گشتی لە سەر خاکی ئێران بیانهێنن و لە شوێنی کۆنی خۆیان نیشتەجێیان بکەنەوە و پێیان لە ئێران ببڕن، ئەمەش بۆ ئەوان هۆکارێکی گرنگە.


لە ژێر یارمەتی میری میران مەحمود پاشا لەم ساڵە موبارەکە لە کاتی دامەزراندنی برێك سەربازی روم داوای یارمەتی کراوە، لە سەر پروپاگەندەی جولەی ئێرانیەکان لە شوێن خۆیان تێك چوونە، بە بێ شەڕ خاکیان چۆل کردووە، هەڵاتوون، هەروەها ئەوەندە سەربازە تووشی خورپە و پەرێشانی و شکان بوونەتەوە، جگە ئەوانەی کرمانشا نەبێت، شەهزادە چۆتە سەر بەغداد، پاشای ناوبراو لەگەڵ سەربازی کوردستان لەلای کەرکووك بینراون، هەرچی سەربازانی فەرمانبەر سەبارەت بە گەیشتنیان بە ئەوان لەلایەن ناوبراوەوە بۆ پاشای ناوبراو نووسیویەتی، بە چەندین جۆر لێبووردن کاتی تێپەراندووە، هەروەها پاشای ناوبراو لە یارمەتی و هاوکارییەکانی بێ دەنگ بووە ئەمەش لەبەر رازی نەبوونی ئەم پەیوەندییە، ئەوانە لە سەر دوورخستنەوەیان لە سەر کاتەکەی رەزامەندی داوە.





هەواڵنامەی کتێب

| 7 موحەرەم 1238 | E.00795.36868 | HAT. |
| --- | --- | --- |

نووسراوی بەندەی والی بەغدادە نێردراوە
چاکەکار
موتەسەرفی سەنجاقی بابان پشت بەستن بە خزمەتی پێشووی و دڵسۆزی و راستگۆیی بۆ میری میران مەحمود پاشا، لەم ماوەیەدا بە سەرفرازیەوە بە باوباپیرانەوە خزمەتی باشیان کردووە، لە پێش ئێستاش پاشاکانی کوردستان لە کاتی باوباپیرانمان بە تەواوەتی خزمەتیان کردووە و نەبراوەتەوە، ئەمەش لە شەڕی عەرەبستان دەردەکەوێت، لەگەڵ یەك سەرکردە ١٠٠٠ سوار دامەزرا و لە خزمەتی ئەودا بوون، یەك دوو جاریش دیاریان ناردووە، بەڵام ئێستا لە بەرژەوەندیی ئێران یەك کەموکوریان نییە، بۆ سەرهەڵدانی فتنە و شۆرش داهاتی کوردستانیان بۆ خۆیان و لەگەڵ برا و دۆستان رۆژ بە رۆژ بە پارە و بە رەگەز لە زیادبوون دایە. تەنیا لە یەك ساڵدا بە پێچەوانەوە یەك دوو جار بۆ تەمبێ کردنی هۆزەکانی کوردستان هاوکار و یارمەتیدەر بووە، سەربازی ناردووە، بە تایبەتی ئەو ساڵەی بە مەبەستی دوورخستنەوە و نەهێشتنی شازادە لە کوردستان ئاغاکان لەشکرکێشیان کردووە، ئەو سەرباز و کەتهودایەی کە دامەزراون نمەك حەرام بوون، لەگەڵ سەربازەکان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، تابورەکەی خۆی تووشی دۆران بوون، دوای ئەو دۆرانە ئەو سەربازانەی مابوونەوە تووشی هیلاکەت و پەرێشانی بوونەوە و مردن و برینداری تێدا بووە، خۆی هۆکار بووە لەم رووداوە، بەڵام خۆی بەرگەی ئەو رووەشییە و نمەك حەرامیە و ناهەستیاری و خیانەت و کەموکورییە دەگرێت، هەروەها ئەم ساڵە بەهۆی روودانی ئەو رووداوانە، سەربازی یەکگرتوو دامەزرێت و لەگەڵ سەربازانی کەرکووك دامەزرێن و لەگەڵ تاڵانکردنی پارەوپول و لایەنگری سەنجاقەکانی سلێمانیە و کۆی و هەریر، دەستتێوەردانی ئێران کەم بکرێتەوە، ئەو سەنجاقانەی ناویان هاتووە خستویەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە لایەنی ئێران ١٠ سوار و ١٠٠٠٠ سەرباز چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکراوە، هەڵاتنی ئەوانەشی پێ ئاسایی بووە، پاشای ناوبراویش ئاوا چاوی تاریك بووە، ئاوا پروپاگەندە کراوە کە ئەمجارە لە شوێن شازادە عەبدوڵلا میرزا جولە دەکات، ئەویش بە شێوەیەك شڵەژاوە و شپرزە بووە، خانە و تەواو کراوەکانی هەمووی گواستۆتەوە بۆ موسڵ و براکەی عوسمان بەگ لە ژێر هۆزە چەتەگەرەکانی سەنجاقی کۆی سەنجاق بەجێ هێشتووە، ناوبراو مەحمود پاشاش خاکی خۆی بەجێ هێشتووە و سەربازەکانی ناردۆتە کەرکووك، بە خۆشی لە نێوان هەولێر و کەرکووك نیشتەجێ بووە، عوسمان بەگیش کۆی سەنجاقی بێ خاوەن بەجێ هێشتووە و بە خاڵی داوە، بە گوێرەی کات بۆ جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی کاروبارەکانی سەنجاقی ناوبراو لە ژێر خزمەتی ئێمە دایە و دراوەتە خالد پاشازادە محەمەد پاشا، ئەویش پێ ئەوەی خۆی و براکەی سەرکۆنە بکات و سەرزەنشتی بکات، دوای ئەو هەموو چاکەمان لەگەڵی کردووە، لە بیری کردووە. لە بەرامبەرمان دەستی بە گلەیی کردووە، تا ئێستا چادرەکانتان بەتاڵە، لە ٧ موحەررەم ١٢٣٨.



HAT 795/36868-E
HAT. 0795




| 17 شەوال 1239 | I.00788.36750 | HAT. |
|---|---|---|


لیستی بەندەی والی بەغداده بەم دواییە هاتووە
لە داواکاریەکە بە درێژی باس کراوە و راگەیەندراوە، بە پشت بەستن بە ئێرانیەکان موتەسەرفی کوردستان مەحمود پاشا نمەك حەرام داوای هاوکاری لە ئێران کردووە، بەم هاوکاریە لەشکرکێشی بۆ سەر کەرکووك و هەولێر کردووە، موتەسەرفی پێشووی کوردستان محەمەد پاشا ئەو سەربازانەی کە لە لای هەیە، نیەت پاکی خۆی دەرخستووە و چۆتە ناوچەکە، رووبەرووی یەکتر بۆنەتەوە لەم شەڕەدا پاشای ناوبراو سەرکەوتووە و سەربازی خائین شکاوە، و رایان کردووە، دیسان بۆ چاودێری کردنیان دەست بەکار کراوە، لێرە دەرکەوتووە کە مەحمود پاشا لەشکرەکەی تووشی ترس بووە، هەروەها خۆی فرۆشتۆتە ئێران هەموو کەس بەمە دەزانێت، جگە لەوە خان و کەسوکار و خانەوادەکەی بەجێ هێشتووە و ئەوان هەڵنەهاتوون و لە شوێن خۆیان ماونەتەوە، پاشای ناوبراو چۆتە سلێمانیە، هەر لە کۆنەوە دوورخستنەوەی موتەسەریفەکانی کوردستان بۆتە پیشەی حکوومەت ئەمەش بە هۆی ئەوەی بوێریان کردووە چالاکی ناهەموار و پێشێلکاری ئەنجام بدەن، ئەمەش وایکردووە دووربخرێنەوە و بگۆردرێن، خودی والیەکانی بەغداد بە سەرباز و پێداویستییەوە چوونەتە سەریان، ئەو سەربازە کوردانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی محەمەد پاشا دامەزراون، ناوبراو هەڵساوە بە جێگیر کردنی ناوچەکە و گەرانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە، سەربازانی عوسمانیش تێکەڵی ئەو بابەتە نەبوونە، جگە لەوەش گونجاو نیە کورد لەگەڵ کورد بەشەر بێت. ئەمەش بە درێژی و بێ زیادە نووسراوەتەوە و راگەیەندراوە، لە کاتی جێبەجێ کردنی کارەکانیش بۆ لایەنی مەبەستدار راگەیەندراوە، ئینشائەڵڵا خدێوانە بفەرموێت، لە هەر حاڵەتێکیشدا ئەمر و فەرمان بۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسۆزە، لە ١٧ شەوال ١٢٣٩.

هەوارنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>HAT.</td><td>J.00808.37196</td><td>7 جەمادی کۆتایی 1239</td></tr>
<tr><td colspan="3">دەستی کەرەم<br>پێشەکی دەرخراوە و ئاگاداری نێردراوە، برای مەحمود پاشا بە هاندانی عوسمان بەگی نەگبەت، خانی ساوچبۆلاق بەناوی ئیبراهیم خان هاتۆتە دەوروبەری هەولێر و هێرشی کردۆتە سەر کۆشکەکەم، لە هەولێر ئەو سەربازانەی کە بوونیان هەیە، بە کاریگەری جەلادەکان، بە هاوکاری خوا و هێزی پایەدار دەرفەتیان نەداوەتە ناوبراو، بە بێ بەختی و پەرێشانی دوای ئەوەی دووچاری خەم و شکان بۆتەوە، وەستاوە و خانی ناوبراو بە داهاتی تۆپخانە کۆچی کردووە و هاتۆتە سلێمانیە، هەر چەندە لەلای مەحمود پاشا بەڵێنی بە شەهزادە عەباس میرزا داوە، ئەلحەمدولیللا لە دەوروبەری هەولێر و کەرکووك یەك تاك لە سەربازی عەجەم نەماوە، لەم حاڵەتە خەڵکەکەش لە سایەی پاشا گەیشتوونەتە ئیسراحەت و ئاسایشی خۆیان، لە ٧ جەمادی کۆتایی ١٢٣٩.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HAT. | A.00811.37219 | 19 رەبیعی کۆتایی 1239 |

بە وێنەیەکی پشت بەستن لەگەڵ ئێرانیەکان بە بەرژەوەندی هاوبەش ئەو سەربازانەی ئێستا لە سەر سنوورن لە بارەی پەرشوبڵاوکردنیان بە فەرماننامەی سەروو فەرمان دراوە، ئەو سەربازانەی دامەزراون هێشتا زیاتر پتەو بکرێن و رێك بخرێن، ئەوەی راگەیەندراوە بـرادەری مەحمود پاشای خائین، عوسمان بەگی گەندەڵ لەگەڵ خانی ساوچبۆلاق بە ناوی ئیبراهیم خان بیرۆکەی دەست گرتن بەسەر هەولێری هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ٥٠٠ تا ٦٠٠ سەربازی عەجەم لە خاکی کۆی سەنجاق نیشتەجێ بوونە، دەیانەوێت بێن دەورووبەری هەولێر تاڵان بکەن و ئاژاوە دروست بکەن، ئەمانەش یەك کاتژمێر لە هەولێر دوورن، بە هەواڵگری بەندەی بەگی هەولێر بە ناوی میران بەگ زادە ئیبراهیم بەگ موتەسەرفی پێشووی سەنجاقی هەریر، وەکو سەرکردە دامەزراندووە و لەگەڵ سەربازەکانی تر بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە ئامادە کردووە، میری ناوبراو دوای ئەوەی لەگەڵ کوردە نەگبەتەکان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و شەڕ رووی داوە، تێدا عوسمان بەگ دۆراوە، بە حەمدی خوا و سوبحانە و تەعالە سەرکەوتوو نەبوون لە دەست بەسەرکردنی دەورووبەری هەولێر و تووشی شپرزەیی و حەپەساوی بوون، خدێوانە چ بفەرمووێت، ئەمر و فەرمان بۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسۆزە، لە ١٩ رەبیعی کۆتایی ١٢٣٩.



HAT 811/37219-C
HAT. 0811

| HAT. | C.00811.37219 | 27 رەبیعی یەکەم 1239 |
|---|---|---|

راگەیەندراوی بەندەتانە

بۆ ئەم کارە ئێستا ٢٧ ی رۆژی دووشەممە، عوسمان بەگ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانی ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس بە سواری ئەسپ بە سەرکردایەتی ئەحمەد زەنگەنە بۆ لای هەولێری ناردووە، کە لە هەولێر یەك کاتژمێر دووریەکەیەتی، هێرشیان کردۆتە سەر گوندی گردە رەش و تالانیان کردووە، دوای ئەوەی ئەم هەواڵە بڵاو بۆتەوە، یەکسەر بریکاری هەولێر ئیسماعیل ئاغا برێکی باش لە منداڵی دوکان و خانەکانی دامەزراندووە و سەرکردەیەکی پۆیان داناوە و ناردوویەتیە سەریان، بە خۆشی هێشتا لەگەڵ تفەنگچیەکانی ویلایەت ماوەتەوە، لەگەڵ ئەسپەکەی لە کاتی پێویست دێتە یارمەتیمان بۆ ئەمەش چاوەڕێمان دەکات. لە گوندی باغمرە، ئەحمەد زەنگەنە و بەندەمان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و لەم شەڕەدا کە نیو کاتژمێری خایاندووە هەموو تێکەڵ یەك ببوون بە هاوکاری خوا، ئەحمەد زەنگەنە بە فیشەکی یەکێکمان بریندار بوو، شکستی هێنا و رایکرد، ئەوانەی ناویان دیار بوو کوڕی ئیبراهیم بە ناوی عوسمان بەگ لەگەڵ ٨ پیاوەکانی لە شەڕ هیلاك بوون، هەروەها ١١٦ پیاوی بریندار بوون و چەك و کەرستەکانیان برد و ئەوەی کوژرا کوژراوە، خدێوانە چ بفەرمووێت، ئەمر و فەرمان بۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسۆزە، ٢٧ رەبیعی یەکەم ١٢٣٩.

ئیبراهیم فیران بەگزادە





| HAT. | E.00766.36116 | 29 زیلحیجه 1243 |
|---|---|---|

نامەی فارسی وەرگێردراوە کە لەلایەن حاکم عەبدوڵلا بەگ لە ساوچبوڵاق بۆ جەنابی والی بەغداد هاتبوو، ناردوویەتی

ناوبراو هەر لەمەوپێش باوباپیرانی بەردەوام لە خزمەت کردنیان بۆ دەوڵەتی پایەبەرز هەست بە شانازی دەکەن، هەروەها خۆیان خەڵکی سوننەت و جەماعەتن، ئەوەی روویداوە لە کۆنەوە لەلایەن والیەکانی بەغداد بە پایەدارانی دەوڵەت راگەیەندراوە، باوباپیرانی بە نییەتی باشیان بۆ دەوڵەت هەبووە، تا ئێستا ئەوەی لە فەرمانی سەروو بۆیان هاتووە لەلایەن خۆیانەوە پاراستویانە، لە هەر بارێکدا بەردەوام بە نزاکردن بۆ سەڵتەنەتی پاشا سەرقاڵن. ماوەیەکە ئێرانییەکان بەهۆی ملکەچیان بۆ دەوڵەتی بەرز تووشی کێچەڵی ئێرانیەکان بوونەتەوە، ئەمەش وایکردووە رێگر بێت لە ملکەچ بوونیان بۆ دەوڵەتی پایەدار، لەم حاڵەتەش بەهۆی بەرزی رێگریەکان وەکو سەرەتا لە چوارچێوەی بەندایەتی ملکەچ بووبن، روسەکان لەم دەورووبەرە دەستیان بە دەست درێژی کردووە، ئەوانیشی تووشی حەپەسان کردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی لەگەڵ مۆسکۆی کافیر توانای رووبەرووبوونەوەیان نییە، بە خۆشیان لە سەر مەزهەبی حەنەفین و خاکەکشیان هیچ پەیوەندییەکی بە ئێرانەوە نییە، هەر لەمەوپیش پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی پایەدار سنووردار بووە، هەروەها بۆیە بە تێروانین لە دەستدرێژی مۆسکۆی کافیر، دیارە چاویان بریوەتە ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر لایەنی هەولێر و کەرکووك و سلێمانیش، بەم راگەیەندراوەش مۆسکۆی کافیر بۆ رێگەگرتن لە هەرەشەکەیان بۆ سەرکردەکانی دەوڵەتی پایەبەرز نووسراو نووسراوەتەوە، یاخود کاتی یارمەتی و خۆراگری نییە، بە تایبەت بۆ لایەنی ناوبراو نووسیویەتی، هەروەها لەمەودوا بۆ ملکەچ بوونیان بەڵێنیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە رێگا برادەری وەکو بارمتە وەکو نیشتەجێ کردن بۆ بەغداد ناردووە، هەروەها لە بارەی خودی خۆی، ئەو بریار دەدات، لە بەرامبەر میهرەبانی پاشا بۆ لایەنی دەوڵەتی پایەبەرز ساڵانە ٣٠٠ کیسە ئاقچە دەنێرێت، هەروەها لەگەڵ ١٠٠٠ تاکی سوارە لە کاتی پێویست ئامادەیە بیانێرێت.


نووسراوی ئەو نامەیەی باس کرا لەلایەن حاکیمی ناوبراو بۆ کەتهودای والی ناوبراو ناردووە و ناردوویەتی پارچە ١.



| HAT. | K.00771.36181 | 9 سەفەر 1243 |
|---|---|---|

راگەیاندنی بەندەتان ئەوەیە
لەگەڵ بەندەتان ڤۆیڤۆدە ئاغا بەیەکەوە کە لە شێخان نیشتەجێ بووین، سەرەتا ئەم هەواڵە بە راگەیەندراوی لەلایەن بەندەی ئاغای ناوبراو نێردراوەتە ماردین و لەگەڵ رێککەوتنی ئەوان رێکخستنی نیشان دراوە بۆ جێبەجێ کردنیشی تاقمی چێشتخانە و سێ دانە چادری سپی دراوە و هەموو کەلوپەلەکان بینراوە و نێردراوە، ئەوەی لەگەڵ منە بەگی میران لەگەڵ ئەسپ سواری شەمامك و دزەیی بەیەکەوە بە رەزامەندی ئەوان و هاوەڵی ئەوانەوە گەراونەتەوە، هەردوو ئاغای ناوبراو هێشتا لە رێگەی فیشخابور دەرۆن، هەروەها ئەوەی بە دەمی خۆیان نووسراوەتەوە و باس کراوە، بە گوێرەی داواکاری ئێمە جولەیان کردووە، هەروەها هەردوو بەندەی ناوبراو کە لە کەنداو پەریونەتەوە، هەواڵ گەیشتۆتە بەندەیان، جگە لەوە کە گەیشتینە سەر ئاوی خازر برادەری والی موسڵ ئەسعەد بەگ لە ئەستانە دوو نیشان لەگەڵ پلەی میری میرانی پێشکەش کردووە، کە گوێ بیستی تۆپ و تفەنگ بوونە کاردانە و شادومانی خۆیان نیشان داوە، ووتوویەتی برادەرەکەم والی موسڵ بەرەوە موسڵ بەرێدەکەوم، لەم پروپاگەندەیە بینیویانە لە گوندەکان ئێستر کۆدەکەنەوە و دەهێنن، هەروەها پیاوی بۆ لای هەموو هۆزەکان ناردووە، بۆ لای بەگی شێخان و هەموو هۆزەکان پیاوی ناردووە، لەگەڵ کاهیەی بەگی شێخان و دایکی بۆ موسڵ ناردووە، پاشای ناوبراو رۆژ لە دوای رۆژ پروپاگەندەی نادروست و درۆ بۆ هەموو لایەك بڵاودەکاتەوە و پیاو بۆ لای هۆزەکان دەنێریت، بە هۆکاری چاوچنۆکی هۆزی شەمامك و دزەیی هێناوە، بەم تێبینیە بەندەکانی هێشتا بە کۆمەڵ دەهێنێت و بە ئیمانی نەشیاو و ئاڵۆز بروا بە بەندەکانی هێناوە، هەمووی لە رێگەی کەنداوەوە هاتنە خوارەوە، کارەکانیان سەری نەگرت، ئەوەیان کۆتایی پێ هات و هیچ حاڵەتێك نەماوە، ئەم هەواڵانە بە بەندەمان راگەیەندراوە و دەرخراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەفەندیمانە، لە ٩ سەفەر ١٢٤٣.
مەحمود بەگ وەکیلی هەولێر


هەواڵنامەی کتێب



| HAT. | B.00449.22346 | 27 شەوال 1250 |
|---|---|---|

بەگی رواندز محەمەد پاشا دوای ئەوەی دەستی بەسەر قەزای سەعرد داگرتووە، زوڵم و زیانی بە هەژارەکان گەیاندووە، دانیشتووانی قەزای ناوهاتووش داوای کەلوپەلی تاڵانکراوی خۆیان دەکەن و دەیانەوێتەوە، بە گوێرەی هەندێك چیرۆك دەڵێن پاشای ناوبراو بە فەرمان و رەزامەندی جەنابی والی بەغداد هاتۆتە شوێنەکە بۆ ئەوەی ئەو مەمالیکانە دەست بەسەر بکات کە یاخی بوونە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە فەرماننامەی پاشا دەرچووە بۆ ئەوەی دەربیخەن لەبەر چی ناوبراو قەزای ناوهاتووی تووشی ئەو حاڵەتە کردووە، لەم حاڵەتە ئەمر و فەرمانی جەنابی پاشایە، پاشای سێ چوار ساڵ دەبێ لە ئەیالەتی شارەزوور دەستی بەسەر قەزاکانی کۆی و هەریر و کۆپری و هەولێر داگرتووە، هەر زۆر بە ئاشکراش لە دەسەڵاتی ئێمە چۆتە دەرەوە، لە مێژووی ٤٨ بۆ تەمبێ کردنی لەلایەن جەنابی ناوبراو هەموو سەربازمان رێك خستووە لە هەموو دەوروبەر تووشی تەنگانە بووە، لەگەڵ ئێرانییەکان هاوسنوورە و هەم بریکی زۆر ئاقچەی پێداون، بەهۆی چاوچنۆکی و چاوبرینەوە پەریونەتەوە لایەکەی تر، هەروەها حکوومەتی سەڵتەنەت بۆ ئەوەی ئاژاوەگێران دووربخاتەوە، پشتی بە هێزی نزیك بەستووە، بە تێروانین لە بەرژەوەندی کات و بارودۆخ بە تایبەتی بۆ ناوبراو لە بابی عالی یەك پارچە لیستی سەدارەت دروست کراوە، جەنابی ناوبراویش فەرماننامەی دەرکردووە، جەنابی ناوبراو سەربازەکانی دوور خستۆتەوە و بە گوێرەی بەرژەوەندی، ئاشتەوایی نیشان داوە، کەچی ناوبراو دەستی بەسەر سەنجاقی عەمادییە داگرتووە، بۆ گرتنەوەشی هێشتا کاتەکە گونجاو نییە، پێویستی بە راگەیەندراویش نییە، بەندەکانی بۆ ئەو لایە هاتوون، قەزاکانی دەوروبەری جەزیرە و سەعرد لەگەڵ جەزیرە و سەعرد هەر لە کۆنەوە نەچوونەتە باری هیچ لایەك و ملکەچ نەبوونە، بۆیە ناوبراو حەز دەکات بیخاتە ژێر رکێفی خۆی، لەبەر ئەوە چۆتە جەزیرە، ئەوەی دەستی کەوتووە فرۆشتوویەتی، ئەو شوێنانەی کە لەوێشەوە نزیکن دەستی بۆ درێژ کردوون، پارەوپولی زۆری تاڵان کردووە، دوای ئەوەی بەرگری لە ئاژاوەگێریەکەی کراوە، لە سەر رێگا راستەوخۆ دەستی بە نۆژەنکردنەوەی کردووە، گوندی جلفە و ئەوانی تر دوای رووبەڕووبوونەوە، ناوبراو وەکو ئاگادارکردنەوە بۆ بەندەمان نامەی نووسیوە، هەروەها دوای گەرانەوەی لە ناوچەکان ووتوویەتی دەگەرێمەوە، لەم حاڵەتە چالاکی و جموجۆڵی هەیە، لە موسڵ چوار کاتژمێر دووری نێوانیانە نیشتەجێ بووە، هەموو کاتێکیش لەگەڵ ٥ تا ١٠ هەزار جانەوەر هاتووچۆیانە، دێتە ناوچەکە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە لە ترسی تۆ هێرش ناکات. سەرەتا ناوبراو کە هاتە لایەنی جەزیرە ئێمەی بەندەی سەروو بە پایەبەرزی سەروو راگەیەندرابوو، ئێستا ناوبراو هەروەکو خۆی مەترسی هەیە، من دڵسۆزم ئینشائەڵلا سەروو چ بفەرمووێت بۆ دوورخستنەوە و نەهێشتنی ئاژاوەی ناوبراو پێویستی بە هەر جۆرە هیممەتێك هەبێت، ئەوا ئامادەین، لە هەر حاڵەتێك ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە میهرەبانە، لە ٢٧ شەوال ١٢٥٠.

محەمەد عەبدە


HAT. 694/33457-A

HAT. 0694

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| HAT. | A.0694.34457 | 17 رەجەب 1251 |

بۆ دەوڵەت
لـە ئەرکەکـەم بۆ جێگیرکردنی ئاسـایش لە شـاری موسـڵ ئـەو ناوانـەی دیارن کە بـە گەندەڵی بـە بونیادنەری نەزانـی خەریـکن، ژمارەیـان ١٠ کەسـە، لـە بارەی دەرکردن و دوورخسـتنەوەیان لە سـەر داواکردنـی من بووە، یـەك پارچـە فەرمانـی سـەروو ئەگەرچـی ئـەو هەمـوو ماوەیـە دەرکـردن و دوورخسـتنەوە و تەمبـێ کردنیان جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام موتەسـەرفی رواندز بـە پشـت بەسـتن بـە عەقڵـی خـۆی دەورووبـەری خـۆی لـە هەولێـر و عەمادییـە هەمـووی خسـتۆتە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی و خـۆی بەرێـوەی دەبـات، بیرۆکەی دەسـت بەسـەرداگرتنی شـاری موسـڵیشـی هەیـە، کـە ئێسـتا خراوەتـە ژێـر دەسـەڵاتی وەزیر، دەسـت درێـژی دەکاتە سـەر هەمـوو لایـەك، بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو بیرۆکەیـەش ئەوانـەی بریـاری دەرکردنیـان بـۆ دەرچـووە، لـە لای خـۆی کۆیکردونەتـەوە، هەروەهـا لـەم لایەنە بـۆ داگیرکردنی شـارەکە سـەربازی دامەزرانـدووە، ئەمرۆش بـە فیـڵ و سـیخورییەوە بـەو ئومێدەیـە کـە دەسـت بـە سـەر موسـڵ دابگرێـت، دەیەوێـت کات بەدەسـت بهێنێـت، بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی هـەژار ناوبـراو لـە دەرەوە بیـنراوە، بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو دەسـت بەسـەرانە، پلانـی یەکـەم و کۆتایـی دارشـتووە، متمانـە و رای داوە، لـە ئەوانـە خـۆش بـووە، بەڵێنـی لـێ وەرگرتـوون کـە بەڵێنـی پەشـیمانیان داوە، هەندێکیانـی هێناوەتـە نـاو موسـڵ، ئەوانـەی ماوەتـەوەش لـە دەرەوەی شـار سـەرقاڵی کـردوون، دەسـت بـە کار کـراوە بـۆ ئـەوەی بابـی عالـی ئـاگادار بکرێتـەوە، بـەو مەرجەی بێنـە ناو موسـڵ کـە چاودێـری جموجۆڵیـان بکرێـت، بـۆ ئەمـەش مۆڵەتـی پاشـا وەربگـرن، ١٧ رەجـەب ١٢٥١.

| HAT. | D.01264.48949 | 19 ڕەبیعی یەکەم 1252 |
|---|---|---|


جەنابـی محەمـەد ڕەشـید پاشـا ئـەو بەرژەوەندییـەی لـەلای جەزیـرە هەیـوو دوای تـەواو بوونـی گەڕاوەتـەوە، لـە مێـژووی داواکارییەکـە پێـش پێنـج تـا دە ڕۆژ بـۆ لایەنـی ئێمـەی بـێ دەسـەڵات نـووسراو هاتـووە، ئەمجارە دەسـت گرتـن بەسـەر چەتـەی ڕوانـدز ئاڵتـون کۆپری کـە دوو کاتژمێـر دووره لـە ناوچەی گـون تەپـە بـە تاتـارەکان یـەك پارچـە نـووسراو هاتـووە، لـە لای عەجەمـەوە ۲۰۰۰۰ سـەرباز دەنێردرێتـە سـەر ڕوانـدز، بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە سـەر نەگرێـت پێویسـتە ڕۆژێـك زووتـر شـەڕ و ئـاژاوەی ڕوانـدز دوور بخرێتـەوە، خۆیـان هێشـتا بـە فەرمـان و ڕەزامەنـدی پاشـای شـاهانە ئەرکەکانیـان دەسـت نیشـان کـراوە، هـەر پێـش ئێسـتاش بـە بـێ ئـەوەی سـەرقاڵی قـەڵا و قەڵایـەکان بـن، ڕاستەوخۆ چوونەتـە سـەر ڕوانـدز، هەروەهـا ئـاگاداری نێـردراوە لـە بـارەی ئـەوەی هەندێـك لـە تـۆپ و هاوەنـەکان چـۆن بگوازرێنەوە، لـە دوا ناوچـەش هێنانـی تـۆپ و هـاوەن پێویسـت نەبـووە، جگـە لـە تۆپـی عبـوس و چرخـە سـێ پارچـە بانیمـر و سـێ پارچـە هـاوەن لەبـەر دەسـتمان دایـە، دوای سـەیرکردن ئـەوە بەسـە بـۆ ڕوانـدز، بـە نـووسراو دووبارە بـە تاتـارەکان ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا ئـەو چەکانـەی کـە بـۆ ئاڵتـون کۆپری هاتـووە بـۆ بەرامبەر نێـردراوە، لـە مـاوەی ۱۸ کاتژمێـر ڕووبەڕووبوونـەوە نەبـووە، پیـاوەکان پەڕیونەتـەوە، ئـەو تفەنگچیانـەی کـە ڕوانـدز پشـتی پـێ دەبەسـتن لـە قەڵاکـە هاتوونەتـە خـوارەوە و پاراونەتـەوە، لـە کاتـی بینین ئـەوەی پێیـان دەووت عەبدولرەشـی نەفرەتـی نزیکـەی ۲۰ تـا ۳۰ لـە هاوکارانـی بـۆ خـوارەوە ڕاکێشراون و بـە زینـدووی دەسـت بەسـەرکراون و مەملەکـەت جێگیـر کـراوە، پشـت بەسـتن بـە خـوا و هێـزی جەنابـی شـەهریاری هیممـەت کـراوە بـۆ کاری بـاش و بـۆ دەسـتکەوتنی بەرژەوەنـدی ئاسـانکاری کـراوە، لەلایـەن سـەنجاقەکانی هەولێر و کـۆی و هەریـر هێشـتا پەیتـا پەیتـا دێـن دەپارێنـەوە، هەروەهـا لـە مێـژووی داواکاریەکـەم بـەرەو هەولێـر بـەرێ دەکەویـن، ئینشـائەڵڵا کـە گەیشـتینە ئـەوێ بـەو ئومێـدەم خۆیـان بـە دەسـتەوە بـدەن، ئەگـەر نەشـکرا ئـەوا بـە لێدانـی تـۆپ و خەمپـەرە بـە یـەك دوو ڕۆژ دەسـت بەسـەر دەکرێـت، دوای ئـەوەش بـۆ سـەنجاقەکانی کـۆی و هەریـر دەڕۆیـن، بـە ماوەیەکـی نزیکیـش ئـەوان و هەمـوو شـوێنەکانی تـر دەکەوێتـەوە ژێـر دەسـتمان، گواستنەوەی تۆپـەکان لـە ڕێگای ڕوانـدز ئاسـان نیيە، لەلای عەمادییـە ڕێگاکە ئاسـانترە، بۆیـە ئەگـەر پێویسـتی کـرد بچینـە ئـەو لایـە ئـەوا تێدەپەڕیـن و گومانـی مـن لـە بـێ دەنـگ بوونـی جەنابـی ڕەشـید پاشـایە بەرامبـەر بـە محەمـەد پاشـا، ئومێـدەوارم ئەنجامێکـی کۆتایـی بدۆزێتـەوە، ڕوانـدز دەکەوێتـە سـەر سـنووری ئێـران، لـە ژێـر هەڕەشـە و هێرشـە، بـۆ ناردنـی سـەربازیش پێـش حـەوت هەشـت مانـگ نـووسراو نێـردراوە، ئـەوەی پێـی دەوترێـت میـری نیـزام سەرعەسـکەری بـە ئـەرك ناردۆتـە تەبریـز، هەروەهـا بـۆ ناردنـی سـەرباز بـۆ ڕوانـدز، ئـەو سەرعەسـکەرەی لەلایەنـی سـنە و سـادقبۆلاق دامـەزراوە، لەلایەنـی ناوبـراو کەسـێك بـە نـاوی فـەرزی خـان ئـاگاداری نێـردراوە، بـەم شـێوەیە ئەرکەکەیان بـە ڕەق و تونـدی ڕاگەیانـدووە، بـۆ تەمبـێ کردنـی ڕواندزیـش لەلایـەن دەوڵەتـی پایەبـەرز ئەرکـم پـێ سـپێردراوە، هەروەهـا هومایۆنـی شـاهانە دڵـی چـۆن بخوازێت بەڵێـن دەدەم ئـاوا تەمبێ دەکرێـن، لەلایەن خۆشـیانەوە ئەگـەر ئـەوەی سـنوور ببەزێنێـت، ئەگـەر سـەرباز ڕەوانـە بکرێـت، ئـەوا بـە گوێـرەی سـوودی حکوومـەت دەبێـت، ڕوانـدز ناچـار دەبێـت هـاوکار بێـت و لـە ژێـر فەرمانـی ئێمە بمێنێتـەوە، بـە گفتوگۆش وەڵامـی یەکجارەکـی دراوە، ئەگـەر هاتـوو ئەوانـە بێـن بـە چ شـێوەیەك مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت ئـەوا ئـاگاداری دراوەتـە جەنابـی ڕەشـید پاشـا، تـا ئێسـتا لە بـارەی لیـوای ڕواندز یـەك کاغـەز و هـەواڵ نەهاتووە، ئەگەرچـی نووسـیویەتی کـە موتەسـەڕفی بابان سـلێمان پاشـا چەنـد ڕۆژ پێش ئێسـتا لەگەڵ ۱۲۰۰۰ سـەرباز بـۆ ڕوانـدز دێتـە لاهجـان، بـەڵام خـۆی پەیوەسـتە بـە عەجەمـەوە و بـۆ دروسـت بوونـی ئـاژاوە بـە درۆ ئـەوەی نووسـیوە، ئەمـەش دیـار و ئاشـکرایە. کۆمەڵێـك لـە شـازادەکانی عەجـەم یـەك لـەو شـازادانە بـە نـاوی هۆلاکـۆ میـرزا لـەلای حـەران دەرکەوتـووە، هەروەهـا بـە یارمەتـی کامـەران میـرزا دادوەری حـەران کە لـە تائیفـەی ئەفغانـە، هەمـوو تورکمانەکانـی کۆکردۆتـەوە، هەروەهـا هەرێمـی خۆراسـان و شـاری کرمانـی گرتـووە، هەروەهـا ئـەو سـەربازانەی لـەلای کرمانشـا و خـورەم ئاباد و ششـتەر و دزفـول بووە، شـای عەجەم بـۆ لای خۆراسانی دەبـات، بۆیـە ئێسـتا ئێرانیـەکان کاتیـان نیيـە سـەرباز ڕەوانـەی ڕوانـدز بکەن، ئینشـائەڵڵا و بـە هـاوکاری و پشـت بەسـتن بـە جەنابـی بونیادنـەر و جەنابـی تاجـدار هیممـەت بکرێتـو ئـەو بابەتـەی لیـوای ڕوانـدزە هیـچ شـتێك نیيـە و بـەم نزیکانـە شـەڕ و ئـاژاوەی تێـدا نامێنێـت و سـەرکەوتن بەدەسـت دێـت، لـە هـەر حاڵەتێـك ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە میهرەبانـە.

۱۹ ڕەبیعی یەکەم ۱۲۵۲



HAT. 1264

| 19 رەبیعی یەکەم 1252 | E.01264.48949 | HAT. |
|---|---|---|

جەنابی محەمەد رەشید پاشا دوای تەواو بوونی ئەو کارەی کە لەلای جەزیرە هەیەتی، دەگەڕێتەوە، لە مێژووی داواکاریەکەم دا پێش پێنج تا دە رۆژ بۆ بێ دەسەڵاتدارەکەم نووسراوەتەوە، ئەمجارە نەگبەتی رواندز کە دەستی بەسەر ئاڵتون کۆپری داگرتبوو وەرگیراوەتەوە، کە دوو کاتژمێر دووریەکەیەتی، لە گون تەپە بە تاتارەکانەوە یەك پارچە نووسراوەکانیان هاتووە، لەلای عەجەم بە نزیکەی ٢٠ هەزار سەرباز بۆ سەر رواندز دەڕۆن، تا دەستیان بەسەر دانەگرتووە یەك رۆژ زووتر نییە پێویستە ئەو شەڕە دوور بخرێتەوە، بە ئەمر و فەرمانی سەدارەتی شاهانە، ئەرکەکانیان پێ دراوە، هەر لە کۆنەوەش ئەو قەڵا و قەڵایانەی کە بوونیان هەیە بێ ئەوەی خۆیان پێوە خەریك بکەن، راستەوخۆ بۆ سەر رواندز بڕۆن، تۆپ و هاوەنەکانیش بە چ شێوەیەك دەنێردرێت ئەویش باسکراوە، ..........................................
.................................................ئاسانکاری کردووە، لە سەنجاقەکانی کۆی و هەولێر و هەریر پەیتا پەیتا دێن دەپارێنەوە، هەروەها لە مێژووی داواکاریەکەم لە کاتی رۆیشتن بۆ هەولێر، ئەگەرچی ئومێد دەکەم ئینشائەڵلا هەر کە گەیشتینە ناوچەکە خۆیان رادەست دەکەنەوە، ئەگەر وانەبوو یەکسەر بە لێدانی تۆپ و زەمبەرە بە یەك دوو رۆژ دەست بەسەر دەکرێت، دوای ئەوە روو دەکەینە سەنجاقەکانی کۆی و هەریر بە ماوەیەکی کەمیش ئەوانیش دەگیرێن، ناردنی تۆپ لە رێگەی رواندز ئەستەمە، لەلای عەمادییە رێگاکە ئاسانترە، ئەگەر پێویستیش بکات با بەم رێگایە بڕۆن، لە کاتی بێ دەنگ بوونی جەنابی رەشید پاشا بەرامبەر بە محەمەد پاشا هیوادارم رێگە چارەیەکی ئاسان بدۆزرێتەوە، هەروەها رواندز لە سنووری عەجەم نزیکە، لە کاتی هێرش دەتوانن دەست بەسەر ناوچەکە دابگرن، حەوت هەشت مانگ پێش ئێستا بۆ لایەنی سەروو نووسراو کراوە سەر عەسکەر بە ئەرك نێردراوەتە تەبریز هەروەها بۆ ناردنی سەربازیش بۆ رواندز لەلایەنی سنە و سادقبۆلاق دامەزراوە، لەلای سەر عەسکەری ناوبراو پیاوێك بە ناوی فەرزی خان ئاماژە نێردراوە، بەم شێوەیە ئەرکەکەیان بە توند و رەق جێبەجێ کردووە، جگە لەوە لەلایەن بەندەوە بۆ تەمبێ کردنی رواندز لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزەوە ئەرکی پێ سپێردراوە، هەروەها لە سایەی شاهانە لە سەر خواستی دڵی تەمبێ دەکرێن، هەروەها لەلایەن خۆیانەوە ئەگەر سنوور بەزاندن هەبوو، ئەگەر سەرباز رەوانە کرا، ئەوا رواندز ناچار دەکرێت بە پێی سوود و بەرژەوەندی حکوومەت بمێنێتەوە و هاوکار بێت، بە ووتە وەڵامێکی یەکجارەکی دراوە، پێش ئەوە بە سەدارەتی وەکالەتپەناهی راگەیەندراوە، ئەگەر شایەدیش بێت بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت ئەوا لەلایەن جەنابی رەشید پاشا بە شێوەی ئاگادارکردنەوە پێی راگەیەندراوە، تا ئێستا یەك پارچە کاغەز و هەواڵ سەبارەت بە رواندز نەهاتووە، بەڵام نووسراوەتەوە موتەسەرفی بابان سلێمان پاشا چەند رۆژ پێش ئێستا بە ناوی میری نیزام لەگەڵ ٢٠٠٠ سەرباز بۆ رواندز خەریکە دێنە لاهجان، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی پاڵپشتی عەجەم دەکات و بەشێکە لە گەندەڵیەکان زۆر روون و ئاشکرایە کە بە درۆ ئەوەی نووسیوەتەوە، لە شازادەکانی عەجەم شازادەیەك بە ناوی هولاکۆ میرزا لە ناوچەی حەران دەرکەوتووە و بە هاوکاری دادوەری حەران کامەران میرزا هەموو تورکمانەکانی کۆکردۆتەوە و هەرێمی خۆراسان و شاری کرمانی داگیرکردووە، هەروەها ئەو سەربازانەی لەلایەنی کرمانشا و خورەم ئاباد و ششتەر و دسپول هەیە، هەر هەمووی ناردۆتە لای خۆراسان، ئێستا ئیرانیەکان کاتی ئەوەیان نییە سەرباز بنێرنە رواندز، ئینشائەڵلا و بە هاوکاری جەنابی تاجدار و هیممەتی والیەکان لەگەڵ وەکالەتپەناهی بابەتی ئەو رواندزە شتێك نییە بوترێت، بەم نزیکانە بۆ دوور خستنەوەی شەڕ و ئاژاوە گرنگی پێ دەدرێت و سەرکەوتن بەدەست دێت، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە میهرەبانە، لە ١٩ رەبیعی یەکەم ١٢٥٢.





هەواڵنامەی کتێب




| | | |
|---|---|---|
| HAT. | F.01264.48949 | 19 ڕەبیعی یەکەم 1252 |

بۆ جەنابی سوڵتانم
جەنابی محەمەد ڕەشید پاشا ئەفەندی لەلای جەزیرە بەرژەوەندییەکانی تەواو بووە، خەریکە دەگەڕێتەوە، مێژووی نووسراوی کورەکەی لە پێش پێنج تا دە ڕۆژ لەلایەن کورەکەیەوە نووسراوەتەوە، ئەمجارە چەتەکانی ڕواندز، ئاڵتون کۆپریان لە ژێر دەستە، کە دوو کاتژمێر ماوەکەیەتی لە گەرەکێك بە ناوی گون تەپە لەلایەن تاتارەکانەوە یەك پارچە فەرماننامە هاتووە، کە لەلایەن عەجەم بۆ لایەنی ڕواندز نزیکەی ٢٠٠٠٠ سەرباز دەروات، بۆیە هەرچی زووە پێویستە ڕۆژێك پێشتر شەڕ و ئاژاوەگێری ڕواندز کۆتایی پێ بێت، هەر خۆیان بە فەرمانی پاشای شاهانە بۆ فەرمانبەرانیان یەك پارچە فەرماننامەی جەنابی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی هاتووە، ئەو ووتەی کە تێدا نووسراوەتەوە لەگەڵ قەڵا و قەڵایەکان ڕاستەوخۆ بڕۆنە سەر ڕواندز، هەروەها لە بارەی بردنی تۆپ و هاوەنەکان، ئەوا مەترسییەکانی ڕوون کردۆتەوە، لە کۆتا ناوچە بردنی تۆپ و هاوەنەکان بە پێویست نازانرێت، ئەوەی لە دەستە سێ تۆپ و سێ هاوەنە، ئەوەش بۆ ڕواندز بەسە، بە نووسراو بۆ تاتارەکانی ناردووە، هەروەها لە کاتی هاتنتان بۆ ئاڵتون کۆپری سێ پارچە عبوس و یەك پارچە تۆپ بۆ بەرامبەر بگوازرێتەوە، تا لەو کاتەی کە تۆپەکانمان دەتەقی، هەروەها لە ماوەی هەشت کاتژمێر بەرگری نەبووە، بە پێی قسەی پیاوەکان ڕواندزەکان ئەو تفەنگچیانەی کە پشتیان پێ دەبەست، لە قەڵا دەهاتنە خوارەوە، دەپارانەوە و تکایان دەکرد، لە کاتی بینینی ئەو بەندە ڕەشەی سەرکەشیکەری بە نەفرەتیە خۆی و نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ لە هاووەڵانی بۆ خوارەوە ڕاکێشران و لایەنگرانیان بە زیندووی بردران و کێشەکەیان کۆتایی پێ هات و مەملەکەت قایم کرا، سوپاس بۆ خوا جەنابی شەهریار و هێزەکە بەهۆی ئەو سەرکەوتنە، لەلایەن هەولێر و کۆی و هەریر کۆمەڵ بە کۆمەڵ دێن و تکا دەکەن و دەپاڕێنەوە، هەروەها ئەم هێزە دەچێتە سەر هەولێر و دوای ئەویش بۆ کۆی و هەریر و ڕواندز دەروات، لەم بارەیەوە لە سەر هەموو تایبەتمەندییەکان و لە بارەی ئێرانەوە بۆ بابی عالی و بابی سەر عەسکەر بۆ هەر یەکە یەك پارچە نووسراو دەنێردرێت، هەروەها بۆ ئاڵتون کۆپریش یەك پارچە وێنەی وێنەکێشراو نەخشێنراوە، دەنێردرێت، ئینشائەڵلا و تەعالە ئەو وەڵامنامانەی سەدری ئەعزەم کە پێشکەش کراوە وەردەگیریت و بە تاتارەکانمان دەنێردرێت، لە ١٩ ڕەبیعی یەکەم ١٢٥٢.

هەولێرنامەی کتێب





| 21 رەبیعی یەکەم 1252 | G.01264.48949 | HAT. |
|---|---|---|


بۆ جەنابی سوڵتانم

دوای دەست بە سەر داگرتنی ئاڵتون کۆپری، هەستاون بەرەو هەولێر کەوتوونەتە رێگا، هەروەها لە مانگی رەبیعی یەکەمی رۆژی ٢١ گەیشتوونەتە شوێنەکە و چادرەکانیان هەڵداوە و جێگیر بوونە، بە کۆمەڵ ملکەچی فەرمانی جەنابی پاشا دەبن، هاتوون بە بێ شەڕ قەڵاکە رادەست بکەنەوە، تکایان کردووە و پاراونەتەوە، ئەو خیانەت کارانەی کە خۆیان قایم کردبوو، یەك پارچە راوبۆچوون و پاراستنی گیانیان بۆ نێردراوە، هەروەها داوەت کراون کە ملکەچ بن، بەڵام خودی ئەوانە بە سروشت خوی کوردیان هەیە، کوردیش ملکەچ بوون نازانێت، بە بوێریەوە شەڕیان راگەیاندووە، هەر ئێستا بەم کاتژمێرە لە دەورووبەری ئابڵوقە بدرێت و تۆپی بالیمز و هاوەن و عبوس و چەرخە بهاوێژرێت و لە سەر زەوی قایم بکرێن، بۆ قەڵاکە بهاوێژرێت، ئینشائەڵلا و بە رەحمان پێویستی بە هاوێشتن نابێت، تەنیا بە رۆیشتن و لێدانی تەپڵ بە هاوکاری و پشت بەستن بە جەنابی شەهریار و هێزە پاکەکە بە ماوەی یەك دوو رۆژ وەکو کۆپری دەست بەسەر دەکرێت، ئا لەم کاتەی بە پێی ئەو هەواڵەی وەرگیراوە، ئەو ووتەی تاتار هێناویەتی ئینشائەڵلا و تەعالە لەگەڵ گەیشتن هەواڵ بدرێتە بابی عالی و جەنابی سەر عەسکەر، لە ٢١ رەبیعی یەکەم ١٢٥٢.

| 13 رەبیعی یەکەم 1253 | A.01264.48948 | HAT. |
|---|---|---|


سـاڵی رابـردوو ئیسـماعیل بەگـی عەمادییـە بۆ دانانـی وەکـو دادوەری عەمادییـە، لەلایەن رەشـید پاشـای كۆچكردوو لەسـەر ئـەم بابەتـە دووپاتـی لەسـەر كردۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەمینـی ئـاڵای ئەحمـەد بـەگ بـۆ ئـەو لایەنە نێـردراوە، بـۆ پێشكەشـكردنی خولعەتەكەشـی، لەلایـەن والـی موسـڵ جەنابـی محەمـەد پاشـا بـۆ ئـەوێ نێـردراوە. بـەم دواییـە عەمادییـە رادەسـتی ناوبـراو محەمـەد پاشـا كـراوە، بەهـۆی ساردوسریەكەیەوە ناوبـراو لادراوە، ناوبـراو سـەربازی ناردۆتـە سـەر جەنابـی ناوبـراو، بەبـێ رەوشـتی جولـەی كـردووە، بۆیـە جەنابـی ناوبـراو بـە غەمبـاری مەیلـی خسـتۆتە سـەر رەسـول بـەگ، قـەڵای عەمادییـە داخـراوە، هـەر یەكـە لەلایـەك خەڵـك تـاڵان دەكات، ئـەوەی بـە چـاو بینـراوە شایەدی ئـەوەن، ناوبـراو محەمـەد پاشـا لـەلای ئێمـە داوای دوو تابـور سـەربازی كـردووە، ئـەوەی لە ژێـر دەسـتی ئێمەشـە لـە دوو ئـاڵای تەنیـا سـێ تابـور سـەربازە، لەگـەڵ یـەك قـۆڵ ئاغـا، ٣٠٠ تـاك لـە سـلێمانیەیە، ئێمـە هێشـتا ناچاریـن دەبـێ بـۆ لای بەسـرا برۆیـن، ئێـوە خۆتـان دەزانـن ئەگـەر سـەرباز بدەمـە ناوبـراو، ئـەوا ئاژاوەگێریەكـەی بـەردەوام دەبێـت، هێشـتا جەنابـی حافـز پاشـا لەلایەنـی سـنجارە، بۆ پاككردنەوەی سـنجار دیسـان هیممەتێكـی باشـی كـردووە، خـودا سـەركەوتووی بـكات، ناوبـراو جەنابی حافز پاشـا نییەتی باشـە و لەگـەڵ ئەوەش خەمـی پاراسـتنی هـەژار و بـێ تاوانانـە جگـە لـەوەش رەزامەنـدی شـاهانەی لەسـەرە، هـەر بابەتێـك هەبێـت بـە رێكوپێكـی جێبەجێـی دەكات، بـە گـوێ بیسـتن بـوون لـە ئەمانـە زۆر مەمنـون دەبـم، بـە تایبەتـی بـە خۆتـان دەزانن كـە ئەوانـەی پێـش ئـەو چەنـد نەزانـن و لـە چ پلەیەكـدا تووشـی بـێ هیـوای بوویـن، هەروەهـا ئیسـماعیل بـەگ خەڵكـی عەمادیەیـە، ئـەوە دیارە كـە محەمـەد پاشـا متمانـەی پـێ ناكرێـت، هەمـوو كـوردەكان لەگـەڵ ناوبـراو رێككەوتـوون و تەنانـەت پێـش چەنـد رۆژ لـە لایەنـی روانـدز هەندێـك لـە مـەلا و ئـەو پیاوانـەی كـە بـە ئـەو پەیوەسـتن نـووسراوی نووسـیوە، ئـەوەی لە كاغـەزەكان هاتـووە، دەركەوتووە زێباری و برادۆسـت و شـێروان و مزوری و هەمـوو هۆزەكانـی كـورد لەگـەڵ ناوبـراو ئیسـماعیل بـەگ بـە رێككەوتن هێرشـیان كردۆتە سـەر رواندز و شـەڕیان كـردووە، جگـە لـەوە هۆزەكانـی كـۆی و هەریـر، سـەرۆكەكانی هـۆزی خۆشـناو و بلبـاس هەروەهـا ئاكـۆ حـارس ئاغـا و بالـەك و باڵەكیـەكان و سـورچی و هارونـی لەگـەڵ ئیسـماعیل بـەگ گفتوگۆیـان كـردووە، بەیەكـەوە چاویـان بریوەتـە روانـدز، بەگەكانـی هەریـر و كـۆی لەگـەڵ هەمـوو هـۆزە ناوهاتـووەكان زاڵـن، ئەگـەر ئەوانـە دەربكرێـن و بـە شایسـتەوە روانـدز خزمەتـی دەوڵـەت بـكات، ئـەوا لەگـەڵ هەموو زوڵم لێكـراوەكان بمێننـەوە، هـەر چۆنێك بێت لەگـەڵ خەڵكەكـەی مێشـكیان بشـورێتەوە، ووتوومـە بـۆ لایەنـی ئێمـە رەوان بكرێن، ئێسـتا بـۆ عەمادییـە و جەزیرە و هەولێـر و كـۆی و هەریـر و روانـدز بەڵێنـی داوە ٣٥٠٠ كیسـە بـدات، ئەمـەش سـەیرە. سـانجەقی عەمادییـە هـەر لـە كۆنـەوە خانەدانەكانـی عەمادییـە بـە شـێوەی یورتلـق و ئۆچاقلـق بخرێتـە ژێـر دەسـتیان، ئـەم سـاڵە بـە دانـی داهـات، جگـە لـە ئەسـپ و ئێسـتر و هەمـوو ئەوانـەی پێشكەشـی دەكـەن لـە ٤٠ هـەزار پێك دێـت، لەو قوروشـەی وەردەگیرێـت بـە رایجـی ئیسـتەنبوڵ ٧٠٠-٨٠٠ كیسـەیە، لەگـەڵ ناردنـی بـۆ خەزینـەی بەغـداد رێـك بـووە، هەرچی هەولێـر و كۆپـری لـە رووی زەخیـرەوە بـە كیلـۆی عیراقـی لـە چیـاكان كەرسـتە و هەمـوو كەلوپەلێكیان بـۆ دێت، لە بەغـداد لـە رووی كارگێریـەوە قەزایەكـە هیـچ پەیوەنـدی بـە كوردسـتانەوە نییـە، بۆیـە گواسـتنەوەی بۆ سـەر رواندز شـتێكی سـەیرە، هەروەهـا ئـەوەی پێـی دەڵێـن كوردسـتان سـانجەقەكانی روانـدوز و هەریـر و كـۆی لـە چ ئاسـتێك شـوێنی جەنگـن، سـاڵی رابـردوو هـۆزەكان و لایەنگرانـی روانـدز بـە چ شـێوەیەك هێـنراون و چەنـد دوورخسـتنەوە بـووە و بـە چ شـێوەیەك دەسـت بەسـەرداگرتن ئەنجـام دراوە؟، ئێـوە ئـاگادارن ئەگـەر ئـەو بابەتـە لەسـەر سـەرباز و جەنـگ بمێنێـت چەنـد سـاڵ درێـژە دەكێشـێت و چ زەحمەتیـەك دەكێشرێت، ئیـدی ئەوەی كوردسـتان بناسـی ئەوە دەزانـی، ئەگـەر ئـەو پیـاوە دووبـارە توانـای بەدەسـت بهێنێتـەوە لە كۆتاییـدا ئاژاوەیـەك روو بـدات، لـە بەرژەوەندی ئـەو دەبێـت، بـە تێروانیـن لـە جەزیـرە بەڵێنـی ٥٠٠ كیسـە دراوە و داواكـراوە، بـەڵام بەهـۆی دڵرەشـی و بـێ ویژدانی بەڵگەیـە كـە لـە جەزیـرە هیـچ سـوودێكی نابێـت، هەروەهـا بـۆ سـوود وەرگرتـن نییـە پێشـەكی بەگـی جەزیـرە میـر سـەعدەددین لـە رێكخسـتنی عەمادییـە یارمەتیـدەر بـووە، سـاڵی رابـردوو رەشـید پاشـای كۆچكردوو بـە چاوی رێـزەوە سـەیری دەكات، ئێسـتا داواكردنـی ئەوانـە لـە جەزیـرە بـۆ ناوبـراو بـووە، هەروەهـا بەگـی جەزیـرە دوو برای هەیـە، لـە رەشـید پاشـا هەڵاتـوون و بـەو هیوایـەی كـە هیـچ ئاژاوەیـەك لـە چیـاكان دروسـت نەكـەن، بـۆ ئەمنیەت بـە زانینـی سـەید حەسـەن رای خـۆی داوە و هێنراونەتـە لای ئێمـە، یەكێكـی مـردووە، ئـەوی تریـش ئێسـتا لـەلای منـە، لەلایـەن جەنابـی حافـز پاشـا ئەگـەر پێویسـت بكات بـەكار بهێنرێـت، ئـەوا خزمـەت دەكات و دەبێتـە بەندەی دەوڵـەت، بـەڵام ناردنـەوەی بـۆ روانـدز ئـەوە سـوودی دەبێـت، ئـەوە هـەر خـۆی پیاوانـی ئـەو لایـە سـاختەچی و سـیخور و مامۆسـتای ئیبلیسـن، ئـەوەی ئێمـە بزانیـن وەكـو پیاوانی شـوێنەكانی تر نین، خۆشـتان ئـەوە دەزانـن، ئەم ووتانـە بـە نـووسراو نێـردراوە، لـە ١٣ رەبیعـی یەكـەم ١٢٥٣.


2
HAT. 1264/48948-A
HAT. 1264



| | | |
|---|---|---|
| HAT. | A.00323.18920 | 19 زیلقەعدە 1254 |

بـە فەرمانـی پاشا بەنـدەی هاوکارەکانـم ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە، میرلیـوا عەلـی رزا پاشـا لەگـەڵ ئـاڵای سـەربازی سـوارەی رێکخـراوی شـاهانە لـە سـەرەتای مانگـی شـەوال چوونەتـە موسـڵ هەروەهـا بەندەتـان لەلایەنـی عەقـرە بینیومـە، هـەر چەنـدە نووسراویـان کـردووە کـە لەگـەڵ ئـاڵای ناوهاتـوو دێنـە لایەنـی بەندەتـان، زسـتان و ڕەشـەبا و بارانـە و لـە دەوروبـەری بەغـداد، پۆلیـس و میـر ئـاڵای لـە ئـاڵای ناوهاتـوو دەنێردرێنـە بەغـداد، ئـەوەی نێـردراوە لەگـەڵ یـەك بلـۆك سـەرباز نیشـتەجێ دەكرێـن، هەروەها لە موسـڵ تیـمار و سـیپاهیەکان بـە گوێـرەی نیـزام ڕێـك دەخرێـن و دەفتـەر و ڕاگەیەندراویـان ڕێـك دەخرێـت و دواتـر دوای ئـەوەی گەیشـتوونەتە لای خزمەتکارانـی بەندەتـان بـۆ ئەمـەش ئـاگاداری نێـردراوە، هەروەهـا ئـاڵای ناوهاتـوو بـۆ لای بەغـداد نێـردراون و خۆیـان لەگـەڵ یـەك بلـۆك سـەرباز لـە موسـڵ ماونەتـەوە، تیـمار و سـیپاهیەکان لـەم نیزامیەیـە تۆمـار کـراون، هەروەهـا دەفتـەر و تۆماریـان لەگـەڵ ڕێکخسـتنەوە هاتۆتـە لای بەندەتـان، هەروەهـا ئـەوەی بـاس کـراوە سـیپاهیەکانی موسـڵ دەفتـەری بلـۆك و خانەنشـین کردنیـان و ئەوانـەی لەسـەر هـەق قازانجیـان کـردووە، ڕاگەیەنـدراوی تیـمارەکان پێشکەشـی ئەوانـە کـراوە کـە میهرەبانیـان نیشـان داوە، هەروەهـا ئـەو تیمارانـەی لەلایەنـی هەولێر و کۆیـری و کەرکووك و شـارەزوور هەیـە، هێشـتا بـۆ دەرخسـتە و نووسراوەکانـە، بـە نیزامـی سـیپاهی لـە بـارەی بەسـتنەوە و تۆمارکردنـی پێشـەکی لەگـەڵ بەندەکانـی ناوبـراو رزا پاشـا لەگـەڵ قەپوچـی باشـی عەلـی یـاوەر بـەگ ئەرکـی پـێ سـپێردراوە و نێـردراوە، ئینشـائەڵلا جەنابـی پاشـا هیممەتـی تـەواوی کـردووە، لەگـەڵ حەواڵـە کردنـی بـە ماوەیەکـی کـەم بـە نیزامێکـی ڕێکوپێـك جێبەجـێ کـراوە، دەفتـەر و ڕاگەیەنـدراوەکان پێشکەشـی کەسـی دڵسـۆز کـراوە، تیمارەکانـی موسـڵ بـە دەفتـەر و ڕاگەیەندراوەکانـی ئـەوەی پێویسـتە بەرائەتـی عالیشـانی بـە فەرمانـی سـەروو هاوشـێوەیە، هەمـووش بـۆ ڕێکخسـتنی کارەکـە یـەك بـە یـەك بـۆ لایەنـی بەندەمـان نێـردراوە، دووپاتـی بەندایەتیشـم کراوەتـەوە، بـە هـەر شـێوەیەکیش بێـت ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە میهرەبانـە، لـە ١٩ زیلقەعـدە ١٢٥٤.



HAT 323/18920-B
HAT 0323

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HAT. | B.00323.18920 | 19 زیلقەعدە 1254 |


بە فەرمانی پاشا لە عیراق سەربازی مەنسورەی سوارەی بە شێوازی تیمار، لە بلۆکی دووەم لە جەنابی شاهانە لە هەولێر ئەو تیمارانەی کە پەیوەستە بەم لایەنەوە بۆ جیاکردنەوەیان لە دەفتەر ڕێکخراوە، بۆ والای ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، ئەو پۆستانەی لە قائیمقام و بینباشی کە پێویستە جێگیر بکرێن، لەگەڵ تیماری ناوهاتوو کە لە دەفتەر نووسراوەتەوە بۆ لایەنی سەروو نێردراوە و ڕاگەیەندراوە، هەروەها ناوبراوان لەگەڵ فەرمانی شەریفەی ئەرکەکانیان نیشانیان لەلایەن والای ناوهاتوو تەواو کراوە، ئەو نیشانانەش لەگەڵ یەك پارچە ئالای سانجەقیان پێ دراوە، جەنابی والی بەغداد نووسراوەکانی هاتووە، لەسەر فەرموودەی والای سەر عەسکەر هاوپێچ بۆ دەوڵەت نێردراوە، بە خوێندنەوەی لەم بارەیەوە بیروبۆچوونی سەروو ئاماژەی پێکراوە و نووسراوی ناوهاتوو دووبارە نووسینەوەی فەرمانی ئەفەندیمە.

ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
والی بەغدادی ناوبراو نووسراوەکانی ڕوون بۆتەوە، ئەوەی باس کراوە ئالای سوارە لەلایەن بەندەوە ڕاگەیەندراوە و یەك تاقم بە تیمارەوە لە دەفتەری ئالای نووسراوەتەوە و دامەزراوە، ڕاگەیەندراوی قائیمقام و بینباشیەکان نێردراوە، هەروەها فەرمانی پاشای جەنابی شاهانە فەرموویەتی کارەکەیان جێبەجێ دەکرێت، لەسەر ڕەزامەندی و ڕاگەیەندراوی جەنابی هومایۆن ئەو نووسراوانەی باسکراون، بۆ لایەنی بەندە ڕەوان دەکرێت، ئەوانەی نێردراوە لەگەڵ تاقمەکە بۆ والای وەکالەتپەناهی نێردراوە، فەرمانی پاشای شاهانەش بۆ لایەنی بەندە ڕادەگەیەندریت و دەفتەر و نووسراوەکانی باسکراو بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان دووبارە دەکرێنەوە و دەنووسرێتەوە، فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.



| HAT. | H.00323.18920 | 19 زیلحیجه 1254 |
|---|---|---|

بـە فەرمانـی پاشا حەزرەتـی پاشا لـە عیـراق بـۆ ڕێکخسـتنی ئـاڵای سـەربازی شـاهانەی مەنسـورە میـری لیـوای سـەربازانی سـوارەی مەنسـورە عەلـی رزا پاشـا و قەپوچـی باشـی دەرگای عالـی عەلـی یـاوەر بـەگ ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە و دامـەزراون، لـە ئـەوەدا پێشـەکی بـە بابـی عالـی و والـی راگەیەنـدراوە و کۆتایـی پـێ هاتـووە، پاشـا و میـری ناوبـراو لـە کاتـی ئەرکەکەیـان چوونەتە هەولێـر، لە کاتی گەیشـتنیان بـە گوێرەی نیـزام کاریـان کـردووە و لەگـەڵ هەمـوو کـەس بـە رەفتـاری بـاش رەفتاریان کـردووە، هەمـوو ئـەو تیمارانەی کـە سـەر بـە هەولێـرن، بـە چواردەوریشـیەوە ئەوانـەی بـە هەقـی خۆیـان قازانجیـان کـردووە وەریانگرتووە، ئـاڵای ناوبـراو بلۆکـی دووەم سـەربازانی سـوارە کـە کاریگـەری سـەرکەوتنیان لـە ناوچـەی دیاری کـراودا ڕێك خـراوە و راسـتییەکەی لـەم بارەیـەوە بـە کارە بـاش و خزمەتـە باشـەکانیانەوە هەمـوو کەسـیان دڵخـۆش و مەمنـون کـردووە، پاشـا و میـری ناوبـراو لـە هەولێـرەوە بـەرەو کەرکـووك بەرێکەوتـوون، لەوێـش بـە پێـی نیـزام دەسـتیان بـە کارەکان کـردووە، ئـەوەی بـە رێـك خسـتن ناردوویانە لـە تیمارەکانـی هەولێـر و دەفتەری بلـۆك راگەیاندنیـان لـە واڵای ناوبـراو جێگیـر کـراوە، ناوەکانـی بەنـدەی قائیمقـام و بینباشـی پۆسـت کـراوە، هەروەهـا ئەمجـارە بەگـی ئـاڵای پێشـووی کەرکـووك لـە دەفتـەری جەبـە (جبـە) یـەك پارچـە وێنـەی پێشکەشـی پلەبەرزەکانـی سـەدارەت کـراوە، هەروەهـا تیـماری ئەیالەتـی شـارەزوور و سـەربازەکانی هێشـتا بـە هـاوکاری خـوا لـە کۆتاییەکەیەتـی، بـە پێـی پێویسـتیش دەفتـەر و راگەیەنـدراوی بـە نـووسراو نێـردراوە، ئـەم کارەش ئـەوەی پێشـکەش کـراوە، بـە گوێـرەی دەفتـەر و راگەیەنراوەکان بـۆ جێبەجێ کردنیـان بەرائەتی شـەریفە و قائیمقـام و بینباشـی بەندەکانـی ناوبـراو لەگـەڵ نیشـان و نیشـانەکانیان لەگەڵ ئـاڵای رێکخراوی ناوهاتـوو ئەویـش بـە گوێـرەی داواکاری نیشـانەکانیان تـەواو بکرێـت، لە هەر حاڵەتێکیشـدا ئەمـر و فەرمان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە جەنابیـان میهرەبانـن، لـە ٢٣ زیلحیجـە ١٢٥٤.





هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | B.00396.20886 | 9 شەوال 1254 |
|---|---|---|

بۆ جەنابی دەوڵەت

والـی بەغـداد جەنابـی عەلـی پاشـا ئەمجـارە بـە لەشـکرەکەی گەیشـتۆتە لای هەولێـر، ئەمـرۆش بەگـی رواندز سـلێمان بـەگ کەسـێکی کـەم عەقڵـە، لەبـەر ئـەوەی خەڵکەکـەی لێـی رازی نیـن، لەگـەڵ خەڵـك بـە رێککەوتـن میـری ناوبـراو خراوەتـە زینـدان، بـرادەری کۆچکـردوو محەمـەد پاشـای رواندزییـە، لـە قـەڵای عەمادییـەش رەسـول بـەگ ئابڵوقـە دراوە، لەلایـەن ناوبـراو داواکـراوە، هەروەهـا لەشـکرەکەش بـۆ ئـەوێ رۆیشـتووە، موتەسـەرفی عەمادییـە ئیسـماعیل بـەگ تووشـی دەردەسـەری خـۆی هاتـووە، لـە قـەڵای عەمادییـەش رەسـول بـەگ لـە کاتـی هاتنـی بۆ موسـڵ پێـش ئـەو هاتۆتـە لای لەشـکرەکە، بەگایەتی روانـدزی داوەتـە ناوبـراو، هەروەهـا دوای ئـەوەی لەشـکرەکە لـە رێـگای رووبـاری زاب بـۆ لای عەمادییـە هاتـووە، لـە شـەوالی شـەریف لـە رۆژی چـوارەم، جەنابـی ناوبـراو بەهـۆی ئـەو نووسراوانـەی کـە بـۆ لای هاتـوون ئەگـەر بـۆ یـەك رۆژیـش ئـاگاداری ناوبـراو نەبـووە، بـە گوێـرەی راپۆرتـی تاتـارەکان هەروەهـا بـە تێروانیـن لـەم راپۆرتانـە ئیسـماعیل بـەگ دیسـان لـە نـاو خاکـی عەمادییـە بـۆ سـەر چیاکان هەڵاتـووە، هەروەهـا لـە قـەڵای عەقـرە پیاوەکانـی نەمـاوە، ئـەو قەسـەبانەی لـە دەورووبـەری قـەڵای ناوبـراو هـەن، بـۆ پێشـوازی کـردن لـە جەنابـی ناوبـراو هاتوونەتـە لای لەشـکرەکە، هەروەهـا جەنابـی ناوبراویـش لەگـەڵ لەشـکرەکە لـە کاتـی نیشـتەجێبوونیان لـە هەولێـر، لـەو کاتـەدا والی موسـڵ جەنابـی محەمەد پاشـا هاتووە و بـۆ مـاوەی دوو رۆژ بەیەکـەوە بوویـن، ناوبـراو لەلایـەك محەمـەد پاشـا داوای کـردووە بچێتـە سـەر قەڵای دهـۆك، محەمـەد پاشـا بـە گەیشـتنی بـۆ دهـۆك هەروەهـا بـە ووتـەی تاتـاری ناوبـراو ئەوانەی لـە قەڵاکەی هەڵاتـوون، بـە گەیشـتنی شـێوەکەی بـۆ روون بۆتـەوە، لـە ٩ شـەوال ١٢٥٤.




هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | B.00449.22343 | 19 زیلقەعدە 1254 |
|---|---|---|

بۆ میهرەبان و بە بەزەیی جەنابی سوڵتانم

بە فەرمانی پاشا میر لیوا رزا پاشا لە لیواکاندا ئەو سەربازە سوارانەی بوونیان هەیە، بە ئاڵایەکی رێکخراوی شاهانە لە سەرەتای شەوالی شەریفە چوونەتە موسڵ، هەروەها ئەگەر چی نووسراوە ئەو بەندانەی کە لەلایەن عەقرە دۆزیومەتەوە لەگەڵ ئەو ئاڵایەی ناوی هاتووە بۆ لایەن پایەدار دێن، هەرچەندە زستان و باو و بارانە، بەڵام دەورووبەری بەغداد پێویستیان پێیەتی، ئاڵای ناوهاتوو لەگەڵ بەندەکانی میر ئاڵای و ئەفسەرەکان دەنێردرێنە بەغداد، ئەوانە لەگەڵ یەك بلۆك سەرباز نیشتەجێ دەکرێن، هەروەها تیمار و سیپاهیەکانی بە بەستنەوەیان بە نیزامێکی باش و دەفتەر و خستنەروویان رێك بخرێت، دوای ئەوەی دەرۆن و دەگەنە لایەنی پایەبەرز رادەگەیەندرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئاڵای ناوهاتوو ناردنیان بۆ لای بەغداد و مانەوەی خۆیان لەگەڵ بلۆکێك سەرباز لە موسڵ، تیمار و سیپاهیەکان بخرێنە ناو نیزامەوە و دەفتەر و خستنەروویان دوای رێك خستنیان بنێردرێتە سەروو، ئەوەی باس کراوە سیپاهیەکانی موسڵ دەفتەری بلۆك و خانەنشینەکانیان بۆ دەرخستن جگە لەمە مافی تەواویان پێ دراوە، ئەو تیمارانەی خستنەروویان بۆ کراوە، ئەمجارە پێشکەشی جەنابی سەر عەسکەر کراوە، تیمارەکانی لایەنی هەولێر و کۆیری و کەرکووك و شارەزوور لەگەڵ دەرخستن و تۆمار کردنیان سیپاهیەکان بە پێی نیزام رێك بخرێت و لە بارەی نووسینەوەیان ناوبراو رزا پاشا لەگەڵ بەندەکانی و بەندەکانی قەپوچی باشی عەلی یاوەر بەگ ئەرکیان پێ سپێردراوە و نێردراون، بە تەمای خوا جەنابی پاشاش لەگەڵ وەکالەتپەناهی بە ماوەیەکی کەم نیزامێکی رێك و بەستنەوەی بە نێزامەوە جێبەجێ دەکرێت، دەفتەرەکان و دەرخستنیان پێشکەش دەکرێت، بۆ تیمارەکانیش دەفتەر و دەرخستنیان پێویست دەکات بە بەرائەتی عالیشانیەکان جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی فەرمانی پاشا رەزامەندی لە سەر دەدرێت، هەمووی یەك بە یەك بە رێکخراوی بۆ لایەنی سەروو دەنێردرێت، بۆ ئەمەش یارمەتیمان پێویستە، لە هەر حاڵەتێك ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە خاوەنی میهرەبانیە، لە ١٩ زیلقەعدە ١٢٥٤.




| | | |
|---|---|---|
| HAT. | J.00473.23133 | 1254 زیلحیجە |


لە سەر زانیاری سەروو والی بەغداد جەنابی عەلی پاشا پێشەکی ئەو سەربازە رێکخراوی شاهانەی کە هەیەتی، برێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، ماوەیەکە ئەوەی لە ژێر فەرمانی ئەو دەرچووە لە قەڵای عەقرە خۆی قایم کردووە و لەگەڵ هەندێك لە کوردە جانەوەرەکان یەکیانگرتووە، بەیەکەوە قەڵای عەمادییەیان داگیرکردووە، ناوبراو چۆتە سەر خەڵکی عەمادییە ئیسماعیل پاشا ئەوەی لەلای ئاساییە، ئەوەیە کە زیان بە بەندەی خوا بگەیەنێ، ناوبراو لە قەڵای ناو هاتوو نزیك بۆتەوە، بە گفتوگۆکردن نیشان دراوە کە رووبەڕووبوونەوە روو نادات، هەروەها سەربازەکان هێشتا هێرشیان نەکردبووە سەر قەڵاکە، قەڵاکەی بە جێ هێشتووە و هەڵاتووە بۆ چیاکانی نزیك قەڵاکە، ناوبراو قەڵاکەی گرتووە و لە پێش قەڵاکە جێگیر بووە، هەندێك لە سەربازی پیادەش بۆ چیاکە رۆیشتوون، ناوبراویش قەپوچی باشی حوسین ئاغا کە زمانی تورکی دەزانێ ئەرکی قەڵای عەمادییەی پێداوە، لەگەڵ قەڵاکەی رادەستی رەسول بەگ کردووە، دوای رادەست کردنەوەی قەڵای عەمادییە، برێك سەربازی شاهانە نێردراوە، لەوێ لەگەڵ هەندێك لە کەسان بوێریان نەکردووە شەڕ بکەن، بۆیە پەرشوبڵاو بۆنەتەوە، خەڵکی عەمادییە لەگەڵ بەندەکانی ناوبراو لە ئابڵوقە رزگاریان بووە، تاتار لە قەسەبەی هەولێر لە کاتی گەیاندنی هەواڵی قەڵای عەمادییە، لە عەمادییە لەگەڵ عەلی پاشا یەکتریان بینیوە، رووداوەکەیان بە پوختی باس کردووە و تەنانەت برادەری خائینی ناوبراو لەگەڵ مستەفا پاشا ئەو یارمەتیدەرانەی کە بۆ قەڵای موسڵ رەوانی کردوون، لە دەورووبەری موسڵ گوێ بیستی بووە، بە ناوبراوی راگەیاندووە.

| جەمادی کۆتایی 1260 | 00088.004392 | I.DH. |
|---|---|---|

ئەو داواکاریەی کە والی پێشووی رواندز بایەزید بەگ پێشکەشی کردووە، وەرگێردراوی زمانی فارسیەکەیە

لەم ساڵە برادەرزادە لەگەڵ والی پێشووی رواندز محەمەد پاشا ئەو کۆگایەی کە هەیە رادەستی والی پێشووی سیواس رەشید پاشای مردوو کراوە، لەم بارەیەوە بە پێی ئەو خزمەت و گوێرایەڵیەم بۆ ناوبراو لەلایەن والی پێشووی بەغداد عەلی پاشا دیارە، بە پێی ئەو خزمەتەی کە لە رابردووەوە کردوومە نانم داوەتە بەندەکانی حکوومەتی رواندز، ئەو کاتە دووبارە دانیشتووان و هەژارەکانم لە دەوروبەر کۆکردۆتەوە و هێناومە، ئاسایشی ئەوانەم پاراستووە، لەمەودوا ناوبراو برادەری محەمەد پاشا، رەسول بەگ لەگەڵ والی مردووی موسڵ محەمەد پاشا بە رێککەوتن والی ناوبراو زۆر پارەی داوەتە رەشید پاشا ئەوەی لەلای برادەرەکەشی ماوەتەوە پێنج سندوق ئاڵتون کە شاردرابووەوە هێناویەتیە دەرەوە، رادەستی کردووە، لەلایەن عەلی پاشا بینراوە، هەم ناوبراو والی موسڵ لە عەلی پاشا حوکم وەرگیراوە، هەریری رواندز دراوەتە رەسول بەگ، ئەو کاتە لە هەولێر مووچە و میوانخانە و دامەزراندنی بۆ دابین کرا، ئەو کاتە ناوبراو رەسول بەگ بەڵێنی دابوو، کەچی تایبەتمەندییەکانی جێبەجێ نەکرد، ئەوەش دیارە، کاتی خۆی ئاماژەی پێکرا کە ناوبراو رەسول بەگ بەهۆی دڵسۆزیەوە نەبوو، دووبارە بۆ حکوومەتی ناوبراو منیان ئاگادار کردەوە، لەم مێژووەوە لەلایەن دەوڵەتەوە دوورخرامەوە، دواتر ئەوەی لە سەرەوە باس کراوە لە هەولێر لە خزمەتی نەجیب پاشا دابووم، ناوبراو بۆ بەندەکانی جەنابیان بۆ پاراستن و جێبەجێ کردن و بەرژەوەندی دەوڵەت دیاریکراو بووە، بۆ پاداشتی بەندە خزمەتکارەکان وەکو خۆی ماوەتەوە لەگەڵ ئەوانەش بەیەکەوە پێشنیار کراوە بچمە بەغداد، ناوبراو رەسول بەگ وەستاندوویەتی و یەکسەر ئەم هەواڵەی بە نهێنی بە والی موسڵ محەمد پاشای ووتووە، بەم شێوەیە ناچاری کردووم بچمە موسڵ و رێگری کردووە لە چوونم بۆ بەغداد، بەم شێوەیە دووبارە ناچار دەبم بچمە شامی شەریفە، دوای ئەو هەموو ماندوو بوون و هیلاکیە، بەندە و بەندەزادەکان و هەموو ئەوانەی لایەنگران بژێویان ناجێگیر دەبێت و کێشەدار دەبن. ئەو هەموو کاتە من دەربەدەر بوومە، هەڵاتووم، لە بەر پیر و هەژاریمەوە پێویستم بە بەزەییە، بەم حاڵەوە ئەو پێنج سندوق خەزینە زێرەی محەمەد پاشای مردوو کە لە رواندز بوونی هەیە، دەتوانرێ بە ئاسانی بە دەست دەوڵەت بکەوێت، هەروەها رەسول بەگ هێشتا بە جۆرەها تەنگانە و بارگرانی کە ئەو داهاتەی رادەستمان دەکات، بە تەواوەتی دەچێتە خەزینەی بەغداد، هەروەها هەر فەرمان و رەت کردنەوەیەکی والی بەغداد بە دڵسۆزیەکی تەواوە بەڵێن دەدەم جێبەجێی بکەم، ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەژار و خەڵکی ئیسلام لە زیندانی رەسول بەگ زنجیر کراون، هەروەها لادانی رەسول بەگ پێویستە، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی لە رواندزن قسەکانیان جێگای متمانەیە ئاوام زانیوە. بۆ هەژاران فەتوا دەدرێت، بۆ چۆنیەتی ئەوەش ئاسایشی جێگیر بۆ خەڵکە، ماوەیەکی زۆرە بەندەکان لە شامی شەریفە لە ژێر چەتری مولانا خالید دان، بەم شێوەیە خۆم لە ناو تەریقەتی نەقشبەندی دۆزیەوە، هەر چۆنێك بێت ئینشائەڵڵا نیازم وایە کار و قسەی راستگۆ ببیستم. بەتایبەتی بەندەکان لە خزمەتی والی بەغدادن، دڵسۆزیی منیش تەنیا بۆ دەوڵەتە، دوای مردنی من نیاز دەکەم پلەکەم بدرێتە کورەکەم ئەبوبەکر، ناوبراوی کورم ئیشکەرە و دەنووسێت و دەخوێنێتەوە، دەوڵەت پەشیمان نابێتەوە، هەروەها بە توانایە لە جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی دەوڵەت، ئەگەر پاشا فەرمان بدات، ناوبراو برادەرزادەکەم محەمەد پاشا ئەو پارەیەی رادەستی رەشید پاشای کردووە، ئەوا ئاشکرای دەکەم، لە سەر حیسابی کوردستان هەر یەك کیسە بە بەهای ئیستەنبوڵ حەوت کیسە دەبێت، والی ناوبراو ئەو کاتە ٤٥٧٥ کیسە لەگەڵ ٨٠ باتمان سیم رادەست دەکەم، هەروەها بۆ یارمەتی خۆی ناوبراو محەمەد پاشا ٤٠٠ کیسە ئاقچەی داوەتە عەجەم.


جەمادی کۆتایی ١٢٦٠



رواندز والیسی سابقه بایزید بکك تقدیم ایتدیکی عریضهٔ فارسیه نك ترجمه سیدر


I. DH. 88/4392

2




| 21 شەعبان 1260 | 576.29093 | C.EV. |
|---|---|---|

لـە سـەر تەریقەتـی قادرییـە و دانیشـتووی قـەزای هەولێـر شـێخ عەبدولعەزیـز ئەفەنـدی لـە قـەزای ناوبـراودا ئـەو خانەقایـەی کـە ئـەو شـێخایەتی تێـدا دەکات، لەبـەر ئـەوەی هـەژارە، لـە ئەنبـاری قـەزای ناوبـراو سـاڵانە ١٠ عولبـە گەنـم و ٥ عولبـە جـۆی پـێ دەدرێـت، والـی شـام عەلـی پاشـا لـە ژێـر نـاوی والـی بەغـداد لـە شـوێن ئـەو یـەك پارچـە نـووسراو نێردراوەتـە دیـوان، بـە پێـی زانیـاری ناوبـراو بـری گەنـم و جـۆ هـەروەك خـۆی پێـدراوە، یـەك پارچـە نـووسراوی فەرمانـی عالـی فەرمانـی پێکـراوە، ئەویـش بـە داواکاری داوای کـردووە، لـە کاتـی پێداچوونـەوە بـە تۆمـارەکان ڕەزامەنـدی نەبـووە، لـە سـەرمایەی ئەیالـەت ڕێگـە نـەدراوە پێـی بدرێـت، لـە تەکیـە و زاویەکانـی تـر بـە مەرجی مانـەوەی لە ژیـان دابیـن دەکرێـت، هەروەها لـە شـێوەی سرینـەوەی لـە تۆمار یەکسـەر دەرسـەعادەت ئـاگادار بکرێتـەوە، هەروەها لە ئەیالەتـی بەغداد لەگـەڵ سـەرەتای سـاڵی ٦٠ مانگـی مـارت لـە ئەنجامـی ڕێکخسـتن و پێداچوونـەوەی خەرجیەکانـدا لـە دەفتـەر تۆمـار کـراوە، هەروەهـا شـێخی ناوبـراو ئـەو بـرە دیـاری کـراوەی بـۆی دابیـن کـراوە، هەروەهـا ئـەوەی لـە دەفتـەری ژمێریـاری هاتـووە، بـری دیاریکـراوی گەنـم کـە پێـی دراوە یاخود پێـی نـەدراوە، دیاری نەکـراوە، ئـەوەی لەلایـەن دەفتـەرداری بەغـداد هاتـووە و نووسراوەتـەوە، لـەم دەفتـەرەدا بـۆ ناوبراو سـاڵانە تەنیـا دوو عولبـە و نیـو گەنـم نووسراوەتـەوە، بـەم شـێوەیە شـێخی ناوبـراو تەنیـا ئەوەنـدەی لـە دەسـتە، هەروەهـا ئـەوەی لـە دەسـتیەتی و ئـەوەی لـە دەفتـەری ناوبـراو دایـە یـەك ناگرنـەوە، بۆیـە بـۆ لێکۆڵینەوە ئـاگادار کردنـەوە هاتـووە، دەفتـەرداری ناوبـراو بـە نـووسراو جێبەجێـی دەکات، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢١ شـەعبان ١٢٦٠.



| MVL. | 36.22 | 27 زیلحیجه 1263 |
| --- | --- | --- |

لەلایـەن جەنابـی والـی بەغـداد بـە نـووسراو هاتـووە پێشکەشـی ئەنجوومەنـی واڵا کـراوە، دوو پارچـە داواکاری لەگـەڵ راگەیانـدراوی قازی بەغـداد دانیشـتووی قـەزای هەولێـر لەمەوپێـش شـەمس خاتـوون بـە کـوژراوی مـردووە، لەلایـەن هاوسـەرەکەی خەلیـل لەگـەڵ کـورە بچووکەکـەی ئیبراهیـم لـە ئەنجوومەنـی شـەرعی شـەریفەدا لەگـەڵ بـرای کـوژراوی ناوبراو مەحمـود بەیەکەوە دانیشـتوون، هاتووە ناوبـراو مەحمود بـە گۆچانێکـی گـەورە بـە بـێ هـەق کوشـتویەتی و لـە سـێدارەی داوە، ئەمـەش رووداوەش پەسـەند کـراوە، هەروەهـا میراتگـری ناوبـراو، بـە شـێوەی قەسـاس لـە بکـوژی ناوبراو خۆشـبووە، ئەو بەشـەی کـە دەکەوێتە سـەر ناوبـراو تەنیـا بەشـی کـورە بچووکەکـەی نەبێـت، ناوبراو رادەسـتی کـرد و جێبەجێـی کـردووە، لەلایەن فەتواخانـە بـە تێروانیـن لـە راگەیانـدراوی دژ بەیـەك بکـوژی ناوبـراو مەحمـود کـوژراوی ناوبراوی کوشـتووە و لـە سـێدارەی داوە، ئەمـەش جێگیـر بـووە، لێـرە میراتـی کـوژراو بـە کـورە بچووکەکـەی دەدرێـت، ئەمەش نـووسرا و راگەیانـدراوە هەروەهـا بکـوژی ناوبـراو لـە ٥ سـاڵ تـا ١٥ سـاڵ دەسـتگیر دەکرێـت و بـە سـزای سـەوڵ لێـدان سـزا دەدرێـت، بـە بریـاری یاسـا جێبەجـێ دەکرێـت، لـە بـارەی قـەرزەوە بـۆ جێبەجـێ کـردن بـە رێکخسـتنی لـە تۆمـاری فەتواخانـە بکـوژی ناوبـراو بـە زنجیـر دەنێردرێتـە دەرسـەعادەت ئەمـەش لەلایـەن والـی ناوبـراو بـە هاتنـی ئـاگاداری فەرماننامـەی سـەروو، لـە شـوێنی دیاریکـراودا لـە مێـژووی زینـدانی کردنیـەوە سـاڵەکەی هەژمـار دەکرێـت، هەروەهـا بـە سـەوڵ لێدان لـە تەرسـانە (ترسـانە) زینـدانی کردنەکـەی بەسـەر دەبـات، لـە کۆتایـی هاتنـی سزاکەشـی لەلایـەن دەوڵـەت دوورخسـتنەوە و دەرکردنـی جێبەجـێ دەکرێـت.





| 29 شەوال 1263 | 00069.00086 | A.MKT. |
|---|---|---|

لە قەزای هەولێر سەر بە شاری بەغداد دانیشتووی قەزا شەمس کچی حەسەن ئاغا کوڕی عارس ئاغا بە هۆی کوشتنیەوە مردووە، هاوسەرەکەی خەلیل ئاغا کوڕی مەقسود لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم بۆ ئەوەی بدرێتە کەسێك، خەلیلی ناوبراو باوکی کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیمە لەبەر ئەوە خەلیل ئاغای ناوبراو کاروباری خۆی ڕێکخستووە و بە گوێرەی شەرع لەبەر ئەوەی کوڕی ئەوە بە داواکاری هەر ئێستا بە ئامادە بوونی جەنابی پاشای ئەیالەتی بەغداد حاجی محەمەد نەجیب ئەنجوومەنی شەرعیەکەمان کۆبۆتەوە، بکوژی شەمس خاتوون برای هەق لە باوك بە ناوی مەحمود کوڕی حەسەن ئاغا ئامادە بووە، ووتوویەتی ناوبراو مەحمود لە مێژووی ڕاگەیەندراوەکە پێش چوار مانگ ڕۆژی هەینی پێش نیوەڕۆ لە قەزای ناوهاتوو هاتۆتەماڵەکەم و هاتۆتە ژوورەوە شەمس خاتوونی ناوبراوی بە گۆچانێکی گەورە لە سەری داوە بە ناهەقی و بە مەبەست لێی داوە و بریندارى کردووە، بەهۆی برینەکەیەوە شەمس خاتوون یەکسەر مردووە، بەڵام بکوژی ناوبراو مەحمود بە شێوەی قەساس لێی خۆش بووە، دواتر ئەو قەساسە بۆتە قەرز، ئەو قەرزەی لە سەریەتی ٥٠٠٠ درهەم بە گوێرەی شەرع بکوژی ناوبراو بە قەساس لێی خۆش نابم، لە چارەگی بەشەکەی من جگە لەوەی ماوەتەوە ٣٧٥٠ درهەم بۆ کوڕە بچووکەکەم ئیبراهیم بەشی شەرعی خۆی جێبەجێ بکرێت و ڕادەستی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بکوژی ناوبراو مەحمود ئاگادار کراوەتەوە و بە ئامۆژگاری داواکراوە. لە کاتی بەرزکردنەوەی سکاڵا ناوبراو مەحمود داوای خەلیل ئاغای ناوبراوی ڕەت کردۆتەوە، خەلیل ئاغا بۆ داواکەی لە قەزای ناوهاتوو شایەد و ووتەی قەبوڵ کراو دوای ئەوەی شایەدیان داوە، ئەوەی ووتراوە کەسەکان بە ناوی مەحمود ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا و عەبدولعەزیز کوڕی یوسف لە ووتەکانیان بە گوێرەی شەرع پەسەند کراوە دواتر مەحمودی ناوبراو لەبارەی ئەوەی باس کراوە پەسەند و دانی پێداناوە ئەو قەرزەی لەسەریەتی ٥٠٠٠ درهەم بە شەرع هاوسەرەکەی خەلیل ئاغا ئەوەی کەوتووە لە چارەگە بەشەکەی جگە لەوەی ماوەتەوە٣٧٥٠ درهەم بە شەرع لەسەر مەحمودە بۆ کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم کوڕی خەلیل دەدرێتە باوك و بەخێوکەری خەلیل ئاغا، ئەمەش دراوەتە سەروو ئەوەی ماوەتەوە فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەکات، لە ١٩ مانگی ڕەبیعی یەکەم ساڵی ١٢٦٣.


ئەم کارە مۆرەکەی وەکو یەکە لەو ڕاگەیەندراوە کوژراوی ناو هاتوو ئەوەی لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێکراوە، مەحمود ئەوەی کوشتویەتی و لە سێدارەی داوە بە بڕیارەوە پەسەند کرا، بەم شێوەیە کوژراوی ناوبراو کوڕە بچووکەکەی بەشی خۆی وەردەگرێت، لەم کارەش بکوژی تر نییە، لە ٢٩ شەوال ١٢٦٣.

بەندەی داواکار لە دەوڵەتی عوسمانیەی پایەبەرز سەید محەمەد سەعدەددین قازی لە شاری بەغداد




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.</td><td>73.14</td><td>3 رەبیعی یەکەم 1263</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە ٣ رەبیعی کۆتایی ١٢٦٣<br>بۆ جەنابی پاشا نازری دارایی<br>لـە ئەیالەتـی بەغـداد قەزاکانـی کەرکـووك و هەولێر باجی شـەرعی لەلایـەن موسـڵ وەردەگیرێت، بـەردەوام لـە ئـەم و ئـەو دەگوازرێتـەوە و ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـت دەکات، بـەم شـێوەیە هـەژارەکان تووشـی ئەزیـەت و زەحمەتـی زۆر دەبـن، بـۆ ئـەوەی بـە ئیسراحەتـی کارەکـە بەرێـوە بچێـت، لـە خەزینـەی بەغداد جێبەجـێ بکرێـت، بۆیـە لەلایـەن والـی ئەیالەتـی ناوبـراو داوای جێبەجـێ کردنـی کـردووە، لـەم بارەیـەوە لایەنـی سـەروو بـە گونجـاوی نازانێـت کـە هـەژارەکان تووشـی ئەزیـەت و رەنـج بکات، لـە ئەیالەتـی ناوبراو کاغەزەکانـی باجـی دیاریکـراو بـۆ والـی بەغـداد نێـردراوە، داوای ئـەو ئاقچەیـەی کـردووە، بـە رەزامەنـدی فەرمانـی پاشـا ئامـاژەی پێکـراوە و پەسـەند کـراوە، هەروەهـا لەلایـەن والـی موسـڵ نـووسراوی بـۆ کـراوە، بە جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشـا لەسـەر باجـی دیاریکراو لەلایـەن والـی بەغداد کاغەزی پێویسـت نێـردراوە، بـۆ لایەنـی خەزینـە نێـردراوە، تـا کار بکرێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| A.MKT. | 81.6 | 27 جەمادی یەکەم 1263 |

نوسراوی والی بەغداد محەمەد نەجیب
لـە دانیشـتووانی هەولێـر شـەمس خاتوونـی بـێ بـاوك برایەکـی بـە نـاوی مەحـمـود بـە هـۆی میراتـی باوکیـان کـە بۆیـان ماوەتـەوە، لـە نێوانیـان هەندێـك ناکۆکـی دروسـت بـووە، ناوبـراو مەحمود هێرشـی کردۆتە سـەر ماڵـی ناوبراو بـە گۆچانێکـی گـەورە بـە ئەنقەسـت لـە سـەری داوە و برینـداری کـردووە، بە هـۆی قورسـی لێدانەکـەی و برینەکەی کاریگـەری هەبـووە، ناوبـراو یەکسـەر مـردووە، هەروەهـا بکـوژی ناوبـراو و کـوژراوی ناوبـراو میراتەکەیـان میراتگری هەیـە، ئەویـش ئیبراهیمـی بچووك لەگەڵ هاوسـەرەکەی بە نـاوی خەلیلە، لەلایەن دانیشـتووان داواکاری و سـکاڵانامە رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـووە، هەروەهـا لـە ئەنجوومـەن دوای ناردنی لەگـەڵ میراتگری ناوبـراو بکـوژی ناوبـراو هێـنراوە، قـازی بەغـداد لـە بـارەی کێشـەکەوە لەگـەڵ شـێخەکان ئامادە بوونـە و لـە بـارەی میراتگـری ناوبـراو پرسـیاریان کـردووە، لەلایـەن خۆیـەوە و کـوڕە بچووکەکـەی ئیبراهیـم بـەم شـێوەیە لـە ویلایـەت داوای بـەرز کردۆتـەوە، خێزانەکـەم ناوبـراو لەلایـەن مەحـمـود بـە مەبەسـتەوە بـە گۆچانێکـی گـەورە لە سـەری دراوە و برینـداری کـردووە، بـە کاریگـەری لێـدان و برینەکـەی مـردووە. هەروەهـا بکـوژی ناوبـراو مەحـمـود بـە قەسـاس (قصـاص) ووتوویەتـی بەشـی خـۆم لـە قەرزەکـە خـۆش دەبـم، بـەڵام بەشـی ئیبراهیـم لـە کەوتنـی قەرزەکـە داوای وەرگرتنـی دەکـەم، هەروەهـا مەحمـودی ناوبـراو هـەر چەنـدە رایگەیانـدووە کـە لـە بابەتی کوشـتن دەسـتی نەبووە، بـەڵام میراتگـری ناوبـراو خەلیـل لەبـەر دڵسـۆزی و داواکـەی دانیشـتووانی قـەزای ناوبـراو شـایەدیان قەبوڵـە، بـە نـاوی مەحـمـود و عەبدولعەزیـز بـە مەبەسـتی شـایەدی دان بانگـی کـردوون، کـوژراوی ناوبـراو شـەمس خاتـوون بـە گۆچانێکـی گـەورە لـە سـەری دراوە و بەهـۆی برینەکـەی و قورسـی لێدانەکـەی کاریگـەری هەبـووە و مـردووە. دوای ئـەوە هـەر یەکـە بـە شـێوەیەکی جیـاواز شـایەدیان داوە، مەحمـودی ناوبراویـش دانـی پێدانـاوە و ووتوویەتـی کـە بـە ئەنقەسـت بـە گۆچانێکـی گـەورە لێیـداوە و کوشـتویەتی، خەلیـل بـە قەسـاس (قصـاص) و لـە بەشـی خـۆی لـە قەرزەکـەی خـۆش بـووە، لەلایـەن خەڵکـەوە راگەیەنـدراوە کـە بکـوژ پیاوێکـی بـێ رەوشـتە و لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی قەساسـەکەش ئەگـەر ئـازاد بکرێـت، زیانـی بـۆ خـۆی دەبێـت، لـە راسـتیدا لەلایـەن خەڵکـەوە هـەواڵ دراوە کـە مەحـمـود کەسـێکی بـێ رەوشـتە، هەروەهـا بێ رەوشـتی و جولەی نەشـیاوی پشـت راسـت کراوەتـەوە، میراتگری ناوبـراو خەلیـل ئـەوەی دەکەوێتـە سـەری چارەگـی قەرزەکـە لـە بەشـی خـۆی جگـە لـە بەشـی بچووکـی ناوبـراو ئیبراهیـم نەبێـت، ئـەوەی دەکەوێتـە سـەری ٣٧٥٠ درهـەم بـە شـەرع قەرزەکـە لەلایـەن شـێخەکانەوە رێکخـراوە، بـە گوێـرەی راگەیەنـدراوی شـەرع بکـوژ مەحـمـود بـە تەواوەتـی لـە ژێـر دەسـتە، لەم بارەیـەوە بـە فەرمانی پاشـا بکوژی ناوبـراو لـە زینـدان دەسـت بەسـەرە، هەروەهـا چۆنیەتـی کۆتایـی هێنـان بـەم کارەش لـە دەرسـەعادەت لـە سـەر مۆڵەتـی فەرمانـی پاشـا وەسـتاوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.



| A.MKT. | 83.72 | 16 جەمادی کۆتایی 1263 |
|---|---|---|


بۆ جەنابی والی بەغداد
تائیفەیەکی کورد هەر لە کۆنەوە حەزیان لە پەکگرتنە و سروشتی تایبەتی خۆیان پێوە دیارە، لە دەوروبەری بەغدادیش نیشتەجێن، نەبادا لەگەڵ بەدرهان بەگ یەکبگرن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە جولەی سەربازی ئەنجام بدرێت، ئەگەر هۆزە کوردییەکان جولە بکەن، لە ژێر هێزی بە زۆرەملی بگیرێن، لە چواردەوری هەولێر برێك هێزێکی سەربازی نیزامیەی شاهانە دامەزرێت، هەروەها میری ناوبراو بۆ دوورخستنەوەی شەڕکردن لەگەڵ ئەوانە کەمێك روون کردنەوە و تێبینی جێبەجێ بکرێت، لەو نووسراوەی هاتووە خوێندراوەتەوە، جگە لە داواکاری سەروو بە ماوەیەکی کورت لە میری ناوبراو ئەوانە پەرشوبڵاو بکرێن، بەمەش ئەو کوردانە بوێری ئەوە ناکەن یاخی بن، بە پێی ئەو نووسراوانەی خوێندراوەتەوە و تێروانینی بۆ کراوە، بە گوێرەی بەرژەوەندی جێبەجێ بکرێت، پارچەیەك لەم وێنەیە بۆ لەشکری هومایۆنی ئەنادۆڵ بنێردرێت تا جێبەجێ بکرێت.
١٦ جەمادی کۆتایی ١٢٦٣


İ.DH. 151/7840

هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 00151.007840 | 28 ڕەجەب 1263 |


نازری دارایی جەنابی پاشا لە سەر ووتەی سەروو یەك پارچە ڕاپۆرت نێردراوەتە والآ و لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی دارایی بۆ زاناکان و مودەریسی قەزای هەولێر محەمەد ئەفەندی لە دارایی قەزای کەرکووك لە داهاتی ناوەخۆ دیاری کراوە ڕۆژانە نیو قوروش وەکو خۆی پێ بدرێت، پێشەکی ئەوەی پێشکەش کراوە، بە پێی فەرمان ئەگەرچی بەرائەتی شەریفەی دەرچووە و پێی دراوە، ئەو نیو قوروشەی باس کراوە، لە قوروشی قەزای ناوبراوە هەروەها قوروشی ناوبراو بە پێی بەهای (ڕایج) دەرسەعادەت بە مانای سێ قوروش و ٣٠ پارە دەکات، جگە لەوە نوێکردنەوەی بەرائەتی شەریفەی ناوبراو بۆ پارەی دیاریکراو لەلایەن والی بەغداد ئەمجارە بە نووسراو کۆتایی پێ هاتووە، پێشەکی ئەوەی لە دەفتەر باس کراوە، قوروشی قەزای ناوبراو لەگەڵ قوروشی ئێرە جیاوازیەکەی نێوانیان دیاری نەکراوە، ئەو بەرائەتەی دەرچووە بە پێی دیاری کردنەکە بە پارەی دیاریکراو جێبەجێ کراوە، لە تۆمار لە گۆشەیەك نووسراوەتەوە، ئەوەی باس کراوە، قوروشەکە لەگەڵ بەهای (ڕایج) ئێستەنبۆڵ ئەو جیاوازەی لە نێوانیاندا هەیە، بە شێوەیەکی کاتی کەم بۆتەوە (هاتۆتە خوارەوە) ئەوەی دیاری کراوە بە ڕۆژانە مانگانەکەی دەکاتە ١٠٦ قوروش ١٠ پارە، بوونی میهرەبانی پاشا باس کراوە، پێویستە بە کۆتایی هاتنی بەرائەتی شەریفەی ناوبراو بە گۆرانکاری نوێکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەگەرچی لە سەر جێبەجێکردنی ڕەزامەندی فەرمانی پاشای لە سەر دراوە، لەلایەن نازری ناوبراو نێردراوە، لە ٢٨ ڕەجەب ١٢٦٣.



| | | |
|---|---|---|
| MVL. | 23.12 | 12 جەمادی کۆتایی 1264 |


لـە گونـدی عەنـکاوە کەسـێکی بـە توانـا بـە ناوی سـیلیوە لـە مێـژووی سـاڵی ٤١ هاتۆتە سـەر ئایینی ئیسـلام و رازی بـووە بچێتـە ژێـر پاراسـتنی ئیسـلام، بـەڵام دواتـر چۆتـەوە سـەر ئایینـی کۆنـی، لـە کاتـی خـۆی کـە نـاوی خـۆی بـۆ نـاوی شـێخ محەمـەد گـۆڕی بـوو، ئێسـتا دیسـان گۆڕیویەتـی، دوای تێپەڕبوونـی ماوەیـەك لـە سـەردەمی پاشـای روانـدزی پێشـوو، خێزانەکـەی کـە لـە ژێـر مارەیـی ئـەو بـووە، بـە حـەز و ئـارەزووی خـۆی بۆتـە موسـڵمان، لـەم ماوەیـە کـە چوونەتـە سـەر ئایینـی ئیسـلام هاتوونەتـە قـەزای هەولێـر و تێـدا نیشـتەجێ بوونـە، هەمووومـان ئـاگاداری ئەوەیـن، هـەر پێنـج مەرجـی ئیسـلامی جێبەجـێ کـردووە، بـەڵام دوای چوونـە بەغـداد نکۆڵـی لـێ کـردووە، دواتـر روون بۆتـەوە و زیندانـی کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەمـەر ئـاگاداری و راگەیاندنـی لێکۆڵینـەوە، یـەك پارچـە داواکاری لـە شـوێن خـۆی رێـك خـراوە و پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

حاجی ئەسعەد نائیبی پێشووی هەولێر
نائیبی هەولێر عەبدولباقی




| A.MKT. | 144.78 | 13 رەمەزان 1264 |
|---|---|---|

کاغەزی نووسینی داواکاری
نرخی بە پارە
٣٠
نازری دارایی، جەنابی پاشای دەوڵەت ووتوویەتی بۆ جێبەجێ کردن لە ٢٣ رەمەزان ١٢٦٤
لە ئەیالەتی بەغداد قەسەبەی هەولێر، لە شێخەکانی تەریقەتی قادریە، کە شێخی تەکیەم هەموو رۆژ خواردن دەدەمە هەژارەکان، بەڵام ئەو خانقایە لە هیچ شوێنێك مووچەیەکی نییە، بە تەمای خوا بەرێوەدەچێت، لەبەر ئەوە تووشی تەنگانە بوومە، بۆیە داوای میهرەبانی و بەزەیی سەروو دەکەم، والی ترابزۆن خەیرەددین پاشا بەهۆی بوونی مافی کۆنمان بەیەکەوە لە خانەی دەوڵەت میوان بووە، هەروەها نەچۆتە لایەنی ترابزۆن، پیشەکی بۆ تەکیەی ناوبراو بۆ هەژارەکان داوای دابینکردنی خواردنی کردووە، بە پارچەیەك نووسراو داوای میهرەبانی و بەزەیی بۆ ئەو بەندانە دەکەم، لە شوێنێکی دوور هاتووم، ئەو بەندانە دڵخۆش بکەن، بۆ تەکیەی ناوبراو برێك خواردن دابین بکەن، بۆ ئەم مەبەستە خەریکە لە خەزینەی بەغداد دەدرێت، والی بەغدادیش یەك پارچە فەرماننامەی سەرووی داوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٣ رەمەزان ١٢٦٤.
خزمەتکاری هەژاران لە سەر تەریقەتی قادرییە شێخ عەبدولعەزیز ئەلقادری



هەواڵنامەی کتێب

| C.ML. | 548.22546 | 7 جەمادی یەکەم 1264 |
|---|---|---|
| ٧ جەمادی یەکەم ١٢٦٤<br>والی شامی شەریفی پێشوو عەلی پاشا لە کاتی ئەوەی والی غداد بووە، قائمیقامی هەولێر مستەفا پاشا لە کاتی ئەرکەکەیدا خەرجی رێگای بە گوێرەی پێویست لە بەغداد پێی دراوە، ٢٥٠٠٠ قوروش ئاقچەی خەرجی رێگای لە بەغداد لەلایەن براکەی گەرگور دراوە، ئەگەرچی بەم دواییەش دابینکردنی خەرجیەکە حەواڵەی هەندێك لە موقاتەعە و سەروەتی تر کراوە، بەڵام تا ئێستا ٢٥٠٠٠ قوروش نەنێردراوە، بە مەبەستی ناردنی داوا لە بازرگانی ئەوروپی رەفائیل کراوە، لە وەڵامی فەرمانامەی پاشا والی بەغداد نووسراو نێردراوە، لە ئەنجوومەنی ژمێریاریش نێردراوەتە قەڵەم، بە پارچەیەك داواکاری بەستراوەتەوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.AMD.</td><td>8.24</td><td>26 جەمادی کۆتایی 1265</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە نـاو ئەیالەتـی بەغـداد قەزاکانـی هەولێـر و کەرکـووك لەگـەڵ کـۆی سـەنجاق هەندێـك لـەو کەسـانەی کـە نـزا دەخوێننـەوە، پێشـەکی لەلایـەن والـی و ئـەو کەسـانەی کـە باجـی دەوڵەتیـان لەلایـە، دابیـن کـراوە، ئـەوەی پێویسـتە لـەم هاوکارییانـە تەنیـا ٢١٦٠ قـوروش و نیـو پـارە و ٢٦ تەغـار، ٦٥ عولبـە ١٠ کیلـۆ گەنـم و ٩ عولبـە جـۆ و ٤ عولبـە چەڵتـوك بـە شـێوەی سـاڵانە لـە سـاڵی ١٢٦٠ی مانگـی مارتـەوە بـۆ خاوەنەکانیـان دابیـن دەکرێـت، بـۆ مامەڵـەی جێبەجـێ کردنەکـەش لـە ئەنجوومەنـی ژمێریـاری دارایـی رێـك خـراوە، لەلایـەن جەنابـی نـازری دارایـی داواکاری بـە راپۆرتـەوە بـۆ بابـی عالـی نێـردراوە، هەروەهـا بـۆ رەزامەنـدی سـەروو پێشـکەش کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـەش ئەگـەر فەرمانـی پاشـا بفەرموویـت حەواڵـەی جەنابـی نـازری ناوبـراو دەکرێـت بـە راگەیاندنیـەوە نـووسراوی بـۆ دەکرێـت.</td></tr>
</table>

| C.ML. | 79.3649 | 25 جەمادی کۆتایی 1265 |
|---|---|---|

لـە ئەیالەتـی بەغـداد لـە قەزاکانـی هەولێـر و کەرکـووك و لەگـەڵ کۆی سـەنجاق ئەو کەسـانەی کـە ئەرکیان نـزا کردنـە، لەلایـەن والیـەکان و موتەسـەرفەکان پێشـەکی بـە فەرمانـی ئەوانـەوە هەروەهـا ئـەوەی بۆیـان دابینکـراوە لـە هـاوکاری نـاوی ئـەو کەسـانە و بـری دابینکراوەکانیـان نووسراوەتەوە

١/ سـاڵانەی بـە تواناکانـی کـۆی سـنجاق حاجـێ ئیسـماعیل بابـان ١٢ عولبـە گەنـم و ٤ عولبـە چەڵتـوك، لـە لیـوای ناوهاتـوو فەقـی رەسـول ١٠ عولبـە گەنـم.

٢/ ساڵانەی بەتواناکانی لیوای ناوهاتوو مەلا مستەفا ئەفەندی ٦ عولبە گەنم و ٤ عولبە جۆ.

٣/ ساڵانەی بەتواناکانی لیوای ناوهاتوو مەلا عەبدولعەزیز ٤ عولبە گەنم.

٤/ ساڵانەی زاناکانی لیوای ناوبراو عەبدوڵلا ئەفەندی ١٠ عولبە گەنم.

٥/ دانیشـتووی قـەزای هەولێـر لوتفوڵـلا ئاغـا لـە لـە داهاتـی بۆیـە خانـەی قـەزای ناوهاتـوو دابینکـراوی مانگانـە و سـاڵانەی ٥ عولبـە جـۆ .......... ٥ تەغـار گەنـم.

٦/ دانیشتووی قەزای ناوهاتوو عەبدوڵلا ئەفەندی داهاتەکەی ١٩٥.

٧/ لە قەزای ناوبراو دانیشتووی قەزای کۆپری محەمەد کەتهودا ٢١٢.

٨/ لە زاناکانی قەزای ناوبراو حاجی ئەسعەد ئەفەندی ٣٩٠.

٩/ ساڵانەی دانیشتووی قەزای ناوبراو مەلا محەمەد ئەفەندی ١٠ عولبە گەنم.

١٠/ سـاڵانەی دانیشـتووی قـەزای ناوبـراو خەدیجـە و زەمـزەم هەتیـوی دوو کـەس نوعمان و یونـس ٥ عولبە گە نم.

١١/ داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو داود ئەفەندی ١٠٦.

١٢/ سـاڵانەی دانیشـتووی قـەزای ناوهاتـوو عیسـا ئەفەنـدی و عوسـمان ئەفەنـدی و محەمـەد ئەمیـن ئەفەنـدی ٢ عولبـە گەنـم.

١٣/ سـاڵانەی قـەزای ناوهاتـوو ئـەو سـێ کەسـەی کـە قورئانیـان ئەزبـەرە ٢ عولبـە بـۆ عەبدولقـادر، ٢ عولبە بـۆ هیدایـەت، ٢ عولبـە بـۆ زیـوەر، کـۆی گشـتی دەکاتـە ٦ عولبـە گەنم.

١٤/ ساڵانەی لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی لە قەزای ناوهاتوو مەحمەد ئەفەندی ٣ تەغار گەنم.

١٥/ ساڵانەی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو مەلا مستەفا ئەفەندی ٣ تەغار گەنم.

١٦/ نائیبـی پێشـووی قـەزای ناوهاتـوو عەبدولباقـی ئەفەنـدی لەگـەڵ نەقیـب سـەید محەمـەد ئەفەنـدی داهاتـوو و سـاڵانەیان ٣٠/ ٦٠ و ٢ تەغـار گەنـم.


١٧/ دانیشتووی قەزای کەرکووك عەبدولسەمەد و حەسەن لە قەزای ناوهاتوو ١٩٥.


١٨/ داهاتی ساڵانەی قەزای ناوهاتوو مەلا خەسرەو و مەلا مستەفا ١٩٥.

١٩/ داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو بەکر ئاغازادە مەلا عومەر ١٩٥.

٢٠/ داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو عەبدولعەزیز لە بۆیەخانە دەدرێت، ١٩٥.


٢١/ داهاتـوو و سـاڵانەی دانیشـتووی قـەزای ناوهاتـوو مـەلا عومـەر ئەفەنـدی ٣٠ و ١٠ کیلۆ گەنم، سـاڵانەی دزداری پێشـووی قـەزای ناوهاتـوو عەلـی ئاغـازادە محەمـەد لە داهاتـی تایبەتی.





هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>52.75</td><td>20 جەمادی یەکەم 1267</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ پارێزگاری وارنە<br>لـە خزمەتـی نووسـینەوە سـاڵح ئەفەنـدی لـە ئەیالەتـی شـارەزوور قـەزای هەولێـر بەرێوەبـەری دارایـی حەمـدی پاشا لـە بەغـداد لـە قـەزای ناوبـراو دانیشـتووی قـەزای ناوبـراو بـۆ وەرگرتنـی داهاتەکـەی وەکیلی بـۆ خـۆی دانـاوە، لـەوە ١٤٩٠ قوروشـی وەرگرتـووە، ناوبـراو بەهـۆی ئـەوەی لـە (وان)ە، بـە سـەنەدێك ئەحمـەد ئاغـای بـە وەکیلـی خـۆی هەڵبـژاردووە، بـۆ وەرگرتنـی داهاتـی دیـاری کـراو و سـەنەدی ناوبـراو نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن و وەرگرتنـی پـارەی دیـاری کـراو ئـاگاداری نێـردراوە.<br>بەندەی ئێوە رەشید بەگی بەغدادی</td></tr>
</table>



| A.MKT.UM. | 00124.00015 | 19 رەبیعی یەکەم 1269 |
|---|---|---|

لە ناو ئەیالەتی شارەزوور لە قەزای کۆی سەنجاق هۆزی بلباس لەگەڵ هۆزی دیزەیی لە قەزای هەولێر لە نێوانیان دوژمنایەتیەکی کۆن هەیە، ئەوانە هەر لەمێژە هێرشیان کردووتە سەر یەکتر و کەلوپەل و پارەپولی یەکتریان تالان کردووە، بۆیە بە نیەتێکی باش بۆ رێکخستنی مێشکیان و ساردکردنەوەی ئەو دوژمنایەتیە هەوڵ دراوە و ئامادەکاری کراوە، بەڵام هۆزی بلباس هەر لە سەر خوی کۆنی خۆی لە کاتی گەرانەوەیان لە کوێستان لە نزیك هەولێر هاتوونەتە خوارەوە، ئاغاکەیان بە نزیکەی ٤٠٠ سوارەی ئەسپ هێرشیان کردۆتە سەر ئەو گوندانەی کە هۆزیان تێدا نیشتەجێیە، هێرشیان کردۆتە سەر دوو گوند، ئاژەڵ و پارەوپولیان تالان کراوە، هەروەها چەند پیاوێکیان کوشتوە و بریندار کردووە، دیسان ئەوانەی تریش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و کەلوپەلە تالان کراوەکانیان بگەرێننەوە، کۆبوونەتەوە و بۆ رووبەرووبوونەوە خۆیان ئامادە کردووە، بە پێی ئەو هەواڵانە کە هاتووە، پێویستە هەرچی زووە فەرمانبەری تایبەت و سەربازی فەرمانبەر بنێردرێتە نێوانیان، لەگەڵیان دانیشتن بکرێت، رێنمایی بکرێن و ئامۆژگاری کاریگەریان بدرێتی، ئاغای هۆزی ناوهاتوو عومەر ئاغا ئاگادار کراوەتەوە، لەم بارەیەوە قەدەغە کراوە، ئەوانە هەر یەکە هۆزێکن، لەم بارەیەوە کاری پێویست نەکراوە، ئەوان بەردەوام بەرامبەر یەك دەست بەتاڵ دانانیشن، پەرێشان بوونیان و گەرانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ دانیشتووانی هەژار پێویستە، بۆ چاکسازی نێو هۆزی ناوبراو و ئامادەکاری کردن بۆ گەرانەوەی پارەوپول و ئاژەڵە بردراوەکان هێزی پێویست بنێردرێت، لێرە بەهۆی ئەوەی سەربازی نیزامی نییە، لەشکری هومایۆنی حیجاز و عیراق بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەندەی جەنابی رەشید پاشا هۆزی ناوبراو چاکسازی و ئەفسەری پێویستە، بەڵام ئەو سەربازانەی لە بەغداد بوونیان هەیە، جولە پێ کردنیان باش نییە، لە موسڵ ئەو سەربازە نیزامیە سوارانەی کە بوونیان هەیە، هەروەها میر لیوا لەگەڵ قوماندانیەتی عەلی پاشا هێنانیان و ناردنی برێکی پێویست سەربازی فەرمانبەر لە جێبەجێ کردنی بریار دراوە، لە سەر جەنابی ناوبراو و لە سەر ئەو ئاگادار کردنەوەیە میری لیوا لەگەڵ سەربازی ناو هاتوو هەواڵ هاتووە بەرەو هەولێر جولەیان کردووە، هەروەها بە پێی جێبەجێ کردن پاشای ناوبراو لەگەڵ سەربازانی ناوهاتوو بەرەو کۆی سەنجاق دەرۆن، جگە لەوەش چەند کەسێك و سەرۆکەکانی هۆزی ناوبراو یارمەتیدەرانیان هێنراون و بۆ دادگاییکردنیان لەگەڵ شووشتنەوەی مێشکیان کەوتوونەتە کار، لەگەڵ هەندێك ئامۆژگاری ئەرێنی بەیەکەوە پاشای ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە و قسەی لەگەڵ کراوە، دواتر لە ئەنجامی کارەکان وەکالەتپەناهی ئاگادار بکرێتەوە و یەك بە یەك ئەوەی فەرمان کراوە جێبەجێ بکرێت، فەرمانی سەدارەتپەناهیە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و خاوەن میهرەبانیە، لە ١٩ رەبیعی یەکەم ١٢٦٩.


سەید عەلی والی ئەیالەتی شارەزوور

| MVL. | 124.80 | 14 موحەڕڕەم 1269 |
|---|---|---|


- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
داواکاری ئەو کارە و لەگەڵ ئاماژەی بەندە میری میران ئیسماعیل پاشا هاوپێچ وەڵامی نووسراو و نووسینی گۆشەکانی لە کاتی خوێندنەوەی ساڵانەی داهاتی باسکراوی کێڵگەی بەرزنجی زادە شێخ سەید حاجی مەحمود ئەفەندی داهاتەکە بە دەستی نەگەیشتووە، هەروەها کێڵگەی ناوهاتوو لە ٢٠٠٠٠ قوروش زیاتر داهاتی هەیە، ئاگاداری و ڕاگەیەندراوی پاشای ناوبراو و موفتی پێشوو مەحمود ئەفەندی رادەگەیەندرێت و نووسراوی بۆ دەکرێت، لە کاتی لێکۆڵینەوە کێڵگەی ناوهاتوو لە خەزینەی ئاوقافی هومایۆن جێگیر کراوە، داوای کردووە بڕێك مووچەی تەواوی بۆ دابین بکرێت، پێشەکی لەلایەن شێخی ناوبراو بە پشت بەستن بەو داواکردنەوە و کۆتایی هێنانەکەی کە لە شوێنی خۆی هاتووە، کاری ئەو کێڵگەیە داهاتی ساڵانەی بە شیاوی لە بارەی لێکۆڵینەوە و دەرهێنانی دیاری کراوی لە کاتی خۆیدا لەلایەن بەندەوە نووسراو کراوە و نێردراوە، بەڵام هێشتا وەڵامەکەی نەهاتووە، لە دووپاتکردنەوەی تۆماری ئەو نوسراوانەی کە دیارن، بەم دواییە بڕیاری ئەنجوومەنی والا کە پەیوەستە بەمەوە لە نووسراوی فەرمانی سەرووی جەنابی وەکالەتپەناهی نووسراوی تری بەندە دەرکەوتووە، کێڵگەی ناوهاتوو لە خەزینەی ناوهاتوو بە گوێرەی ڕێنمایی جێگیر کراوە، پێشەکی و کۆتاییەکەی دووپات و پەلەی لێ کراوە، لەم نووسینانەی کە لە گۆشەکانیدا نووسراوە، لە وەڵامدا لە شوێنی خۆیدا کۆتایی پێ هێنراوە، لە ڕاستییدا ئەگەرچی داهات و چۆنیەتیەکەی لەگەڵ دەورووبەرەکەی زانراوە، لە وەڵامی جێبەجێ کردنەکەیدا لەهەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمانی سەرووی وەکالەتپەناهی کە پێوە بەستراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ موحەڕڕەم ١٢٦٩.


- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
لە ناو ئەیالەتی بەغداد لە ناحیەی هەولێر زاویەی شێخ پیرداود کە تێدا چوار یەکی داهاتی کێڵگەکەی من سەرپەرشتی دەکەم، چەند ساڵ دەبێت داهاتەکەیم بە دەست نەگەیشتووە، داهاتی ناوهاتوو لە ئاوقافی هومایۆن جێگیرکراوە و دابین کراوە، لە بەرامبەر ئەوەدا پێشتر چەند جارێك داواکاری پێشکەش کراوە تاوەکو مووچەیەك لە بەرامبەر ئەو داهاتە ببڕێتەوە، لە شوێنی خۆی داوا کراوە پەلە بکرێت و لە نووسراوەکانی تریشدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هێشتا وەڵام نەهاتووە، هەروەها داهاتی ناوهاتوو لە هاتنی هەژمار کراوە، لە خەزینەی ناوهاتوو تا ئێستا ٢٠٠٠ قوروش بڕدراوە، دوای ئەوەی داواکاریەکەش پێشکەش کرا، ئەگەرچی بە نووسراویش داوای زانیاری بکرێت، بەڵام وەڵامەکەی دیارە بە چ شێوەیەك ڕوون دەکرێتەوە، هەرچی کێڵگەی باسکراو لە ٢٠٠٠٠ قوروش زیاتری هەبووە، پێشووتر لەلایەن جەنابی ئیسماعیل پاشا نووسراو کراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بەندەمان ئەگەر ئاوا بێ دەنگ بێت ئەوا زوڵمێکی تەواوی لێ دەکرێت، هەر خۆشی دیارە ئەو جۆرە کەسانە تووشی تەنگانە بوونەتەوە و پێویستی بە میهرەبانی جەنابی تاجدار دەبێت، ئەمەش لەسەر شێوازی ڕێکخستنی وەکالەتپەناهی وەستاوە، هەواڵ لەلایەن ناوبراو جەنابی ئیسماعیل پاشا و موفتی پێشوو مەحمود ئەفەندی نووسراو کراوە، لەگەڵ ڕێك خستنی کێڵگەی ناوهاتوو لە لایەن خەزینەی ئاوقافی هومایۆن ئەوا بۆ بەندەکانی بڕێکی باش مووچە ببڕێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

- لە ئەیالەتی بەغداد ناحیەی هەولێر زاویەی پیرداود بە وەقف بەستراوەتەوە یەك پارچە داهاتی کێڵگە لەلایەن بەرزنجی زادە شێخ سەید حاجی مەحمود ئەفەندی کێڵگەی باسکراو داهاتی ساڵانەی بە دەستی نەگەیشتووە، پێشەکی لەسەر داواکردنی بڕی داهاتی ساڵانەکەی لێکۆڵینەوە و دەرهێنانی ڕووداوەکە چۆنیەتی ئاماژە پێکردنی لە کاتی خۆی نووسراو نووسراوەتەوە هێشتا وەڵامی نەهاتووە، لە بارەی بابەتی باسکراوی سەروو زانیاری هەیە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی چۆنیەتیەکەی لە والا ئاماژەی پێکراوە، ئەمجارە لەلایەن شێخی ناوبراو ووتراوە و ویستوویەتی، هەروەها ئەفەندی ناوبراو لە خانەوادەیەکی پاکە، داهاتی ساڵانەی کێڵگەی ناوهاتوو ئەو پارەیەی کە کەڵەکە بووە، لە چ لایەنێك دەبردرێت، ئەم حاڵەتەش لەلای کێ دەمێنێتەوە بزانرێت تا بە گوێرەی ئەوە کاری بۆ بکرێت، بەو زانیاریانەی کە هەیە، بە میهرەبانیەوە لەلایەن والاوە لە بارەی ڕاگەیەندراوەکەی هیممەت بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەفەندیمە، لە ٢٩ ڕەجەب ١٢٦٨.



mwe 1269.m.22
124/80

mwe 1269.m.22
124/80






هەواڵنامەی کتێب


5 - IX - 1269
H-

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | 336.17 | 5 رەمەزان 1269 |

یەك پارچە راپۆرت لە نەزارەتی دارایی دراوەتە ئەنجوومەنی والا كە داواكاری ئەنجوومەنی ژمێریاری لەگەڵی هاوپێچە، لە پۆختەی دارایی یەكێك لە بەگەكانی هۆزی خۆشناو پێشەكی رایكردووە بە پێی جێبەجێ كردنی والی شارەزوور لەلایەن جەنابی پاشاوە بە هەستی پاراستنەوە محەمەد بەگ كە لە نێوان كۆی سەنجاق و قەزای هەولێر نیشتەجێ بووە، مانگانە لە پارەی ناوەخۆ ٤٠٠ هەروەها بۆ محەمەد بەگەكەی تر كە لە دوای مردنی یەحیا بەگ ٥٠٠ مووچەیان بۆ براوەتەوە، لەم بارەیەوە فەرمانی پاشای لە سەرە، لە داواكاری ناوهاتوو روون كراوەتەوە و باس كراوە، ئەوانە بەهۆی هەندێك رەفتاری خراپ كە بوێریان كردووە ئەنجامی بدەن، بە پاراستنەوە ئەوانە هێنراون، ئەگەرچی لە داهاتوودا هەست بكەن لەوێ دوور دەخرێنەوە، تا ئەو كاتە بە تێروانین لە جێبەجێكردن و بەرژەوەندی ئەو هەستەیان ناهێڵدرێت، بە پێی ئەو نووسراوە ناوبراوان سەرەتا مووچەكەیان بۆ ببرێتەوە، ئەو كاتە مانای ئەوە دەكات كە هەستی مانەوەیان لەلا دروست دەبێت، لە كۆتایی هەر لە ساڵی ٦٨ سەرەتای تەمموز مووچەی ناوبراوان بە دابین كردن و وەرگرتنی بەیەكەوە بە بڕیاری پێشوو دەبێت، ئەوانە لە داهاتوودا باشترە وایە بچنە دەرسەعادەت كە كات و سەردەمی خۆی هات پێویست بە شاردنەوەیان ناكات. هەروەها ئاسانكاری تێدا بكرێت، دڵنیایی بدرێت لە ناردنی ئەوانە بۆ ئەوێ، بۆ ئەمەش والی ناوبراو بە فەرماننامەی سەدری ئەعزەم لە خەزینە بۆ جێبەجێ كردنی لە نەزارەتی ناوبراو نووسراو نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا.

٥ رەمەزان ١٢٦٩



هەولێرنامەی کتێب


<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>158.27</td><td>9 شەعبان 1270</td></tr>
<tr><td colspan="3">بەهۆی یارمەتی و میهرەبانی سەروو فەرموویانە، عەبدولرەحمان نورەددین پلەی میری میرانی وەرگرتووە، هەروەها عەلی بەگ لە هەولێر چەندین خزمەتی کردووە لە ئەرکی نووسینی نامە و چەندین خزمەتی تر پلەی قەپوچی باشی و خواجەی پێدراوە، ئەمەش بە فەرمانی سەروو بۆ سەرۆکەکانی هومایۆن نێردراوە، فەرمان نامەی پاشا لە وەکالەتپەناهی مەرامی دڵسۆزی دیارە و فەرمانی عالیشان و لەلایەن سەرۆکەکانی هومایۆن پیرۆزکراوە، هەروەها لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەت رێککەوتن کراوە و پەسەند کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن.<br>سەید عەلی والی ئەیالەتی شارەزوور</td></tr>
</table>


| 29 زیلحیجە 1270 | 00164.00083 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|


بۆ والی شارەزوور

ئـەو رۆژە دوو پارچـە نـووسراو هاتـووە، تێـدا هاتـووە هۆزەکانـی جەبـور و ئەلبوحەمـەد لـە نـاو قـەزای هەولێـر هـۆزی تـەی (طـی) عـەرەب بەهـۆی رێگـری کـردن لـە زوڵمـی راسـتەقینەیان، بـۆ پارێـزگاری کردن لـە خەڵکـی گونـدەکان بەسەرپەرشـتی باشـبوغ سـلێمان ئاغا برێـك سـەربازی پـێ بدرێـت، ئـەو سـەربازانە نێردراونەتـە گوندەکانـی دەورووبـەری قـەزای ناوبـراو، هەروەهـا ئاغـای ناوبـراو لەگـەڵ ئەو سـەربازانەی کە نێـردراوە، لـە کاتـی ئامـادە بوونیـان لـە دەورووبـەری قـەزای ناوبـراو لەگـەڵ شـەمەرولجەربەی عەرەبـی و ناوهاتـووان لـە هـۆزی جەبـور و ئەلبەحەمـەد و کەدکـەری زیاتـر لـە ٨٠٠ ئەسـپ سـوار و ٢٠٠ی تـر لەگـەڵ ٤٠٠ تفەنگچـی، لـە موشـایخەکانی شـێخی شـەمەر برای فەرهان، بـە نـاوی عەبدولکەریم و کـوڕە مامەکەی سـەمیر بەیەکـەوە بوونـە و لـە قـەزای ناوبـراو سـوراونەتەوە، هێرشـیان کردۆتـە سـەر ١٨ گونـد کەلوپـەل و پارەوپولـی دانیشـتووان و هەژارانیـان تـاڵان کـردووە، بۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـەکان و قەرەبووکردنـەوەی زیان لێکەوتـووان لـە پـاڵ قەدەغەکردنـی ئاغـای ناوبـراو ئـەو سـەربازانەی لـە ژێـر دەسـتی دان لەگـەڵ خەڵکەکە بـە یەکـەوە چوونەتـە سـەر ئەوانـە و بـە هـۆی زۆری چەتـەکان بە سـەر سـەربازەکان زاڵ بـوون، هەندێکیان کوشـتوون و برینـدار کـردوون، جگـە لەمـەش ئـاژەڵ و کەلوپەلـی تریـان تـاڵان کـردووە، بـەم کارە هۆزەکانی ئەلبوحەمـەد و جەبـور لەلایـەن موتەسـەرفی موسـڵ بـە لایەنـی خزمەتـەوە ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە، بـە وەرگرتنـی مووچـە بـەکار دەهێنرێـن، ناوبـراو شـێخ فەرهـان جگـە لەوەیـان عەرەبـە چەتـە ناوبـراوەکان لـە ئەیالەتـی بەغـداد و موسـڵ و شـارەزوور بەڵێنیـان داوە بـۆ یـەك رۆژیـش کاری نەشـیاو نەکـەن بەرامبـەر بـە ئـەوە مووچەیـان بـۆ براوەتـەوە، لەگـەڵ ئەمـەش ئـەو عەرەبـە ناوبراوانـە لەگـەڵ هـۆزە چەتـەکان یەکیـان گرتـووە، بوێریـان کـردووە ئـەو کارانـە بکـەن، ئەگـەر لەلایەنـی خزمـەت ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە و ئەگـەر دوای بەڵێنـی شـێخی ناوبـراو شـکاندوویەتی ئەوانـە جێـگای متمانـە نیـن و پشـتیان پـێ نابەسـتێنرێت، بۆیـە بـە پێدانـی مووچـە و بـەکار هێنانیـان هیـچ سـوودێك دەسـت ناکەوێـت، بـۆ خۆپاراسـتن لـە خراپـە و زیانـی ئەوانـە بۆتـە ئـەرک، والـی بەغـداد لـە وەڵامـی هاتـوو بـۆ موتەسـەرفی ناوبـراو کـە پێویسـتە ئـەم کارە جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا سـەربازە ناوبـراوەکان لەمـەودوا لـە ئـەم جـۆرە خزمەتانـە نابـێ کەموکوریـان هەبێـت، ئـەو ئەسـپ و چەکانـەی تـاڵان کـراوە، بـۆ لایەنـی دەوڵـەت بگەرێندرێتـەوە، کۆتایی بـە ئەرکەکانیشـیان بهێنرێـت و ئـاگادار بکرێنـەوە، لـەم رووەوە داواکاری و دەفتـەر نێـردراو گوازراوەتـەوە بۆ ئەنجوومەنـی والا، عەرەبـەکان و هـۆزە ناوبـراوەکان لـە چەتەکاریـدا جموجۆڵیان نەشـیاوە هەروەهـا ئەوانە لـە دەسـتدرێژی کردنیـان بۆ سـەر دانیشـتووان پێویسـتە رێگریان لـێ بکرێـت و دوور بخرێنەوە و ئاسایشـی ناوچەکـە سـەقامگیر بکرێـت، بۆیـە والـی و موتەسـەرفی ناوبـراو لـە سـەر ئاگادارکـراوەکان نابـێ یـەك رۆژ ئـەو چەتانـە لـەوێ بمێننـەوە، دەبـێ دەربکرێـن و سـەربازە ناوبراوەکانیش کە ئەسـپ و چەکەکانەیـان تاڵان کـراوە، وا پێدەچـێ لەلایـەن پاشـاوە دادگایـی نەکرێـن، بـە پێـی دەسـتووریش نـووسراو نێـردراوە، بـە پێـی نووسراویـش داوای جێبەجـێ کـردن دەکرێـت.


٢٩ زیلحیجە ١٢٧٠


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM


A.MKT.UM 164/83




I. MVL 291/11657



I. MVL 291/11657

هەواڵنامەی کتێب


| I.MVL. | 00291.011657 | 19 سەفەر 1270 |
|---|---|---|
| - لە نەزارەتی دارایی جەلیلە دراوەتە ئەنجوومەنی والا لەگەڵ راپۆرتێك كە داواكاری ئەنجوومەنی ژمێریاری لەگەڵە، لە ئەیالەتی شارەزوور لە گوندی سیرئاباد والی مردووی پێشووی بەغداد عەلی پاشا و نەجیب پاشا فەرمانیان داوە لە قەزای هەولێر شێخی خانقای خالیدیە محەمەد سەعید ئەفەندی بەرائەتی پێدراوە و هەرچەندە فەرمان دەرچووە، بەڵام تا ئێستا بەرائەتەكەی پێ نەدراوە، بە داواكارییەك كۆتایی پێ هاتووە، لە دەستی سەنەدێك، هەروەها گوندی ناوبراو موڵكی تایبەتی هومایۆنە، لەلای یەكێكی ترە، لە بۆ یەك رۆژیش بێت لە خەزینە تۆمار نەكراوە، دە یەكی (عشر) گوندی ناوبراو لەگەڵ نەمانی باوكی پێی دراوە، بەم دواییە ناوبراو بۆ میری بەجێی هێشتووە، هەردوو گوند سێیەكی داهاتی بۆتە شوێنگرەوە (بدل) لە ساڵی ٥٦ لەلایەن عەلی پاشا پێی دراوە، گوندی ناوبراو دە یەكەكەی (عشر) لە كۆن شێخ بەجێی هێشتووە و دراوەتەوە خەزینە بە راپۆرتێكیش دراوەتە ئەنجوومەنی والا، لە ساڵی ١٩ سەفەر ١٢٧٠.<br><br>- لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم و بە نەزارەتی دارایی جەلیلە بەستراوەتەوە، لەگەڵ داواكاری ئەنجوومەنی ژمێریاری بەیەكەوە یەك داواكاری لە ئەیالەتی شارەزوور لە گوندی سیرئاباد دە یەكەكەی (عشر) بۆ میری بەجێ هێشتراوە، دوو گوند سێیەكی داهاتی بۆتە شوێنگرەوە (بدل)، لە قەزای هەولێر خانقای خالیدییە پۆست نشینی محەمەد سەعید ئەفەندی لەلایەن والی پێشوو عەلی پاشا و نەجیب پاشا بە فەرمانی ئەوان پێشكەشی كراوە تا ئێستا بەرائەتی عالی نەدراوەتێ، بە داواكارییەك كۆتایی پێ هاتووە، بەپێی ووردبینی گوندی ناوبراو دە یەكەكەی (عشر) دراوەتە شێخ، بە راپۆرتیش دراوەتە خەزینە، لە ئەنجوومەنی والاش باس كراوە، ٢٧ سەفەر ١٢٧٠. | | |


İ. MVL 291/11668

هەولێرنامەی کتێب

| I.MVL. | 00291.011668 | 21 موحەررەم 1270 |
| --- | --- | --- |

- بە پێی نوسراوی نەزارەتی جەلیلە و داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری کە لە ئەنجوومەنی والا نێردراوەتە قەڵەم، لە سەر فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، لە داواکاری سوودمەند بووە، لە ئەیالەتی شارەزوور خەڵکی بالیسانە و لە قەزای هەولێر نیشتەجێیە ئەویش محەمەد ئەفەندی، کە ئەوەی لە داهاتی سانجەقەکانی کۆی و رواندز بۆی دابین کراوە، تا کۆتایی ساڵی ٦١ ساڵانە ٢٥ ریالی پێ دراوە لەگەڵ ٨ عولبە گەنم و ٤ عولبە جۆ و دوو چەڵتوك، لێرەوە ئەو دابین کردنە کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها بۆ قەبوڵ کردنی ئەم جۆرە مووچانە ئەو ماوەیەی کە بۆی دیاری کراوە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەو داهاتەی بۆ ناوبراو دوای قەبوڵ کردنی، رەزامەندی دراوە لەسەر جێبەجێ کردنی، واتە لە ئەیالەتی ناوبراو ئەو جۆرە مووچانە کە بوونیان هەیە، بۆ قەبوڵ کردنیان ماوەیەك دابین دەکرێت، ئەو ماوەیەی کە دیاری کراویشە، هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، هەروەها ناوبراو هەروەها ............ بۆ هەر یەکە ١٠ قوروش و ١٦ پارە هەژمار کراوە، بە هۆی دووانە بوونیان ئێستا ئەوەی لەو ریالەی دابین دەکرێت لەسەر ئەو هەژمارە بە شێوەی نەقد هەژمار دەکرێت، راپۆرتیش لە نەزارەتی ناوهاتوو بۆ ئەنجوومەنی والا حەواڵە کراوە، ئەگەر چی نووسراویش کراوە، بەڵام بە ئەمر و فەرمانی پاشا و وەکالەتپەناهییەوە بەندە، ئەگەر بفەرمووێت بە گوێرەی ئەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ موحەررەم ١٢٧٠.




| MVL. | 338.33 | 16 سەفەر 1270 |
|---|---|---|

داواکاری

ئـەو راپۆرتـەی لـە نەزارەتـی دارایـی دراوەتـە ئەنجوومەنـی واڵا لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی ژمێریـاری هاوپێـچ کـراوە، لـەم سـەروەت و سـامانەی کـە سـوودی لـێ وەرگیـراوە، لـە نـاو ئەیالەتـی شـارەزوور خەڵکی بالیسـان لـە قـەزای هەولێـر نیشـتەجێیە، محەمـەد ئەفەنـدی لـە داهاتـی سـانجەقەکانی کـۆی و روانـدز ئـەوەی بـۆی دابیـن کـراوە، تـا کۆتایـی سـاڵی ٦١ سـاڵانە ٢٥ ریـال لەگـەڵ ٨ عولبـە گەنـم و ٤ عولبـە جـۆ و ٢ چەڵتـوك پێـی دراوە، لەمـەودوا وەرگرتنـی کۆتایـی پـێ هاتـووە، هەروەهـا لـە ئەیالەتـی ناوبـراو پێـش تەنزیـمات لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە ئـەوەی دابینکـرا بـوو فەوتـاوە، هەروەهـا رەزامەنـدی دران لـە سـەر هاوکارییەکانـی لـە خەزینـە جێگیـر کـراوە، بـەڵام هێشـتا مـاوەی دانـەوەی دیـاری نەکـراوە. داهاتـی ناوبـراو لەگـەڵ قەبـوڵ کردنـی رەزامەنـدی دراوە، لـە سـەر جێبەجـێ کردنیشـی لـە ئەیالەتـی ناوبـراو یەکـەم جـار ئـەم جـۆرە مووچانـە بـۆ قەبـوڵ کردنـی سـەرەتا ماوەیـەك دابیـن دەکرێـت، بـەڵام هێشـتا مـاوەی ناوبـراو دیـاری نەکـراوە، هەروەهـا ریالـی دیـاری کـراو بـۆ هـەر یەکـە ١٠ قـوروش بـۆ هـەر یەکـە ١٦ پـارە هەژمـار کـراوە، بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە، ئێسـتا ئـەو ریالـەی بـۆی دابیـن دەکرێـت، هێشـتا لـە سـەر ئەو هەژمـارە، پارەکـە دەدرێـت، بـە جێبەجـێ کردنـی راپۆرتەکـە لـە نەزارەتـی ناوبـراو بـۆ ئەنجوومەنـی واڵا نـووسراو نێـردراوە، لەگـەڵ ئـەوەش فەرمانـی پاشـای وەکالەتپەناهـی فەرمـان دەردەکات و بـە پێـی ئـەوە رێکخسـتنی بـۆ بکرێـت، ئەمـر و فەرمـان.

١٦ سەفەر ١٢٧٠





| 11 رەبیعی یەکەم 1271 | 00173.00097 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|

تاوەکو ئێستا لایەنی وەکالەتپەناهی فەرموویەتی خزمی بەدرهان بەگ، عیزەددین شێر بەگ لە لایەنی جەزیرە دەستیان بە سەرەڕۆیی کردووە، بۆیە لە موسڵ داوای سەرباز کراوە، قائیمقامی ماردین عوسمان پاشا لە زاخۆیە، نووسراوی لوولدراوی بۆ موتەسەرفی موسڵ ناردووە، ئەو سەربازەی لەوێ بوونیان هەیە، بنێردرێت، لە سەربازەکانی موسڵیش وەکو یەدەگ لێرە ٢٠٠ سەرباز رەوانە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن موتەسەرفی ناوهاتوو نووسراو بۆ لایەنی بەندەمان کراوە، هەروەها ئەگەر لە ئەیالەتی شارەزوور سەربازی رێکخراو بۆ ناوچەکەی خۆیان پێویستیش بکات، ئەوا میری ناوبراو لە رووداوی باس کراودا، جێگەی سەرنجی تێروانینە، هەرچی موتەسەرفی ناوهاتوو بە تێروانین لە ئاگادارکردنەوەکەی لە سەربازەکانی موسڵ هەندێك خۆ دوورخستنەوە هەیە، لەم کاتەش دا پێویستە فەرمانبەرەکان یەکبگرن و یارمەتی یەکتر بدەن ئەوەیان پێویستە و فەرمانی فەرمانبەرانە، ئەو سەربازانەی بوونیان هەیە هەر ئێستا برێکی پێویست ئەسپ سوار رەوانە بکرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە، هەر لەبەر ئەوەی قەزای هەولێر لە موسڵ نزیکە و دراوسێیە، بۆیە لە قەزای ناوبراو تا لە توانادا هەیە سەرباز بنێردرێت، چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی لە بەرێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو لە وەڵامی ئاگادارکردنەوەدا موتەسەرفی ناوبراو نووسراوی بۆ بەندەکانی ناردووە، موتەسەرفی ناوبراو ئاگاداری ناردووە، بۆ بەپەلە جێبەجێ کردنیشی، بەرێوەبەری ناوبراویش بە بیر هێنراوەتەوە، هەروەها بە تەمای خوا سوودی دەبێت، هەروەها داواکراوە هەرچی زووە رووداوی ناوبراو کۆتایی پێ بێت، بە هەر شێوەیەك بێت ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن و خاوەن میهرەبانن، لە ١١ رەبیعی یەکەم ١٢٧١.

سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور



کتێبی هەواڵنامەی




هەولێرنامە کتێب

| A.MKT.UM. | 173.97 | 11 ڕەبیعی یەکەم 1271 |
|---|---|---|

ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

تاوەکو ئێستا ئەوەی لە وەکالەتپەناهیەوە فەرمانی پێکراوە، عیزەددین شێر خزمی بەدرهان بەگ لە نزیك جەزیرە کاری چەتەیی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە داوای سەرباز کراوە، قائیمقامی ماردینیش عوسمان پاشا لە زاخۆیە، بە بەندەی موتەسەریفی موسڵ حیلمی پاشا وێنەی کاغەزەکانی ناردووە، ئەو سەربازانەی لەوێن ڕەوان کراون، لە سەربازەکانی موسڵ نێردراوە، بە مەبەستی ئامادەباشی لێرەش ٢٠٠ سەرباز لەلایەن موتەسەرفی ناوبراو ناچار کراوە بنێردرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەیالەتی شارەزوور ئەو سەربازانەی ڕێکخراون، لە شوێنەکانی خۆیان ڕێکبخرێن، ئەو ڕووداوە باس کراوە، لە حاڵی حازر بۆ چاودێری کردن و ووردبوونەوە لە سەر ئاگاداری موتەسەرفی ناوبراو ناردنی سەرباز لە موسڵ زیاد لە پێویست گرنگی پێدراوە، پێویستە بەم کاتە فەرمانبەران یەکگرتوو بن و هاوکاری یەکتر بن، هەر ئێستا لە قەزای هەولێر لەبەر ئەوەی لە موسڵ نزیکە و دراوسێیە، لە قەزای ناوبراو ئەگەر بکرێت بە پێی پێویست سەرباز ڕەوانە بکرێت، بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە وەڵامی ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو، موتەسەرفی ناوبراو ناچار کراوە کە پەلە بکات، هەروەها بەڕێوەبەری ناوبراو بە توندی بە بیر هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو ڕووداوە نەمێنێت و چارە بکرێت، لە ئەمەش بەرپرس و داواکار دیاری کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و دڵسۆزە، لە ١١ ڕەبیعی یەکەم ١٢٧١.

سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | I.00323.013795 | 29 سەفەر 1271 |
| --- | --- | --- |


لە ئەیالەتی شارەزوور لە دانیشتووانی ناو قەسەبەی هەولێر کەسێك بە ناوی نوعمان بن ئەحمەد لە دانیشتووانی قەسەبەی ناوبراو ساڵح بن عەبدولرەزاق بە خەنجەر لێی داوە و کوشتویەتی، لە سەر میراتی ناوبراو بکوژی ناوبراو لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەت دادگای شەرعی جێبەجێ کراوە، کوشتنی ناوبراو لە سەر نوعمان ساغ بۆتەوە، لە سەر چیرۆکی ناوبراو، ئەو ئاگادارییەی لەلایەن شەرع و داواکاری ئەنجوومەنی ناوبراو ئاگاداری و ڕەزامەندی دراوە، بە پێی وەڵامی من، ئەمجارە فەرماننامەی سەدارەتپەناهی لە سەر چۆنیەتی کووشتنی بە دوو شایەد پەسەند کراوە، لەلایەن دایکی کوژراو وەکیل دانراوە، هەروەها بە چ تایبەتمەندییەك بۆتە وەکیلی عەبدولرەزاق نەزانراوە، وەکالەتیشی لە شەرع جێگیرکراوە، دوای کۆتایی پێ هاتنی، لەلایەن فەتواخانە ئاماژەی پێکراوە، بڕیاری دادگای باسکراو داواکراوە دادگاییەکە دووبارە بکرێتەوە، بە پێی نووسراوی فەتواخانەش بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی بە فەرمانە، هەروەها هەر فەرمانێك پێویستی بە وەکالەتپەناهی هەیە، دووبارە جێبەجێ کردنی لە ئەنجوومەن پێویستی بە ڕێکخستنە، فەرمانی دادگای شەرعی و داواکاری پێشکەشی وەکالەتپەناهی کراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنیەوە پێویستی بە فەرمانی سەرووە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و میهرەبانە، لە ٢٩ سەفەر ١٢٧١.


سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور

| A.MKT.UM. | 00217.00019 | 21 رەبیعی یەکەم 1272 |
|---|---|---|

لـە ڕۆژە سـەختەکاندا لـە ناوچەکانـی ئێـران بـۆ کوێسـتان دەچـن، لـە تائیفـەی ئەیالەتـن، قـەزای کـۆی سـەنجاق کـە سـەر بـە سـەنجاقی کەرکووکـە، سـەرۆکی هـۆزی بلبـاس قەرەنـی ئاغـا دیسـان لـە لیـوای ناوهاتـوو لەگـەڵ هـۆزی دیزەیـی کـە لـە قـەزای هەولێـر نیشـتەجێیە، ئـەو ناکۆکییـە کۆنـەی کـە هەیانـە، لەگـەڵ بەنـدەی والـی بەغـداد سـاڵی ٦٩ لـە سـەر ئـەو گفتوگۆیـەی کـە کـراوە، ئـەو کاتـە لـە موسـڵ عەلـی پاشـا میـر لیـوای کۆچکـردوو کـە لـە ئەرکانـی لەشـکری هومایۆنـی ئەنـادۆڵ، لەگـەڵ برێك سـەربازی سـوارە چوونەتـە کـۆی سـەنجاق، سـەرۆك و هاووەڵانیـان کۆکراوەتـەوە بـە مەبەسـتی ئاشـت کردنەوەیان، هـەردوو لا لـە سـەر پەیمانـی بەهێـز بـە یەکتریـان بەسـتونەتەوە، ئامانجیـش لـەوە نەهێشـتنی ئـەو دوژمنایەتـی کـۆن و گەرانـەوەی ئەمنیـەت و ئاسـایش بـۆ ناوچەکـە، لـە مێـژووی ٣ جەمـادی کۆتایـی ١٢٦٩ بـە داواکاری بۆتـە هـەواڵ و بڵاوکراوەتـەوە، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ ئاشـت بوونەوەکەیـان سـەری گـرت و بـەردەوام بـوو، ئاسـایش بەرقـەرار بـوو، هـەر یەکـە خەریکـی ئیشـوکاری خۆیـان بـوون، لـە یەکـەم بەهـاری ڕۆیشـتوو لـە دەوروبـەری جەزیـرە بەهـۆی ڕووداوی عیزەددیـن شـێر بـۆ بەرگریکـردن ئـەو هێـزە سـەربازیەی کـە لـە شـوێن خۆیـان بـوون، جولەیـان پێکـراوە. بەهـۆی بوونـی بۆشـایی سـەربازی لـەم ناوچەیـە و ڕووداوی بـاس کـراودا، ناوبـراو قەرەنـی ئاغـا بەهـۆی ڕق و کینەکەیـەوە دەرفەتـی بـۆ ڕەخسـاوە، ٤٠٠ لـە جانەوەرەکانـی بـردووە هێرشـی کردۆتـە سـەر گوندەکانـی دیزەیـی بەمـەش چەنـد کـەس کـوژراون و پارەوپولیـان تـاڵان کـراوە، بەهـۆی ئـەم هێرشـە بوێرانەیـان هـۆزی دیزەیـی لەگـەڵ هـۆزی تـەی (طـی) کـە لـەم ناوچەیـە بوونیـان هەیـە بەیەکـەوە ناوبـراو قەرەنـی ئاغایـان دووچـاری دۆڕان کـردووە، هەندیـك کـەس و ئەسـپ و چەکیـان وێـران کـردووە، بـە پەرێشـانی گەڕاوەتـەوە، ڕووداوی عیزەددیـن شـێر کـە نـاوی هاتـووە لەلایەکـی تـر بلباسـیەکان لەبـەر ئـەوەی وەرزی کوێسـتانە دەردەچـن، یەکسـەر چۆتـە لای کوێسـتان بـەم شـێوەیە ناکۆکیـەکان دووبـارە بۆتـەوە، لەبـەر ئـەوەی قەرەنـی ئاغـا خـۆی لـەم ڕووداوە دەسـتی هەبـووە، هۆزەکـەی پارەوپولـی میـری خسـتۆتە سـەر نـاوی خـۆی، چۆتـە لایەنـی ئێـران و ناوبـراو قەرەنـی ئاغا پێشـوازی لێکـراوە، شـاهبەندەری تەبریـز ئەحمـەد حیلمـی ئەفەنـدی بـە هەواڵگری لە بـارەی هـۆزەکان و ملکەچ بوونیـان بەم شـێوەیە مامەڵـەی نەگونجاویـان تـوش بـووە، ناوبـراو لەگـەڵ هۆزەکـەی بـۆ ئـەو لایـە هاتـوون، ئێرانیەکان بـۆ ئـەوەی مەیـدان نەدەنـە ئەوانـە، قائیمقامـی ڕوانـدز ڕەفعـەت پاشـا بـەم دواییـە نـووسراوی نـاردووە، کە ئـەوەی لەلایـەن هۆزەکانـەوە دەکرێـت جێـگای قەبـوڵ نییـە و ئاسایشـی ناوچەکـە تووشـی ناجێگیـر بـوون دەکـەن، هیجـرەت کردنیـان جێـگای قەبـوڵ نییە، بۆ ئامـادەکاری حەکیمانـە گەڕانـەوەی ناوبراو و هـۆزەکان، بـە ووردی قائیمقامـی ناوبـراو و بەڕێوەبـەری قـەزای کـۆی سـانجەق سـەلیم ئاغا ئـاگادار کراونەتـەوە، ئا لەم کاتـە بـرای ناوبـراو خـضر و منداڵـی خوشـك و بـرای مـام قەرەنـی ئاغـا و هاووەڵانـی هۆزەکـەی هاتوونەتـە ئـەو شـوێنانەی خۆیـان و بـۆ خانـەکان دەهێنرێـن، ئـەم هەواڵـە بـۆ بەڕێوەبـەری ناوبـراو هاتـووە بـە پێـی نـووسراوی وەرگیـراو لەلایـەن ناوبـراوەوە پێویسـتە بـە شـێوەیەکی میهرەبانـی و ڕێـك مامەڵەیـان لەگـەڵ بـکات، ئەگـەر چـی قەرەنـی ئاغـا لەگـەڵ ئـەوان نییـە، بـە خـۆی بـە تەنیـا لەلایەکـەی تـر نامێنێتـەوە، هـەر خـۆی لـە سـەر مانـەوە و نەمانـەوەی، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی یـەك ڕۆژ لەگـەڵ ئێرانیـەکان نەمێنێتـەوە، پێویسـتە لەگـەڵ ناوبـراو نزیـك بوونەوەیەك بکرێـت و بهێنرێتـەوە لای خۆمان، دووبـارە بەڕێوەبـەری ناوبراو نـووسراوی بـۆ ڕۆیشـتووە، دوای وەرگرتنـی ئـاگاداری لەلایـەن قەرەنـی ئاغـا، لـەم هەواڵـە وەکالەتپەناهـی ئـاگادار بکرێتـەوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات و میهرەبانـە، لـە ٢١ ڕەبیعـی یەکـەم ١٢٧٢.

سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
217 19 1


مضبطه

هەواڵنامەی کتێب

| MVL. | 350.57 | 24 شەعبان 1272 |
|---|---|---|

بریارنامە
٢٤ شەعبان ١٢٧٢
لـە نەزارەتـی دارایـی بـە مێژوویـی ٢١ شـەعبان ١٢٧٢ یـەك پارچـە راپۆرتێکـی دارایـی کـراوە و دراوەتـە ئەنجوومەنـی والا، لـە ئەیالەتـی شـارەزوور هـۆزی بلبـاس لـە کـۆی سـەنجاق لەگـەڵ هـۆزی دیزەیـی لـە قـەزای هەولێـر، بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێـوان ئـەو دوو هـۆزە و نەهێشـتنی ململانێـی نێوانیـان، هەروەهـا جێگیرکردنـی ئاسایشـی خەڵکەکـەی لەگـەڵ ئاغاکانـی هۆزە ناوبـراوەکان ئـاگادارن، کـە لە پەسـەندکراوەکان و هەلبژاردەکانـدا نرخـی پۆشـاکەکان ٢٨٨١ قـوروش وەکـو سـەرەتا خـەرج کـراوە، بـۆ زانیـاری چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنـی، داواکاری ٧٧٩٠ قـوروش دراو، هەروەهـا دیـاری کـراوە ئیـتر بـە بـێ مۆڵـەت خەرجییەکـە پەسـەند کـراوە، لـەم بارەیـەوە نەزارەتـی ناوبـراو نـووسراو بـۆ ئەنجوومەنـی والا نێـردراوە، ئەگـەر فەرمانـی پاشـاش بێـت، ئەمـر و فەرمانـە.


| 30 جەمادی یەکەم 1273 | 84.20 | A.MKT.MVL. |
|---|---|---|

- بۆ والی کوردستان و نازری دارایی
لە ناو سەنجاقی ماردین بەڕێوەبەری قەزای زاخۆ موستەفا لامعی ئەفەندی، لە قەزای ناوبراو مووچەکەی بە ٤٩٠٠ قورووش دیاریکراوە، بە خۆی ناتوانی کارەکان بەڕێوە ببات، کەسێکی بە بریکار لە شوێن خۆی داناوە و وازی لە ئەرکەکەی هێناوە، سەرەتا هاتۆتە دەرسەعادەت، هەروەها قەزای ناوبراو وەکو هەندێك شوێن شایەنی ئەوەیە بایەخی پێ بدرێت، ناکرێت ئاوا بە بریکار بەڕێوەببردرێت، بۆ بەڕێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو بە هەمان مووچەی دیاری کراو، کەتهودای یەعقوب پاشا، بە ناوی عەلی بەگ لە پلەی بەڕێوەبەری تەوێلەی پاشا دامەزراندنی لە ئەنجوومەنی والا باس کراوە و جێگیر کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا فەرمانی پاشای لە سەر نەدراوە، لە سەر چۆنیەتیەکەشی والی کوردستان ئاگادار کراوەتەوە، هێشتا لە خەزینە رێکخستنی بۆ دەکرێت، لە بارەی جێبەجێ کردنیشی نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە.

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
لە ناو سەنجاقی شارەزوور بەڕێوەبەری قەسەبەی توزخورماتو عەبدولحەمید بەگ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە شوێنی ئەو لە سەرەتای ساڵی ٧٢ مانگی ئەیلوول بە برینەوەی مووچەی مانگانەی ٥٠٠ قورووش ستار زادە مستەفا ئاغا بە وەکالەت دادەمەزرێت، بە داواکاری بەرز کراوەتەوە، لە قەسەبەی ناوبراو تا ئێستا تۆمار نەکراوە کە بەڕێوەبەر دامەزرا بێت، بۆ جێبەجێ کردنی راپۆرتی نەزارەتی دارایی بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، بە تێروانین بەڕێوەبەر لە خەزینەش تۆمار نەکراوە، تا ئێستا لە شوێنی خۆی لە خەزینە کۆتایی پێ نەهاتووە، بۆیە بە پێی نیزام و شێوازی خۆی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو جێگیر کراوە و فەرمانی پاشای لە سەر نییە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنەکەی لە نەزارەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، نووسراویش لە سەر جێبەجێ نەکردنی هیچ هەنگاوێك نەنراوە.

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور و نازری دارایی
لە ئەیالەتی شارەزوور بەڕێوەبەری قەزای کۆی سەنجاق سەلیم ئاغا لە هۆزەکانی قەزای ناوبراو، هەموو ساڵ بۆ خاکی ئێران دەچێت و دەگەڕێتەوە، سەرۆکی پێشووی هۆزی بلباس قەرەنی ئاغا، پارەی میری ئەو عەشیرەتە خستوویەتیە سەر ناوی خۆی، بەهۆی ئەوەی ئاقچەکانی بردووە، هەروەها مەیلی بۆ لایەکەی تر دەروات، لە خەڵکی عەشیرەتەکە لەگەڵ هەندێك خانوو لە گەرەکی ئۆهیجان دەمێنێتەوە، هەروەها عەشیرەتی ناوبراو بۆتە پاڵپشتی ئەو، جگە لەوەش گەرانەوەیان بۆ شوێنەکەی خۆیان رۆژ بە رۆژ نزیك دەبێتەوە، ساڵی رابردوو لەگەڵ قەرەنی ئاغا ماوەتەوە، لە بارەی گەرانەوەی ئەو خانانە، گۆرینەوەی ئەرکەکان شوێنی سەلیم ئاغا لە هەولێر و عەلی بەگ لە کۆی سەنجاق جێگیر کراوە، هەروەها لە بارەی دەست بە کاربوونیان لە لایەن دەوڵەتەوە هاتووە و نووسراوەکان نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا، ئەگەرچی گۆرینەوەی ئەوانە کراوە، سەلیم ئاغا دەست بەکار بووە، بەڵام عەلی بەگ هێشتا لە دەست بەکاربوونی لە کارەکەی بە پێویست نەزانراوە، عەلی بەگ هەر لە هەولێر ماوەتەوە، لە قەزای کۆی سەنجاق مانگانە ٣٠٠٠ قورووش مووچەی بۆ براوەتەوە، ریکابی هومایۆن قەپوچی باشی عەبدولکەریم ئاغا دامەزراوە، هەروەها قەرەنی ئاغا ئەو خانانەی لە سەر ناوی ئەو ماوەتەوە، لە بارەی هێشتنەوە و پارێزگاری کردن هۆکار و شێوازی زۆری بەکار هێناوە، لەگەڵ ئەوەش هێشتا فەرمانی پاشای لە سەر نییە و لە نەزارەتی دارایی...

- بۆ دارایی
سەلیم ئاغا دوور خراوەتەوە مووچەی مانگانەی کە ٣٠٠٠ قوروشە بۆی براوەتەوە، لەگەڵ ئەو مووچەیە ریکابی هومایۆن قەپوچی باشی عەبدولکەریم ئاغا لە شوێنی ئەو دامەزراوە، دامەزراندنی لە ئەنجوومەنی والا جێگیر کراوە، فەرمانی پاشاش هێشتا لە مەرکەزە، ئەمەش لەلایەن موتەسەرفی ئەیالەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، لە خەزینەش فەرمانی جێبەجێ کردنی دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 6 سەفەر 1273 | 256.6 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|


- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
لە هـۆزی کۆچـەری قـەزای هەولێـر لـە هـۆزی تـەی (طـی) شـێخی پێشـوو بـە نـاوی هـەوار تـا ئێسـتا بـۆ لایەنـی حکوومـەت نزیـك نەبۆتـەوە و بەهـۆی مەزاجـی کۆچـەری هەندێـك ڕۆژ جموجۆڵـی نەگونجـاوی کـردووە، ئـەو ووتانـە لەگـەڵ کـردەوەی فریـودراو هێـنراوە و بـە متمانـە پـێ کردنـەوە ملکەچـی خۆیـان بـۆ دەوڵـەت ڕاگەیانـدووە ئەمـەش بەهـۆی ئامادەکاری لێهاتووانـە و حەکیمانـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو بەرهەمـەی لـێ بکەوێتـەوە، ئەمجـارە شـێخی ناوبـراو لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی هـاوکارەوە بەیەکـەوە لـە خۆیانـەوە هەڵسـاون و هاتوونەتـە شـوێنی بەندەمانـەوە، لەسـەر ئـەو ئاگاداریـە کاریگەریانـەی کـە پێـی دراوە، بـە گوێـرەی بارودۆخـە کۆچەریەکـەی کـە ئەگـەر تـا ئەمـڕۆ نەهاتۆتـە لای حکوومـەت و لـەو کەموکوریانـەی کـە هەیبـووە، داوای لێبووردنـی کـردووە، بەهـۆی ئـەو کارە بـەد و جانەوەرانـەی ئەنجامـی داون, زیـاد لـە خـۆی و دووقاتـی ئـەوە پاشـگەزبوونەوەی نیشـان داوە و پەشـیمانە لـەوەی کردوویەتـی.
دوای ئـەوەی دڵسـۆزی بـڕوا پـێ کـراو بـووە، لەگـەڵ پۆلیسـی پاراسـتنی هۆزەکـە بەیەکـەوە نییـەت باشـی خۆیـان نیشـان داوە و بـە یـەك زمـان و گیـان لـە خزمەتکردنـی دڵسـۆزانە لێهاتوویی خـۆی دەخاتەگـەر، ئەو بەڵێنانـەی کـە داویەتـی بـە چەنـد خاڵێـك بـە دەسـتەواژەی عەرەبـی یـەك پارچـە نـووسراو بـۆ دەسـتەی ئەنجوومـەن ئامادەیـە و پێشکەشـی کـردووە، هەروەهـا لەسـەر ئـەوەی ناوبـراو نەرمـی نوانـدووە لەبـەر ئـەوەی قاتێکـی تـر هانـدان و کەرامـەت و دڵسـۆزی پێویسـتە و بەهـۆی بەڵێنەکانـەوە لـە ڕووی خزمەتەوە نییـەت باشـی خـۆی نیشـان داوە، بـە پەسـەندکردنی لـە ئەنجوومـەن شـێخایەتی ناوبـراو پـێ دەدرێتـەوە و خولعەتیـان بـە ئاگاداریـەوە لەلایـەن بەندەوە دووبـارە پێـی دەسـپێردرێت و ئـاگادار دەکرێتەوە، ئـەم جۆرە هـۆزە کۆچەریانـە شـێخەکانیان خـودی خۆیـان هاتوونەتـە لای حکوومـەت و بـە هـۆی کاری کۆچەرانەیـان پاشـگەزبوونەوەی خۆیـان ڕاگەیانـدووە، لـەم نێوەنـدە خزمـەت و دڵسـۆزی و خۆیـان دووپاتکردۆتـەوە، لـە بـارەی کاری نەشـیاو و نەزانانـەی کۆچـەری دووپاتیـان کردۆتـەوە کـە هیـچ سـوودێکی نییـە، بۆیـە نییـەت چاکـی و خزمەتـی خـۆی دووپـات کردۆتـەوە، هـەر بۆیـە لـە قـەزای هەولێـر بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ئاسـایش و ئەمنیـە، قاتێکـی تـر شـایەنی ئەوەیـە ڕێـزی لـێ بگیرێـت و سوپاسـی بکرێـت، لەسـەر میهرەبانی سـەروو فەرموویەتـی شـێخی ناوبـراو ئـەوەی باسـی کـردووە لـەو سـەنەدەی کـە وەرگێـردراوە پێشکەشـی کـردووە، پێشکەشـی جەنابـی وەکالەتپەناهـی کـراوە، کـە بوێـری کـراوە ڕابگەیەندرێـت و دەربخرێـت، لـە هـەر حاڵەتێکـدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە خـاوەن فەرمـان و میهرەبانـە، لـە ٧ موحـەررەم ١٢٧٣.
والی ئەیالەتی شارەزوور سەید عەلی


- ئەمجـارە لـە هۆزەکانـی کۆچـەری قـەزای هەولێـر شـێخ هـەوار لـە هـۆزی تـەی (طـی) یـەك پارچـە بـە زمانـی عەرەبـی بـە مـۆری خـۆی پێشکەشـی کـردووە و دانەیەکـە لـە وەرگێردراوەکـەی
لـە قـەزای هەولێـر لەلایـەن شـێخی تـەی (طـی) کـە چەندیـن سـاڵ دژی سـەروو بـووە، ئێسـتا ئـەو داواکاریانـەی کـە پێشکەشـی جەنابـی شـەهریاری کـردووە، ئـەو جـۆرە شـتانە بـە هیـچ شێوەیەك ناکرێـت داوا بکرێـت لەگـەڵ ئەوانـەش لـە بـارەی ئـەو بەڵێنـەی مـن کە بۆ پاراسـتنی ڕێـگا و خەڵکی گوندنشـینەکان شـەش خـاڵ هەیـە دراوەتـە قەڵـەم کـە ڕاپۆرتـی بەندەمانـە
خاڵـی یەکـەم: مـاوەی پێنـج شـەش سـاڵە دژی دەوڵەتـی سـەروو لـە گوندەکانـی هەولێـر ئـەو دانەوێڵانـەی کـە بـە نـاوی خۆیـەوە وەردەگیریـن و هەمـوو ئـاوی کارێـزەکان و ئـەو کشـتوکاڵانەی کـە دەبردریـن، ئـەو جـۆرە کارانـە بـە هەمـوو شـێوەکانیانەوە هەڵدەوەشـێتەوە، لـە ئەوانـە بـە هیـچ شـێوەیەك یـەك شـت داوا ناکرێـت، بـۆ ئـەوەش بەڵێـن دەدەم.
خاڵـی دووەم: لـە قـەزای ناوهاتـوو ڕووبـاری شـەمامك گەڕاوەتـەوە بـۆ میـری. ئەگەرچـی لـە کاتـی زیادکردنەکـە دوای نەمانـی ویسـتی بەنـدە ڕاپـۆرت بـکات، لـە بـارەی پـارەی شـوێنگرەوە بـە تەواوەتـی لـە پـارەی سـندوقی هەولێـر بـۆ ڕادەسـت کردنـەوەی بەڵێـن دەدەم ئـەو جـۆرە پابەندبوونانـە هێشـتا حەواڵەی سـەر ئـەو بـووە یاخـود لـەو کاتـەی بـە ئەمانـەت لەلایـەن میریـەوە بەڕێـوە دەبردرێـت ئـا لـەم حاڵەتـە نابێـت یـەك دانـە لـەم دانەوێڵانـە زەرەر و زیانـی پـێ بـگات، هەروەهـا لـە دەسـتەکەی تـر تاوەکـو تووشـی خەسـارەت نەبێـت بەڵێنـی داوە پارێـزگاری لـێ بـکات.


| A.MKT.UM. | 256.6 | 6 سەفەر 1273 |
| --- | --- | --- |

خاڵی سێیەم: لە کاتی زستان و بەهار بە مەبەستی لەوەراندن ئەو هۆزە کوردیانەی کە دێنە قەزای ناوبراو، هەروەك راهاتووە ئەوەی لە خەزینە دێتە دەست بە گوێرەی ئەوە رسومی پارە حەواڵەی بەندەمان دەکرێت، لە حاڵەتی ئەو جێبەجێ کردنەدا شوێنگرەوە بە تەواوەتی لە پارەی سندوقی قەزای ناوهاتوو دیاری دەکرێت و رێك دەخرێت، بۆ ئەمەش بەڵێن دەدەم، دوا داواکاری بخرێتە سەر خۆی، ئەوا لەلایەن خەڵکی عەربان لە کاتی سنوور بەزاندن بکرێت دووچاری زەرەر نەبێت یاخود بە شێوەی ئەمانەت بەرێوەببردرێت رسومی باسکراو بە تەواوەتی لە شوێن خۆی بدرێتە لایەنی خەزینە بۆ ئەمەش بەڵێنم داوە.
خاڵی چوارەم: قەزای ناوبراو لایەکی سنوورە لەگەڵ موسڵ و رووباری زاب پێدا تێدەپەرێت تا کەناری رووباری ئاڵتون کۆپری، ئەو گوندانەی دەکەونە قەزای ناوبراو لەگەڵ خەڵکەکەی منداڵی بەستەزمان و دەستکورتن، فەرمانی پارێزگاری کردنی ئەوانە و پێچەوانەی فەرمانی سەروو لە یەك تاکدا یەك شت داوا ناکرێت، بەڵێن دەدەم لە وەرنەگرتنی. ئەگەرچی لە ناوچەی باس کراودا دانیشتووان و هەموو هەژارەکان لەگەڵ منداڵی بەستەزمان و ئەوانەی بەوێ تێدەپەرن، ئەگەر لەلایەن عەربان یاخود هۆزی دزەیی پارەوپولیان ببردرێت و شتێکی ئاوا روو بدات، پارەوپولی باس کراو بدرێتەوە ئەو کەسانەی کە لێیان بردراوە، پارەی هیچ کەسێك ناخورێت، ئەگەر دووچاری زەرەر بوونەوە ئەوا لەلای منەوە قەرەبوو دەکرێنەوە و گرەنتی ئەوەتان پێ دەدەم.
خاڵی پێنجەم: یەك تاك لە خاکی ئەیالەتی موسڵ و گوندەکانیان لەلایەن تەی (طي) یاخود هۆزی دزەیی تووشی دزی و دەست درێژی ببێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە شتانە سەرهەڵنەدات و ئەگەر لەلایەن ئەو دوو هۆزەوە بوێری ئەو جۆرە شتانە بکەن، ئەوا چاك کردنەوە و تەمبێ کردنیان لەلایەن منەوە دەبێت، گرەنتی ئەوە دەدەم.
خاڵی شەشەم: پارەوپولی ئەم ساڵە و ساڵانی رابردووی کە ماوەتەوە لە قەزای هەولێر لەسەر ناوی شێخ فارس محەمەدە، ئەو پارەوپولەی میرییەی کە بە تەواوەتی لەلایەن ناوبراوەوە بردراوە و دەست کەوتووە، رادەستی خەزینە بکرێت و دیسان ئەوەی ساڵانی رابردوو ماوەتەوە لە خەزینەی دارایی قەزای ناوبراو وەکو قەرز بێت و لەسەر ناوی من بێت کە بە تەواوەتی لە دانەوەی بەڵێن دەدەم.
بەندەتان ئەو ماوەیە زۆرە ملکەچی جەنابی سەروو نەبووە، ئێستا بۆ بەدەست هێنانی رێز و شەرەفی پایەبەرز بە حەق و ناحەق بێت ئەوەی شایەنە لە لایەن سەرووەوە بە تێروانینێکی میهرەبانیەوە سەیرم دەکرێت، بە بینینی چاو، هەواڵ وەکو ئەوەی بەندەتان نییە، واتە ئەوەی دەرگا لێ نەدات، هیچ شتێك نازانێت، ئەو هەموو کاتە لە بیابان و چۆڵەوانی هاتووچۆم کردووە، بێ سوود کاتم تێپەراندووە، تەمەنم بە هەدەر رۆیشت، وەکو سەرسەری کاتم بەسەر بردووە، واتە هەموو ژیانم بە فیرۆ رۆیشت، ئەمرۆ تێگەیشتووم و هاتوومەتەوە هۆش خۆم، ئەوەی باس کراوە لە نەزانینم حەیف بۆ تەمەنی رۆیشتووم دەخۆم، هەر ئێستا لەمەودوا ئەو تەمەنەی ماومەوە دەمەوێ بە شتی بە سوود و کاری باش بەسەری ببەم. داوا لە خوا دەکەم بەڵێن دەدەم بۆ ئەو شەش خاڵەی کە نووسراوەتەوە و بە راپۆرتێك پێشکەشی جەنابی سەرووی دەکەم، بۆ ئەم مەبەستە داوای یارمەتی دەکەم و ئەوەی شایەنی منە جێبەجێ بکرێت، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٢٧٢.

هەوار بەگ









هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM. | 262.5 | 2 ڕەبیعی کۆتایی 1273 |
|---|---|---|

بۆ جەنابی ئەفەندم
لـە خانـەوادەی پاکـی حەیدەرییـە محەمـەد ساڵح ئەفەندی و عیسـی محەمـەد ئەمیـن ئەفەندی لـە قەزای هەولێـر لـە سـەردەمی والـی بەغـداد عەلـی پاشـای مـردوو، ئـەوەی لـە ژێـر دەسـتیان بـووە و داهاتەکانـی گوندەکانی بەحرکـە و بـەرد حوشـتر و پیـرداود بـۆ ئـەوان بـووە، بـەڵام دواتـر بـۆ خەزینـە بەجـێ هێڵـدراوە، لـە بەرامبـەر داهاتـی ئـەو گوندانـە کـە ڕادەسـتیان کردۆتـەوە، بـۆ خۆیـان داوای دابینکردنـی مووچەیـەك دەکـەن، هەروەهـا خـودی خۆیـان لـە خانەدانـی ناوچەکـەن و لـە خانـەوادەی پاکـی خانەدانـن، بۆیـە لـەم داواکاریەیـان بـە مافـی ئـەوان دەزانرێـت، بەهـۆی ئـەو خێروخێراتەی کـە ئەنجامیـان داوە، بە پێـی فەرمانی پاشـا بـە مێـژووی سـاڵی ٧٣ مانگـی ڕەبیعـی یەکـەم ڕۆژی ١٤ لـە داهاتـی سـەروو کـە نـاوی هاتـووە، مانگانـە ٢٦٠٠ قـوروش بـۆ ناوبـراوان بـە ناوەکانـی محەمـەد ئەفەنـدی و سـاڵح ئەفەندی و محەمـەد ئەمین ئەفەنـدی لەگـەڵ کوڕەکانـی عیسـا ئەفەنـدی بـە ناوەکانـی ئەحمـەد ئەفەنـدی و ئیسـماعیل ئەفەنـدی و عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی دابیـن دەکرێـت، بـۆ پێدانـی بەرائەتـی شـەریفە لـە نەزارەتـی دارایـی نـووسراو نێردراوەتـە ئەنجوومەنـی والا و لەوێـش پەسـەند کـراوە، جگـە لـە ئـەوە ڕەزامەنـدی فەرمانـی پاشـا هێشـتا لـە مەرکـەزە، لەگـەڵ ئـەوەی لـە نەزارەتـی جەلیلـەی کـە لـە سـەرەوە نـاوی هاتـووە نێـردراوە، هەرچـی جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشاشـە لـە شـوێن خـۆی بـۆ دەسـت کـردن بـە کارەکـە نـووسراو کـراوە، لـە ٢ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٢٧٣.

سەید مستەفا







هەواڵنامەی پێژ

<table>
<tr><td>MVL.</td><td>309.40</td><td>21 شەعبان 1273</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە سەنجاقی هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بەڕێوەبەری هەولێر لە ڕیکابی همایۆنی شاهانەی قەپوچی باشی سەلیم ئاغا ماوەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرایەتی کۆی سەنجاق لە رووی کارگێریەوە بە باشی کاری کردووە، ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکات دوورخستنەوەی گونجاو نییە، بە هەر شێوەیەك بێت جەنابی وەکالەتپەناهی بەندە لە خزمەتی پاشا بە دڵسۆزی نیشان دراوە، لە سەر تێروانینی فەرمانی سەروو ناوبراو بۆ بەڕێوەبەرابەتی ناو هاتوو مانەوەی گونجاوە و بەندەیەکی گونجاوە، لە بارەی مووچەکەی وەکو مووچەی پێشووتر هەروەك لە سەروو ئاماژەی بۆ کراوە، سەدارەتپەناهی فەرمانی داوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ شەعبان ١٢٧٣.<br>موتەسەرفی ئەیالەتی شارەزوور<br>محەمەد ڕەشید لەشکری حیجاز و عیراق و والی ئەیالەتی بەغداد<br><br>- لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور لە دەستپێکی ساڵی ٦٨ ئەیلوول مانگانە بە دابینکردنی ٣٠٠٠ قوروش مووچە، عەلی بەگ وەکو بەڕێوەبەر دادەمەزرێت، بە دەفتەر کۆتایی پێ هاتووە، بە فەرمانی پاشا مامەڵەی لە قەڵەم جێبەجێ کراوە، کەچی لە تۆمار مانگانەکەی دیار نییە، لە ٢٣ شەعبان ١٢٧٣.</td></tr>
</table>

| MVL. | 352.45 | 29 جەمادی یەکەم 1273 |
| --- | --- | --- |

بریارنامە
لە ١٣ جەمادی یەکەم ١٢٧٣
ئەو راپۆرتەی لە نەزارەتی دارایی جەلیلە بە مێژووی ٩ جەمادی یەکەم ١٢٧٣ بۆ ئەنجوومەنی والا پێشکەش کراوە، لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری روون و ئاشکرایە لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەزای هەولێر موتەسەرفەکانی گوندەکانی دوغان و گردعازەبان بە مردنی کورەکانی جەنابی مەولانا خالید، نەجمەددین ئەفەندی و سەرۆکی زانایانی بەغداد عەبدولرەحمان ئەفەندی لە سەرەتای ساڵی ٦٩ لەلایەن میریەوە جێگیر کراوە، لەو کاتەدا مەولانای ناوبراو و عەبدولرەحمان ئەفەندی بە بیانووی شەرعی ئەوەی لە ژێر دەستییانە لە قەزای ناوهاتوو لە کارێز و ئاش جێگیر کراوە، هەردوو گوندی ناوهاتوو تەکیە و مەدرەسەکانی لە دەروێش و قوتابی زانست خۆراکیان پێ دەدرێت، ئەو مردووانەی ناویان هاتووە، بدرێتە کورەکانیان، هەروەها کارێز و ئاشی باس کراو بە مولکی هاوبەش لە وەڵامی لایەنەکان لەلایەن والی بەغداد جەنابی پاشا و کارێزی باس کراو و چۆگەلەی ئاو و ئاشەکە لەگەڵ ئەو گوندانە کە لەسەر مردووەکانی ناوبراوان بووە، ئێستا بێ خاوەنە، پێشەکی بە کۆتایی هاتنی لەو دەفتەرەی کە لە خەزینەی بەغداد نێردراوە، لەلایەن والی مردووی پێشووی بەغداد عەلی پاشا خراوەتە سەر مردووەکانی ناوبراوان و تۆمار کراون لەلایەن کورەکانیان جێگیر دەکرێت و پێویستیشە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن والی پێشووی شارەزوور جەنابی عەلی پاشا کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام هەردوو گوندی ناوهاتوو بدرێتە ئەوانە، بە پێی نیزام وەڵام دەدرێتەوە، ئەوەی باسکراوە بە تێروانین لە بیانووی وێنەکانیان کارێزی ناوهاتوو لەگەڵ ئاشەکە بۆ مەولانای ناوبراو لەگەڵ مردووی ناوبراو عەبدولرەحمان ئەفەندی بە بوونی مولکی هاوبەش پێویستە ئەوانە جێگیر بکرێن، نووسراوێك لەسەر گوندەکانی ناوهاتوو لەگەڵ ناوبراوانی مردوو بە نووسراو حەواڵە بووە، پشت بەستن بە تۆمارەکان جێگیر کراوە، لەوەش ئەگەر هەڵەیەك دەربکەوێت، جگە لە ئاوی جۆگەکە کارێزی ناوهاتووش لەگەڵ ئاشەکە بۆ کورەکانی ناوبراوان بەجێ دەهێڵدرێت و رادەستیان دەکرێت، داهاتی ساڵانی رابردووش هەر چەند بێت ئەو شوێنەی بۆ دەروات بە لێکۆڵینەوە لە خەزینەی بەغداد لە وەڵامی ژمارەی ساڵانەی جێبەجێ دەکرێت، بۆ دابین کردنیشی کارێز و ئاشەکە لەلایەن میریەوە لەگەڵ جۆگەی ئاوەکەی کە سەر بە میریە بەیەکەوە بری داهاتی ساڵانی ٧٠ و ٧١ و ٧٢ دیاری نەکراوە، دوای ئەوەی سەیر دەکرێت داهاتی ناوهاتوو لەگەڵ ئاوی جۆگەکە کە دیاری کراوە، ئەو داهاتەی کە وەستێنراوە و بە بەش بەش بوونی لەگەڵ برەکەی، داهاتی ناوهاتوو لە چ لایەنێك دەمێنێتەوە بە دەفتەر نێردراوەتە خەزینەی جەلیلە، ئەوەی مەحاڵیشە بە ستوونی دابنرێن، ئەگەر بۆ تۆمار کردنیشی دەفتەر نەماوە، هۆکارەکەشی بە داواکاریەك بۆ ئاگادار کردنەوە موتەسەرفی ئەیالەتی شارەزوور جەنابی پاشا بە نووسراوی فەرماننامەی سەدارەت و بە جێبەجێ کردنیشی لە خەزینەی نەزارەت ئاگادار کراوەتەوە، ئەگەرچی لە ئەنجوومەنی والاش نووسراو کراوە، لەم بارەیەوە ئەگەر فەرمانی پاشای وەکالەتپەناهی بفەرمووێت ئەمر و فەرمانە.






| | | |
|---|---|---|
| MVL. | 751.10 | 27 زیلحیجە 1274 |

بریارنامە ٢٣١

لـە مێـژووی ١٤ زیلحیجـە ١٢٧٤ لـە نەزارەتـی دارایـی راپۆرت بـۆ ئەنجوومەنـی والا نێـردراوە، هاوپێچ لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی ژمێریـاری داوای مۆڵـەت کـراوە، لـە یەکـەم رووەوە ژمـارەی ٢٢ زیلحیجـە ١٢٧٤ ئـەو نـووسراو دراوەتـە کۆمەڵـەی دارایـی روون کراوەتـەوە، بـە پێـی ئـەوە جەنابـی مەولانـا خالیـد سـەرۆکی زاناکانـی بەغـداد عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی کۆچکـردوو ئـەوەی لـە سـەر ناویـان بـووە لـە قـەزای هەولێر لە گوندەکانـی دوغـان و گردعازەبـان پێشـەکی لەلایـەن میـری جێگیـر کـراوە، لـە گونـدی دوغانـی نـاو هاتـوو کریـن و خاوەنداریەتیـان هەیـە، لـەم کۆتاییـەدا لە ئەنجامـی لێکۆڵینەوە کارێزێك و ئاشـێك بە فەرمانی پاشـا لـە سـاڵی ٧٣ بـە دواوە بـۆ کۆچکـردووی ناوبـراو و لەگـەڵ منـداڵ و نەوەکانـی بەجێ هێشـتراوە، لـە ناوچەی دیـاری کـراو چۆگـەی ئاوەکـە لەلایـەن میریـەوە چەنـد جارێـك خراوەتـە زیادکردنـەوە، بۆیـە بەرێوەبردنـی مەحاڵـە، چونکـە ئـاوی کارێزەکـە لەگەڵ رێـرەوی رۆیشـتنی لەمەوپێش بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە، هەروەها لـە راپۆرتـی جیاکردنەوەیـان دەبێ سـەر لـە نوێ رووبارێـك بونیاد بنرێت، ئەمەش پێویسـتی بـە خەرجییەکی تـەواو هەیـە، کـە داواکارەکـەی داوای نەکـردووە، ئـەوەی باسـیش کـراوە، کارێزەکـە و ئاشـەکە لە سـاڵی ٦٩ تا سـەرەتایی سـاڵی ٧٢ بەهاکـەی ٣٥ هـەزار و ٣٠٠ قوروشـە، ئـاوی چۆگەکـەش نرخـی سـاڵانەی ١٧٠٠ قـوروش دانـراوە، ئـاوی ناوبـراو بـە ئاگاداری ناوەخـۆ بـە شـوێنگرەوە (بـدل)ی دیاریکـراو دەگوازرێتـەوە بـۆ منـداڵ و نەوەکانـی ناوبـراو، بـەڵام لـە داهاتـی خەزینـە بە شێوەیەکی پارچە، بـە نیزامی گواسـتنەوە نەگونجـاوە، ئەم جـۆرە زیادکردنـە لـە کاتـی گواسـتنەوە دەبـێ سـاڵ بـە سـاڵ بخرێتـە زیـادەوە، بـەم شـێوەیەش سـوودی لـێ نابینرێـت، بۆیـە بـۆ شـوێنگرەوەکە شـتێك زیـاد بکرێـت، شـوێنگرەوەی ناوبـراو ٢٠٠٠ قـوروش دیـاری کـراوە، هەروەهـا ئـاوی چۆگـەی ناوهاتـوو بـە مـاوەی پێنـج سـاڵ بگوازرێتـەوە بـۆ ژێـر دەسـتی ناوبـراو، لە سـاڵانی داهاتـووش بـە پێـی نیـزام بـە زیادکـردن بگوازرێتـەوە و جێبەجـێ بکرێـت، جگـە لـەوەش پێشکەشـکردنی داهاتـی سـاڵانی رابـردوو هێشـتا بـە گونجـاو نەزانـراوە، ئەمەش لـە خەزینـە نێردراوەتـە نەزارەتی ناوبـراو بۆ جێبەجـێ کـردن، لـە ئەنجوومەنـی والاش نووسراو کـراوە.


٢٧ زیلحیجە ١٢٧٤

هەواڵنامەی هێرێ



| 2 جەمادی کۆتایی 1275 | 752.20 | MVL. |
|---|---|---|


ساڵی رابردوو ٧٢ مانگی رەمەزانی شەریفە رۆژی ٢٦ شەوی هەینی لە ناو ئەیالەتی شارەزوور قەسەبەی هەولێر قاوەخانەیەك بە ناوی پیریالی دوای نوێژی تەراویح ئەو هۆڵەی لێی دانیشتوون، لەلایەن دانیشتووی قەسەبەی ناوبراو سەرتاش عەبدولقادر ئەسعەد دووبارە دانیشتووی قەسەبەی ناوهاتوو عەبدولقادر کوڕی یوسف کوڕی عومەرەکەی تر بە خەنجەر لە دواوەی لە لای راستی داوە و برینداری کردووە، لەلایەن بەرێوەبەری قەزای ناوبراو ئەم هەواڵە هاتووە، کە بە ناهەقی کەسێك لە کەسێکی داوە و بە کاریگەریەکەی یەکسەر مردووە، بۆ وەرگرتنی ئەو کێشەیە میراتی کوژراوی ناوبراو برادەرزادەی لەگەڵ عوسمان کوڕی عومەر بە مەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵا بۆ ئەیالەت نێردراوە، لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەت، ئەنجوومەنی شەرعی شەریفە لەم حاڵەتەی کە هەردوو لا ئامادە بوونە، چۆنیەتی کوشتنەکەی راگەیەندراوە، بۆیە بە گوێرەی شەرع، میراتگری ناوبراو لەلایەن عوسمان کوڕی عومەر داواکراوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا لە راستییدا کوژراوی ناوبراو یەکەم شەو لە قاوەخانەی ناوهاتوو لێی دراوە و کوژراوە بەم کاریگەریەوە مردووە، بکوژی ناوهاتوو لە ئەنجوومەن دانی پێدانـاوە و باسی کردووە، هەروەها لە کاتی ئەوەی پرسیاری لێکراوە بۆچی یاخود هۆکاری کوشتنەکەی چی بووە؟، ووتوویەتی کوژراوی ناوبراو عەبدولقادر کوڕە خوشکەکەی بە ناوی شەنیمە کە گەنجێکی روو خۆشە، لە بابەتی ئەنجامدانی کوشتنەکە رۆژێك پێش رووداوەکە چەند خۆشەویست و چەند تاکی سەربازی نیزامیە لە دوکانەکەم بوون لەم حاڵە ناوبراو شەنیمە لەوێ بووە، دەنگۆی خیانەتکردنی باسکراوە، لەبەر ئەوەی کوژراوی ناوبراویش خاڵی شەنیمەیە کە ناوی هاتووە، هەستی بە شورەیی و شەرمەزاری کردووە، پێنج تیم لە کەسوکارەکەمی کۆکردۆتەوە و داوەتی کردوون و باسی کردووم، ئەم شەرمەزاریەش کاریگەری لەسەر ناموس دەکات، ووتی بەم قسە ناشیرینانە جنێوی بە من دا، بۆ شەوی داهاتووش ئەو شەوەیە کە باس کراوە، لە قاوەخانەی ناوهاتوو دەرفەتی بۆ رەخساوە بیکوژێ، ناوهاتووم بە لێدان برینداری کرد و کوشتم. زۆر بە روونی باسی کرد و دانی پێدانا، بە دانپێدانان و چەسپاندنی عەبدولقادر کوڕی ئەسعەد کە بکوژی عەبدولقادر کوڕی یوسف کوڕی عومەرە لێکۆڵینەوەکە لەم مەرکەزە کراوە، هەروەها میراتگری ناوبراو، عوسمان بە قەساس (قصاص) داوای کردووە و راگەیەندراوی شەرعی رێك خراویش هاوپێچ پێشکەش کراوە، بکوژ لە ئەنجوومەن دەست بەسەر کراوە، ئەگەرچی بە مێژووی جەمادی یەکەم ١٢٧٢ بە داواکاری راگەیەندراوە و کۆتایی پێ هاتووە، تا ئێستا بۆ یەك رۆژیش فەرمانی پاشا نەهاتووە، بۆیە دووبارە لەلایەن میراتگری کوژراوەکە عوسمان داواکراوە، لەم بارەیەوە ئەو راگەیەندراوە شەرعیەی کە رێکخراوە، دانەی دووەمی داواکاری ئەو کارە لەلایەن بەندەمان بوێری کراوە کە رێك بخرێت و پێشکەش بکرێت، لە بارەی جێبەجێ کردنەکەشی هەرگیز فەرمانی سەدارەتپەناهی کە پێی بەستراوەتەوە نەوەستاوە، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٥.



| MVL. | 754.4 | 10 رەبیعی کۆتایی 1276 |
| --- | --- | --- |

سـەعید ئەفەنـدی بەندەتـان دیـارە تووشـی تەنگانـە و لـە گۆشـەی خـان کەوتـووە، لـە بـارەی ئـەو پەرێشـانی و رەزیـل بوونـەی میهرەبانـی و دڵسـۆزی نیشـان بدرێـت، لـە ئەیالەتـی شـارەزوور لـە یەکێـك بەرێوەبەرایەتیەکانـی کـۆی سـەنجاق و هەولێـر و قـەرەداغ دابنرێـت، ئەگـەر نەشـگونجێت ئـەوا بنێردرێتـە ئاوقافـی حەرەمەینـی شـەریفە لـە موسـڵ، بـەڵام بـە پێی ئـەو لێکۆڵینـەوەی کە کـراوە، لـە ئەیالەتـی ناوبراو ئاوقافـی حەرەمەینـی شـەریفەین کـە بوونـی هەیـە، لقێکـی لـە دارایـی بەرێوەدەچێـت، بـەم شـێوەیە ئـەو ئەرکـەی کـە نـاوی هاتـووە مانگانـە تەنیـا یـەك تـا دوو سـەد قـوروش داهاتـی دەبێـت. هەروەهـا بەنـدەی ناوبراویـش منداڵـی زۆرە بـە ئەوەنـدە داهاتـە ناتوانێـت بژێـوی ژیانـی خـۆی دابیـن بـکات. لەبـەر ئـەوەی کێشـەی هەیـە، بـا تووشـی دەردە سـەری و هیلاکـی نەبێـت، بۆیـە داوا دەکـەم بەندەتـان لـەم تەنگانـە و رەزیـل بوونـە دەربهێنرێـت و هـەروەك بـاس کـراوە لـە یەکێـك لـە بەرێوەبەرایەتیەکانـی کـۆی سـەنجاق و هەولێـر و قـەرەداغ وەکـو شـاگرد دابنرێـت، لـە هـەر حاڵەتێـك میهرەبانـی بـۆ ئـە کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

خادمی سەجادەی نەبەوی محەمەد کوری سەعدی
١٠ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٦




| A.MKT.NZD. | 347.16 | 17 شەعبان 1277 |
|---|---|---|

لە لایەنی سەرووی جەنابی راوێژکار بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە گەورە شێخەکانی نەقشبەندی عەبدولغەفور ئەفەندی گوندەکانی ئینجاعی گەورە و بانی و ماران کە سەر بە قەزای کۆی سەنجاقن بە فەرمانی والی بەغداد عەلی پاشای مردوو بۆ خۆراکی تەکیەکەی کە پۆست نشینی تەکیەکەیە، لە داهاتی ئەو گوندانە بۆی دابین دەکرێت، لەسەر فەرمانی سەروو بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، کۆچکردووی ناوبراو لە کاتی خۆی لە خەزینەی جەلیلە بۆ دارایی نێردراوە، بە پێی داواکردنی زانیاری (استعلامنامە) کە لەلایەن نەزارەتی جەلیلەوە نێردراوە، لە وەڵامدا لە مێژووی ٢٩ شەوال ١٢٧٧ داواکاری هاتووە، تێدا روون کراوەتەوە و ئاگاداری نێردراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، پێشتریش لە مێژووی ٢٨ شەعبان ١٢٧٧ بە نووسراو روون کراوەتەوە و نیازی دیاری کراوە، ئەمجارە ناوبراو ئەو نووسراوەی داویەتی، نووسراوەکانی ئەو ماددەیە لەگەڵ هاوپێچی نەزارەتپەناهی سەروو نێردراوە، هەر خۆشی شایەنی میهرەبانی سەرووە، لە بەر ئەوەی خاوەن رێز و لە زاناکانە، داواکراوە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

نووسراوی شێخی ناوبراو کە بە دوو پارچە نووسراو دراوەتە نەجیب پاشا و عومەر پاشا و مستەفا پاشا لەگەڵ نووسراوی ئەنجوومەن هاوپێچ نێردراوە.


١٧ شەعبان ١٢٧٧



| MVL. | 377.73 | 7 ڕەبیعی کۆتایی 1278 |
|---|---|---|

بۆ جەنابی دەوڵەت
ڕاگەیەندراوی بەندەتان ئەوەیە، ئەو سکاڵانووسە لە خانەدانی کەرکوکە، ئەوە کاری خودایە حاڵم زۆر خراپە و تووشی تەنگانە بوومە، لە بابی ڕەحمەت ئەو قسانەی کە دەیکەم ڕاستن، لە سەدەقەی سەری عەزیزت ئەو بەندەتان لە شارەزوور قەزای کەرکووك لە قەسەبەی هەولێر بەڕێوەبەرەکەی بژێوی ژیانی تێك داوین، شەو و ڕۆژ بۆ هەموو دەوڵەت ستایشی ئەفەندیم دەکەم، دووەم ئەفەندیم لە قەسەبەی ناوبراو ئەو بەڕێوەبەرەی لێیەتی یەکێکی زاڵمە، حوکمەکەی باش نییە، دانیشتووانی گوندەکەی بە زۆری بێت و بە زۆری نەبێت، تاڵان دەکات، بە شەو پارەوپول بە ئاشکراو و بە نهێنی دەبات، ئەگەر خاوەنی کۆشك جولە بکات لێی دەدات، پارەی بە هیلاك دەستکەوتووی دەبات ئەفەندیم، دوای زینا و شەراب و کوشتن و قومار و بەدکاری بە ڕۆژیش پاشایە، ئەفەندیم سەرباز مەدەنە جەنابیان، لە قەسەبە یاخی بوون دەست پێ دەکات لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری حکوومەت بوونی نییە، خۆی مانگ بە مانگ پارەی خۆی وەردەگرێت و لە ڕابواردن و خۆشی خۆی سەرقاڵە، ئاگاداری حاڵی هەژار نییە، ئەوەی سەروو لێی ئاگادارە، ئەو بەندەتان بنێرنە لایەکی تر و لە قەسەبەی ناوبراو یەکێك بکەنە بەڕێوەبەر، ئینشائەڵڵا لەگەڵ هیممەتی سەرووتان لەگەڵ دادپەروەری حکوومەت یارمەتی هەژاران بدەن، ئەوانەی گەندەڵی دەکەن لە حەقیان بێن، هەمووی بکەن بە سەربازی نیزامیە و بیاننێرن یاخود واز لە پاراستنی دەورووبەری لایەکەی تر بهێنین، لە ڕاستییدا ئەگەر بکرێت فەرمانی سەرووتان هەبێت بە گوێرەی ئەو جولە بکەین، سەدەقەی سەرتان ئەفەندیم، بەزەییتان بەم هەژارە دابێتەوە، بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە هیممەت بکەن، بۆ بەڕێوەبەری قەسەبەی ناوبراو یەك پارچە فەرمانی سەروو بۆ موتەسەرفی کەرکووك جەنابی تەقیەددین پاشا بنێرن، تا هیممەتێك بکات یارمەتی حاڵی ئەو هەژارە بدات، تکا دەکەم و دەپاڕێمەوە ئەفەندیم، لەم بارەیەوە ئەمر و فەرمان و میهرەبانی و بەزەیی بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات ئەفەندیم.
محەمەد ئەفەندی کەرکووکی

هەولێرنامەی کتێب



موصل متصرفنه



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| **A.MKT.UM.** | 00490.00094 | 5 شەعبان 1278 |

بۆ موتەسەرفی موسڵ
دانیشـتووی موسـڵ و لـە تائیفـەی یەزیـدی لـە ئەنجامـی کوشـتن مـردووە، بکـوژی ئیلیـاس بـە نـاوی ڕۆژ بـە حـەوت سـاڵ دادگای کـراوە بـە سـزای سـەوڵ لێـدان، لەبـەر ئـەوە بردراوەتـە بەغـداد، هـەر چۆنێـك بێـت هەڵاتـووە، زیانـی بـە خەڵکـی هـەژار گەیانـدووە، لـە هەندێـك لادێ هێرشـی کردۆتـە سـەریان و پـارە و کەلوپەلیانـی تـاڵان کـردووە، هەروەهـا بوێـری ئـەوەی کـردووە ڕەفتـاری جۆراوجـۆری برینـدار و دارکاری کـردووە، لـە لایەنـی هەولێـر دەسـتگیرکراوە، لـە دوای دادگاییکردنی بـە ئامادەبوونی ئەو کەسـانەی سـکاڵایان تۆمـار کـردووە، ڕەوانـەی ئەنجوومەنـی لێکۆڵینـەوە کـراوە، لـە زیلحیجـە 1277 هاتـووە، نـووسراوەکان لـە 27 زیلحیجـە 1277 ناردراوەتـە ئەنجوومەنـی واڵا، دواتریـش ناردراوەتـە ئەنجوومەنـی شـارەزوور، ئەنجامـی دادگاییەکـە لەگـەڵ ئامـادە بوونـی سـکاڵاکەرەکان ئـەو داواکارییـەی کـە لکێـنراوە، دوای تێبینـی کـردن لـە یاسـاکان بـە داواکاری ئـاگادار کراونەتـەوە.





هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM. | 00522.00096 | 5 جەمادی کۆتایی 1278 |
|---|---|---|
| بۆ وەکالەتپەناهی<br>بـۆ شـوێنی کارەکـەم لـە سـانجەقی هەولێـر مەملوکانـەم سـەپاندوویەتی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێشکەشـی وەکالەتپەناهـی کـراوە، و دەسـتم بـە جولـە کـردووە، بـە هـەر شـێوەیەك بێـت ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات و میهرەبانـە.<br>٥ جەمادی کۆتایی ١٢٧٨<br>خەلیل بەگ | | |



| A.MKT.UM. | 522.96 | 5 جەمادی کۆتایی 1278 |
|---|---|---|

لەلایەن بەندەتانەوە نێردراوە
ئـەو سـۆز و بەندایەتیـم کـە بـۆ جەنابـی وەکالەتپەناهـی هەیـە، لـە سـەر داواکاری بەندەمـان بـۆ سـەر ئەرکەکـەم بـۆ لایەنـی سـانجەقی هەولێـر بەرێکەوتـووم، ئەمـەش لـە سـەر پێداگـری پایەبـەرز و نیـازی سـەدارەتپەناهی لـە سـەر تـکای مانـەوەم، وەکالەتپەناهی پێشکەشـی کـردووە، لە هـەر حاڵەتێکیشـدا ئەمر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات و میهرەبانـە.
لە ٥ جەمادی کۆتایی ١٢٧٨
عەبد ئەلسەید خەلیل



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>MVL.</td><td>765.79</td><td>25 زیلقەعدە 1278</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور یەکێـك لـە دەوڵەمەنـدە یەهودییـەکان بـە نـاوی عەبـود خێزانەکـەی کـە نـاوی رەیحانەیـە کوشـتویەتی، هەروەهـا باسـی چۆنیەتـی کوشتنەکەشـی کـردووە و پەسـەندکراوە، لـە ئەنجومەنـی قـەزای ناوبـراو بـە داواکاری ئـاگادار کراوەتـەوە، میراتگرەکانی کـوژراوی ناوبراو کـوڕ و کچەکانـی هاتوونەتـە ئێـرە و ووتوویانـە: دایکی ناوبراویـان بەخۆی خۆی هیلاك بووە و خۆی کوشـتووە، هەرۆوەهـا باوکـی ناوبراویـان لـە بابەتـی کوشـتن ئـاگادار نەبـووە و دەسـتی نەبـووە، هەروەها ئەگەر پێشـەکی لـە ئەنجوومەنـی هەولێـر بـە دەمـی خـۆی باسـی کردبێـت، بەهـۆی لێدانێکـی توندوتیـژ کارەکـەی پەسـەند کـراوە، ناوبـراو لەگـەڵ باوکیـان بـۆ یـەك رۆژ سـکاڵایان نەبـووە، داواکـراوە ئـازاد بکرێـت، لـە سـەر فەرمانـی سـەروو داواکاری ناوبـراو لەگـەڵ راگەیاندنـی شـەرع پێشـکەش کـراوە، لـەم بارەیـەوە فەرمانـی سـەروو چ دەفەرموویـت لـە سـەر ئـەم بارودۆخـەوە ئەمـر و ئـاگاداری بنێردرێـت، هەروەهـا بـە هـەر شـێوەیەك بێـت ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە فەرمـان دەردەکـەن، لـە ۷ زیلقەعـدە ۱۲۷۸.<br>سەید محەمەد تەقیەددین قائیمقامی ئەیالەتی شارەزوور<br>وەکیلی کاتیبی ئەنجوومەن</td></tr>
</table>

| 1278 زیلقەعدە 25 | 765.79 | MVL. |
|---|---|---|

- جەنابی سەدارەتپەناهی داواکاری ئێمەیە
داواکاری بەندەتان بەردەوام بۆ دەوڵەتە
بەڕێوەبەری قەزای هەولێر لە پلەی بەڕێوەبەری ئستەبڵی عامیرە سەید ئاغای بەندە لە قەزای ناوبراو لە سەرەتایی ئەرکەکەی تا ئەو کاتە کارەکانی لە سوودی شەرعی شەریف یاخود یاسا جێبەجێ کردووە، بەهۆی بەڕێوەبردنی کارەکانی بە باشی و لە توندوتۆڵی بۆ حکوومەت وووریا و چاوکراوە بووە، بۆ هەژاران و خەڵك ئاسایشی جێگیر کردووە و پاراستوویەتی، لە ئەرکەکەی لە ئەو پەری بە شایەنیەوە ئەنجامی داوە، ببووە بەرپرسی دواکاران، هەروەها هیچ جموجۆڵێکی نابەجێ و نەشیاوی بەرامبەر بە دەوڵەت نەبووە، هیچ کارێکی نابەجێ لە بەندەتان نەبینراوە، هەروەها بەردەوام حاڵی باش و خوویەکی خۆشی هەبووە، ناخ و روخساری وەکو یەك بووە و جێگەی رەزامەندی بووە، بۆ جەنابی پاشا و موشیری واڵا داواکاری خێری هەبووە، لە رووی موسڵمانەتیەوەش جەنابی خدێوانە هیچ کەموکوریەکی لە سەر ناوبراو نەبووە، هەموو کەس پێی وایە کەسێکی داوای خێر و کەسێکی ئاسوودەیە، بۆ سوپاس کردنی ناوبراو ئەوەی پێویست بووە لە سەر ناوبراو کۆکراوەتەوە، داواکاری بەندەشمان بەرز کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.


- بۆ لایەنی جەنابی ریاسەتپەناهی
لە پلەی ئستەبلی عامیرە بەڕێوەبەری قەزای هەولێر سەید ئاغای بەندە پێش ئێستا لە ئەرکی جۆراوجۆر خزمەتی کردووە، ئەمجارە لێرە بۆ کاری بەڕێوەبەری لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە هەر حاڵەتێکدا بە گوێرەی شەرعی شەریف و یاسا کاری باشی کردووە، توندوتۆڵ و لە کاروباری حکوومەت وووریا بووە و بۆ بە هەدەرنەدانی پارەوپولی میری و خەرج کردنی ئاگادار بووە، هەروەها هەژاران و خەڵکی پاراستووە و ئاسایشی جێگیر کردووە، لە رووی خوووەوەش ئەوا ئاشنای هۆزەگەرایەتی و ئەو کەسانە بووە کە لە نەتەوە جیاوازبوونە، لە بەندەی ناوبراویش هیچ کارێکی نابەجێی لێ نەبینراوە و گوێ بیست نەبوونە، لە سەردەمی جەنابی عومەر پاشا لەم حاڵەتانە بێ کێشە و گرفت دەستەواژەی نیزامی نوێ لە بارەی کەموکوریەکانی بەهەند وەرگیراوە و ئاگاداری و دەرخستنی ناردووە، لە قەزای ناوبراو دەستەواژەی نیزامی نوێ لە ئەنجوومەنی بێ تواناماندا بە رێکەوتن و شێوازی حەکیمانە جێبەجێ کراوە، بەردەوامیش بە حاڵێکی باش و خوویەکی باش دەرکەوتووە، بە گشتی ناوبراو لە روخسار و ناخدا رازی و مەمنون بووە، بۆیە پێویستە سوپاس و پێزانینی بۆ بکرێت، بۆ جەنابی پاشا و موشیری واڵا داواکاری خێری هەبووە، لە رووی موسڵمانەتیەوەش جەنابی خدێوانە هیچ کەموکوریەکی لە سەر ناوبراو نەبووە، هەموو کەس پێی وایە کەسێکی داوای خێر و کەسێکی ئاسوودەیە، بۆ سوپاس کردنی ناوبراو ئەوەی پێویست بووە لە سەر ناوبراو کۆکراوەتەوە، یەك پارچە بۆ بەغداد بۆ جەنابی واڵای موشیر و پارچەیەکیش بۆ ئەیالەتی شارەزوور واتە دوو پارچە داواکاری پێشکەش کراوە، بوێریش کراوە بە پێشکەش کردنی داواکاری بەندەمان، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.


- بۆ لایەنی جەنابی ریاسەتپەناهی
داواکاری بەندەتانە
هەر لە کۆنەوە بەندە و نمەکدار بوومە بۆ تەختی پاشا، پێش ئێستا لە جۆرەها ئەرکدا خزمەتم کردووە، لە پارێزگاری ئیسکودار و قائیمقامیەتدا بەکار هێنراوم، لەگەڵ ئەوەی لە قائیمقامیەتی عەنتاب دەستم لە کار هەڵگرت، کەچی لەشکری سەنجاقی قائیمقامیەت خرایە ژێر دەستم، دواتر چەند مانگ پێش ئێستا بە فەرمانی پاشا لە قەزای هەولێر وەکو بەڕێوەبەر دەست بە کار بووم، چوومە ئەو ناوچەیە هەروەها لە قەزای ناوبراویش مووچەکەم ٣٠٠٠ قوروش بووە، پێشەکی زۆر ماندووم زۆریش مەمنونم زۆریش چالاکم، ئەگەر بێتو مووچەکەم زیاد بکرێت، زیاتر مەمنون دەبم، بۆ ئەم مەبەستە بوێریم کردووە داواکاریم پێشکەش بە سەدارەتپەناهی کردووە، لە ئەنجوومەنی قەزای ناوبراویش یەك پارچە داواکاری لەگەڵ یەك پارچە سکاڵانامەی لەلایەن خەڵك و زانا و شێخەکانەوە دراوەتە شێخ عەبدولفەتاح ئەفەندی، ئەویش بۆ بارودۆخی من وەستاوە و بە زار بارودۆخی منی روون کردۆتەوە، لە هەر حاڵەتێك ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.

لە ئستەبڵی عامیرە بەڕێوەبەری قەزای هەولێر
عەبد سەید خەلیل











هەواڵنامەی کتێب

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
داواکاری بەندەتانە
بە میهرەبانی خودا و سەروو بۆ بەندەتان لە کاتی ئەرکەکەم بە باشی خزمەتم کردووە، لە پلەی بەڕێوەبەرایەتیم لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەن و دانیشتووانەوە سوپاس و پێزانینیان بۆم ڕاگەیاندووە، لە ئەنجوومەنی قەزای ناوبراو یەك پارچە سکاڵانامە لەگەڵ پارچەیەك داواکاری زانا و شێخەکان بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، دیارە ئەوەی سەروو فەرموویانە بەندە سەرەتا پارێزگاری ئیسکودار و ئەرکی قائیمقامیەتی پێ سپێردراوە، دوای جیابوونەوەم لە قائیمقامیەتی عەنتاب لەشکری سانجەقی قائیمقامیەت لە ژێر دەسەڵاتی من مایەوە، بەم دواییە دوای چەند ئەرك لەلایەن جەنابی پاشا دوای وەرگرتنی بەڵێننامە بە پێی توانا چەند مانگ پێش ئێستا بە فەرمانی پاشا وەکو بەڕێوەبەری قەزای هەولێر ئەو ئەرکەم پێ سپێردرا، لەم کارەشم بۆ ڕۆژێکیش کەموکوڕیم نەبووە، زۆر مەمنون و سوپاسگوزار بووم، مووچەی مانگانەم ٣٠٠٠ قوروشە زۆر مەمنونم، لەبەر ئەوەی بەڵێنم بە سەروو داوە، زیاتر لە پێویست بەندایەتیم دووپات دەکەمەوە، لەم کاتەش شێخ عەبدولفەتاح ئەفەندی بۆ دەرسەعادەت ڕۆیشتووە، بارودۆخی بەندەتان بە سەدارەتپەناهی ڕادەگەیەنێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.
عەبد سەید خەلیل بەڕێوەبەری قەزای هەولێرلە پلەی ئستەبڵی عامیرە




| MVL. | 652.25 | 28 موحەرەم 1280 |
|---|---|---|

شوێن کەوتەی ئێرانە لە کاتی لە مەرزیفۆن دەهات لە مەودای سێ کاتژمێر لە ئاماسیا بە کوژراوی مردووە، بکوژی عەباس دووبارە لە شوێنکەوتووانی ناوهاتووە، لەگەڵ سلێمان بکوژێکی دیاری کراودا لە شوێنکەوتووانی دەوڵەتی بەرزە لە قەزای هەولێر وەیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، بە پێی ئەوەی پێشکەش کراوە، لەگەڵ داواکاری بێ دەسەڵاتیمان هاوپێچ لەگەڵ لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و گەیشتنی راپۆرتی سەروو، بکوژی ناوبراو خەریکە رادەستی باڵیۆزخانە بکرێت، لەوێشەوە بنێردرێتە دەرسەعادەت، هەروەها ناوبراو وەیسی ئازاد کردنی، بە مێژووی ٤ موحەرەم ١٢٨٠ و ١٠ حوزەیران ١٢٧٩ بە ئاگاداری فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ فەرمانی جێبەجێ کردنی دراوە، بە فەرمان نامەی سەدری ئەعزەم جەنابی سەدارەتپەناهی لە بارەی دەستکورتیمانەوە ئاگادارە، هەروەها هەروەکو خۆی لە سەر جەنابی وەکالەتپەناهی ناوبراو وەیسی ئازاد کراوە، هەروەها ناوبراو سلێمان ئەمجارە لەلایەن پۆلیسی ئاماسیا رادەستی مەحمود کراوە کە پۆلیسی پاراستنە، لە ژێر پاراستنی پۆلیس بەند کراوە، ئەمەش بە نووسراو باس کراوە، ئەو داواکارییەی پێشکەشمان کرد جێبەجێ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٨ موحەرەم ١٢٨٠ و ٢ تەمموز ١٢٧٩.


هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>2 زیلحیجه 1280</td><td>771.28</td><td>MVL.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی ئەیالەتی کەرکووك<br>دانیشتووی کەرکووك و نەفەری پۆلیسی پاراستنە لە قەزای هەولێر لە دەورووبەر گوندی خور خور بە کوژراوی مردووە، قەواس محەمەد، دانیشتوانی گوندی ناوبراو بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە بکوژی ناوبراو نین، خەڵکی گوندی ناوبراو بە پێی (شرعی قسم) سوێندی شەرعیان خواردووە، پێویستە قەرز بدەن، لەگەڵ میراتگری کوژراو ئاشت بوونەتەوە، بە پێی ئەو ووتەیە، نووسراو لە ١٥ شەوال ١٢٨٠ و ١١ مارت ١٢٨٠ ژمارە ٨٢ بەیەکەوە لەگەڵ داواکاری و لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و نووسراوی شەرعی ئەنجوومەنی والا، بۆ فەرمانی دادوەری نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی شەرعی لە فەتواخانە پرسیار کراوە، بە پێی راگەیەندراوی سەروو ئاماژەکان بە ئاشکرا دەبێت، بەڵام ناردنی وەکو یەك نییە، بە تایبەتی ناوبراو بە پێی شەرعی شەریف بە تێروانین لەگەڵ دوا راگەیەندراوی شەرعی کۆتایی هاتنی پێویستە، لەگەڵ راگەیەندراوی ناوبراو دووبارە بوونەوەی لە فەتواخانە جێبەجێ کردنی فەرمانی سەرووە.<br>٢ زیلحیجە ١٢٨٠</td></tr>
</table>





| MVL. | 773.63 | 9 جەمادی یەکەمی 1281 |
|---|---|---|

بریارنامە ئەمین
٤٦٠

لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـەنجاقی شـارەزوور دانیشـتووی گەرەکـی سـەرای بـە کـوژراوی مـردووە، دایکـی عەلـی هەروەهـا براکـەی موسـتەفا لەلایـەن خۆیانـەوە بـە گواسـتنەوە، لایەنـی میراتگـری هەمـوو لایـەك بـە وەکالـەت کـوژراوی ناوبـراو واتـە بکـوژی بـە هەڵـە لـە تاکـی سـەربازی پیـادە عەبـاس، لـە بـارەی دادگاییکردنـی بـە پێـی شـەرع، نـووسراو لەلایـەن والـی بەغـداد هاتـووە، لـە ١٨ رەبیعـی یەکـەم ١٢٨١ و ٩ ئۆغسـتۆس ١٢٨٠ پێشکەشـی ئەنجوومەنـی والا کـراوە، لـە فەرمانگـەی دادگاییـەکان خوێندراوەتـەوە، لەگـەڵ داواکارییەکانـی ئەنجوومەنـی لیـوای ناوبـراو هاوپێـچ راگەیانـدراوی شـەرعی و لێکۆڵینەوەنامە (اسـتنطاقنامە) هەروەهـا داواکاری ئەنجوومەنـی قـەزای ناوبـراو روون کراوەتـەوە، جێگیـر کـراوە کـە ناوبـراو عەبـاس لـە قـەزای ناوبـراو لـە کاتـی پاسـەوانیەتی دڵەراوکێـی هەبـووە و لـەوێ چاوەرێـی کـردووە، لەلاشـی دەمانجـە هەبـووە، بـە قەزاوقـەدەر تەقـەی کـردووە، فیشـەکەکە لـە لایەنـی پشـتەوە بـە عەلـی کەوتـووە، ئەویـش بـە کاریگـەری ئـەوەوە مـردووە، دواتـر میراتگرانـی لـە بـارەی قـەرزی خوێنـی ناوبـراو داواکاریـان پێشـکەش کـردووە، بـە ویسـتی خۆیـان بـە خۆرایـی بەتـاڵ بۆتـەوە، ناوبـراو عەبـاس بـێ تاوانـی و لێخـۆش بوونیـان بـۆ کـردووە. لـەم حاڵەتـە لـە بـارەی ناوبـراو لەلایـەن فەتواخانـە راگەیانـدراوی ناوهاتـوو نووسراوەتـەوە و ئاماژەی پێکـراوە، بـە پێـی یاسـایی سـزای ١٨٠ مـاددەی دوو، ئەگـەر کەسـێك یەکێـك بـە هەڵـە بکوژێـت، یاخـود بە بێ مەبەسـت کەسـێك خـۆی بکوژێـت میراتـی کـوژراو بـە پێـی یاسـای شـەرعی بـە دادگاییکـردن دوای راپرسـی ئەگـەر چۆنیەتـی ئـەو کوشـتنە بـە بـێ وورییایـی بێـت، لـە ٦ مانـگ تـا ٢ سـاڵ زیندانـی دەکرێـت، ئەمـەش بەهـۆی بـێ ئاگایـی و وورییایـی بکـوژی بـە هەڵـە سـزای ناوبـراو و مێـژووی زیندانـی یـەك سـاڵ دەبێـت، ئەمـەش لەلایـەن والـی ناوبـراو بـە فەرماننامـەی پاشـا راگەیانـدراوە.

داواکاری لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور دانیشـتووی گەرەکـی سـەرای عەلـی بـە کـوژراوی مـردووە، بکـوژی بـە هەڵـەی عەلـی یەکێکـە لـە تاکـی سـەربازی پیـادە بـە نـاوی عەبـاس.
٩ جەمادی یەکەم ١٢٨١





| MVL. | 773.63 | 9 جەمادی یەکەم 1281 |
|---|---|---|


- بۆ جەنابی موشیر
ژمارە ٤٤
لە دانیشتووانی قەسەبەی هەولێر بە ناوی عەبدولقادر لە ساڵی ١٢٨٢ مانگی موحەررەمی حەرام رۆژی ٦، لە هەمان قەسەبەی ناوهاتوو یەکێکی تر لە دانیشتووانی بە ناوی عەبدوڵڵا بە ناهەقی لێی دراوە و بە کاریگەری برینەکەی مردووە، هەروەها چۆنیەتی مردنەکەشی لەلایەن عەبدولقادر باس کراوە و دانی پێدانـاوە، لەو داواکاریەی کە هاتووە، بکوژی ناوبراو راگەیەندراوی بۆ ئەو لایەنە هاتووە، لێرەش دوای لێکۆڵینەوە ئەگەرچی رەتی کردۆتەوە، ئەوەی هاوپێچ لەگەڵ راگەیەندراوی لێکۆڵینەوەکە نووسراوە و پێشکەش کراوە، بە گوێرەی ماددەی کوشتن جێگیر کراوە و میراتگری کوژراو بە پروپاگەندەی قەساس (قصاص) ئامادە بووە، بکوژی ناوبراو لە مێژووی ٢٣ موحەررەم ١٢٨٢ دەستگیر کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەشی لەسەر رای سەروو وەستاوە، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ سەفەر ١٢٨٢ و ٥ تەمموز ١٢٨١.


- بۆ پلەی سەدری ئەعزەم
ژمارە ٤١
راگەیەندراوی بەندەتانە
لە قائیمقامیەتی شارەزوور لە قەسەبەی هەولێر دانیشتووی قەسەبەکە بەهۆی کووشتنیەوە مردووە، بکوژی عەبدوڵڵا لە هەمان دانیشتووی قەسەبەکە بەناوی عەبدولقادر لە بارەیەوە لە ئەنجوومەنی قائیمقامیەتی ناوهاتوو داواکاری هاتووە لەگەڵ لێکۆڵینەوە نامە (استنطاقنامە) و هاوپێچ راگەیەندراوی شەرعی دراوەتە جەنابی سەروو لە وەکالەتپەناهی، هەروەها لە بارەی بکوژی ناوبراو ئەوا فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بۆیە جێبەجێ کردنی کارەکە لەسەر فەرمان و راگەیەندراوی سەروو وەستاوە، لە هەر حاڵەتێکیشدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٢٨٢ و ٢٢ ئەیلوول ١٢٨١.

| MVL. | 780.6 | **20 سەفەر 1283** |
|---|---|---|

بۆ رسوماتی ئەمانەتی جەلیلە، نووسراوی پەراوێزی سەدری ئەعزەم
نووسراوی ئەم کارە دوای ئەوەی زانیاری لە بارەی پارە و زیادکراوی دیارە و حەواڵە کراوە بۆ ئەنجوومەنی واڵای بریاری دادوەری، دوای خوێندنەوە و بەدواداچوونی بۆ کراوە، پوختەی کورتکراوی ئاگاداری سەدری ئەعزەم لە مەمالیکی ئیرانییە، بۆ سەردانی نەکردنی گومرگەکان هەروەها نەکردنی رسومی گومرگ زانیاریەکان تۆمار کراون، هەروەها لە لایەنەکەی تر بۆ ئێران نێردراوە، بۆ روون کردنەوەی رسوماتی گومرگی کەلوپەل و شتومەکەکان، دەست نیشان کراوە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بکرێت، ئەگەرچی رووداوی گومرگی رەش روونەدات، ئەو مامەڵەیە ئەگەری هەیە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی شوێنەکان بە مەمالیکی ئیرانی نەبەسترێتەوە، رووداوی قەرە گومرگ وەکو ئەوە وایە پروپاگەندەی دروست کراو بێت، بەم جۆرە بازرگانی ناوەخۆ و ئەوەی پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، لە بارەی وەستاندنی هاوردەی بەسرا، جەنابی والی ناوبراو ئاگاداریەکانی زۆر بووە، چونکە ئەوانەی ئەرکی گومرکیان پێ دەسپێردرێت ناوچەکانیان لە نزیك سنوور نەبێت، بەبێ روسومات هەنارده و هاوەردە دەکرێ، بە گوێرەی ئەو کەلوپەلانەی بۆ دەرهێنانیان هەموو کەلوپەلەکان لەم قەڵەمە جێبەجێ دەکرێت، لەمەش یەك بنکە روسومی گومرگ جێبەجێ بکات، لە کاتی هاوەردە کردنی کەلوپەلی بازرگان ئێرە فراوان نییە، لەمەش بە شایەدی فەرمانبەران ئەگەر ئەو کاتەی لە کاردا خراپەکاری دەرکەوێت، لەم بابەتە بۆ ئاشکرا بوونی یەك تاقم راپۆرت دەدرێت، هەروەها جەنابی ناوبراو لەگەڵ ئاسانکاری مامەڵەکان، ئەگەر لە هیممەت درێغی بکرێت و هاوکاری نەبێت، لە کاتی زیادبوونی کەلوپەل و داخستنی رێگا و لەناوچوون و زیان بۆ هەر ئامادەکاریەك و کارکردنێکدا هەبێت، ئەوا هەموو هاوکاریەك پێشکەش دەکرێت، ئەوەی لە گومرگ خوێندراوەتەوە و بەدواداچوونی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی شاراوە نەبێت کارەکە لەلایەن فەرمانبەرانی تۆز و دووکەڵ بەرێوەدەبردرێت، ئەگەرچی لە رووی خەرجیەوەش سوودی دیارە لەم شتانە تەنیا لە رووی پارەوە تێروانینی بۆ نەکراوە، بۆیە شوێن و بەرژەوەندی لە پێش هەموو شتێك حیسابی بۆ بکرێت، هەروەها لە رێگایەك بڕۆن کە هەر ئێستا و بە پێشوازی کردن و خاوەندارێتی کردن زیان و بێ بەشی تێدا نەبێت، دەوڵەت لە گرنگترین کاروباردا خۆی دەبینێتەوە، لەم بارەیەوە ئەو ئامادەکاریانەی جێبەجێ دەکرێت پێویستە لەم فەرمانگە و بنکەیە جێبەجێ بکرێت، بە تێروانین لە ئاگاداری دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەوە هەموو داهاتەکان دەستەبەر دەکرێت، جگە لەوەش لەگەڵ ئەو ئامادەکاری و بەکارهێنراوانەی کە فەرمانبەرەکان جێبەجێی دەکەن لەگەڵ خەرجیەکان یەکسان دەبن، ئەگەر وادابنێین هاتووەکان بە تەواوەتی یەکسانیش نەبن، ئەوا مانەوەی لە شوێن خۆی زیانی دەبێت، لەم حاڵەتەدا لە رێگای چاکسازی مامەڵەی گومرگ خەرجی زیادە لەگەڵ روونکردنەوەی رابگەیەندرێت، لە شوێنی ناوهاتوو لە وەرگرتنی گومرگ بە چاونوقاندن لە رێگای قەرە گومرگ بکرێت، واتە مەملەکەت بوونی نییە، ئەو شوێنانەی لە سنووری ئێران نزیکن گونجاو و پێویستە ئەو کەلوپەلانەی دەبردرێن هاتنە ژوورەوە و ناردنە دەرەوەی هەبێت، لە شوێنەکانی خۆیان بۆ رێکخستنی خەرجی داهاتەکان بە رووداوی گومرگەکان لە بارەی جێبەجی کردنی لقەکانیشی لایەنی سەدارەت ئاماژەی پێ دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە سەر لە نوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لە پەراوێز دەنوسرێتەوە.

لە ئێران بۆ بەغداد و لە بەغدادیش بۆ ئێران بێ روسوماتی گومرگ کاری گواستنەوە، دراوەتە فەرمانبەرانی تۆز و دووکەڵ.






<table>
<tr><td>24 جەمادی یەکەم 1285</td><td>2852.88</td><td>ŞD.</td></tr>
<tr><td colspan="3">ڕاگەیەندراوی بەندەتانە<br>لە کاتی بەڕێوەبەرایەتیم لە قەزای هەولێر ئەو ماوەیەی کە لە کارگێری کارم کردووە، بۆ یەك ڕۆژیش لە ژمێریای تووشی دەست کورتی نەهاتووم، هەروەك دیارە بەهۆی باشی خزمەتم لەلای خەڵك بۆتە خۆشگوزەرانی خەڵك بۆیە لە داواکارییەکەم داوای یارمەتی دەکەم و شایەنی ئەوەم پایەداران یارمەتیم بدەن، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ جەمادی یەکەم ١٢٨٥.<br>ریکابی شاهانەی قەپوچی باشی مەحمود بەگ/ بەڕێوەبەری پێشووی قەزا</td></tr>
</table>



| C.ML. | 147.6238 | 21 شەعبان 1291 |
| --- | --- | --- |

راگەیەندراوی بەندەتانە

هـەر ئێسـتا والـی موسـڵ و شـارەزوور لەلایـەن جەنابـی حەسـەن پاشـا ئـەو نـووسراوەی هاتـووە لـە پوختـەی تێگەیشـتنەکەیدا دەرکەوتـووە سـانجەقی هەولێـر کـە سـەر بـە کەرکووکـە، پێشـەکی لـە مێـژووی ١٥٦ دراوەتـە موتەسـەرفی پێشـووی کـۆی سـانجەقی قوجـە مسـتەفا پاشـا، دوای مردنیشـی دادوەرەکانـی کوردسـتان ئـەو پێشـنیارانەی کـە کردوویانـە لـە جێگیرکـردن و کارپێکـردن و پێشـبینی و هەڵگرتـن، ئـەوا دانیشـتووان خۆراگریـان نەمـاوە، بۆتـە هـۆی پەرێشـان بـوون و پەرشـوبڵاوبوونیان، لـەم کاتەشـدا پێویسـتە دادوەرێکـی دادپـەروەر لـەوێ دابمەزرێـت، هەروەهـا سـاڵانە بـە پێشـبینی ٤٠٠ قـوروش لـە لیـوای ناوهاتوو لـە تایبەتمەنـدی میـری میران جێبەجـێ بکرێـت، کـوڕی ناوبـراو سـلێمان بـەگ بـۆ مالیکانـە پێشکەشـی کـردووە، ئـەو نووسراوانـەی ناردوویەتـی لەگـەڵ دەرهێنانـی تۆمـار و ڕاپۆرتـی بەنـدەم لـە کاتـی ڕاگەیانـدن فەرمانـی سـەروو ڕۆیشـتووە، بـە گوێـرەی ئـەوە وەزیـری ناوبـراو نووسراوەکـەی ئـەوەی بـاس کـراوە لـە سـانجەقی هەولێـر لـە سـاڵی ١٩١ هەژمـار کـراوە، سـاڵانە ٧٥٠٠ قـوروش پێشـبینی کـراوە، دواتریـش ٢٥٠٠٠ قـوروش موعەجەلـە (معجلـە) بـە مەرجـی ڕادەسـت کردنـی خەزینـەی عامیـرە میـری ناوبـراو لـە ژێـر دەسـتی مالیکانـە تۆمـار کـراوە و بەرائەتـی دراوە، لـەم حاڵـەتـەدا لەلایـەن ناوبراو ئـەو نووسراوانـەی هاتووە، لـە پوختـەی یـەك ماددەدا ئـەوەی بـاس کـراوە لـە سـانجەقی هەولێـر ئـاوی ڕووبـار و ڕۆیشـتوویان نییـە، خەڵکەکـەی بـە ئـاوی بیـر ژیـان دەگوزەرێنـن، هەروەهـا بەروبوومـە نزیکـەکان بـە شـێوەیەکی نیمچـە و سـەرچاوەی ئـاو لـە کارگێـری مەنزیلـی گونـدی عەنکاوە دابیـن دەکرێـت، لەگـەڵ بـری پـارە و موعەجەلە (معجلـە) میـری ناوبـراو بـۆ مالیکانـە زیـان و بەفیرۆچوونـی دیـاری کـراوە، پێشـەکی زۆربـەی ئاوەکـە بـۆ تائیفـەی کـورد دەچێـت، دانیشـتوانەکەی زیانـی پـێ گەیشـتووە، بـە دروسـتکردنی دوای مۆڵـەت لـە لیـوای ناوبـراو سـاڵانە ٥٠٠ قـوروش پـارە و ١٥٠٠ قـوروش لەگـەڵ موعەجەلـە (معجلـە) لەگـەڵ ئـەوەش میـری ناوبـراو ڕایگەیانـدووە و بەرائەتـی دراوەتـێ، هەروەهـا ئەگـەر یارمەتـی دەرنەبـوو لـە حاڵەتـی یەکـەم بمێنێتـەوە، بـە پێـی پێویسـت دروسـت بکرێـت، نـووسراو کـراوە و کۆتایـی پـێ هاتـووە و لەگـەڵ ڕاپۆرتـی بەنـدەم لـە کاتـی ڕاگەیانـدن بـە تایبەتـی لەلایـەن ناوبـراو نـووسراو بنێردرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی هەر چـی زووە فەرمانـی عالـی بنێردرێـت و ئـەوەی ڕۆیشـتووە لـە فەرمانـی سـەروو بـە گوێـرەی نـووسراوی وەزیـری ناوبـراو پێشـەکی بەرائەتـی مالیکانـەی پـێ داوە، بەرائەتەکـە بپارێزرێـت و نـووسراوی بـاس کـراو ١٥٠٠ قـوروش ئاقچـەی موعەجەلـە (معجلـە) دوای حەواڵـە کردنـی لـە کاتـی ئـەوەی دەگاتـە شـوێنی مەبەسـت لیـوای ناوهاتـوو بـە پێشـبینی ٥٠٠ قـوروش پـارە لەگـەڵ تۆمـاری ڕاستکراوە و میـری ناوبـراو بـۆ تۆمـار و مەرجـی بەرائەتـی مالیکانـەی پـێ دەدرێـت، فەرمـان لەلایـەن جەنابـی سـوڵتانمە، ٢١ شـەعبان ١٢٩١.



| 11 ڕەبیعی کۆتایی 1298 | 1.88 | Y.PRK.MYD. |
|---|---|---|

- لـە کەرکـووك میـری لیـوا ئەحمـەد راتـب پاشـا تەلەگرافنامـەی بـۆ جەنابـی شاهنشـا نـاردووە بـە گوێـرەی فەرمانـی حکوومەتـی جەنابـی ملوکانـە بەنـدە شـێخ زادە عەبدولقـادر هەولێـری بـە جـێ هێشـتووە، بەندەتـان بـۆ کەرکـووك جولـەی کـردووە، ئەمەشـم بـە بەندەمـان راگەیانـد بـوو، بـە گەیشـتنی بـۆ کەرکـووك لـە قشـلەی هومایـۆن سـێ تابـور سـەربازی شاهنشـای کۆکردۆتـەوە، سـەلام و سـەلامەتی ملوکانـەی بـە هەموویـان راگەیانـدووە، هەروەها هەر هەمـوو ڕێنماییەکانی حکوومـداری پـێ راگەیاندوون، پاشـام زۆر لـە نزاکانـی قەبـوڵ دەبێـت، هەروەهـا رایانگەیانـد هەتاهەتایـە لـە خزمەتـی شـاهانە کار دەکەن و گیانـی خۆیـان فیـدا دەکـەن، ناوبـراو عەبدولقـادر بەیانـی لـە ڕێگـەی هەولێـر دەچێتـە موسـڵ، هەروەهـا لـەوێ چاوەڕێـی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی دەکات، لـە هـەر حاڵەتێـك ئەمـر و فەرمانـی خـاوەن هەیبـەت و زۆر پیرۆزمانـە.

لە ١ مارت ١٢٩٧


جەنابی پایەبەرز بەندە میری لیوا ئەحمەد راتب

- تەلەگرافنامەکەی تر

دوای ئـەوەی دڵسـۆزی خـۆی راگەیانـدووە، لـە هـەر خزمەتێـك کـە پێـی بسـپێردرێت بـە دڵسـۆزییەوە بـۆ جەنابـی حوکمـدار کار دەکات، لـە ٢٥ شـوبات ١٢٩٦ ئـەو تەلەگرافنامـەی سـەروو هاتـووە، وەرمگـرت، بەڵام چاوەڕێ دەکـەم و پێویسـتم پێیەتـی، هـەر خزمەتێـك بـە مـن بسـپێردرێت ئەمـر و فەرمانـی بـۆ جەنابـی ملوکانەمـە، لـە هـەر شـوێنێك دامەزرێـم گیانـم فیـدا دەکـەم، بـە پێـی توانـا خزمـەت دەکـەم، بـە داوای لێبـووردن دەرمخسـتووە، لـە هـەر حاڵەتێـك ئەمـر و فەرمانـی خـاوەن هەیبـەت و زۆر پیرۆزمانـە.

لە ١ مارت ١٢٩٧


جەنابی پایەبەرز بەندە میری لیوا ئەحمەد راتب



| DH.ŞFR. | 116.96 | 21 رەجەب 1300 |
|---|---|---|

ئەوانەی دەستیان کردووە بە تێکدانی ئەمنیەت و لێدانی پیاو و تاڵان کردنی کاروانەکان، لە مەرکەزی ............. لە بارەی دوورخستنەوەی چەتەکان لە ویلایەت ئامادەکاری توند کراوە، ئەوانە لە گەرەکێك بە ناوی گون تەپە خۆیان قایم کردووە، هەروەها چونکە بە تێپەربوونی کات بە فراوانبوونی کۆمەڵەکەیان لەوە زیاتر زیانیان دەبێت، بە گوێرەی ئەو بیرۆکە و خوەی کە لێی تێگەیشتووین بۆ ئەوانە هێزێکی سەربازی ڕێکوپێك هەروەها پۆلیسی پاراستن چۆتە سەریان، داوایان لێکراوە خۆیان رادەست بکەنەوە، کەچی رووبەرووی سەربازی شاهانە بوونەتەوە، سێ پۆلیسی پاراستن بریندار بوونە، جگە لەوە سێ کاتژمێر شەڕیان کردووە، دواتر لەگەڵ هێرشکردنە سەریان ١٠ کەس لە چەتەکان کوژراون و ١٣شیان بریندار بوونە، ئەوانی تریش رایان کردووە، بۆیە زۆر بە قورسی لە چاودێری دان، دواتر لە هەولێر دۆزراونەتەوە......... بە سوپاسەوە دەرمخستووە لەگەڵ ئەوەش بەهۆی هۆکاری ئەمنیەتەوە بەیەکەوە لە مەسەلەی جوامێر ئەوەی دەست کەوتووە، بۆ دڵنیابوون لە نیشتەجێ کردن و ئیسراحەتی گشتی بۆ ناوچەی چەمچەماڵ دەست بە جولە کراوە، راگەیەندراوە بۆ فەرمان، لە ١٦ مایس ١٢٩٩.


تەحسین والی ویلایەتی موسڵ



| | | |
|---|---|---|
| DŞ. | 2487.28 | 20 ڕەبیعی یەکەم 1302 |

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
قەڵەمی ژمێریاری
ژمارە ١٦١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ لایەنی سەروو
لە ساڵی ڕابردوو بەهۆی ئەو بارانەی باری، بەهۆی ئەو ڕەشەبایە بەهێزەی ڕوویدا تەلەگرافخانەی هەولێر بە تەواوەتی وێران بووە، لە کاتی نۆژەن نەکردنەوەی، خەرجی تەواوی جێبەجێ دەکرێت، هەرچی بنکەی تەلەگراف و پۆستەی سیروز بە ١٧٥ قوروش نۆژەن دەکرێتەوە، هەروەها تەلەگرافخانەی لۆرۆس پەنجەرەکانی زۆر نزمە ئەمەش پارێزراو نییە، کاری ئەوانەش بە ٢٧٠ قوروش جێبەجێ دەکرێت، بە پێی دەرخستەی (کشف) حکوومەت داواکارییەکان بە هاوپێچەوە نێردراوە، جێبەجێ کردنیشی لەلایەن سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە (باش مدیرات) نووسراوی ئاگادارکردنەوە و ڕوون کردنەوە هاتووە لە کاتی ناردنیشی بە گوێرەی ساڵی ٩٦ بۆ ساڵی ٣٠٠ لە خەزینەی جەلیلەش بۆ نۆژەن کردنەوەی کاری پێویست کراوە، لە کاتی دواکەوتنی نۆژەنکردنەوەی تەلەگرافخانەکانیش خەرجی نۆژەن کردنەوەکانیان بۆ دوو ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕوون کردنەوەکان دەرکەوتووە، ئەوەی باس کراوە خەرجی نۆژەنکردنەوەی تەلەگرافخانەکانی هەولێر و سیروز ١٠٨٧٥ هەروەها بۆ کارەکانی پەنجەرەکانی تەلەگرافخانەی لۆرۆس ئەوەی پێویستە خەرج بکرێت ٢٧٠ جگە لەوەش تەلەگرافنامەی لازقیە یەکەم جار بە خەرج کردنی ٨٠٠ قوروش ڕەزامەندی لە سەر نۆژەنکردنەوەی دراوە، بە بڕی دیاریکراوی ئاقچە نۆژەنکردنەوەی بە باش نەزانراوە، ئەوەی دیاری کراوە کە زۆر پێویستە خەرج بکرێت بە ٢٠٠٠ قوروش بە کۆی ١٣ هەزار و ١٣٥ قوروش ئەمەش لەلایەن نەزارەتپەناهی ڕەزامەندی دراوە و بە بڕیاری هۆبە لە ژمێریاری باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن، لە ٢٠ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٢ و ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٠.

کتێبی هەولێرنامە




هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 314.34 | 8 جەمادی یەکەم 1304 |
|---|---|---|

ئەمانەتی باج
لەگەڵ کارگێری گشتی نووسینی باج
سانجەقی شارەزوور کە بەستراوەتەوە بە ویلایەتی موسڵ، ناحیەکانی قەزای هەولێر نووسراوی کۆتایی ڕێکخراوە و بڕی دیاریکراوە و لە ئەنجوومەنی خۆجێیی خشتەی هاتووە و لەسەر ئەو خشتەیە ووردبینی کراوە لەگەڵ نووسراوی کارگێری گشتی نووسینی باج ڕێك خراوە و ئەو پوختەیەی کە نێردراوە، ئەو ناحیانەی کە باس کراوە، تێدا نیشان دراوە، داهات و مولك لەگەڵ باجی پیشەگەرەکان بە کۆی گشتی بە شوێنگرەوەی سەربازی ٣٠٣ هەزار و ٨٩٧ قوروش و ٣٥ پارە وەکو ڕەسیدە، ئەو بڕە پارەی ناوهاتوو پێویستە هەڵبوەشێتەوە، باجی کۆن لەگەڵ شوێنگرەوەی سەربازی، بەرامبەر بە رسوماتی شوێنگرەوە و باجی دەست بەسەر داگیراو لەگەڵ ئەوەی هەیە ٢٨٠ هەزار و ٣٦٥ قوروش و ٢٠ پارە، بە زیادکردن خەزینە سوودی لە ٢٣ هەزار ٥٣٢ قوروش ١٥ پارە بینیوە و بەرامبەر خەرجی نووسراوە بەیەك هەنگاو بە فەرمانی سەروو بردنی بۆتە کارێکی پێویست، برەکەشی ٦٠٦ هەزار ٣٧٠ قوروش ١٠ پارە پێك دێت، بە گوێرەی ڕێکخستنی نوێی باس کراو بە ئاماژەی خۆجێیی بە دەست پێکردنی ساڵی ٣٠٢ ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت و لە بەرامبەر خەرجی نووسراویش ئەوەی باس کراوە لەگەڵ باجەکە بەیەکەوە دابەش دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت، بەڵام حیسابەکەی بە شێوەیەکی تر دەگیرێت و بە ڕاست کردنەوەی پوختەی تۆمارکراوە کە لەگەڵ لقەکانی پێویستە جێبەجێ بکرێت و بە ڕەزامەندی بابی عالی و پشت بەستن بە فەرمانی سەروو مامەڵەی لە خەزینە جێبەجێ دەکرێت، وێنەیەکیشی لە دەفتەر لەگەڵ پوستە بەیەکەوە بۆ شوێنی خۆی بنێردرێت، بۆ ناردنی بۆ لایەنی ئەمانەتیش ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.


لە ٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٤ و ١٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٢
عەلی ڕزا کوڕی مومتاز ئەمینی باج




هەوالنامەی کتێب


| DH.MKT. | 1437.55 | 18 زیلقەعدە 1304 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە
١٨ زیلقەعدە ١٣٠٤
٢٧ تەمموز ١٣٠٣
لە ناو ویلایەتی جەلیلە لە هەولێر لەلایەن پیاوانی حکوومەت لە کارگێری ناوەخۆی رەژی، دژایەتی و ململانێیان دەرخستووە و لەگەڵ قاچاغچیەکانی تووتن دەستیان تێکەڵ کردووە و پارێزگاریان لێ دەکەن، ئەم ووتانە و بە پێی پێویست هەڵسان بەم کارە لە قۆمیسیۆنی گشتی بەرێوەبەرایەتی فەرمانگەی رەژی باس کراوە و لە نەزارەتی دارایی نووسراو کراوە و نێردراوە، هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، هەروەها کارگێری رەژی لەگەڵ خەزینەی جەلیلە بە رێککەوتن هاورا بوون بۆ رێگریکردن لە قاچاغچیەکان و لە کارگێری ناوبراودا کاری پێویست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر ئەو زانیاریانە راست بێت، ئەوە گونجاو نییە، بۆیە بە گوێرەی ئەوە کارەکان جێبەجێ بکرێت و کاری پێویست بکرێت.



<table>
<tr><td>Y.PRK.MYD.</td><td>7.65</td><td>7 زیلحیجه 1305</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی ئەو شیفرەیەی کە لە موتەسەرفی شارەزوور هاتووە<br>لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٠٤ نزیکترین ناوچەی سەربازی کە لە عەمادییە نزیکە موسڵە، ئەدهەم پاشا چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوو بووە موسڵ، لە موسڵ چوار تابور پیادە و یەك ئاڵای سوارە بوونی هەیە، هەروەها لە موسڵ بۆ عەمادییە بە چوار ڕۆژ ماوەی گەیشتنە، ئەگەر لە ئەوە زیاتر پێویستییان بە هێز هەبوو، ئەوا لە هەولێر و ڕواندز دوو تابور سەرباز هەیە و ئەوانیش دەنێردرێت، تەیارەکان (طیار) و کوردەکان ئەگەر هێزی سەربازی ببینن، واز لە ململانێ دەهێنن، هەروەها لەم دەورووبەرە تاقمی کوردەکان و لەگەڵ تەیارەکان (طیار) خەریکی گفتوگۆ و ڕێککەوتنن، ئەم هەواڵەمان وەرگرتووە، لە ٤ ئۆغستۆس ١٣٠٤.<br>کەمال موتەسەرفی شارەزوور</td></tr>
</table>





| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.MYD. | 7.79 | 8 زيلحيجه 1305 |


- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
لـە ٣ ئۆغسـتۆس ١٣٠٤ نزیکتریـن ناوچـەي سـەربازی کـە لـە عەمادییـە نزیکـە ئەویش موسـڵە، ئەدهەم پاشـا چەنـد ڕۆژ پێـش ئێسـتا چـوو بـووە موسـڵ، لـە موسـڵ چـوار تابـور پیـادە و یـەك ئـاڵای سـوارە بوونـی هەیـە، هەروەهـا لـە موسـڵ بـۆ عەمادییـە بـە چـوار ڕۆژ مـاوەی گەیشـتنە، ئەگـەر لـە ئـەوە زیاتر پێویسـتیان بە هێز بـوو، ئـەوا لـە هەولێر و ڕواندز دوو تابور سـەرباز هەیـە و ئەوانیش دەنێردرێت، تەیارەکان (طیـار) و کوردەکان ئەگـەر هێـزی سـەربازی ببینـن، واز لـە ململانـێ دەهێنـن، هەروەهـا لـەم دەورووبـەرە تاقمـی کـوردەکان و لەگـەڵ تەیـارەکان (طیـار) خەریکی گفتوگـۆ و ڕێککەوتنن، ئەم هەواڵەمـان وەرگرتووە، لە ٤ ئۆغسـتۆس ١٣٠٤.
کەمال موتەسەرفی شارەزوور

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٠٤ نووسراوەتەوە
بـۆ ڕێگریکـردن لـەم بۆنەیـەی کـە لـە نێـوان قەزاکانـی دهـۆك و عەمادییـە ڕوویـداوە، دوو تابور پیـادە لەگەڵ دوو سـەد سـوارە پێویسـتە لـە موسـڵ بنێردرێـت، ئەگـەر سـەربازی زیاتـری ویسـت، ئـەوا ئەدهـەم پاشـا هـەر لـە کـوێ تابـور هەبـوو ڕەوانـی دەکات، جگـە لـەوەش بـە چەنـد ڕۆژێك بلۆکـی سـوارە دەگوازرێتـەوە عەمادییـە، بـە پـرس کـردن لەگـەڵ قوماندانـی کەرکـووك عەلـی پاشـا بـە پەلـە ئـاگادار بکرێنـەوە.

| DH. | 01071.084046 | 23 جەمادی کوتایی 1305 |
|---|---|---|

- پلەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
٤٨٣
راگەیەندراوی بەندەمانە
لـە ژێـر سـەرۆکایەتی جەنابـی ئیسـماعیل حەقـی پاشـا دیوانـی جەنگـی دامەزرانـدووە و رێکـی خسـتووە، لەلایـەن ناوبـراوەوە ئـەو راگەیەنـدراوەی بـۆ جێبەجـێ کردن لەگـەڵ نووسراوی سـەدری ئەعزەم لە مێژووی لـە ١١ موحـەررەم ١٣٠٥ ژمـارە ٣٤١ نێـردراوە، هەروەهـا لێـرە حەواڵـەی کارگێـڕی عورفـی لـە دیوانی جەنگی کـراوە، لـە ١٠ پارچـە نـووسراو کـە ناویـان هاتـووە، نـووسراوی ژمـارە ١٢٥ لەگـەڵ هاوپێچی بـاڵا لـە داواکاری لێکۆڵینـەوە خەڵکـی هەولێـر پاشا بەیراقـدار سـلێمان ئاغـا، لـە بەرامبـەر کەسـێك بـە ناوی مـەلا عەلـی زادە کەریمـی هەولێـری لـە تاکـی ئـاڵای ٤٨ تابـوری یەکـەم لـە بلۆکـی یەکـەم چەکـی هەڵگرتـووە، ئـەو کاغەزی لێکۆڵینەوانـەی کـە لـە هەولێـر هاتـووە، دەرکەوتـووە، سـلێمان ئاغـا بـە گوێـرەی سـزای یاسانامەی مـاددەی ١١٣ لـە دەسـتەواژەی کۆتایـی بە دوو سـاڵ زیندانـی دەکرێـت و ئەگەرچـی بریـاری لەسـەر دراوە، بـەڵام بـە گوێـرەی بابەتـی باسـکراو بـە گوێـرەی نیزامـی سـەربازی و لەلایـەن حکوومەتـەوە بە هیچ شـێوەیەك پۆلیس و ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە بوونیـان هەیـە، لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکانیـان یاخـود بـە گوێـرەی ئـەو حوکمـەی کـە جێبەجێـی دەکـەن، تـا بەرپرسـانە کەموکـوری تـێ بکەوێـت، لـە بارەیانـەوە ئەگـەر بێتـو کەسـێك بوێـری بـکات رەفتـاری ریسـواکردن و زمـان درێـژی و ترسـاندن لە بەرامبەریـان بکات، ئـەوا چەکیان بەرامبـەر هەڵبگیرێـت، سـزاکەیان دیـاری کـراو دەبێـت، هەرچی سـلێمان ئاغایە کـە چەکی هەڵگرتـووە ئەوا لـەو کاتـە کەریـم لـە جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکـەی یاخـود ئەویـش لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـەی نەبـووە ، بەڵکـو چۆتـە خانەکـەی و ئەویـش بـۆ ترسـاندنی ناوبـراو خەنجـەری بـۆ هاوێشـتووە، ئەمـەش لـە کاتـی خوێندنـەوەی لێکۆڵینـەوەی ناوبـراو دەرکەوتـووە، هەروەهـا لـە یاسـانامەی ناوهاتـوو مـاددەی ١٨٠ زیادکـراو ئەگـەر کەسـێك تەنیـا بـۆ ترسـاندن چـەك لـە بەرامبـەر کەسـێك هەڵبگرێـت، ئـەوا لـە یـەك هەفتـە تـا شـەش مانـگ زیندانـی دەکرێـت، ئـەوە نووسراوەتـەوە رەفتـاری ناوبـراو بـە پشـت بـە سـتن بـە حوکمەکـەی سـزادانی لـە مێـژووی ناوبـراو جێبەجـێ دەکرێـت، هەروەهـا لەگـەڵ لـە مـاددەی زیادکـراو کە بـاس کـراوە شـەش مانـگ زیندانـی دەکرێـت، بریاریشـی لەسـەر دراوە، بۆ جێبەجـێ کردنیشـی داواکاریەکە لـە کارگێـڕی عورفیـەی دیوانـی جەنگی بـە نـووسراو ووتـەکان نووسراوەتـەوە و داواکاری ناوهاتوو پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٩ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ٣٠ کانوونـی دووەم ١٣٠٣.
سەر عەسکەر


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسین
١٤٧٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
خەڵکـی هەولێـر سـلیمان ئاغـا، چەکـی لـە بەرامبـەر کەسـێك بـە نـاوی کەریـم لـە تاکـی سـەربازی شـاهانە هەڵگرتـووە، لێـرە لـە دیوانـی جەنگـی لـە مێـژووی دەسـت بەسـەرکردنی ناوبـراو راگەیەنـدراوە بـە بریـار شـەش مانـگ زیندانـی دەکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی نـووسراو بـۆ واڵای سـەر عەسـکەر نێـردراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەو خوێندنـەوەی کـە لـە سـەروو بـۆی دەکرێـت، بـە گوێـرەی ئـەوە ئاماژە بـە جێبەجـێ کردنـی دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بـەرز کراوەتـەوە، لـە ٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣٠٥ و ٤ شـوبات ١٣٠٣.
سەدری ئەعزەم



I.DH 1071/84046 2

هەواڵنامەی کتێب


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆن
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە بارەی فەرمانبەرانەوە لە کەرکووك هاوکاری جەنابی شەهریاری جەنابی ئیسماعیل حەقی پاشا بە سەرۆکایەتی ئەو دیوانی جەنگی ڕێکخراوە و نێردراوە، بە نووسراو بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر نێردراوە، نووسراوی ژمارە ١٢٥ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری خەڵکی هەولێر پاشا بەیراقدار زادە سلێمان ئاغا چەکی لە نەفەراتی سەربازی شاهانەی هەولێری مەلا عەلی زادە کەریم هەڵگرتووە، ناوبراو سلێمان ئاغا بە گوێرەی سزای یاسانامەی هومایۆن پشت بەستن بە ماددەی ١١٣ دەستەواژەی کۆتایی دوو ساڵ زیندانی دەکرێت، ئەگەرچی ئەو بریارە دراوە، بە پێی بابەتی باسکراوی رەفتاری ناوبراو لەگەڵ حوکمەکەی یەکسان نییە، یاسانامەی ناوهاتوو ماددەی ١٨٠ زیادکراو بە جێبەجێ کردنی لە مێژووی دەست بەسەرداگرتنی بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، لێرە لە کارگێری عورفیەی دیوانی جەنگی بریاری لەسەر دراوە، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی داواکاری ناوهاتوو بە ووتەی دیوانی جەنگی ناوهاتوو نێردراوە، نووسراوی سەر عەسکەری ناوهاتوو هاوپێچ بە گفتوگۆی نەزارتی ناوەخۆی جەلیلە کە لە نووسراوی پوخت پێك هاتووە پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمانی جەنابی هومایۆنی پاشا بفەرموێت، جێبەجێ دەکرێت، لە ٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥ و ٢٣ شوبات ١٣٠٣.
سەدری ئەعزەم








هەواڵنامەی کتێب



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>1460.20</td><td>16 سەفەر 1305</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٦ سەفەر ١٣٠٥<br>٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٣<br>لە ناو سانجەقی شارەزوور قائیمقامی زاخۆ مستەفا ئەفەندی لە ساڵی ٩٧ تشرینی دووەم ڕۆژی پێنجەم لە سەر کارەکەی دەست بەکار بوو، ئەگەر لە ویلایەتیش بە نووسراو ئاگادار کراوەتەوەش، ناوبراو لەگەڵ ئەوانەی ئەرکەکانیان دەستی پێکردووە، قائیمقامەکانی هەولێر و ڕانیە و عەقرە و سەنجار مێژووی دەست بەکار بوونیان نیشان نەدراوە، لە بارەی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ئاگاداری بۆ واڵا بە نووسراو نێردراوە، لەوێشەوە نووسراوە کە لە نەزارەتی ژمێریاری وتوویژی لە سەر کراوە، فەرمانی دەستبەکاربوونی پێ دراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 1466.101 | 14 رەبیعی یەکەم 1305 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١٤ رەبیعی یەکەم ١٣٠٥
١٧ تشرینی دووەم ١٣٠٣
لەلایـەن فەرمانبەرانـی حکوومەتـی هەولێـر لـە کارگێـری رەژی دوژمنایەتـی خۆیـان بـۆ حکوومـەت دەرخسـتووە و بوونەتـە خاوەنـی قاچاغچیـەکان و پارێزگاریـان لـێ دەکـەن، بـە پێـی نـووسراوی قۆمیسـیۆن بـۆ نـەزارەت پێشـوەختە لـە وەڵامـی ئـاگادار کردنـەوە، ئـەو روایەتـەی لـە سـەرەوە بـاس کـراوە، هیـچ راسـتییەکی تێـدا نییـە، هەروەهـا رەفتـاری خراپـی فەرمانبەرانـی رەژی شـوێنەکە بـە پێـی ئـەو وەڵامـەی وەرگیـراوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراو نێـردراوە، لەگـەڵ وێنـەی ناوبـراو بـۆ سـەروو نێـردراوە، پێویسـتە جێبەجـێ بکرێـت و دەسـت بـەکار بـن.


| DH.MKT. | 1477.98 | 3 جەمادی یەکەم 1305 |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٣ جەمادی یەکەم ١٣٠٥
٤ کانوونی دووەم ١٣٠٣

لە سانجەقی شارەزوور دیوانی جەنگی رێکخراوە و دامەزراوە، هەروەها ئەوەی تایبەتە بە پیشەی فەرمانبەرێتییەوە لە کەرکووك لەلایەن جەنابی ئیسماعیل حەقی پاشا بە نووسراو نێرداوە بە هاوپێچەوە، بە نووسراویش بۆ لایەنی سەر عەسکەر نێردراوە، لە سەر ١٩ پارچە داواکاری ئەوەی لێرە لە دیوانی عورفی جەنگی لەو لێکۆڵینەوانەی کراوە، لە داواکارییە ناوهاتووەکاندا هەشتیان جیا کراوەتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر جێبەجێ بکرێن، لە یانزە پارچەکەی تر بە نووسراوی ژمارە ٥٣ بە هاوپێچی داواکاری بەرێوەبەرایەتی رۆژئاوای سەرچنار سەر بە سلێمانییە، گوندنشین بە ناوی عەزیز حەیدەر لە ژێر پاراستنی چەتەکانی هەمەوەندە، تفەنگی میری بردووە و تاڵانی کردووە، هەروەها لە رێگا ئەو کاروانانەی بینیوە، هەواڵی داوەتە هەمەوەندەکان، هەواڵی ئەوانەش بە دەستدرێژی و تاڵان کردن دراوە، یاسانامەی هومایۆن بە ماددەی ٦٢ پشت بەستن بە دەستەواژەی یەکەم هەروەها ساڵی ١٣٠٣ مایسی رۆژی ٩ هەروەها لاساری ناوبراو عەزیز حەیدەر لەگەڵ چەتەکانی هەمەوەند رزایی و مەحمود سەر مەرەکانی شاردۆتەوە، جێگای حەوانەوەی بۆ چەتەکان دابین کردووە، بە هەواڵ پەسەند کراوە، کەسێك بە ناوی خضر کوزرەیی بە ماددەی ٦٣ لە پەراوێزی یاسا لەگەڵ کێشە و گرفتەکانیان لە مێژووی دەستگیرکردنیان هەر یەکە پێنج ساڵ بە نووسراوی ژمارە ٥٤ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری نێردراوە، دانیشتووانی گوندەکانی بولاق و سیفولدرەی سەر بە ناحیەی سەرچنار عەبدوڵڵا و برادەری ئەحمەد بەگ و فەرەج بەگ لەلایەن شێخ قادر لەگەڵ قاترچی عەلی موراد وەیسی ئاژەڵەکانیان تاڵان کراوە و بردراوە، لە دەورووبەری شەهربازار و سلێمانییە رووداوی بوێری دزی کردنەکە و ووتەکانیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەیان، ناوبراوان بە جێبەجێ کردنی ماددەی ٦٢ پەراوێزی نیزامیە لە دەستەواژەی یەکەم لەگەڵ دەستگیرکردنیان هەر یەکە بە ماوەی پێنج ساڵ بە سەوڵ لێدان زیندانی دەکرێن، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٥ هاوپێچ لە داواکاری گوندی عەلی بەیان سەر بە ناحیەی شوان دەروێشی گوندی ناوبراو لە موختاری داودی داوە و بریندار کردووە، هەروەها کورەکانی دەروێشی ناوبراو قادر و عەلی بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە یارمەتی باوکیان داوە، بە پێی یاسانامەی دیاریکراو ماددەی ١٧٩ پشت بەستن بە دەستەواژەی یەکەم دەروێشی ناوبراو لەگەڵ کورەکەی قادر هەر یەکە بە شەش ساڵ زیندانی و عەلیش بە پێنج مانگ زیندانی لەگەڵ خەرجی برینی ناوبراو دراوە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٦ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری کەسێك بە ناوی مەولود وەلەدی ئیبراهیم تاکێك لە تاکەکانی سەربازی پاراستن بە ناوی قادر یەك ئەسپی دزیوە، ناوبراو ئەسپەکەی لە دەستی بینراوە لەگەڵ هەموو شتێك روون بۆتەوە ناوبراو مەولود بە پشت بەستن بە ماددەی ٢٢٤ سێ مانگ زیندانی دەکرێت، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٧ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری لە قەزای هەولێر لە گوندی گردعازبان گوندنشین عەبدوڵڵا کوری ئاسیە کەسێکی دانیشتووی گوندی ناوبراوی بە ناوی خضر کوری سەمەد عوسمانی بە مەبەستی بریندارکردن و کوشتنی، لە دواوەی فیشەکی تەقاندووە، لەبەر ئەوەی نەمردووە، ناوبراو عەبدوڵڵا کوشتنەکەی لە سەر ساغ بۆتەوە و دانی پێدناوە، ناوبراو بە گوێرەی یاسانامەی دیاریکراو پشت بەستن بە ماددەی ١٨٠ و لە ساڵی دیاریکراوی مایسی رۆژی ١١ بە ماوەی سێ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان زیندانی دەکرێت، هەروەها تێچوو و خەرجی چاك بوونەوەی برینی ناوبراویش دەکەوێتە ئەستۆی سزا دراو، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٨ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری کەسێك بە ناوی عسفور وەلەدی حەسەن لە رەمەزانی شەریفە سەرخۆش بووە، خەڵکی ریسوا کردووە و جنێوی داوە، لەبەر ئەوە هێنراوەتە بنکەی پۆلیس، جگە لەوەی ئەو پۆلیسەی نێردرابوو بۆ هێنانی قسەی نەشیاوی پێ ووتووە و بە بەرد لێی داوە، کاغەزی لە لێکۆڵینەوەی روون بۆتەوە بە گوێرەی ماددەی یاسایی ١١٣ پشت بەستن بە دەستەواژەی دووەم لەم ساڵەوە لە مایسی ٢٣ بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٩ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری کەسێکی تریش بە ناوی مەولود ئەحمەد چاوشی پۆلیسی کوشتووە و خۆشی هەڵاتووە، بە پێی ماددەی کوشتن لەبەر ئەوەی هەڵاتووە، هەواڵ هاتووە کە لە هەولێرە، لە کاتی دەستگیرکردنی دوو کەسی لە پۆلیس بریندار کردووە.



جگە لەمەش خۆشی رابردووی هەیە، لەبەر ئەوەی لە کاتی ئەرکدا بریندار کردووە، بە پێی ماددەی یاسایی ١١٥ لە ساڵی ١٣٠٤ رەجەبی ١٩ چوار ساڵ زیندانی دەکرێت لەگەڵ خەرجی چاك بوونەوەی برینداره‌کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، هەروەها نووسراوی ژمارە ٦٠ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری خەڵکی قەڵات حوسێن زادە محەمەد عەلی ئەفەندی و ئەحمەد ئەفەندی زادە عینایەت ئەفەندی لەگەڵ کەسێك بە ناوی کوێر یوسف، لە کارگێری رەژێی شارەزوور لە حوسێن بەغدادیان داوە بە پێی شایەتەکان پەسەند کراوە، ناوبراوان بە گوێرەی ماددەی یاسایی ١١٤ لە ساڵی ١٣٠٣ مایسی ١٨ بۆ هەر یەکە شەش مانگ زیندانی دەکرێن، بەهۆی بوونی گومانەوە لە سەر ئەحمەد ئەفەندیش نەگەیشتوونەتە ئەنجام بێ تاوانی دەرچووە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٦٥ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری کەسانێك بە ناوی موختار رەشید لەگەڵ فەتاح و خورشید و ئەمین و رۆستەم و عەلی جانە بە چەکەوە هێرشیان کردۆتە سەر گوندی سالمی یەك رەوە ئەسپ ئاژەڵ و هەموو شتێکیان بەتاڵان بردووە و دزیویانە، لەگەڵ بەشێك لە هەواڵ و شایەتەکاندا پەسەند کراوە، هەروەها لە ناوبراوان فەتاح مردووە، رەشیدیش لە رۆژی دەست بەسەرکردنی و خورشید و ئەمین و رۆستەم و عەلی جانە لە مێژووی دەست بەسەرکردنیان بە گوێرەی یاسانامەی سزای مولکیە پشت بەستن بە ماددەی ٢٥٢ لە سێ کەسەکە بۆ هەر یەکەیان سێ ساڵ زیندانی دەکرێن، هەروەها ئەوانەی کە دەستیان لەم کارە نەبووە، ئەوا ئازاد کراون، ئەوانەی باس کران، لەگەڵ داواکاریەکانیان بۆ فەرمانگەی دادگا نێردراون، لە داواکاری ژمارە ٥٣ لە بارەی عەزیز حەیدەر ئەوەی دیاری کراوە بە پێنج ساڵ سزای سەوڵ لێدان بۆ سێ ساڵ کەم بۆتەوە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٤ هاوپێچ بە داواکارییەکەی عەبدوڵڵا و برادەری ئەحمەد بەگ و فەرج بەگ هەر یەکە بە چوار ساڵ بە سەوڵ لێدان و نووسراوی ژمارە ٥٩ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری نیشان دراوە مەولود دوو ساڵ زیندانی و لە داواکارییەکەی تر لە بارەی کەسەکانی ترەوە سزاکانیان دیاری کراوە و بریار دراوە لە سەر جێبەجێ کردنی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەوانەش لە سەر ئاگاداری واڵای سەر عەسکەر بۆ لایەنی سەدارەتپەناهی سەروو بە رەزامەندی فەرمانی پاشا لە بابی عالیەوە بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنیش لە سەر فەرمانی پاشا دەست بە کاربوون.





هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 1481.105 | 5 جەمادی یەکەم 1305 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسین

هـۆزی هەمەوەنـد بەهـۆی فراوانبوونـی کۆمەڵەکـەی، ئاسایشـیان تێـك داوە، بـۆ ئامـادەکاری کـردن و بـە پێـی ئـەو ووتانـەی لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە، بـە تەلەگرافنامـەی خەلافەتپەناهـی خوێندراوەتـەوە بـە هاوبەشـی ئامـادەکاری کـراوە بـۆ جێبەجـێ کـردن، ئەمـر و فەرمانـی هومایۆن لەلایـەن بەندەی بـاش کاتیب ئـاگاداری ناوبـراو و تەلەگرافنامـە خوێندراوەتـەوە، هەمەوەنـدەکان بەهـۆی زوڵمیـان و راکردنـی خەڵـك بـۆ لێـدان و دوورخسـتنەوەی چەتەکانـی هەمەوەنـد یەکـەم جـار لـە کەرکـووك ئـەو سـوارەی نیزامیـەی دەرچـووە سـوودی نەبـووە، پێویسـتە هێزێکـی سـەربازی لـە چەنـد لایەنێـك دامەزرێـت وەکـو فـازڵ پاشـا کـە یەکێکـە لـە میـرە بـە توانـا و لێهاتـووەکان بـە قوماندانێتـی ئـەو کەسـایەتیە دەسـت بـە ڕۆیشـتن بکـەن، فەرمانبەرانیـش لـە ژێـر چاودێـری ئـەو دا بـڕۆن، یاخـود بـە شـێوەیەکی کاتـی چـەك بدرێتـە دانیشـتووان تـا ببێتـە هـۆکاری دوورخسـتنەوە و بەهێزکـردن. بـەڵام لـەو کاتـەی کە لە ویلایەتی موسـڵ خەریکی چاکسـازی بـوون، چەکیـان بەسـەر خەڵـک دابـەش کردبـوو، ئـەوا زۆر بـە زەحمەتـی ئـەو چەکانەیـان دەسـت کەوتەوە، ئەگـەر بێتـو دووبـارە بەسـەر خەڵکـی دابـەش بکرێتـەوە، دواتـر لـە بـارەی کۆکردنـەوەی تووشـی کێشـە دەبینـەوە، هـۆکار بەدەسـتەوە دەدەیـن کـە لـە نێـوان دانیشـتووان خوێـن بڕژێـت، ئـەو هەمەوەندانـەی کە نزیکـەی ٤٠ کەسـن رایـان کـردووە، هاتوونەتـە دەورووبـەر، ئـاگاداری لـە ناوچەکـە هاتـووە و هەرچـی لـە کەرکـووك یـەك ئـاڵای سـواری و دوو تابـور پیـادە و یـەك تابوریـش بـە ئێسـتر هەروەهـا لە چەمچەمـاڵ یەك تابـور و لـە هەولێریـش یـەك تابـور و لـە سـلێمانیەش دوو تابـور و لـە موسـڵ یـەك ئـاڵای سـوارە و دوو تابور پیـادە سـەرباز، لەگـەڵ یـەك خەیـل تاکـی ژاندارمـە ئامـادە بن، بـە ئاماژەی لەشـکری شەشـەمی هومایۆن و بـە ئـاگاداری والـی موسـڵ ڕێـك دەکـەون هەرچـی زووە لـە یـەك ناوچـە یەکبگـرن، ئـەو چەتانـەی کـە رایان کـردووە چاودێـری بکرێـن و لـە شـوێنێك ئابڵوقـە بدرێـن، بـە پەلـە بـە مـردووی یاخود بـە زینـدووی بکەونە دەسـت، بـەڵام ئەگـەر بێتـو دوابکـەون لـەم کارە ئـەوا ئـەو کاتـە چەتـەکان کۆمەڵەکەیـان فراوانـتر دەبێـت، هەروەهـا پارێـزگاری کـردن لـە ئەمنیـەت و ئاسـایش تێـك دەچێـت، بۆیـە هـەر لـە ئێسـتاوە بە شـێوەیەکی توندوتیـژ کار بـۆ دوورخسـتنەوەیان بکرێـت، ئەمـەش بـە ڕێککەوتـن بە ئاماژەی لەشـکری ناوبـراو لەگـەڵ ویلایەتـی ناوهاتـوو فەرمانـی یەکجارەکـی پێویسـتە بدرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٢ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ١٣ کانوونـی دووەم ١٣٠٣.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسین
١٣٨٧

وێنەی داواکاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان (کابینەی کۆبوونەوە)

زیاتـر لـە ٤٠ ئەسـپ سـوار لـە چەتەکانـی هەمەوەنـد چوونەتـە سـەر گونـدی ڕەحیـم موکـە کـە نزیکـەی دوو کاتژمێـر دوورە، ئـەم گوندەیـان ئابڵوقـەداوە و سـووتاندویانە لەگـەڵ ئـەوەش خەڵکیـان کوشـتووە و مەروماڵاتیـان تـاڵان کـردووە، بوێـری ئەوەیـان کـردووە تـاوان ئەنجـام بـدەن، هەروەهـا ئـەو پۆسـتەچیانەی کـە لـە سـەڵاحییە تێدەپـەڕن، بـۆ پارێـزگاری کردنیـان ئـاگاداری پێویسـت نێـردراوە، بـە فەرمانـی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن تەلەگرافنامـەی لوولـدراوی هاوپێـچ بـۆ لایەنـی سـەر عەسـکەری واڵا نێـردراوە، نووسراوەکانـی نێوانمـان دەخوێندرێتـەوە، لـە سـەر زانیـاری سـەروو کـە فەرموویەتـی هەمەوەنـدەکان هـەر لـە رابـردووەوە لـە لایەنەکانـی بەغـداد و موسـڵ و سـلێمانیە خەڵـك دەکـوژن و پارەوپـول تـاڵان دەکـەن، وەکـو ئـەو تاوانـە گەورانـە کـە بوێـری ئـەوە دەکـەن بیکـەن، بـۆ ڕێگریکـردن لـەم دەسـتدرێژیانە پێویسـتی بـە چاکسـازی پێویسـتە، بـۆ ئەم مەبەسـتە سـاڵی رابـردوو یارمەتیـدەری میهرەبانی جەنابی پاشـا، ئیسـماعیل پاشـا چۆتـە ئـەو ناوچانـە، بـە سـەرکەوتوویی ئـەو خەڵکانەیـان دەسـتگیرکردووە، لەگـەڵ ڕۆیشـتنیان بـۆ ناوچـەی دیاریکـراو و بـە پێـی پلانـی عیراقـی ئـەو خەڵکـەی تووشـی بـەڵا بوونـە و ئـەو ڕووداوانـە کۆتاییـان پـێ بێـت، ئەوانـە فەرمانـی دامەزراندنیـان پـێ بدرێـت، لەلایەکـی تـر فەرمانـی نیشـتەجێ کردنیـان دراوە، ئەوانـە لـەو شـوێنانەی کـە نیشـتەجێ دەبـن، ←


بـە هـەر شـێوەیەك بێـت لـە ناوچەکـە رادەکـەن و دووبـارە دەگەڕێنـەوە سـەر ئـەو نەریتـەی کـە خویـان پـێ گرتـووە، زیـان بـە خەڵکـی گوێرایـەڵ دەگەیەنـن، بـە تێروانیـن لـە ئـاگاداری ویلایەتـی سـیواس ئـەو هەمەوەندانـەی بـۆ ئـەوێ نێـردراون، بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەگـەر یەکسـەر دەرفەتیـان دەسـت بکەوێـت رادەکـەن، بۆیـە تێگەیشـتوون نیشـتەجێ کردنیـان لـەوێ گونجـاو نییـە، بە پێـی پلانی ناوبـراو راپۆرت کـراوە، بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش لـە بـارەی ئەوانـەوە پێویسـتە بە پێـی بەرژەوەندی یاسـا و رێسـایەکی قـورس دابنرێـت و جێبەجـێ بکرێـت، بـە هەڵاتنـی ئـەو کەسـانە گرفـت و کێشـە دروسـت دەبێـت، ئەوانـە بـۆ لایەنـی ئەنادۆڵـی بەجـێ نەهێڵدریـن، بـە مەبەسـتی نیشـتەجێ کـردن بگوازرێنـەوە ویلایەتەکانی ئوسـکودار یاخود بینغـازی لـەوێ نیشـتەجێ بکرێـن، لـە نـاو ئەوانـەش تاوانـکار بدۆزرێتـەوە بـە شـێوەیەکی رێـك دادگایـی بکرێـن، ئەگـەر ئـەو دوو ناوچەیـە دەسـت نیشـان کـراوە و نـووسراوی لولـدراو و ئەوانـەی پێشـووش پێشـکەش کـراوە، لەگـەڵ ئـەوەش ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ٦ کانوونـی دووەم ١٣٠٣.


- وێنەی نووسراوی پێشکەشکراوە
بـە مەبەسـتی نیشـتەجێ کردنیـان بۆ ناوچـەی دیاریکـراو ئـەو هەمەوەندانـەی بۆ ئـەو ناوچەیە رۆیشـتوون بەهـۆی نەریتـی خۆیـان و بەردەوامیـان دووبـارە زیـان بـە خەڵکـی گوێرایـەڵ دەگەیەنـن، لەسـەر بناغـەی پلانـی عیراقـی بەسـەرکەوتووی بـۆ جەنابـی خەلافەتپەناهـی کراوەتـە راپـۆرت، ئامادەکاریـەکان بۆ پاراسـتنی ئاسـایش و جێبەجـێ کردنـی کاری پێویسـت لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەکیلـەکان داواکاری بـۆ قەڵـەم نێـردراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەر و هاوپێچەکانـی نیشـان دراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە هـەر شـێوەیەك فەرمانـی پاشا بفەرموویـەت، دەسـت بـەکار دەکرێـت، لـە ٥ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ٦ کانوونی دووەم ١٣٠٧.

کامل سەدری ئەعززەم

- شیفرە بۆ ویلایەتی ئەدەنە و سیواس
٢٠ کانوونی دووەم ١٣٠٣
پێشـەکی لـە بـارەی گواسـتنەوەی هەمەوەنـدەکان بۆ ئـەوەی جارێکی تـر دەرفەت نەرەخسـێت بـۆ دووبارە راکردنەوەیـان، بـە مەبەسـتی گواسـتنەوەیان ئـەوا بـۆ ویلایەتەکانـی بینغـازی و ئوسـکودار بگوازرێنـەوە، لـە سـەر ئـاگادار کردنـەوەی والا و بریـاری ئەنجوومەنـی وەکیلـەکان فەرمانـی پاشـای بـۆ دەرچـووە، بـە لایەنـی سـەدارەتپەناهیش ووتـراوە، هەروەهـا بـۆ ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتەکانیـش نـووسراوی هومایـۆن کـراوە بـۆ جێبەجێ کـردن.


بۆ ویلایەتەکانی بەنغازی و ئوسکودار
پێشـەکی لـە بـارەی گواسـتنەوەی هەمەوەنـدەکان بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر دەرفـەت نەرەخسـێت بـۆ دووبـارە راکردنەوەیـان، بـۆ گواسـتنەوەیان بـۆ ویلایەتەکانـی بینغـازی و ئوسـکودار ئـەوا بگوازرێنـەوە، بـۆ تەواوکردنـی پارێـزگاری کردنیـان لـە ژێـر چاودێـری نـەزارەت بـە جیاجیـای نیشـتەجێ بکرێن و بە کشـتوکاڵ کـردن و جوتیارییـەوە خەریـك بکرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـان بدرێـن و حـەز و ئارەزوویـان رابکێشرێـت و کارەکـە بـە گرنگییـەوە نیشـان بدرێـت، لـە سـەر بریـاری ئەنجوومەنـی فەرمانـی پاشـای بـۆ دەرچـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لایەنـی سـەدارەتپەناهی ئـاگادار کراوەتـەوە، هـەر خـۆی ئەوانـە نیشـتەجێ کردنیـان لـە سـیواس نووسراوەتـەوە کـە دەسـت بکرێـت ئەوانـە بـە باشـی نیشـتەجێ بکرێـن و پارێزگاریـان لـێ بکرێـت.



باب عالی
دائرهٔ صدارت
مکتوبی قلمی
١٢٨٦












هەواڵنامەی کتێب








هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **DH.MKT.** | 1495.109 | **8رەجەب 1305** |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٨ رەجەب ١٣٠٥
٨ مارت ١٣٠٤

ئـەو کاتـەی جەنابـی ئیسـماعیل حەقـی پاشا لـە کاتـی ئەرکەکـەی کـە لـە کەرکـوك بـوو، بـە سـەرۆکایەتی ئـەو دیوانـی جەنگـی دامـەزراوە و نێـردراوە، بـە نووسراو بۆ لای واڵای سـەر عەسـکەر نێـردراوە، لـە داواکاری نـووسراو بـە ژمـارە ١٢٥ خەڵکـی هەولێـر پاشا بەیراقـدار زادە سـلێمان ئاغـا لـە تاکـی سـەربازی شـاهانە بـە چـەك هەرەشـەی لـە کەسـێك کـردووە بـە نـاوی مـەلا عەلـی زادە کەریـم هەولێـری، ناوبـراو سـلێمان ئاغـا بـە پێـی سـزای یاسـانامەی هومایـۆن مـاددەی سـێیەم لـە ١٠٣یـەم بـە گوێـرەی دەسـتەواژەی کۆتایـی ئەگەرچـی بریـاری بـۆ دەرچـووە بـە زینـدانی کردنـی بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ، بـەڵام ناوبـراو ئـەو ماددەیـەی پێـی سـزا دراوە، بـە گوێـرەی ڕەفتارەکـەی گونجـاو نییـە، یاسـانامەی بـاس کـراو لـە مـاددەی ١٨٠ هەروەهـا لـە مێـژووی جێبەجـێ کردنیـەوە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ زینـدانی بکرێـت، لێـرە لـە دیوانـی جەنگـی کارگێـری عورفـی بریـاری لـە سـەر دراوە، هەروەهـا بـۆ جێبەجـێ کردنـی داواکاری ناوبـراو بـە ووتـەی دیوانـی جەنگـی بـاس کـراو نێـردراوە، لـە سـەر نـووسراوی سـەربازی ناوهاتـوو بۆ جێبەجـێ کردنـی لەلایەن سـەدارەتپەناهی ڕەزامەنـدی دراوە، هەروەهـا بە فەرمانی پاشـای جەنابی پاشـا فەرموویەتی، سـەر عەسـکەر ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە سـەروو فەرمـان و نـووسراوی بـۆ کـراوە، بـە فەرمانـی پاشـا دەسـت بکرێـت بـە جێبەجـێ کردنـی.







هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.DH. | 3.16 | 24 جەمادی یەکەم 1306 |

تەلەگرافنامە بە وەکالەتی والی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ هاتووە
بـە دوورخراوەیـی ئـەو هەمەوەندانـەی کـە لـە بەنغازی بوونیـان هەیـە، ئەمجـارە ١٠٩ تاکـی ئـەو هـۆزە بە کەشتی بێگانـە سـەرکەوتوون و هەڵاتـوون لـە کەنارەکانـی سـوریا دەرچـوون لەوانـە ٩یان لـە ناو شـارەزوور هاتوونەتـە لایەنـی قـەزای هەولێـر، هەرچـی ئـەو کەشـتیەی کـە پێـی هاتـوون لەلایـەن کاپتنـی کەشـتیەکە بـۆ خەرجـی رێـگا هـەر یەکـە یـەك لیرەی ئینگلیـزی لـێ وەرگرتـوون، ئەمجارە ئـەو هەواڵـە بە راستەقینەوە هاتـووە، ئەگـەر بێتـو ئـەم هەمەوەندانـە لەمـەودا ئـەو شـوێنانەی کـە لێـی دەمێننـەوە بـە بـێ پابەندبـوون بەتایبەتـی لەلایـەن کاپتنـی کەشـتیەکان یارمەتـی بدرێـن، هیـچ یەکێکیـان ناوەسـتن بـە هەڵاتـن بـۆ ئـەم شـوێنە دێـن و دەسـت بـە جموجـۆڵ و چالاکـی بـەد و زوڵـم دەکەنـەوە، هەروەهـا گومانـی تێـدا نییـە کـە جارێکـی تـر مەحاڵـە بتوانرێـت دەسـت بەسـەر بکرێـن، ئەوانـەی لەلایەنـی تەرابلـوس و بەنغـازی بوونیـان هەیـە، دەبـێ ئەوانـە لـەو شـوێنانەی کـە بوونیـان هەیـە بە کشـتوکاڵ خەریـك بکرێـن و نیشـتەجێ بکرێن، تەنیـا بـەم رێگایـە دەتوانرێـت بوەسـتێنرێن، بـەم شـێوەیە دەتوانیـن رێگەیـان لـێ بگیرێـت تـا رانەکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە فەرمـان و ئـاگاداری بـە هـاوکاری جەنابـی نەزارەتپەناهـی بـۆ ویلایـەت و موتەسـەرفەکان نێـردراوە کـە ئەوانـەی تێـدا نیشـتەجێ بوونـە، هەروەهـا ئـەوەی پێویسـتە رابگەیەندرێـت لـە هەڵاتنیـان نابـێ ئـاژەڵ و چـەك ببـەن، بـە پشـکنین کێشـە و گرفتیـان لـێ دوور بخرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش لـە ویلایـەت دووپاتکراوەتـەوە و بـە سـەختی چەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، لـە ١٣ کانوونـی دووەم ١٣٠٤.







هەوالنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 138.2 | 11 رەبیعی یەکەم 1306 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە لە ویلایەتەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە
لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٠٤ فەرمانی تەلەگراف لە مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٤ هاتووە، تێلەکانی ئێرە بەردەوام گوێ بیست نابێت، لە یەکەم تەلەگرافنامەدا نووسراوە کە لایەنگری هۆزی ناوهاتوو، مەبەستی هۆزی جافە، چونکە دەیانەوێت سەرۆکی هۆزی جاف عوسمان بەگ لە قائیمقامیەتی کەلعەنبەر دابمەزرێنن، لە شوێنی ئەویش برادەری مەحمود پاشا دابنرێت، دەستەواژەکەی سەروو بە دەستەواژەی جاف رۆیشتووە، هەرچی هۆزی ناوبراو لە هۆزی جیاجیا پێك هاتوون، بۆ بەرێوەبردنی هۆزەکەش بە پلەی موختار یەك سەرۆك و هەر سەرۆکێکیش لە ژێر کارگێری لە پلەی باش موختار سێ تا پێنج کەس هەیە، بە کۆی گشتی ناوبراو عوسمان بەگ بوونی هەیە، ئەگەر ناوبراو عوسمان بەگ ببێت بە قائیمقامی کەلعەنبەر، لەو کاتە دەبێ یەکێك لە شوێن ئەو وەکو سەرۆك هۆز دابنرێت، ئەویش یەکێك لە برادەرەکانی هۆزەکە دەبێت، ئەوانیش بۆ جێگیربوون و قایم کردن بە توانان، ئەگەر بێتو سەرۆك دابمەزرێت، بە گوێرەی ئەوە دەبێ مامەڵەی جێبەجێ کردنەکەی بۆ بکرێت، ئەگینا هۆزی ناوهاتوو یاخود هەموو هۆزەکە بۆ پاراستنی هۆزەکە هیچ رۆژێك ئەو مامەڵەیە ناکرێت، لە ٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٤.
فائیق والی پێشووی ویلایەتی موسڵ




| I.DH. | 01126.087972 | 11 رەجەب 1306 |
|---|---|---|

کۆشکی یلدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لـە موسـڵ و هەولێـر و کـۆی سـانجەق لەگـەڵ روانـدز بـە فەرمـی راگەیەنـدراوە کە کۆلێرا سـەری هەڵـداوە، لـە باڵیـۆزی تەهـران تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، لەوێـش بـۆ فەرمانگـەکانـی تەندروسـتی نێـردراوە و زانیاریـان پـێ دراوە، هاوپێـچ لەگـەڵ نـووسراوی نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـە پێشـکەش کـراوە، هەروەهـا لـە ویلایەتـی موسـڵ ئـاگاداری نێـردراوە لەبـەر ئـەوەی یـەك رۆژ هیـچ نەبـووە، ئەگـەر راسـتی ئـەو چیرۆکـە بـاوەر پێکراویـش نەبێـت، لـە ویلایـەت بـە تەلەگـراف چۆنیەتـی سـەرهەڵدانی بـاس کـراوە، جگـە لەوە نـووسراوی مێـژووی ١١ رەجـەب ١٣٠٦ لـە سـەدارەتپەناهی راگەیەنـدراوە، ئەگـەر ئـەو چیرۆکـەی کـە بـاس کـراوە راسـتیش بێـت، دەبـێ ئامادەکاری تەندروسـتی لـە کاتـی خۆیـدا بکرێـت، لـەم بارەیـەوە لەگـەڵ ویلایەتـی ناوهاتـوو بـە گفتوگـۆ کـردن ئەگـەر چیرۆکەکـە راسـت بێـت، ئـەو نەخۆشـیە یەکەم جار لـە کـوێ؟. هەروەها چ کاتێـك سـەری هەڵـداوە، لـە کوێـش بـەرەو شـوێنی تـر رۆیشـتووە، هەروەهـا ئەمـرۆ لـە چ پلەیەکـە و لـە ناوچـەکان چـۆن ئامـادەکاری کـراوە و کاری بـۆ کـراوە دەبـێ هـەر ئێسـتا ئـەو زانیارییانـە بـە راسـتگۆیی پێمان بـگات، لەگـەڵ ئـەوەش لـە ناوچـەی سـلێمانیە تـا چ ئاسـتێك کۆلێـرا سـەری هەڵـداوە و دەسـت بـە ئامادەکارییـەکان بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی ١٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣٠٦ لـە بەندەتـان تۆمـاری لـە فەرمانگـەی تۆمـاری بەدرێـژی (تفصیـل) جێبەجـێ بکرێـت، هـەر ئێسـتا بـێ ئـەوەی بابەتەکـە بچـووك بکرێتـەوە هـەواڵ بدرێتـە فەرمانگەکانـی تـر دەسـت بـە کار بـن، بـۆ ئـەوەی ئەمـر و فەرمانـی جەنابـی پاشـای خەلافەتپەناهـی جێبەجـێ بکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ رەجـەب ١٣٠٦ و ٢ مـارت ١٣٠٥.


سەرکاتیب جەنابی پاشا


بـۆ ئـەم کارە لـە سـەر فەرمانـی پاشـا تەلەگرافنامـەی پاشـا بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوە، ئەوەی پێویسـتە ئـاگاداری بـۆ فەرمانگـەکان نێـردراوە، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەی بـۆ ویلایـەت دێـت لایەنـی واڵا فەرمانـی لە سـەر داوە، لـە ٤ مـارت ١٣٠٥.

| DH. | 01295.5.102373 | 1 رەمەزان 1306 |
| --- | --- | --- |

لە مەمالیکی مەحروسەی شاهانەیە هەر لە کۆنەوە باوباپیرانی مولکیان هەیە، هەروەها لە وەرزی هاوین لە ناحیەی لاهجان کە مەزرەعە و مەروماڵاتیان هەیە، چوار ساڵ پێش ئێستا لەلایەن فەرمانبەرانی ئێران شوێنەکە جێگیرکراوە و بینایەی لێ دروست کراوە، ئەوانەی سەر بە هۆزەکەن بە نهێنی نزیکەی ١٠٠٠ خانە گوازراونەتەوە ئەوێ و نیشتەجێ بوون، ئێستا بۆ گواستنەوەی ئەو خانانە لە تێچووی میری ئەوەی ماوەتەوە لە هۆزەکە وەردەگیرێت، بەم راگەیاندنە، بری باجی کۆن لە ئەوانە وەرناگیریت کە لە شوێن خۆیانن، ئەوانەی ئێرەش لە رێگەی کشتوکاڵەوە بە خۆیان دەیدەن، لە کۆتاییدا ئەوانەی خانەیان گواستۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەشی میریان نەداوە، ماوەی دوو ساڵە دووبارە لە رێگەی کشتوکاڵەوە لەگەڵ دوو رووبار دراوەتە ئەوانی تر، هەندێك لە زەوییە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەوەی وەکو پێشوو بدرێتە خۆیان، لە ناو ویلایەتی موسڵ قەزای رانیە بە ناوی هۆزی بلباس بە واژووی ئەمین و هەموو واژووەکانی تر تەلەگرافنامە هاتووە، داوایان کردۆتەوە، ئەم کارەش بە ناچاری دەبێت بدرێتە ئەوانەی لە هۆزەکە ماونەتەوە، ئەگینا ئەوانەش وەکو ئەوانی تر ناچار دەبن خانەکانیان بگوازنەوە، بە گوێرەی وەڵامی ئەو لێکۆڵینەوەی کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، هاوپێچ دوو پارچە تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە ، لە هۆزی ناوهاتوو ٢٢٠ خانە لە قەزای هەولێر و ٣٠ خانە لە ناحیەی کۆپری بە کشتوکاڵ خەریکن، ئەو ٢٢٠ خانە لە قەزای رانیە کە شوێنی کۆنی خۆیانە ماونەتەوە، ئەو زەوییانەی کە سەر بە سەرۆکەکانیانە، هەندێکیان بە کشتوکاڵەوە خەریك کردوون، هەروەها ئەوەی ئەوانە بەدوای دا دەگەرێن لەگەڵ دوو رووبارەکە مەزرەعەکان نەدراوەتە کەس، ئەوەی لەوێ ماوەتەوە باجەکانیان بە گۆرانکاریەوە رێك بخرێت و ئەو هۆزانەی کە حەزیان لە کشتوکاڵە، ئەو هۆزانە بە مەرجی نیشتەجێ کردن بە یەکسانی زەوییەکانیان بەسەر دابەش بکرێت، ئەوەی لەسەر حکوومەتە یەکەم جار ئەگەر بکرێت لە بارەی ناکۆکی سنوور ئەوا دەکرێت بە یەك کاتژمێر چارەسەر بکرێت، یاخود ئەگەر ئەو زەوییە جۆلانەی بۆ فرۆشتن دانراون یەك تاقم گوند و مەزرەعە هەندێك زانیاری و تێروانین بکرێت، هەروەها ئەو زەوییانەی لە چواردەوری بوونیان هەیە زۆربەیان لەبەر هەندێك هۆکار بەبێ تاپۆ بەکاری دەهێنن، تەنانەت لەگەڵ ئێران ئەو ناوچانەی بوونیان هەیە کە هەم لەسەر سنوور یاخود لە سنوور نزیکە خەڵکەکەی هەر لە کۆنەوە باوباپیرانیان بە بێ تاپۆ بەکاری دەهێنن، ئەوانەش بە ناوی جۆل و بێ خاوەن نووسراوەتەوە، ناچارن خانەکانیان بۆ ئێران بگوازنەوە، بە داواکاری و سکاڵایان ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها هۆزی بلباس کە ناویان هاتووە داواکراون و جێگای رێزن، ئەوە راگەیەندراوانەی پێش ئێستا هاتوون و تێگەیشتوون پێویست دەکات دووبارە ئەو شوێنانە ئاوەدان بکرێتەوە، هەر جۆرە ئامادەکاریەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت و کاری بۆ بکرێت، ئەوەی گرنگە و پێویستە ئەنجام بدرێت، هۆزی ناوهاتوو ئەو زەوییانەی کە بەدوایدا دەگەرێن لەگەڵ رووبارەکان ئەو برەی بوونی هەیە داوایان کردووە لەسەر بەشەکەی گۆرانکاری بەسەردا بێت، هەروەها لە بارەی باجەکەش لەگەڵ نەزارەتی دەفتەرخاقانی بە گفتوگۆکردن نیشان دراوە کە دەبێ کارەکە چارەسەر بکرێت، بۆ مەسەلەی سنوورەکەش لەگەڵ بابی عالی بریارەکەی جێبەجێ دەکرێت و ئەو بریارەش لە سەروو رادەگەیەندرێت و بڵاودەکرێتەوە، لەم بارەیەوەش بۆ جێبەجێ کردن ئەمر و فەرمان دەدرێتە بەندەکانی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە خاوەن میهرەبان و ئەفەندیمە، لە ٢٦ شەعبان ١٣٠٦ و ١٥ نیسان ١٣٠٥.

بۆ ئەو کارە ئەو داواکاریە لەگەڵ سێ پارچە تەلەگرافنامە کە لە سەروو هاتووە لەگەڵ فەرمانی پاشای جەنابی پاشا ئەو تەلەگرافنامانەی کە ناویان هاتووە بۆ بابی عالی نێردراون، سەرەتای رەمەزان ١٣٠٦ و ١٩ نیسان ١٣٠٥ .


٢٢٦١
İDH 1295-5/ 102373




| | | |
|---|---|---|
| 29 زیلقەعدە 1307 | 17.83 | Y.PRK.UM. |

لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە

حاجی حەسەن ئاغا کە هاتە ئێرە، لە سەر داواکاری حاجی عەلی هێنابووی، لەو کاتەی بە ڕێگەی هەولێر چۆتە بەغداد بۆ دیاری پاشا ئەگەر ئەسپێکی گونجاو بدۆزێتەوە، ئەوا هەواڵ دەداتە بەندەتان، بۆ ئەمە بەڵێنی داوە، لە ڕاستییدا نووسیویەتی کە لە هەولێر ئەسپێکی گونجاوی دۆزیوەتەوە، ئەو ئەسپەیەی بە کڕین هێناویەتی، لە بەغداد و کەرکووك ئەسپێکی گونجاوی نەدۆزیوەتەوە لە کاتی گەرانەوەی باسی کرد، ئەو ئەسپەی لە هەولێر هێناویەتی تەمەنی پێنج ساڵە، ئەگەر باڵای بەرزە، گوێچکەکانی کەمێك بچووکە، ئەسپێکی سپی دەمی کەمێك بۆ لای ڕاست ڕۆیشتووە، هەروەها دڵسۆزی بەندایەتیم بۆ جەنابتان بیر دەکەمەوە ئەسپێکی ئاوا شایەنی ئێوە نییە، بۆیە لەلای موسڵ و دەوروبەری چەند ئەسپ هەیە، هەمووی بینیوە، بەڵام بە دڵی نەبووە، لە کۆتاییدا ئەوەی لە شەمەر هێنراوە، تەمەنی سێ ساڵە، زیاد لە پێویست بە دڵی بووە، هەروەها بە دل بوونی ئێمە هێشتا عەرەب نەیزانیوە، بە ڕێگەی کۆچ فرۆشراوە، هەروەها ئەو ئەسپە زۆر سەرنجڕاکێش و بە گوێرەی تەمەنی بەرچاوە، لەگەڵ بەندەم بەبیر کردنەوە ئەوەمان پێ گونجاو بوو، بەڵام بۆ پاشا ئەسپێکم دۆزیوەتەوە شایەنی ئەو بێت پێشکەشی بکەم، هەر لەبەر ئەوەی والی موسڵ نەیکڕیوە، ئەسپەکانی دراوەتە ئەو و رادەستم کرد، یەکێکی جوانیشی لە نێوان تەمەنی چوار پێنج ساڵ بۆ کوڕەکەی کڕیوە، بەیەکەوە بردی، ووتی داواکاری بۆ حاجی عەلی بەگ نووسیووە، بەڵام ئەو ئەسپانەی هەروەك بۆ ئێوەم داوا کردبوو، بەو ئاستە نییە، بە پۆستە پێشکەشی دەکەم. بە پێشکەشکردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ هیچ کەس هیچ شتێکم نەنووسیوە، بە خۆی لەگەڵ ئەسپەکان ئێستا گەیشتوونەتە سیواس، لە ٥ تەمموز ١٣٠٦.


تاهیر والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>25 زیلحیجە 1307</td><td>17.129</td><td>A. MKT. NZO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لە ٣٠ تەمموز ١٣٠٦ لە موسڵ کۆلێرا نییە، لە هەولێریش نەماوە، بەڵام لە رواندز و عەقرە ئەگەر نەخۆشیەکە بوونیشی هەبێت، مەترسییەکەی کەمی کردووە، لە بارەی گۆڕینی مەعروف ئەفەندیش بە گشتی چۆتە لای هەموو پلەدارەکانی ئیسلام و کریستیانەکان، جگە لەوە بە واژووی یوزباشی لەتیف لە ئالای ٤١ ی تابوری چوارەم و بە هاوکاری شەعبان پاشا تەلەگرافی نووسیوە، لە دانیشتووان تا ئێستا کەس بەشداری نەکردووە، مەعروف ئەفەندی لە بەردەوام بوونی لە ئەرکەکەی بێ ئومێد بووە، لە کەرکووک هەندێك تەلەگرافی نووسیووە و پاراوەتەوە، پێشتر بۆ فەریق پاشام نووسی ئەو پیاو بە هیچ شێوەیەك مانەوەی لێرە مۆڵەت پێدراو نییە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەمرۆ لە سەدارەت گۆڕینی راگەیاندراوە، بەهرام پاشاش ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی تر ئاماژەی پێ دەکات، لە ٣١ تەمموز ١٣٠٦.<br>تاهیر</td></tr>
</table>




| 21 زیلقەعدە 1307 | 44.19 | Y.MTV. |
|---|---|---|

وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ دەرچووە
لەگەڵ دەرکەوتنی نەخۆشیەك کە گومانی کۆلێرای لێ دەکرێت، مردنی هەندێك کەس ڕاگەیانراوە، بۆ ناردنی پزیشکێك بۆ قۆماندانیەتی فرقەی دوانزەمین نووسراو کراوە، یەکسەر پزیشکی بینباشی عەبدولرەحمان ئەفەندی نێردراوە، وەڵامی وەرگرتووە، ئەگەر عەبدولرەحمان ئەفەندی گەیشتۆتە هەولێریش بە پێی ڕاپۆرتی خودی خۆی نەنێردراوە، بەڵام ئێستا لە قائیمقامیەتی هەولێر تەلەگرافنامە وەرگیراوە، دوێنێ ئێوارە لە کاتژمێر ١٢ تا ئەمرۆ ئێوارە کاتژمێر ١٢، تەنیا ٤٧ تووشبوو هەبووە، لەوانە ٢١ هەروەها لە نەخۆشە کۆنەکان ٦ لە ئەنجام دەکاتە ٢٧ کەس مردوون، ئەمەش ڕاگەیەندراوە، چۆنیەتیەکەشی بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە ڕوون کراوەتەوە و ئاگادار کراوەتەوە، لە ٢٧ حوزەیران ١٣٠٦.

جگەلەوە
ئەو تەلەگرافەی دوێنێ بۆ هەولێر نێردراوە، پزیشکی بینباشی عەبدولرەحمان ئەفەندی بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی داوەتە حکوومەتی ناوەخۆ ئەو نەخۆشیەی لە هەولێر بڵاو بۆتەوە نەخۆشی کۆلێرایە، بۆ ئەمەش ڕوون کردنەوەی داوە، لە ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦.

جگە لەوە
لە دوێنێ ئێوارەوە تا ئەمرۆ ئێوارە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، لە هەولێر ٩ تووشبوو لەوانە ٣ و لە نەخۆشە کۆنەکان ٨ بە کۆی گشتی ١١ مردوو هەبووە، ڕوون کراوەتەوە و ئاگاداری نێردراوە، لە ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦.




| | | |
|---|---|---|
| Y.MTV. | 44.20 | 25 زیلقەعدە 1307 |

پلەوپایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
تایبەتی

لە سەر ئاگاداری قائیمقامی هەولێر بە میهرەبانیەوە ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لە هەولێری گومان دەکرێت نەخۆشی کۆلێرا سەری هەڵدابێتەوە، هەروەها لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ٤٧ تووشبوو هەروەها ٧ مردوو هەبووە، بە نووسراو لە بورسە پزیشك عەبدولرەحمان ئەفەندی بۆ دەرخستنی ئەو نەخۆشییە ئەرکی پێ سپێردراوە، بەڵام لە بارەی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییە هیچ روون کردنەوەیەك نەدراوە، لە ناوبراو پرسیار کراوە، هەر کە وەڵامەکە گەیشت ئەگەر پێویست بکات ئەوە سەرباز رەوانە دەکرێت، هەر لە ئێستاوە بۆ ئامادەکردنی دوو بلۆك پیادە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ سوار نووسراو بۆ قوماندانیەتی فرقەی دوانزەم کراوە، لە ژێر موشیرەتی لەشکری همایۆن تەلەگرافنامە بە مێژووی ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦ روون کراوەتەوە، هەروەها بە گوێرەی چاودێری کردن لەو تەلەگرافنامەیەی کە لە موشیریەتی ناوهاتوو وەرگیراوە، نەخۆشیەکە کۆلێرایە و لە ماوەی ئەو پێنج رۆژەدا زۆر بە قورسی بڵاوبۆتەوە، بە پێی زانیاری ناوبراو بینباشی عەبدولرەحمان ئەفەندی پزیشك لە کەرکووك، پزیشکی قائیمقام ئەیامنلیونداس بەگ هەروەها لەم مانگەی رومیدا لە رۆژی ٢٤ تا ٢٧ ئێوارەکەی ٧٨ تووشبوو ٤٦ مردوو هەبووە، دیسان لە سەر روون کردنەوەی عەبدولرەحمان ئەفەندی پزیشك، لە تەلەگرافنامەی قۆماندانیەتی فرقەی دوانزەمین ئاوا تێگەیەندراوە، ئەوەی لە سەرەوە باس کراوە لە کەرکووك دوو بلۆك پیادە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ سوار لەگەڵ پزیشکەکە ئامادە کراوە بۆ چارەسەر و بنبرکردنی ئەم نەخۆشیە هەر ئێستا دەبێ دەربچن، ناوبراو لە وەڵامدا بۆ قۆماندانیەتی نووسیویەتی دەرکەوتووە، هەروەها لە کۆتاییدا ئەو تەلەگرافنامەیەی هاتووە، لەبەر نەخۆشی ناوهاتوو لە خاڵی پاراستنی کۆی سانجەق و رواندز لەگەڵ جێگیر کردنی سەرباز قەدەغەکردنی تێکەڵ بوون راگەیەندراوە، لە قۆماندانیەتی فرقەی ناوبراو ئەو روون کردنەوە دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٣٠٧ و ٣٠ حوزەیران ١٣٠٦.


عەلی رزا سەرعەسکەر

هەولێرنامەی کتێب



| | | |
|---|---|---|
| **MF.MKT.** | 129.81 | **28 زیلقەعدە 1307** |

بۆ نەزارەتی مەعاریفی جەلیلەی جەنابی پاشا
لەلایەن بەندەتانەوە
هـەر لـە کۆنـەوە دڵسـۆزیم بەرامبـەر ئەفەندیـم و بەندایەتیـم رۆژ بـە رۆژ زیـاد دەکات و بـەرز دەبێتـەوە، لـە هـەر پێنـج کاتـی پیـرۆز نـزای خێـر بـۆ دەوڵـەت دەکـەم و یـادی دەکەمـەوە, ئەمجـارەش لـە ساداتی بەرزنجـی و خانەدانـی کۆنـی کەرکـوك، لـە قـەزای هەولێـر بەرێوەبەری ناحیەی سـوڵتانییە بەندەتان سـەید عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی خـودی خـۆی کەسـێکی رەوشـت بـەرز و ئاسـت بـەرزە، هەر لـە سـەرەتای ئەرکی بەرێوەبەرایەتیەکەیـەوە بـە شـێوەیەکی رێکوپێـك و بـاش خزمەتـی کـردووە و ئەرکەکـەی جێبەجێ کـردووە، لەبـەر ئـەوەی ئەرکـی کارەکـەی لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ پەسـەند نەکـراوە، بەنـدەی ناوبـراو نیـوەی مووچـەی پـێ دەدرێـت، ئەمـەش لـە بـارەی ئـەوەوە دەبێتـە زوڵـم، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی موسـڵ لـە نـەزارەت بـۆ پەسـەندکردنی فەرمانەکـەی لـە مێـژووی ٦ حوزەیـران ١٣٠٦ ژمـارە ٢٥ کۆتایـی هاتنـی راگەیانـدراوە، لـەم بارەیـەوە سـۆز و میهرەبانـی دەوڵـەت بـۆ پەسـەند کردنـی فەرمانەکـەی و دەرچوونـی، هەروەهـا ئـەو پەرێشـانیە کۆتایـی پـێ بێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتە دڵسـۆزی و بەزەیـی دەوڵـەت بفەرمووێـت بوێریم کـرد ئەو داواکارییـە پێشـکەش بکـەم، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٤ تەممـوز ١٣٠٦.
داواکار موعەلیمی دووەم لە مەکتەبی روشدییەی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 1663.15 | 7 سەفەر 1307 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٧ سەفەر ١٣٠٧
٢٠ ئەیلوول ١٣٠٥

لە قەسەبەی کۆپری یەك قازی کۆچی دوایی کردووە، جگە لەوە هیچ شوێنەوارێکی کۆلێرای پێوە دیار نەبووە، بە گوێرەی ئەو فەرمانەی کە لەشکری چوارەمی هومایۆن داویەتی بە هێڵی پاراستنی تەندروستی، بە پشت بەستن بە فەرمانەکە لەلایەن وەکیلی قوماندانی کەرکووکەوە هەڵگیراوە، لەم حاڵەتە هێڵی پاراستنی موسڵ نۆ کاتژمێر مەودای ناوچەکانیانە، قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق و رانیە، لە ناو ئەو هێڵەن و دەمێننەوە، بە پێی لێکۆڵینەوە ئەگەر پێویست بکات لەم ناوچانە بۆ هەر یەکە برێك سەرباز جێگیر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەلەگراف لەلایەن موشیری ناوبراو دراوەتە ویلایەتی دیاربەکر، هەروەها بە پشت بەستن بە هەندێك ووتە تەلەگرافنامەی پزیشکی پاراستن خانە، هەروەها ئەو تەلەگرافنامەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لەگەڵ دوو پارچە مامەڵەی وەرگیراو بە هاوپێچەوە نێردراوە، لە نەزارەتی ناوبراو بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە فەرمان دراوە تا دەست بەکاربێت.





| DH.MKT. | 1664.83 | 12 سەفەر 1307 |
|---|---|---|

لە نێوان هومایۆن و باش کیتابەتی جەلیلە
١٢ سەفەر ١٣٠٧
٢٥ ئەیلوول ١٣٠٥

بەهۆی سەرهەڵدانی کۆلێرا لە سلێمانییە لە خاڵی ئاڵتون کۆپری بۆ ئەوەی لەلایەنی ووشکانی کەس تێنەپەڕێت، کاری ئامادەکاری پێویست ئەنجام دراوە، لە کۆتایی لەوێ قازیەك مردووە، دوای لێکۆڵینەوە لە خاڵی ناو هاتوو بیست کاتژمێر مەودایەکەیەتی، لە هێڵی زابی سەروو تا لایەنی موسڵ هەوڵ بدرێت پیاو پێدا تێنەپەڕێت، سەرەتا بە تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ روون کراوەتەوە، لە قەسەبەی کۆپری یەك قازی کۆچی دوایی کردووە، لەوە زیاتر شوێنەواری کۆلێرا نەبینراوە، بەو هێڵە تەندروستخانەیەی کە دانراوە، بەو فەرمانەی کە بە موشیرەتی لەشکری چوارەمی هومایۆن دراوە، لەلایەن وەکیلی قۆماندانی کەرکووك هەڵگیراوە، بەم شێوەیە هێڵی پارێزگاری مەودای نۆ کاتژمێرە لە ناوچەکانیان، قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق و رانیە لە ناو ئەو هێڵە تەندروستخانەیە دەمێننەوە، ئەگەر پێویست بکات لەم شوێنانە بۆ هەر یەکە برێك سەرباز دابنرێت، ئەو پاراستنخانەیە لە سەر ئاگاداری پزیشك لە ویلایەتی ناوبراو بەم دواییە تەلەگرافنامە هاتووە نووسراوە، بە گفتوگۆ لەگەڵ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە، لە وەڵامدا ئەگەرچی لە گوندی ئاڵتون کۆپری یەك قازی بە کۆلێرا مردووە، دواتر بە ماوەی حەوت هەشت رۆژ لەوێ شتێك رووی نەداوە، شوێنی ناوبراو لە ژێر هێڵەکە دانراوە، ئامادەکاری پاراستنی بۆ کراوە، هەروەها لە دەرەوەی ئەو هێڵە، تا ئێستا هیچ شوێنەوارێك نەبینراوە، لە ئێستادا پێویست ناکات ئەو هێڵە بگوازرێتەوە زابی سەروو هەر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، بە نووسراو کراوە و لەگەڵ تەلەگرافی ویلایەت ئاگادار کراوەتەوە، ئەو زانیارییە روون کراوەتەوە و نێردراوە، ئەمر و فەرمان.

هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 1672.60 | 14 رەبیعی یەکەم 1307 |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی موسڵ
١٤ رەبیعی یەکەم ١٣٠٧
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٥
لـە ئـەو کەسـانەی کـە لە دیاربەکـرەوە بـۆ وڵاتێکـی دوور دوورخراونەتـەوە، لەوێشـەوە رایکردووە، سـەرۆکی هـۆزی خەسـکور چەتـە کاکئەڵـڵا ئاغـا لەگـەڵ کورەکانـی لەگـەڵ هاوکارانـی زوڵـم و دەسـتدرێژیان کردۆتـە سـەر خەڵـك و داوای باجیـان کـردووە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەو کارە بـە جۆرەهـا واژووی هەولێـر بـۆ نەزارەتـی دادوەری نێـردراوە، داواکـراوە کـە قـەزای کـۆی سـانجەق سـەر بـە ویلایەتـە راسـتی بارودۆخەکـە بنێرێـت و بەپەلـە ئاگادارکراوەتـەوە بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.

| DH.MKT. | 1742.1 | 25 زیلقەعدە 1307 |
|---|---|---|

لە نێوان هومایۆن و باش کیتابەتی جەلیلە
٢٥ زیلقەعدە ١٣٠٧
٣٠ حوزەیران ١٣٠٦
ئـەم نەخۆشـیە لـە هەولێـر سـەری هەڵـداوە، لە گوندێکـی نزیـك زاخـۆش سـەری هەڵـداوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن و ئامادەکاریـەکان ئەمـر و فەرمـان دراوە، لـە مێـژووی ٢٨ حوزەیـران ١٣٠٦ بـە نـووسراوی سـەروو راگەیەنـدراوە، لـە ئامادەکاریکـردن بـۆ پاراسـتن و تەندروسـتی ئەمـر و فەرمانـی هومایـۆن بـە پوختـی و تەواوەتـی نێـردراوە، ئـەوەی بـاس کـراوە بـە مەبەسـتی خۆپاراسـتن و رێگـری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکە لـە شـوێنەکاندا هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، بـۆ ئەمـەش هـەواڵ نێـردراوە، پوختەشـی بە نـووسراو نووسراوەتـەوە، بـۆ هێنانـی راگەیەندراوەکانـی ویلایەتـەکان لەگـەڵ موتەسـەرفیەتەکانی ئورفـە و ماردیـن لە خۆپاراسـتنی دووپـات بکرێتـەوە، هەروەهـا وەکـو یـەدەگ لـە لایەنـی ئەنـادۆڵ زانیـاری دراوەتـە ویلایەتـی شـاهانە، کۆلێـرا لـە قـەزای مەدیـات لـە گوندەکانـی دەوروبـەر بـڵاو بۆتـەوە، بۆیـە لـە خاڵـە پێویسـتەکان لەگـەڵ سـەربازی شـاهانە کـە بوونیـان هەیـە هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، هەروەهـا لەلایـەن مەدیـات و نەسـیبین بـە پێویسـت زانـراوە کـە یـەك دوو هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـە موشـیری جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی دیاربەکـر تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، دواتـر راگەیەنـدراوە، ئـەوەی بـاس کـراوە، بـۆ دامەزراندنـی دووەم هێڵـی پاراسـتن فەرمانـی بـە پەلـە دراوەتـە موشـیری جەلیلـەی لەشـکری هومایۆنـی ناوهاتوو، لەوێشـەوە نـووسراو دراوەتە لایەنـی واڵای سـەر عەسـکەر، لـە رابردووشـدا لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو یـەك تاقـم لـە داواکردنـی ئامـادەکاری تەندروسـتی، ئەوانـە بـە نـووسرای پەلـە نێردراوەتـە نەزارەتـی تەندروسـتی، هەرچـی زووە بـۆ وەرگرتـن و راگەیاندنـی بـۆ نەزارەتـی ناوبـراو فەرمانبـەری تایبـەت نێـردراوە، ئـەو زانیاریانـەی تـا ئێـوارە هەبـووە، پێیـان رادەگەیەنێـت و وەڵامـی ئـەو زانیاریانـەی کـە پێیـان دەدات وەریدەگرێـت، جگـە لـەو زانیاریانـەی کـە پێیانـی دەدات و وەریدەگرێـت، ئـەو ئامادەکاریانـەی کـە پێویسـتە بکرێـن یەکسـەر بـە پەلـە بـۆ شـوێنەکانی دیاریکـراو دەنێردرێـن، هەروەهـا لـەم مانگـەدا بـە رومیەکـەی لـە ٢٥ تـا ٢٨ لـە جەزیـرە ٤٨ تووشـبوو و ٥٦ مـردوو هەبـووە. هەروەهـا لـە مانگـی باسـکراودا ٢٦ تـا ٢٨ لـە هەولێـر ٥٦ تووشـبوو و ٣٨ مـردوو هەبـووە، لـە موسـڵیش نەخۆشـیەکی گومانلێکـراو سـەری هەڵـداوە، جگـە لـەوە لـە ویلایەتەکانـی دیاربەکـر و موسـڵ وەڵامـی ئـەو تەلەگرافنامانەیـە وەرگیـراوە، هـەروەك هاوپێـچ پێشـکەش کراوە، بۆ ئەم نەخۆشـییە کـە کات و وەختـی نییـە، بـۆ ئامـادەکاری تەندروسـتی نابێـت لـە مامەڵەکانـدا کەموکوری هەبێـت، بۆ جێبەجـێ کردنی کارەکانیـش زانیاریـەکان رادەگەیەنرێـت.

هەواڵنامەی کتێب







هەواڵنامەی کتێب

| 27 زیلقەعدە 1307 | 1742.23 | DH.MKT. |
|---|---|---|

لە باش کیتابەتی هومایۆنی جەلیلە بۆ والآی جەنابی سەر عەسکەر و نەزارەتی تەندروستی جەلیلە و نەزارەتی پزیشکی
٢ تەمموز ١٣٠٦
٢٧ زیلقەعدە ١٣٠٧
لە مانگی حوزەیران لە ٢٨ تا رۆژی ٣٠ ی ئێوارەکەی لە جەزیرە و ناحیەی سەلەوانی لە هەندێك گوندەکانی ٢٥ تووشبوو ١٨ مردوو هەروەها لە دوو گوندەکەی تریش لە ماوەی ١٠ رۆژدا ١٩ تووشبوو و ٩ مردوو هەبووە، هەروەها لە گوندی ناحرین نەخۆشیەکە بڵاوبۆتەوە، لە دیاربەکر و لەم مانگەدا ٢٩ لە هەولێر ٢٦ تووشبوو ١٦ مردوو هەبووە، هەروەها لە رۆژی ٣٠ دا ٩ تووشبوو و ١١ مردوو هەبووە، لە ویلایەتی موسڵ لەو تەلەگرافنامانەی وەرگیراوە راگەیەندراوە، کۆلێرا لەم نەخۆشییە سەیرانەیە بە تەمای خوا و پشت بەستن بە خوا بۆ رێگەگرتن لەم نەخۆشییە ئامادەکاری تەندروستی کراوە، لە بارەی خۆپاراستنەوەش ئەوەی راگەیەندراوە یەکسەر ویلایەتەکان ئاگادار بکرێنەوە، لە سەر ووتەی حکوومەت و سەروو هێڵی پاراستن دامەزرێت، بە پێی ئەو وەڵامنامانەی وەرگیراوە ئەوەی ئاشکراشە لە ناو ماردین بۆ هێڵە تەندروستییەکان لە ناوچە نزیکەکان سێ پزیشك و دوو دەرمانچی بە پەلە بنێردرێت، هەروەها لەبەر زۆری تووشبووان لە دەورووبەری جەزیرە لەو هێڵەی کە دانراوە یەك بلۆك سوارە لەم نەخۆشیە سەلامەتن نیوە بە نیوە بە بەیەکگەیشتن لە هێڵی تەندروستی نەسیبین بگات بە دیاربەکر، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی لایەنی سەربازی کراوە، هەروەها لە قەزای مەدیات گوندی جیل بەهۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکە خەڵك لە دەورووبەر دەستی بە شەڕ کردووە، بۆ رێگەکرتن لە تێکەڵ نەبوونیان لە مەدیات ناحیەی بەشیری بە تەواوی پەیوەندی پچراوە، هەروەها نەخۆشییەکە لە قەزای جەزیرە لە گوندەکانی بەهۆی بڵاوبوونەوەی لە قەزای ناوبراو سەیری داهاتەکان ناکرێت، لە دیاربەکر و جەزیرەش لە سانجەقی سەعرد لە قەزای برادارى هۆزی کۆچبەر لەگەڵ قەزای ئاردە لە مەرکەزەوە بە سەرباز خراوەتە ژێر هێڵی تەندروستییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها بۆ سەعرد بە پێویست زانراوە کە فەرمانبەری تەندروستی و لە کۆتاییدا پزیشکیش بنێردرێت، موسڵ و بەتلیسیش لە نێوانیان سەرباز بنێردرێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو بۆ موشیری لەشکری شەشەمی هومایۆن کراوە، هەروەها بۆ ناو موسڵیش پێویست دەکات برێکی باش دەرمانچی بنێردرێت، بۆ ئەوەی بە رێگەی سەرباز ویلایەتی موسڵ و ماردین پارێزگاری لێ بکرێت، بوونی یەك بلۆك سوارە پێویست دەکات، بە گوێرەی تێگەیشتن لە موتەسەرفی ماردین بۆ والآی سەر عەسکەر راگەیەندراوە و نەزارەتەکانی تەندروستی و دارایی و پزیشکیش زانیاری دراوە تا بە پەلە دەست بە کار بکرێت، ئەگەر پێویست بکات بۆ دەست گرتن بە پەلە و بە چاودێری کردن ئامادە کاری بکرێت، یاخود ئەگەر بکرێت بە چاوخشاندن و بە گوێرەی راگەیەندراوەکان بەپەلە و بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەک رۆژانە رووداو و مامەڵەکان رابگەیەندرێت، ئەمەش بە وورایی و بە بێ دەستەوەستانی بەردەوام بکرێت.

بۆ لایەنی سەر عەسکەری والآ و نەزارەتی پزیشکی و تەندروستی
لە نێوان باش کیتابەتی هومایۆن و نەزارەتی تەندروستی جەلیلە لەگەڵ نەزارەتی پزیشکی ئەو زانیارییە دراوە، هەروەها جێبەجێ کردنی ئاگادارکراوەکان، بە تێروانین لە بەرژەوەندی لە بابەتی نووسراوە، لە بارەی نووسراوی فەرمانگەی عەسکەری جەلیلە وا هاتووە پێویستە بەپەلە کارەکان جێبەجێ بکرێت، بە ئامادەکارییەکانی ناوچە دانیشتووان بپارێزرێن، بۆ ئەوەش راگەیەندراوەکان بۆ دەست بە کار کردن نێردراوە.





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 1742.112 | 28 زیلقەعدە 1307 |

لە باش کیتابەتی جەلیلەی هومایۆن بۆ نەزارەتەکانی تەندروستی و پزیشکی
٢٨ زیلقەعدە ١٣٠٧
٣ تەمموز ١٣٠٦


لـەم مانگـەی رومیـەدا لـە هەولێـر ١٢ تووشـبوو هەروەهـا ١٢ مـردوو هەبـووە، ئـەو هێـڵ و خاڵانـەی لـە موسـڵ و قەسـەبەی نوسـەیبیندا هەیـە، هیـچ گومانێـك دەرنەکەوتـووە، ئەوانـەی نوسـەیبین سـێ کاتژمێـر دوورن، بـۆ ئـەو ناوچەیـە گوازراوەتـەوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی هێڵـی پاراسـتن، دابینکـردن و رێکخسـتن و بەرەوپێشـوەچوونی بـۆ کـراوە، هەروەهـا لـە جەزیـرە هاتـووە، لـە دیاربەکـر، قەرەکۆپـری پآتـی بـەم هێڵـە بەسـتووە، هەروەهـا ئـەو ماوەیـەی کـە سـەربازە سـوارەکان بۆیـان دانرابـوو، تەواو بـووە، هەر ئێسـتا نیوەی بـۆ خاڵـی ناوبـراو قـەرزی پـێ بدرێـت و نیوەکـەی تـری ئـەو خاڵانـەی کـە پێویسـت دەکات بـەکار بهێنرێـن و بهێنرێنـە دیاربەکـر و لـە ژێـر موشـیری قۆماندانیەتـی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن بێـت، هەروەهـا فەرمانگـەی لەشـکری هومایۆنـی نـاو هاتـوو لـە نزیکتریـن خاڵـی دیاربەکـر سـێ سـەربازی پزیشـکی لەگـەڵ دوو دەرمانچـی داواکـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا نەنێردراوە، بۆیـە دووبـارە لـە ژێـر موشـیرەتی ناوهاتـوو پێداچوونـەوەی بـۆ کـراوە، لـە ویلایەتـی دیاربەکـر بـە پێـی ئـەو ئاماژانـەی کە تێی گەیشـتوون، ئەو پزیشـك و دەرمانچـی ناویـان هاتـووە، سـەربازی سـوارەی شـاهانە بنێردرێـت، بـە دڵنیاییـەوە ئەمـرۆ واڵای سـەر عەسـکەر ئـاگادار دەکرێتـەوە.

| DH.MKT. | 1743.118 | 2 زیلحیجه 1307 |
| --- | --- | --- |


له باش کیتابەتی هومایۆن بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیله و نەزارەتی پزیشکی
٢ زیلحیجه ١٣٠٧
٧ تەمموز ١٣٠٦

لە مانگی تەمموز رۆژی دووەم لە ناو ماردین ٧ تووشبوو هەبووە، مردوو نەبووە، هەروەها بەم دەردە ٥ تووشبوو و ١ مردوو هەبووە، هەروەها لە جەزیرە تووشبوو و مردوو نەبووە، لە دیاربەکریش هەروەها لە رۆژی سێیەم لە هەولێر ٣ تووشبوو و لە نەخۆشە کۆنەکان ٢ مردوو هەبووە، هەروەها لەم دەردە ٢ تووشبوو هەبووە، مردوو نەبووە، لە مەرکەزیش حەڤدە کاتژمێر ماوەی دووری نێوانیانە، لە قەزای عەقرە جۆرێك نەخۆشی دەرکەوتووە، بەم نەخۆشیە لە ١٠ کەس ٤یان مردوون، نیشانەی نەخۆشیەکەش رشانەوە و سگ چوون دەست پێدەکات، دەبێ بۆ ئەوێ پزیشك بنێردرێت، بە ویلایەتی موسڵیش راگەیەندراوە، لە قەزای ئاردە بە هۆی کۆلێراوە لە مانگی حوزەیران لە ٢١ تا کۆتاییەکەی ١٠ تووشبوو هەروەها ٥ مردوو هەروەها تا ٥ی تەممووزیش ١ تووشبوو هەبووە، بۆ کەمکردنەوەی ئەو نەخۆشییە ئەو هۆزانەی تووشی بوون بە پێی پێویست لە ناوچەکان هێلی پاراستن دابنرێت، ئەمجارە لە ویلایەتی تەبلیس نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی ئاگادار کراوەتەوە، ئەو پزیشکەی بۆ عەقرە دەنێردرێت، هەرچی زووە بە گەیشتنی بۆ ئەوێ ئەو زانیاریانەی وەردەگیرێت بە پێی پێویست ئامادەکاری تەندروستی و پاراستن بکرێت، دیسان لە ویلایەتی موسڵ بۆ پاراستن و چاودێری ئاگاداری کاریگەر و دڵنیاکەرەوە دەربخرێت، بە گوێرەی ووریای و خزمەتکردنەوە کار بکرێت، لە ویلایەتەکان لە ئاستێکی بەرزە، بە شێوەیەکی راستەقینەوە دەست بە کار بکرێت، لە بارەی ئامادەکاری تەندروستی و یەدەگەوە بە پێی فەرموودەی سەروو دەست بە کار کراوە، لە بارەی نەهێشتنی ئەو نەخۆشییە و رێگەگرتن لە بلاوبوونەوەی بە ئەزموون کار کراوە، ووتەی حکوومەت بۆ جەنابی پاشای ویلایەتی تەبلیس وەکو خۆی، ووشە بە ووشە راگەیەندراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا راگەیەندراوە ئاخۆ پێویستیان بە پزیشك و دەرمانچی هەیە یاخود نا، ئەمەش بە نووسراو راگەیەندراوە، هەروەها لە ویلایەتی موسڵ پێشەکی داواکاری داواکراوە، لە کۆتاییش داواکاریەکە دراوەتە بازرگانی پزیشکی، ئەمەش بە رێگەی پۆستە نێردراوە، هەر ئێستا نەزارەتی پۆستە ناردوویەتی، بە گوێرەی بنکەی تەندروستی زانیاری دراوەتە نەزارەتی پزیشکی، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

تەندروستی و پزیشکی
زانیاری دراوەتە نەزارەتی پزیشکی و تەندروستی.




هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 1748.63 | 20 زیلحیجه 1307 |

لەلایەن هومایۆنەوە بۆ باش کیتابەت و نەزارەتی تەندروستی
٢٠ زیلحیجه ١٣٠٧
٢٥ تەمموز ١٣٠٦
لـەم مانگـەدا لـە ڕۆژی ١٦ تـا ٢١ لـە عەقـرە ٣٦ مـردوو هەیـە، هەروەهـا لـە ٢٣ لـە ماردیـن ١ تووشـبوو هەبـووە، ئەویـش مـردووە، لـە دیاربەکریـش لـەم مانگـە دیاریکـراوەدا ١٨ تـا ٢٣ لـە گوندەکانـی قـەزای ئـاردا لـە تووشـبووان ٦ی مـردووە، هەروەهـا بـۆ چاودێـری کردنـی ئەوانـی تـر لـە گوندەکـە و دۆزینـەوە و هـۆکاری پاراسـتنی پزیشـکی سـەربازی شـوکری ئەفەنـدی نێـردراوە، هەروەها بـۆ ڕێگریکردن لـە دەرچوونی ئـەو نەخۆشـییە لـەم گونـدە و بنبڕکردنـی بـۆ کاری پێویسـت لەلایـەن موتەسـەرفەوە ڕەزامەنـدی دراوە فەرمانبەرێکـی تەندروسـتی لەگـەڵ ٢ پاسـەوان بنێردرێـت، لە سـەر دابینکردنـی مووچەکانیان، بـە تەلەگراف ئـاگاداری ویلاتەکانیـان کراوەتـەوە، هەروەهـا ئـەوەی ووتـراوە لـە سـەر مووچـەی فەرمانبـەرە پاسـەوانەکان، دوێنـێ نـووسراوی ڕەزامەنـدی لەلایـەن سـەدارەتپەناهی ڕەزامەنـدی لـە سـەر دراوە، ئەمـڕۆش هـەواڵ دراوەتـە نەزارەتـی تەندروسـتی.






| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.UM. | 23.29 | 20 ڕەبیعی یەکەم 1308 |

شیفرەی هاتووی ویلایەتی موسڵ
ئاوا گوێ بیست بووم لە ٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ سەید عومەر ئەفەندی و حەسەن ئەفەندی بۆ وەرگرتنی زانست چوونەتە بانە، بە پێی ئەو ئاگادارییەی شێخ سەعید ئەفەندی داویەتی، ناوبراوان هێنراونەتەوە، یەك مانگە هاتوونەتە هەولێر لەوێ خەریکی وەرگرتنی زانستن، لەگەڵ ئەوەش بۆ فەرمانی سەروو پێشکەشم کردووە فەرمان، لە ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٦.
تاهیر والی موسڵ


جگە لەوە
لە سەر فەرمانی سەروو زەوی خەیلان لە ٩ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ بە ٨٥ قوروش لەگەڵ شوێنگرەوە (بدل) بۆ داواکراو نێردراوە، لەگەڵ ئاگاداری شارەزوور دەرخراوە.
تاهیر

شیفرەی هاتووی ویلایەتی موسڵ
لە ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ بە فەرمانی سەروو فەیز ئەفەندی لە ساڵی ١٣٠٣ لە کۆتایی ئەیلوول کۆچی دوایی کردووە، مانگانە مووچەی ٥٠٠ قوروش بووە، تا مێژووی سەروو دراوە، بە گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەتی بەغداد زانراوە، بۆ زەوی لە شوێن خۆی داوای زانیاری کراوە، لە کاتی وەرگرتنی وەڵام، داواکردنی رادەگەیەندرێت، فەرمان لە ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٦.
تاهیر والی ویلایەتی موسڵ




| DH.ŞFR. | 145.79 | 28 موحەررەم 1308 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەرەبەیان دەوڵەتی ئینگلتەرا باڵیۆزەکەی لە وان چۆتە هەولێر، ڕۆژی رابردوو هاتۆتە بەتلیس دوو شەو لەوێ ماوەتەوە، دواتر بۆ چوونە موش و ئەرزروم جولەی کردووە، ناوبراو لەم ماوەیەدا لەم دەورووبەرە هاتووچۆی کردووە، بەهۆی هاتنە خوارەوەی، لێرە ماوەتەوە، ئەو ماوەیەی لێرە ماوەتەوە ئەوەی جێگای سەرنج راکێشان بووە، لەگەڵ هەندێك لە ئەرمەنەکانی بینیوە و قسەی کردووە، بۆیە پێویست دەکات بە وریایەوە چاودێری بکرێت............



تلغراف نامه

هەواڵنامەی کێژ

| 12 رەمەزان 1308 | 149.57 | DH.ŞFR. |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی جەلیلە
کۆتایی مانگ چوار رۆژ پێش ئێستا ئەو مەفرەزە سوارەیەی کە بە هەولێر تێپەریوە، لە نێو خەڵکەکە دەمەقاڵی سەری هەڵداوە، لە خەڵکەکە یەك ئافرەت و یەك منداڵ مردووە، چەند پیاوێکیش برینداربووە، بۆ ئەوەی ئەو دەمەقاڵیە فراوان نەبێت، ئەو مەفرەزەیەی رۆیشتووە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی دەمەقاڵیەکە، لە نێو خەڵکەکە ئەو تەلەگرافنامەیەی وەرگیراوە، ئاوا دەرکەوتووە، مولازمی سوارە لەگەڵ قوماندانی پاشا بە گفتوگۆکردن ئەوانەی لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، بە گوێرەی دەستەی جیاوازی لێکۆڵینەوە کە لە شارەزوورەوە هاتووە، هەروەها لەو خەڵکەش کە دەستی بەسەر داگیراوە، ببێتە دەروازەیەك بۆ سەقامگیری ئاسایش، بە گوێرەی وەڵامەکان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەردەکەوێت ئەو کاتە دەست بە جێبەجێ کردنی کارەکان دەکرێت، لە ٩ نیسان ١٣٠٧.


تاهیر والی موسڵ
٩ نیسان ١٣٠٧


دائرهٔ امور صحیه

صحیه ژورنالی

هەواڵنامەی کتێب


| Y.PRK.DH. | 4.50 | 12 سەفەر 1309 |
|---|---|---|
| فەرمانگەی کاروباری تەندروستی<br>ژووری نووسین<br>ژورنالی تەندروستی<br>لە ویلایەتی حەلەب لە ٤ ئەیلوول ١٣٠٧ لە بارەی نەخۆشی کۆلێرا، تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لەم مانگە بە مێژووی رومی رۆژی ٤، لە ناو حەلەب ٤ کەس، رۆژی ٣یش، لە جەزیرە ٣ کەس، لە ئۆغستۆس رۆژی ٣١ تا ٣ی ئەیلوول لە گوندی کیتابلك سەر بە عەنتاب ٦ کەس، هەروەها لە مانگی ناوبراو لە ٢٨ تا ٣ی ئەیلوول لە گوندی هەولێر ١٣ کەس مردووە، ئەم ئاگادارییە هاتووە، لە ٥ ئەیلوول ١٣٠٧.<br>سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کارگێری کاروباری تەندروستی | | |



هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.UM. | 20.3 | 11 جەمادی یەکەم 1309 |

شیفرەی هاتووی موتەسەرفی شارەزوور
جەنابی والی پاشا لە جێبەجێ کردنی هەر فەرمانێك هەروەها فەرمانی کارگێری تێك نادەدات، بە کۆی مامەڵەکان بە بیرۆکەی بەهێزکردنی ئەفەندیمان هیچ کاتێك کەمتەرخەمی نەکردووە، لە هەموو کاتێك زیاتر هەولی خۆی دەدات، بۆ سەرکەوتنی سەروو ئامادەیە، دۆست و هاوکارە، هەروەها سوێند بە تەمەنتان کەمتەرخەمی نەکردووە، کەچی بەم دواییە بۆ مەرکەزی ویلایەت بانگ کراوە، لە تائیفەی کورد قائیمقامی هەولێر لە شوێن من دادەمەزرێت، هەر خۆشی بە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانیە نێردراوە، کارەکە بە شێوەیەکی فەرمی و نا فەرمی پێشکەش کراوە و دەرهێنراوە، هەواڵ نێردراوە، هەروەها ئەم کارە زیاتر لە ٦٠ خێزان لە ڕێگای بژێویان بۆ پاراستنی بەندەکانی خۆی بێ بەش نەکردووە، لە بەرامبەر ئەو مامەڵەیە لە قوماندانیەتی فرقەدا ئەفەندیمان لە خزمەتی بەندەکانمان دایە، بەرامبەر بە دەوڵەت هیچ هەڵەیەك ناکات، بۆیە ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەگەر لە مامەڵەی قوماندانیەتی ناوبراو دەرکەوێت لە رووی کارگێریەوە کەموکوریم نییە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دوورخستنەوەم ناهەقیە، هەروەها ستەم لێکراوی ئەو بەندەتان بکەوێتە مەیدانەوە، داهاتێکی بۆ ببرێتەوە، بیرۆکەکان راست بکرێتەوە و مامەڵەی باش جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیایەوە والی ناوبراو بە ئاگادارکردنەوەی ڕێزی لێ دەگرم، فەرمان لە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٦.
محەمەد مەهدی موتەسەرفی شارەزوور



| DH. MKT. | 31.8 | 23 شەوال 1310 |
| --- | --- | --- |


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی گەورە
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٣٩٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە خاکی ئێران لە دەورووبەری ئێران گرژیەك دروست بووە، بۆ ئەوەی نەگاتە لای سنوورەکانی ئێمە، لەم دەورووبەرە لە سەربازی شاهانە مەفرەزەیەك وەکو یەدەگ بۆ سەر سنوور بنێردرێت، ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، لە مێژووی ٢٥ نیسان ١٣٠٩ ژمارە ٤١٠٠، لەلایەن دەوڵەت خوێندراوەتەوە، لەبەر ئەو مەبەستە لە ویلایەتی ناوبراو لە سەر ناردنی یەکەم تەلەگرافنامە، لەشکری شەشەمی هومایۆن و سەر عەسکەر ئاگادار کراوەتەوە، ٢٣ شەوال ١٣١٠ و ٢٨ نیسان ١٣٠٩.
سەدری ئەعزەم و یارمەتیدەرەکەی

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە سنووری هەولێر، دەورووبەری بانە لە نێوان زادەکان پێشەکی ئاژاوە و رووبەرووبوونەوە روویداوە، محەمەد خان کوڕی یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی سووك کردنی دادوەری بانە، لەگەل برادەر و بەگزادە و خەڵکەکە رێککەوتوون لەگەڵ زۆرێك لە تفەنگچی و خائین هەموویان کۆبوونەتەوە، هەروەها لە خانەی فەتاح بە برێکی باش بەرگری کارەکان بە تۆپ لێیان داون و بۆتە هۆی ئەوەی رووبەرووبوونەوە و شەڕ رووبدات، سەرەتا لە موتەسەرفی سلێمانییە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لەبەر پاراستنی سنوور و گرنگی بابەتەکە، پێویستە لە ویلایەت رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، هەروەها پێویستە رێگە بە هیچ کەسێك نەدرێت تێکەڵی ئەو کارە ببێت، بۆ ئەم مەبەستە مەفرەزە نێردراوەتە سنوور، ئێستا بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی لە موتەسەرفی سلێمانییە وەرگیراوە، هۆزی جاف فرقەی روغزاری بۆ یارمەتی دانی بەگزادەکانی بانە دەڕۆن، موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراوان خۆیان بەرەو سنوور دەڕۆن، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە هیچ تاکێك بەشداری لەم شەڕە نەکات و پێ درێژی نەکات، لەم دەورووبەرەش فەرمان دراوە هێزێکی مەفرەزە وەکو یەدەگ لە ژێر سەرپەرشتی لەشکری شەشەمی هومایۆن رووبکاتە ناوچەکە، ٢٢ نیسان ١٣٠٩.

هەواڵنامەی کتێب





| ŞD. | 120.1 | 4 جەمادی یەکەم 1309 |
|---|---|---|


- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٢٨
بە ئامادەبوونی سەدارەت بۆ جەنابی موشیخەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتان
لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان کە خۆراك و ئەرکی نییە، پێشەکی ١٠٠٠ سەر مەڕی بۆ خۆراکی تەکیەی ناوبراو وەقف کردووە و تۆماری کردووە، ئەمەش پێداویستی دەروێشەکانی پێ دابین دەکات، بۆ ئەم سەر مەڕانەش لەلایەن پۆست نشینی تەکیەکە داوای لە نەزارەتی ئاوقافی همایۆنی جەلیلە داواکراوە نووسراوێش حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی ناوەخۆ دوای خوێندنەوە بەهیوای جێبەجێ کردنینە، لە بارەی ئاژەڵەکانەوە ئەو جۆرە کەم و زیادەیە سروشتییە، لە بارەی مەسەلەی شەرعی وەقفی ئاژەڵەکان لەلایەن سەدارەتەوە پرسیار لە فەتواپەناهی کراوە، لەم بارەیەوە ووتە و نووسراوی فەرمانگەی ناوهاتوو دەرچووە وێنەیەکی پێشکەش کراوە، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٧.
بریکاری سەرۆك شورای دەوڵەت


بۆ جەنابی دەوڵەت
بۆ ئەم کارە لەگەڵ نووسراوی دەستوور هاوپێچ حەواڵەی فەتواخانە کراوە، لە وەقف کردنی سەرمەڕەکان راست و دروستە، لە وەڵامدا نووسراو کراوە و هاوپێچی ناوهاتوو بۆ سەروو نێردراوەتەوە، بە نووسراوی زیادە بەپەلە کراوە لە جێبەجێ کردنی، لە ٣ شەعبان ١٣٠٩ و ١٩ شوبات ١٣٠٧.
محەمەد جەمالەددین شێخی ئیسلام


- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٢١٢
بۆ نەزارەتی دارایی پایەبەرز
لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان لەبەر ئەوەی خۆراك و ئەرکی نییە پێشەکی ١٠٠٠ سەرمەڕ بۆ خۆراکی تەکیەی ناوهاتوو وەقف و تۆمار کراوە، ئەمەش پێداویستی دەروێشەکانی پێ دابین دەکرێت، بەڵام بۆ سەرمەڕەکان کە باسکراوە داواکراوە هەموو ساڵ ٣٠٠٠ قوروش دابین بکرێت، لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە، رووبەرووی کێشە بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ناوبراو لە رسومی باسکراو بەخشراوە، لە یەك کاتدا لەگەڵ ئەوە لەلایەن پۆست نشینی تەکیەکە داواکراوە برێکی باش خۆراك بۆ تەکیەی ناوهاتوو دابین بکرێت، هەروەها تەکیەی ناوهاتوو بۆ سەرمەڕەکانی بۆ رۆژێکیش بێت داهاتی نییە، لەگەڵ ئەوەی کە باس کراوە لە خۆشبوونی رسوماتی سەرمەڕەکان خەزینەی دارایی جەلیلە یاخود وەکو ئاوقافی پایەبەرز و میرەکاندا لە نەزارەتی ئاوقافی همایۆن داواکراوە لە داهاتی ئاوقافی شەریفە برێکی گونجاو خۆراك دابین بکرێت، لەوێشەوە بە نووسراو حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی ناوەخۆش خوێندنەوەی بۆ کراوە، دواتر بۆ جێبەجێ کردنی لە یەکەم کاردا ئەو جۆرە ئاژەڵە وەقفکراوانە ئەو یاسا میریانەی کە لە سەریانە لە خەزینە مامەڵەی بۆ نەکراوە، دوای ئەوەی پرسیار لەلایەنی سەروو کراوە، لە فەرمانگەی ناوهاتوو ووتە و نووسراوی ناوهاتوو دووبارە نێردراوەتەوە، بە هاوپێچ رەوانە کراوە، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٩.
بریکاری سەرۆکی شورای دەوڵەت


شورای دولت


شورای دولت











| | | |
|---|---|---|
| DH.ŞFR. | 151.110 | 3 رەبیعی کۆتایی 1309 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەرەبەیان بەندەتان بۆ ئێرە هاتووە، لە ناو ویلایەت لە رووی کارگێریەوە بە زیادەوە شپرزەیی دروست بووە، ناوچەی سانجەقی سلێمانیە رێگای لە سەر سنووری ئێرانە، هۆزی جۆراوجۆری تێدا کۆبۆتەوە، بۆ ئامادەکارییەکی باش لەلایەنی ئاسایشەوە، پێویستی بە موتەسەرفێکی بە توانایە، موتەسەرفی ئەوێ بە نیازی ئەوەیە جارێکی تر نەگەڕێتەوە و چۆتە دەرسەعادەت، هەروەها بە وەکالەت میرلیوا ئیسماعیل پاشا لە شوێنەکەیەتی، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ناگونجێت، بەڵام لەوە زیاتر یەك میرلیوای تر نەدۆزراوەتەوە، هەرچی زووە موتەسەرفێك هەڵبژێرێت و بنێردرێت کە کارەکان بە رێکی بەرێوە ببات و لە بەرامبەر بارودۆخی هۆزەکان بوەستێت، ئەو موتەسەرفەی لە دەرسەعادەت دێت وەکو ئەوانی تر بۆ بەرێوەبردنی کاروبار لە رووی سەرکەوتوو نابێت، بۆ ئەوەی بە پەلە بە هاناپەوە بێن، قائیمقامێك کە لە قائیمقامیەتەکان خزمەتی رابردووی هەبێت و لە خوی هۆزەکان و هەڵسوکەوتی هۆزەکان شارەزا بێت، لەوانە قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لە رووی کاروباری کارگێریەوە سەرکەوتوو بووە، بۆیە بەپەلە بنێردرێتە موتەسەرفیەتی سلێمانیە و دابمەزرێت، لەبەر گرنگی قەزای هەولێریش ئەوا بۆ قائیمقامیەتی ئەوێش قائیمقامی زاخۆ کە لە کارەکانی سەرکەوتوو بووە، ئیبراهیم ئەفەندی بگوازرێتەوە، لەم بارەیەوە بە فەرمانی پاشا بە تەلەگراف راگەیەندراوە، لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٧.
کەمال والی موسڵ


تلغراف نامه


تلغراف نامه





هەوالنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 154.42 | 16 رەمەزان 1309 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ١٤ مارت ١٣٠٨ لە ساوچبولاق لە سەر مەسەلەی کچێك بە گوێرەی زانیاری دەستیان تێدا هەیە، لە لایەنگرانی دەوڵەتی پایەرز هەندێك کەسیان لەبەر نییەت باشیان لەوێ دەرهێناوە. قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی خەڵکی کۆی سانجەق بە فەرمانی پاشا چوونەتە ساوچبولاق، لایەنگرانی ناوبراو هەر لە کۆنەوە نیشتەجێ بوونە و بۆتە مولك، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی ئەوێ رێککەوتوون، دوای روودانی بابەتی کچەکە وەکو ئەوە وایە بەرامبەر بە هەڵوێستی حکوومەتی ئێرانی وەستابن، لەم بارەیەوە لەگەڵ خەڵکی ساوچبولاق رێککەوتنیان کردووە، لەم حاڵەتە حکوومەتی ناوەخۆ بە تەواوەتی بێزار بووە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانە بە ئاسانی لەوێ دەربهێنێت، بۆیە لەلایەن حکوومەتی ناوبراو راگەیەندراوە، جەنابی پاشا بۆ لایەنگرانی ناوبراو لەسەر ئەم جۆرە کارە سەرەڕۆیانە لێکۆڵینەوە کراوە، ٨٠ خانەی خەڵك لەوێ پەیوەندییان پچراندووە، بۆیە زۆر بە ئاسانی هەمووی بە ئاسانی بۆ مەمالیکی مەحروسەی شاهانە گوازراوەتەوە، هەروەها تێروانینی حکوومەتی ئێران زۆر دژوار دەردەکەوێت، لەم بارەیەوە بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێکی ئاسان حاکمی ساوچبولاق بە دەم بە حاکمی تەبریزی راگەیاندووە، ئەوەی ناوبراویش لە وەڵامدا وەریگرتووە، ئەم مامەڵەیە لە نێوان دوو دەوڵەت شاراوەیە و ئێران بە ئەوەوە پابەندە، لەم بارەیەوەش فەرمانبەرەکانی ئاگادار کردۆتەوە، هەروەها لە مێژووەکان پێش دوو رۆژ بەرپرسی ساوچبولاق ئاغای مردوو کەمال ئەفەندی بۆ ئەوێ رۆیشتووە، ناوبراو عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی ئەو تەلەگرافنامانەی لە مێژووی ٢٦ مارت ١٣٠٨ وەرگیراوە و راگەیەندراوە، جگە لەوەش جەنابی پاشا دەیەوێت ئەو کارە ئەنجامەکەی بە باشی کۆتایی پێ بێت، لە ٢ نیسان ١٣٠٨.


کەمال والی موسڵ

| 1309 رەجەب 20 | 01298.000022 | DH. |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە کاتی خۆیدا لە هەر لایەك هەر یەکە دەتوانێت دارعلومێك بەڕێوەببەن، لەگەڵ ئەوەی زۆر مەدارسی بەرز لە رووی زانستییەوە هەیە، لە رووی کارگێڕییەوە توانای بەڕێوەبردنی هەیە، لە کۆتایی دا دەرماڵەی بردراوە، هەروەها لە پیشەی شێخایەتی لە سەر زاناکان زاڵ بووە، هۆکارەکانی دەرکەوتووە، ماوەیەکە دەستی پێکردووە تاریکی و نەزانی چواردەوری گرتووە، سانجەقەکانی شارەزوور و سلێمانییە کە سەر بە ویلایەتی موسڵن، لە ئەرکەکەی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستە، بەردەوام بووە، هەر یەکەشیان لە گەشتی وانەووتنەوە لە هەموو شوێنێك قوتابیەکی زۆر بۆ وەرگرتنی زانست هاتوون، لەگەڵ ئەوەی هەژارن و بارودۆخیان خراپە، کەچی لە بەڕێوەبردنیان وەکو ئەندامێکی خێزانی خۆیان رەفتاریان لەگەڵ قوتابیەکان دەکەن، وای لێهاتووە لە ناو خەڵك ئەویش هەولێری کوچوك ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی و خەڵکی کۆی سانجەق حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی لە سەر داواکاری و ئاگاداری لەلایەن جەنابی پاشا بۆ هەر یەکە ١٠٠٠ قوروش مووچەیان بۆ براوەتەوە، لە سەر یارمەتیدانیشیان لەلایەن خەلافەتپەناهی بە شایەن زانراوە، لەلایەن سەرووش نەزارەتپەناهی فەرماننامەی ژمارە ٣٢ مێژووی ١ حوزەیران ١٣٠٧ فەرمان و جێبەجێ کردنی دەرکراوە، لە هەموو لایەکی کوردستان کاریگەری باش بەدەست هاتووە، بە شێوەیەکی گشتیش بۆ داوای خێروخێرات جەنابی پاشا دووبارە جێبەجێی دەکات، بەڵام بەداخەوە ناوبراوان هەولێری حاجی عومەر ئەفەندی بەم دواییە ئەجەلی هات بەم هۆیەوە کۆچی دوایی کرد، هەروەها لە مەدرەسەکەی ٥٣ قوتابی خوێندنیان بەجێ هێشتووە، لەم قوتابیانەی کە گەیشتوونەتە دەرچوون ٣٠ قوتابین، کە لەم ساڵە لە دوای مانگی رەمەزانی شەریفە دەردەچوون و مۆڵەتیان پێ دەدرا، یەکێك لەوانەش کوڕەکەی مردووی ناوبراو بوو بە ناوی ئەبوبەکر ئەفەندی، ئەویش وەکو باوکی لە گەشتی وانەووتنەوە بەردەوام دەبێ، بۆیە ئەو مووچەیەی کە لە حاجی عومەر ئەفەندی ماوەتەوە، ١٠٠ قوروش مووچەی مانگانەی بۆ ناوبراو ئەبوبەکر ئەفەندی دابین بکرێت، لە ئەنجوومەنی کارگێری شارەزوور هاتووە، بە هەمان شێوە لەو داواکارییەی پێشکەش کراوە، داواکراوە بە پێی تێروانین لە لێکۆڵینەوەی ویلایەت ناوبراو عومەر ئەفەندی نزیکەی ساڵی ٣٠٠ ماوەیەکی زۆر خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست بووە، خزمەتی نیشتیمانە پیرۆزەکەی خۆی کردووە، هەروەك چۆن یەکێك بووە لە خانەدانەکانی زانست و زانیاری، کوڕەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی بەردەوام دەبێت لە پاراستنی ئەو زانست و زانیارییە و بەردەوام دەبێت لەم خزمەتە، لێرە دەوڵەت سوودی لێ وەردەگرێت، مەدرەسەکەی ناوبراو لە پێش ساڵی ٣٠٠ دانەخراوە و بۆ پاراستن و بڵاوبوونەوەی زانست تێدا سوود لە ناوبراو وەربگیرێت، هەروەها مووچەی دیاریکراو لە کاتی نەبەستنی دەبێتە حاڵەتی هەژاری و تەنگژە و کاریگەری بەسەر پەرشوبڵاوبوونەوەی قوتابیانی مەدرەسەی ناوبراویش دەبێت، ئەمەش لە هەموو لایەك قوتابی تێدا دادەبرێت و لە سنووری ئێران لە دەوروبەری کوردستانیش گومانی تێدا نییە خەلافەتپەناهیش لە رووی زانستەوە نارەزایی دەرنابرێت، هەروەها ناوبراو ئەبوبەکر ئەفەندی ئێستا توانای ئەوەی هەیە لە رووی کارگێڕیەوە مەدرەسەی ناوبراو بەڕێوە بباتە. بە ماوەیەکی تریش وەکو باوکی مردووی لێهاتوویی بەدەست دەهێنێت، ئەو مووچەیەش کە بۆی دابین دەکرێت، بۆ هەموو لایەك سوودی زۆری دەبێت، مووچەی دیاریکراوی ناوبراو حاجی عومەر ئەفەندی لە مێژووی مردنیەوە کە دەکاتە ساڵی ١٣٠٧ کانوونی یەکەم رۆژی ٤ بەم مێژووەوە بۆ کوڕەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە نەزارەتپەناهی رەزامەندی دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ رەجەب ١٣٠٩ و ٦ شوبات ١٣٠٧.

والی موسڵ



موصل ولایتی
مکتوبی قلمی
عدد
۱۲۲


داخلیه نظارت جلیله سنه

I.DH 1298/1310.Ra/22
22


| DH.MKT. | 1916.57 | 11 رەجەب 1309 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد
١١ رەجەب ١٣٠٩
٢٩ کانوونی دووەم ١٣٠٧

خێزانێکی هەمەوەندی هەڵگرتووە لە موسڵەوە بەرەو هەولێر بەرێکەوتووە، ئەو مەفرەزەیەی کە لە ژێر پاراستنی عززەت بەگ بووە، کە گەیشتوونەتە هەولێر، بەشێکی هێرشیان کردۆتە سەر بازار، دوای ئەوەی بوێری ئەوەیان کردووە، خەڵك بکوژن و بریندار بکەن، هەروەها کەلوپەلیان تاڵان کردووە، دواتر ئەو خانەیەی تێدا دەمێننەوە بۆ ئەوێ کشاونەتەوە، ئەو شوێنەی هێرشیان بۆ بردووە، بە فیشەکی تفەنگەکانیان ٩ کەسیان بریندار کردووە و ٦ کەسیش کوژراوە، هەروەها لە کاتی گەرانەوەیان لە دەرەوەی قەسەبەکەش بە چەکەکانیان ٥ کەسیان بریندار کردووە، ٥ کەسی تریشیان کوشتووە، هەروەها بەم تەمەنە ئەو ئافرەتانەی خەریکی جل شووشتن بوونە، کەلوپەلی ئەو ئافرەتانەیان بردووە و گوێچکەی یەکێکیشیان بڕیوە و گوارەکەیان بردووە، ئەمەش لەلای خەڵکەوە باس کراوە، بە فەرمانی پاشا قوماندانی فرقەی یانزەهەم تەوفیق پاشا بۆ لێکۆڵینەوە لەم کارە دەست نیشان کراوە و بە پێی ئەو نووسراوەی کە ناردوویەتی ئەو مەسەلەیە هیچ راستییەکی تێدا نییە و بە پێچەوانەوە فەرمانبەری مەرومالات، یوسف و فەرمانبەری ئەنباری پێشوو تەقیەددین هەروەها مەعروف ئەفەندی زادە لەگەڵ عومەر ئەفەندی، بە هاندان و جولەی ساڵح کوڕی مەلا حەوێز و ئەسعەد زادە محەمەد ساڵح و حاجی جوامێر خەڵکەکە هێرشیان کردۆتە سەر سەربازی شاهانە، هەروەها ناوبراو یوسف و عومەر ئەفەندی بە لایەنگرانی میری ئالای عززەت بەگ لەگەڵ کەسانێك بە ناوی بەقال قەرە تیمورچی و مستەفا و خورشید و خەلەف و رزا و میوە پێچەوانەی سەرباز تەلەگرافیان نووسیوە و واژوویان کردووە، جوامێر لەگەڵ عەبدولقادر هەروەها راستی ئەو کارە ماوەی هەیە، کرێی تەلەگراف لە خەڵك وەردەگرن، کەسانێك هەیە بوهتان بە سەربازەکان دەکەن، سەرۆکی شارەوانی هەولێر حاجی ئەحمەد ئاغا هەروەها ئەو سەربازانەی لە خانەکەی ئەو بوونیان هەیە فیشەکیان تێدەگرن، لە بارەی دادوەری لێپرسینەوەی (مستنطق) پێشوو عەلی ئەفەندی سزا دراوە، لەوانە یوسف ئەفەندی و تەقیەددین ئەفەندی لەگەڵ حاجی جوامێر هەروەها هەلاتوو محەمەد ساڵح و میوە و ساڵح کوڕی مەلا حەوێز لە موسڵ وەکو هاورێکانی دەستگیرکراون، ئاگادار کراونەتەوە، ئەمجارە بە داخەوە لە سەرهەڵدان و روودانی هۆکاری داوەتە خەڵك، هەروەها سەرباز لەم کارە دەستیان هەیە، لەم بابەتە ناوبراو عززەت بەگ لە سەر سزادانیان لە بەغداد لە ژێر سەرۆکایەتی ئەدهەم پاشا لەگەڵ ئەرکانی جەنگ میری لیوا مستەفا و لیوای رەدیف مستەفا پاشایەکەی تر لەگەڵ میری ئالای قەدری و عزەت و عەبدولرەحمان و تۆفیق بەگ بە یەکەوە یەك دیوانی جەنگیان پێك هێناوە، ئەو دیوانەش لە فەرمانبەری خزمەت و لە دادگا هەر یەکە یەك فەرمانبەری ئەندام ئامادە کراوە، لە سەر فەرمانی پاشا بە نووسراو والای سەر عەسکەر ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها لە ویلایەتی موسڵیش نووسراوەتەوە، ئەمر و فەرمانی هومایۆن بۆ جێبەجێ کردن.




هەوالنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000057.004256 | 2 سەفەر 1310 |

٢ سەفەر ١٣١٠
١٢ ئۆغستۆس ١٣٠٨
نەزارەتی دادوەری
بەهۆی نەگبەتی بەردەوامی هەندێك بکوژ و درندەوە بە سزای زیندان کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام بۆ ئاسایشی ناوچەکە بەس نییە، بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك ببێتە عیبرەتێکی کاریگەر هەروەها سەرباز بە تەواوەتی سامی بەسەر خەڵکەوە دەرکەوێت، لە دادگای دادوەری ئەوانەی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، پێویستە چەند کەسێکیان سێدارەکەیان جێبەجێ بکرێت، لەلایەن قوماندانی هێزی چاکسازی فەریق عومەر وەهبی پاشا هەواڵی جێبەجێ کردنی بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا ناردووە، جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان لە دادگایەك فەرمانەکە هاتووە، لە دادگای پێداچوونەوە پشت ڕاست کراوەتەوە، هەروەها کارەکەش لە سەر مۆڵەتی فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی وەستاوە، ئەوانەی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، لەم هۆزەن؟، هەروەها چەند کەسن؟. هەروەها خواردنیان چییە؟. ئەم هەواڵانە بۆ یەکەم جار لەگەڵ فەرمانبەرانی دادوەری بە هەواڵ ڕێککەوتوون، لە سەر ئەنجامەکەی بە ئاگادار کردنەوە قوماندانی ناوبراو بۆ جێبەجێ کردنی ئاگادارییەکەش، بە بریاری وەکیلەکانی ئەنجوومەنی تایبەت نووسراو بۆ سەر عەسکەری ناوبراو نێردراوە، لە وەڵامدا هاتووە، بۆ دەوڵەت نێردراوە نووسراوی مێژووی ٢٨ موحەررەم ١٣١٠ ژمارە ٦٥٠ سزای لە سێدارەدان بۆ تاوانباران لە میللەتی یەزیدی ڕەشون ناسر، دانیشتووی موسڵ زەنوب کوڕی نوعمان، هەروەها دانیشتووی هەولێر عەزیز کوڕی ساڵح و دانیشتووی سیواس محەمەد کوڕی قەبولی چوار کەس دەبن، لە سێدارەدانی ئەوانە لە موسڵ لە دادگای سزا بە مێژووی جیاواز چوار پارچە نووسراو بە مەبەستی ووردبینی لە کاتی خۆی بۆ دادگای پێداچوونەوە نێردراوە، لە سەر ئاگاداری قوماندانی ناوبراو بە تیروانین لە باس کردنی لێکۆڵینەوە بکرێت.





| | | |
|---|---|---|
| Y.MTV. | 68.19 | 5 رەبیعی یەکەم 1310 |

پلەوپایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
تایبەت

ئـەو تابورانـەی لەشـکری چوارەمـی کەرکـووك کـە لـە دیاربەکـرن، ئـەوەی بـە گشـتی لـە لاوازی قازانجیـان کـردووە، لـە وولاتـە گەرمـەکان بەهـۆی جموجـۆڵیـان رێگـری لـە نەخۆشـبوونیان نەکـراوە، بـۆ بەرگـری کردن لـە لاوازی و هێـزی ئەوانـە ئـەو تابورانـە جولەیـان وەسـتێنراوە، ئەوانـەش هـەر خـۆی هێـزی چاکسـازین، ئەگـەر لـەلای ئێمـە کاریـان پـێ بکرێـت، ئـەوا لـە کاتـی خۆیـدا بـە پێـی پێویسـت راسـتەوخۆ جولـە بکـەن، لـە ژێـر موشـیری لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن لـەو وەڵامـەی پێشـوەختە هاتـووە، لـە یەکـەم و دوا تەلەگرافنانـەی کـە لـە هێـزی چاکسـازیە لـە ژێـر چاودێـری قوماندانـەوە وەرگیـراوە، تابـورە ناوهاتـووەکان تاکەکانـی لـە دیاربەکـر تووشـی نەخۆشـی ئەنفلەوەنـزا بوونـە، بۆیـە هاتوونەتـە موسـڵ و لـە قشـڵەی ئـەوێ لـە چـادرەکان بـە ناچـاری نیشـتەجێ بوونـە، هەروەهـا لـەو کاتـەی گەرمایەکـەی زۆر بـەرز بـووە و کەشـوهەوای نەگونجـاو بـووە، ناردنیـان بـۆ کەرکـووك نەخۆشـیەکەیان زیاتـر پـەرەی سـەندووە، بۆیـە بـەم حاڵـەوە ناردنیـان بـۆ شـوێنێکی تـر و جولەیـان بـاش نییـە، حاڵیـان زۆر لاوازە، هەروەهـا لـە موسـڵ قشـڵەی هومایـۆن دوای تـەواو بوونـی نۆژەنکردنـەوە و دابینکردنـی هەمـوو پێداویسـتییەکانی و هـۆکاری ئیسراحەتیـان دەسـت بکەوێـت، ئـەو تابورانـەی ناویـان هاتـووە، یەکێکیـان بـۆ موسـڵ بـرۆن، دوو تابوریـش بـۆ گوندەکانـی هەولێـر و ئـەوی تریشـیان بـۆ کـۆی سـانجەق نیشـتەجێ بکرێـن، بـە پێـی ئـەو زانیاریـە، ئەمجـارە بـە پێـی ئـەو تەلەگرافنامەیـەی وەرگیـراوە، تابـورەکان کـە لـە سـەرەوە باسـکراوە، نەخۆشـیەکەیان زیـادی کـردووە، بۆیـە ئـەوەی لـە بـارەی ئەوانـەوە بـاس کـراوە، بـۆ گواسـتنەوەیان بـۆ ئـەم شـوێنانە کـە بۆیـان دیـاری کـراوە، قوماندانیەتـی فرقـەی ١٢ ئـاگادار کراوەتـەوە و نـووسراو رۆیشـتووە، لـە سـەر فەرمانـی سـەروو زانیـاری دەرخـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ رەبیعـی یەکـەم ١٣١٠ و ١٤ ئەیلـوول ١٣٠٨.

رزا سەر عەسکەر






| | | |
|---|---|---|
| DH. ŞFR. | 158.83 | 17 شەوال 1310 |


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە بەرەبەیان لە سنووری هەولێر لە دەوروبەری بانە لە نێوان بەگزادەکان، پێشەکی لە رووبەرووبوونەوەی نێوانیان محەمەد خان کوڕی یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی سوك کردنی دادوەری بانە بەگزادەکان بە رێککەوتن لەگەڵ خەڵکەکەی بە هاوکاری تفەنگچیەکی زۆر کۆبوونەتەوە و چوونەتە سەر خانەی فەتاح کە لە ژێر دەسەڵاتی بانە دایە، لە ئەنجام شەڕ لە نێوانیان روویداوە، سەرەتا بە پێی وەرگرتنی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە موتەسەرفی سلێمانیەوە هاتووە، لە گرنگی مەسەلەکە و ئاسایشی ناوچەکە پێویستە لە ویلایەت رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، لەلایەکی تر پێویستە رێگە نەدرێت هیچ تاکێك تێکەڵی ئەو کارە ببێت، بۆ پاراستنی سنووریش ئەو مەفرەزەیەی لە شوێنەکە ئامادەیە، ئێستا لەگەڵ موتەسەرفی سلێمانیە جگە لەوەش بە پێی ئەو هەواڵەی بە رێگەی تەلەگراف وەرگیراوە، فرقەی روغزاوی لە هۆزی جاف بۆ یارمەتی دانی بەگزادەکانی بانە دەرۆن، موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراوان خودی خۆیان چوونەتە سەر سنوور، هەر چەند ئاگادار کراونەتەوە کە هۆکار نەدرێتە دەستی هیچ تاکێك تا تێکەڵی ئەو کارە ببێت، لە ئەو سەربازانەی لەم دەوروبەرە بوونیان هەیە، یەك هێزی مەفرەزە جێگیر بکرێت و بنێردرێتە سەر سنوور، بەمەش فەرمان بدرێتە لەشکری شەشەمی هومایۆن.


لە ٢٢ نیسان ١٣٠٩
عوسمان والی موسڵ




| DH.ŞFR. | 162.45 | 15 شەوال 1310 |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە پێی ئەو وەڵامەی وەرگیراوە لە سەدارەت لەگەڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٩ ڕاگەیەندراوە، بە ڕۆژی ڕووناك نوێنەرێکی موسیوی پروتستانتی ئەمەریکی چۆتە خێمەیەکی مامۆستایەك کەلوپەلی دزیوە، ئەوەی لەم بارەیەوە قسە کراوە قائیمقامی قەزای عەمادییە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی کارەکانی دواتریش وازی لە خزمەتەکەی هێناوە و بەجێی هێشتووە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیش قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە وەکالەت لە شوێن قائیمقامی ناوبراو دانراوە، بریار لە سەر ناردنی دراوە، بۆ ئەوەی کارگێری بەڕێوەبردنی قەزای ناوبراو جێگیر بکرێت و باشتر بکرێت، لەگەڵ جێگیر کردنی ئاسایشی ناوچەکە، جگە لەوە بۆ ئەوەی ڕووداوی موسیویەکە ئەنجامی هەبێت، پاشای ناوبراو یەکێك لە ئەندامانی دادگای سەرەتایی ساڵح ئەفەندی ئەرکی پێ سپێردراوە.
٢٠ نیسان ١٣٠٩


OSMANLI ARŞİVİ
BEO


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000197.014753 | 22 شەوال 1310 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە
لە سنووری هەولێر لە نێوان بەگزادەکانی بانە لە یەکەم پێکدادان محەمەد خان کوڕی یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی کەمکردنی دادگا بە ڕێککەوتنی برادەر و بەگزادەکان و خەڵکی ناوچەکە تفەنگچیەکی زۆر کۆبوونەتەوە و لە خانەی فەتاح سەر بە دادگا لەگەڵ بەرگری کاران بە تۆپ هەردوو لا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و شەڕ کراوە. یەکەم جار ئەو تەلەگرافنامەیەی لە موتەسەرفی سلێمانییە وەرگیراوە، لەبەر گرنگی سەر سنوور و ئامادەباشی پێویستە لە ویلایەت ئامادە باشی بۆ بکرێت، سەرەتا ڕێگە نەدرێت هیچ تاکێك بەشداری ئەو ڕووداوە بکات، دواتر ئێستا موتەسەرفی سلێمانییە لە قائیمقامی کەلعەنبەر تەلەگرافنامە وەرگیراوە، بە پێی ئەو تەلەگرافنامانە هۆزی جاف فرقەی ڕوغزاوی بۆ یارمەتی بەگزادەکانی بانە دەڕۆن، بۆیە موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراو بە خودی خۆیان ڕوویان کردوەتە سەر سنوور، هەروەها فەرمان دراوە نابێ هیچ تاکێك تێکەڵی ئەو کارە ببێت، بۆ پاراستنی سەر سنووریش ئەو سەربازانەی لەم ناوچەیە بوونیان هەیە، وەکو یەدەگ مەفرەزەیەك بنێردرێتە سنوور و جێگیر بکرێت، فەرمان دراوەتە لەشکری شەشەمی هومایۆن، لە ٢٢ نیسان ١٣٠٩.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٢ شەوال ١٣١٠
لە سەر خاکی ئێران لە دەوروبەری بانە ئاژاوەگێرەکان سەریان هەڵداوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین بەرەو ناوچەکانی ئێمە بێن، لە سەربازی شاهانە مەفرەزەیەك وەکو یەدەگ لەم ناوچەیە بۆ سەر سنوور بنێردرێت و جێگیر بکرێت، بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٢٥ شوبات ١٣٠٨ ژمارە ٤٠١ خوێندراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی ناوبراودا ئەو تەلەگرافنامەیەی کە یەکەم جار نێردراوە، لەشکری شەشەمی هومایۆن بۆ جێبەجێ کردن نووسراو نێردراوەتە والای سەر عەسکەر.

| 17 زیلحیجه 1311 | 13.29 | Y.PRK.ZB. |
| --- | --- | --- |


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەیتەلەگرافنامەیە
موسیو سیحان لە یەزیدیەکان نزیکەی ٢٠-٣٠ یەزیدی ئەو شوێنەی کە تێدا نیشتەجێن، لە (بیقدر) بەیەکەوە بوون، پێش دوو ساڵ لە خۆیان وەریانگرتۆتەوە، شێخ هادی ئەو شوێنانەی کە بۆی رۆیشتووین نەیبینیون، ئێستا بۆ موسڵمانەکان بۆتە قوتابخانە، نزیکەی ٢٠ قوتابی تێدایە، هەردەم ئەو موسیویە بیرۆکەکانی رادەگەیەنێ لەگەڵ داخستنی ئەو قوتابخانانەیە، لەم حاڵە یەزیدیەکانیش زیاد لە پێویست سەرکێشن، لەم پلە و شوێنەکانی ئەو دەوروبەرە وا بیر دەکەنەوە هی یەزیدییەکانە، بۆیە خۆیان بۆ ئەم رێگایە تەرخان کردووە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/عەبدولکەریم

- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەیتەلەگرافنامەیە
لە کاتی رۆیشتنمان بۆ سنجار قائیمقام و قوماندانی سەربازی لەگەڵ نزیکەی دوو تابور سەربازی شاهانە لە پێشوازی موسیو دابوون، تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجام دراون هەروەها بە گوێرەی تێگەیشتن لە ووتەکانی موسیو، کە لە ماردین بووە، ئەو موسیویە بە هاوکاری پرۆتستانەکان وای لە موتەسەرفی پاشا گەیاندووە کە خۆی لە شازادەکانی پروسیایە، هەروەها ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە بە لایەنەکان راگەیەندراوە، ناوبراو خۆی چییە، راگەیەندراوە والی موسڵیش بەهەمان شێوە گوێ بیست بووە، کە لە هەمان شوێن هاتووە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان / عەبدولکەریم


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەیتەلەگرافنامەیە
بۆ ئینگلتەرا سیخوری دەکات، زیاتر بەرگری لە روسیا دەکات، دوژمنی جەنابەکانی سەرووی حکوومەتە، ئەمەش لەلای هەموو کەس ئاشکرایە و لە قسەکانی دەردەکەوێت، موسیو لە موسڵ رێز لە یەزیدیەکان دەگرێت و لەگەڵ جەنابی پاشاش دۆستایەتی هەیە، بە راگەیاندنی ئەو قسەیە، بوێری دەکات هەوڵی ئەوە بدات خەڵك لە خۆی نزیك بکاتەوە، هەروەها ئەو سنوور بەزاندنەی کە لەگەڵ ئێمە هەیەتی، هێشتا رێگە پێ دراوە بە بیرۆکە و ناوی ئازادی و سەربەستی ئەنجامی بدات، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/ عەبدولکەریم


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەیتەلەگرافنامەیە
پاپا لەگەڵ هاتنی بۆ لای سیحانە، دوای گەرانەوەی پاپاکەی یەزیدی میرزا و برادەری لەلایەن پاشاکەیانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، هەروەها کارگێری روسیا لە بارەی سەربەخۆی یەزیدییەکان، لە برادەرزادەکانیەتی، هێشتا لە تەمەنی ١٤ ساڵی دایە، لە ئەسپ سواری پلە یەکە، داود بەگ ووتوویەتی (یەزیدی رەسەنزادە بۆ مەکتەبی سەربازی بنێرن، دەبێتە ئەرکانی جەنگی، روسیا ئاستی خۆی بەرز دەکاتەوە، ئەگەر لێرە بمێنێتەوە، چی روو دەدات؟، ئەوەتا ئەوە دراوەتە پاشا چی بووە؟، بۆچی بەکەڵکە؟، میرایەتی گەورەترە، ئێستا زیاتر بەهێز تر دەبن، هەم بە بۆنەی ئەم منداڵە لێرە باڵیۆز دەنێردرێت، ئەمەش لە ژێر پاراستنی روسیا دەبێت، هەروەها لە زوڵم رزگارتان دەبێت)، راگەیاندراوە لەسەر زەمین مەبەستی کاری ئەسپە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/ عەبدولکەریم






- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەیتەلەگرافنامەیە
راگەیەنـدراوە موسـیو بـە نیـازی ئەوەیـە بەردێـك ببـات، ئەو بـەردە لە روانـدز ١٠ کاتژمێـر لە سـنووری ئێران و یـەك کاتژمێـر و نیویـش لـە کێلـە شـێن دووریەکەیەتـی لـە گـردی کێلەشـین لـە شـوێنەواری ئاشـوریەکانە، هـەر لـە کۆنـەوە لـە سـنووری ئێـران بـووە، ئەگەرچـی لـە ئەوروپیـەکان زۆر کـەس بۆ ئـەم بـەردە هاتوونەتە ئـەوێ، بەهـۆی رێگـە نەدانـی کوردەکانـەوە لـە کۆپیەکردنـی سـەرکەوتوو نەبوونـە، ئێسـتا ئـەو موسـیویە تەنیـا بـە کۆپـی کردنـی رازی نییـە، حـەز دەکات لـەوێ بیگوازێتـەوە، هەروەهـا دوو رۆژە بـۆ بەندەتـان دەڵێـت (مـن لەلایـەن شـاهانەوە بـۆ ئـەم بـەردە ئەرکـم پـێ سـپێردراوە، هەروەها ئێـوەش بۆ ئەم مەبەسـتە بـۆ هاوکاریـم ئەرکتـان پـێ سـپێردراوە، لـە قائیمقامیەتـی هەولێـر لـە بەرامبـەر بەرپرسـان بپرسـن) ئـەم وتەیـە دووبـارە دەکاتـەوە، هەرچـی بەنـدەی بـێ دەسەڵاتیشـتانە ماوەیەکـە ئێمـەی بە هەڵکۆڵین سـەرقاڵ کـردووە، لەلایـەن حکوومەتـی خۆچێیـش بـۆ گرتـن و گواسـتنەوەی ئـاگاداری بـۆ ئێمـە نـاردووە، بـە گوێرەی ئـەو پیلانـەی کـە رێکخـراوە، ئەمـرۆ بـۆ روانـدز هاتـووە، لـە ٩ حوزەیـران ١٣١٠.
عوسمان / عەبدولکەریم












هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>Y.PRK.AZJ.</td><td>27.70</td><td>19 رەبیعی یەکەم 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ پاشا<br>بەهـۆی ئۆغـر کردنـی ئـەو کارەسـات و زوڵمانـە، هەوڵـی خۆکوشـتنەکەم ئەنجامـی دەبێـت، ئـەو رووداوانـە بەسـە بـۆ هێمـن کردنـەوەی دەروونـی داغ کـراوم، هەروەهـا بـووە هۆی شـیفام، بۆ بینینـی جەنابتـان داوای میهرەبانـی دەکەم، لـە ١٨ ئەیلـوول ١٣٠٩.<br>حاجی عەلی</td></tr>
</table>

| DH. MKT. | 49.33 | 11 زیلحیجه 1311 |
|---|---|---|


- بۆ ویلایەتی موسڵ
١١ زیلحیجه ١٣١١
١٥ مایس ١٣٠٩
قائیمقامـی ڕەوانـدز عـارف ئەفەنـدی شـوێنەواری جولـە و ڕەفتـاری پێـوە دیـارە، سـکاڵای لـە سـەر تۆمـار کـراوەو ڕووبەڕووبوونـەوە رووی داوە، بـە پێـی هەواڵگـری و ووتـەکان، لەلایەن قائیمقامـی هەولێر عەبدوڵلا پاشـا لـە تەلەگرافنامـە نووسراوەتـەوە و نێـردراوە، بـە تێڕوانینـی ئـەو لـە سـەر ئـەو مەسـەلەیە لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دەدرێـت.


- بۆ ویلایەتی موسڵ
١٠ جەمادی کۆتایی ١٣١١
٧ کانوونی یەکەم ١٣٠٩
لـە بـارەی ئـەو ڕەفتـارە نابەجێیانـە و سـکاڵایەی لـە سـەر قائیمقامـی قـەزای ڕوانـدز عـارف ئەفەنـدی تۆمارکـراوە، لـە قـەزای ناوبـراو سـەرۆکی دادگای سـەرەتایی عەبدولفەتـاح داواکارییەکـی پوخـت و بـە مۆری نـاردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت.


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
دڵسـۆزی و پیرۆزییـم بـۆ گـەورە پیاوانـی دەوڵـەت، بـە پێـی ئـەو خزمەتـەی لـە مـاوەی ٣٠ سـاڵە بـە بـێ دابـڕان لـە نییـەت باشـی ئەرکـی بەڕێوەبـەرەکان و قائیمقامـەکان کـە لـە کاتـی خزمەتەکانیـان داویانـە، هیـچ جموجوڵێکـی نابەجـێ نەبـووە و خزمەتـی بـە سـوودیان کـردووە، تەنانـەت لـە سـاڵی ١٣٠٣ بـە پێـی چاکسـازی پلانـی عیراقیـە، کـە لەلایـەن موشـیری یارمەتیـدەر لـە سـەردەمی ئیسـماعیل پاشـا لـە کاتـی ئەرکەکـەی کردوویەتـی، نزیکـەی ٧٠٠ چەکـی گەراندۆتـەوە هەروەهـا ٥٠ کەسـی لـە چەتـەکان لـە کاتـی هاتنیـان دەسـتگیر کـردووە، هەروەهـا لـە سـاڵی ١٣٠٧ لـە بـارەی مەسـەلەی دەسـتدرێژیکەرێکی ئینگلتـەرا بـۆ سـەر کچێـك لـە سـەر خاکـی ئێـران، لـە ویلایەتـی موسـڵ لـە ئەنجامـی داواکاری و ئاماژەکانـەوە ئەوانـە دەرهێـنراون و گەراندراونەتـەوە ووڵاتەکـەی خۆیـان، لـە سـاڵی ١٣٠٨ لـە ویلایەتـی موسـڵ لـە قەزاکانـی ڕوانـدز و کـۆی سـانجەق و هەولێـر لـە کاتـی خۆیـدا لـە کاتـی چاکسـازی سـەربازی لـە ساڵانێکی کۆنـەوە ١١٠٠٠ سـامانی گشـتی و هۆزەکانـی چـوار قـەزای ناوبـراو، ٤٠٠ چـەك و ١٥٠ تـاك لـە سـەربازی زیانیـان پـێ گەیشـتووە، هەروەهـا چەنـد سـاڵێکە هـۆزی هەرکـی کۆچیـان کـردووە بـۆ خاکـی ئێـران، لـە سـەر داواکاری و پارانـەوە ٦٠٠ خانـە گەراندراوەتـەوە بـۆ پاشـا، زۆر خزمەتـی لـەم جۆرانـە پشـت ڕاسـت کراوەتـەوە، لـەم لایەنـەوە ئـەو خزمەتانـەی قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز عـارف ئەفەنـدی بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی پێشکەشـی کـردووە، لـە بـارەی هـەر ڕەفتارێکـی خراپ بەرامبـەر هۆزەکان ئەنجامـی داوە، لە کۆتاییدا لە سـەر بـەردەوام بوونـی سـکاڵاکان و ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە لـە شـوێنی موتەسـەرفی شـارەزوور کاغەزەکانـی بریارنامـە بـە پاڵپشـتی لیـوا پێشکەشـی ویلایـەت کـراوە، کـردەوە بەدەکانـی جێگیـر کـراوە و گەندەڵـی و خراپەکاریەکانی پێشکەشـی سـەروو کـراوە، ئـەو خزمەتـەی ٣٠ سـاڵە بـە بـەردەوام داویەتـی لەبـەر چـاو بگیرێـت و بـەم بوهتانانـە کـە کـراوە پاشـامان کاردانـەوەی نەبێـت. ئەگـەر دڵنیاش بـم کە کاری بـەدی کـردووە، ئـەوا ناوبراو ئـەو خزمەتانـەی لـە ڕابـردوو لـە داهاتـوو پێشکەشـی کـردووە و پێشکەشـی دەکات، تاوەکـو ئێسـتا بە هەند وەرنەگیـراوە و لەبـەر چـاو نەگیـراوە، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوەش بـۆ دەوڵـەت بـە فیداکارانـە کارم کـردووە، بـۆ جێبەجـێ کـردن میهرەبانـی و بەدواداچوونـەوە بکرێـت، فەرمـان.
عەبدوڵلا قائمیقامی هەولێر

هەواڵنامەی کتێب











هەولێرنامەی کتێب






هەولێرنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 173.38 | 24 شەوال 1312 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە نـاو سـانجەقی کەرکـووک لـە قـەزای هەولێر لـە یەکـەی موڵکی هومایۆنـی شـەمامك، لەلایـەن یەکێك لە ئاغاکانـی هـۆزی دیزەیـی بایـز ئاغـازادە ئیبراهیـم ئاغا هێرشـی کردۆتـە سـەر کارگێری موڵکـی ناوهاتـوو، بە دەسـتدرێژی کـردن، فەرمانبەرانـی خسـتۆتە تەنگانـەوە، بە ٤٠ تـا ٥٠ چەکدار لە کەسـوکار و کـوڕە مامەکانی هێرشـیان کـردووە، لـە بـاش کاتیـب حاجـی عەبدوڵـڵا ئەفەندیـان داوە و سـووکایەتیان پـێ کـردووە، دوای پەرشـوبڵاوبوونیان دەرکەوتـووە روویـان لـە هەولێـر کـردووە، بـۆ جێبەجـێ کردنی ئـەم کارە لە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی مولکـی هومایۆنـی موسـڵ راگەیەنـدراوە و هاتـووە، وەکـو یـەدەگ لە ژێر موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن ئـەوەی راگەیەنـدراوە، لێکۆڵینـەوە لـە کارەکـە دەکرێـت، بـە گوێـرەی لێکۆڵینەوەکـە جێبەجـێ کردنەکـەی لـە موتەسـەرفیەتی کەرکـووک بـۆ قائیمقامیەتـی هەولێـر نێـردراوە، هەروەهـا لـە ئاغاکانـی هـۆزی ناوبـراو بـە دەسـتەواژەی فارسـی داواکاری هەیـە، لـە لێکۆڵینـەوەدا دەرکەوتـووە ئەوانـە لـە ملکـەچ بوونیـان بـۆ دەوڵـەت کاتبـی ناوبـراو لـە هۆبـەی ناوهاتـوو هانـی یەکەکـە دەدات، و بیرۆکـەی هۆزگـەری هەیـە و خۆشـی کەسـێکی ئـارام نییـە، داواکـراوە ناوبـراو بگۆردرێـت، لە راستیشـدا ئـەو مامەڵەی ئاغاکانـی دیزەیـی جێـگای قەبـوڵ نییـە، لێکۆڵینـەوە کـراوە، ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـەش رادەگەیەنرێـت، فەرمـان، لـە ٨ نیسـان ١٣١١.

عەزیز والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000508.038036 | 1 جەمادی یەکەم 1312 |
|---|---|---|

شیفرە
لەشکری چوارەم
١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠

لە ١٢ تشرینی یەکەم ١٣١٠ بۆ لێکۆڵینەوە ئەوانەی هەڵبژێردراون ساڵح بەگ و سامی بەگ و فوئاد بەگ لەگەڵ شەمەر ئەفەندی بۆ کرێی ئەرکەکەیان و برینەوەی مووچە، بۆ هەر یەکە مووچە و کرێی خەرجی رێگا هەژمار بکرێت، بە رەزامەندی فەرمانی پاشا خەلافەتپەناهی لە رێگەی سەر عەسکەر لەگەڵ نەزارەتی دارایی لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانبەرانی ئێران لەگەڵ فەرمانبەرانی عوسمانی لە هەولێر خەریکە یەکدەگرن، لە کاتی جولە و چالاکیەکانیان نەزارەتی دەرەوە ئاگادار کراوەتەوە، ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت، ئاگاداری لایەنی ئێوە دەکرێتەوە.






هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000590.044221 | 30 ڕەمەزان 1312 |
| --- | --- | --- |

- تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ
٣٠ ڕەمەزان ١٣١٢
١٤ مارت ١٣١١
لە بانقی زراعەت لە سلێمانییە ئەو بڕە پارەیەی دیاریكراوە بنێردرێتە هەولێر، ئەوی تر بە بوونیەوە لەلایەن حكوومەتەوە بە زۆر وەرگیراوە، لە نەزارەتی نافیعە ئەوەی دیاریكراوە، ٢٠٠٠٠ قوروش دەنێردرێتە هەولێر.

- فەرمانگەی كاروباری بازرگانی و نافیعە
بانقی زراعەت
ژمارە ١٩٥٦٥
لە سندوقی بانقی زراعەتی سلێمانییە ئەوەی بوونی هەیە ٧٦٥٢٢ قوروش بڕیار دراوە بنێردرێتە هەولێر، مامەڵە و ڕێنماییەكان تەواو كراوە، ٢٠٠٠٠ قوروش نێردراوەتە سندوقی هەولێر، ١٠٠ هەزار قوروش بە قەرز دراوەتە حكوومەت، لە سەر ناردنی هەواڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی ئەمر و فەرمان دەركراوە، هەروەها ئاگادار كراونەتەوە، ئەمجارە لە بەڕێوەبەرایەتی بانقی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە، ٢٠٠٠٠ قوروش ڕەوانەی هەولێر دەكرێت، هەواڵ هاتووە بە پێی ئەمر و فەرمان لەگەڵ ئەوەی هەیە، بەیەكەوە بە زۆری لەلایەن حكوومەت بردراوە، بە تێكدانی ئەو مامەڵەیە ئەوانەی لە كشتوكاڵ پێویستیان بە یارمەتییە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی بێ بەش و مەحروم ماونەتەوە، بە ناردنی ٢٠٠٠٠ قوروش بۆ هەولێر ئاگادار كراونەتەوە، جگە لەمە ووتە لە ویلایەتی ناوبراو بە فەرمان ئاگادار كراینەوە، بە تایبەتی كارگێری گشتی بانق، بە هەر شێوەیەك بێت ئەمر و فەرمان بۆ ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، ٢٥ ڕەمەزان ١٣١٢ و ٩ مارت ١٣١١.
حەسەن تۆفیق نازری بازرگانی و نافیعە


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
590 44221 1




| | | |
|---|---|---|
| 2 زیلقەعدە 1312 | 000609.045672 | BEO. |

٢ زیلقەعدە ١٣١٢
١٥ نیسان ١٣١١
بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا و خەزینەی تایبەت
نەزارەتی شاهانەی جەلیلە

قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووك مولکـی کشـتوکاڵی هومایۆنـی شـەمامك لـە ئاغاکانـی هۆزی دزەیـی ئیبراهیـم ئاغـا نزیکـەی ٤٠ کـەس لـە هاوەڵانـی چوونەتـە سـەر فەرمانگـەی مولکـی هومایـۆن، فەرمانبەرەکانیـان ناچـار کـردووە، دەسـت لـە کار هەڵگـرن، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەم رووداوە لـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆن، مولکـی هومایۆنـی موسـڵ ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە سـەر ئـەو ئاگادارکردنەوەیـە لـە خەزینـەی تایبـەت بـۆ ئامـادەکاری لـە مێـژووی ٢٩ شـەوال ١٣١٢ لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە هاتـووە، لەلایـەن قۆماندانـی پۆلیسـی پاراسـتن عوسـمان پاشـا لەگـەڵ ئەندازیـار بینباشـی عوسـمان ئەفەنـدی نـووسراو نێـردراوە، بـە گوێـرەی ئـەوە ناوبـراو ئیبراهیـم ئاغـا و هاووەڵانـی لـە دەوروبـەری مولکـی هومایۆنـی شـەمامك لەگـەڵ مارتینـی هانـری و نزیکـەی ٥٠٠ چەکـداری پیـادە و سـوار رێککەوتـوون، بـە خۆیـان چوونەتـە سـەر کارگێرخانـە، رێگـر بوونـە. هـۆکاری ئـەو کارە لـە هۆبـەی کاتیـب چەنـد جـار لە قۆمیسـیۆن سـکاڵایان تۆمـار کـردووە، و بەهانایانـەوە نەرۆیشـتوون، کاتیبـی ناوبـراو لـە کارگێرخانـە دەرهێـنراوە، لەگەڵ بوونـی رسـومی مەرومـاڵات لـە مولکـی هومایۆنـی شـەمامك ئاغـاکان و بەرێوەبـەری ناحیـەی شـەمامك فەرمانبەرانـی مولکـی هومایـۆن لـە دامەزراندنـی خۆیـان یارمەتـی دراون، دەبـێ ملکەچـی خۆیـان دەربڕن لەمـە ئـاگادار کراونەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەش بـە ناردنـی یەکێـك، لـە لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن فەرمـان دراوەتـە قوماندانـی موسـڵ بـە درەنـگ ناردنـی سـەرباز گرنگـی نامێنێـت، لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو جولـە دەکـەن، ئەمجـارە بـە تەلەگرافنامـە لایەنـی سـەر عەسـکەری واڵا ئـاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا خەزینـەی تایبەتـی نەزارەتـی شـاهانە زانیـاری پـێ دراوە.

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 930.64 | 9 موحەررەم 1312 |
|---|---|---|

ئەحمەد بەگ لە قەزای هەولێر قائیمقام بووە
لە ١ حوزەیران ١٢٨٥ تا ١ تەمموز ١٢٨٥ لە قەزای خانەقین ئاقیمقام بووە، مووچەی مانگانەی ٣٠٠٠ قوروش بووە.
لە ٢ ئەیلوول ١٢٩٢ تا ٢ ئۆغستۆس ١٢٩٤ لە قەزای هەولێر قائیمقام بووە، مووچەی مانگانەی ٢٢٠٠ قوروش بووە.
بە نەقد دەکاتە ٤٠٩,٧٦
نیوەی ٢٠٤,٨٨
ئەوەی بە پێی بریارنامە رەت کراوەتەوە ١٨٨
٢٠٤ بۆ خێزانەکەی سافیە خانم دابین کراوە، لە ویلایەتی بەغداد لە ١٨ کانوونی دووەم ١٣٠٩ جێبەجێ بکرێت.
ناوبراوی مردوو لە ساڵی ٩٦ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ناو ١٠ ساڵ خانەنیشنی بۆ براوەتەوە، بە گوێرەی پشت بەستن بە بریارنامە بە پوختەیی نیشان دراوە بە پێی هەژمارەکە ٢٠٤ قوروش بە فەرمانی پاشا بەم مێژووەوە لە خەزینەی جەلیلەی خانەنشینی دوای رێک خستنەوەی دوای مردنی مووچەکەی بۆ خێزانەکەی دەبرێتەوە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی حەواڵەی دەستەی گشتی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ نیسان ١٣١٠.
ئەنجوومەنی کارگێری خانەنشینی

| | | |
|---|---|---|
| HH.SAID.MEM. | 28.5 | 20 موحەررەم 1313 |

ناوم خضر باوکم مەولود ئاغا، ناوبانگمان بە سۆفی ئاغا زادەیە، باوکم لە ئەرکی دەوڵەت خزمەتی نەکردووە، ژیانی بە جوتیاری و کشتوکاڵ خەریك بووە.
ساڵی ١٢٩١ کۆچی مانگی رەبیعی کۆتایی ١ و ساڵی ١٢٩٠ مانگی مایسی رۆژی ٦ لە ناو هەولێر لە دایك بوومە.
لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی سبیان زانستی شێوازی نووسینم وەرگرتووە، لە بەر ئەوەی لە مەکتەبەکانی روشدییە نەمخوێندووە، هەر ئەوەندە بروانامە لە دەستم دا هەیە، کە دەتوانم بە زمانەکانی تورکی و فارسی قسە بکەم و تەنیا دەتوانم بە تورکی بنووسم، لە بارەی نووسین و نامە نووسیندا ئەوەندە دەزانم.
لە تەمەنی ١٠ ساڵیم لە قەزای ناوبراو یەك لە قەڵەمی نووسینی نووسراو، هەروەها دوو لە قەڵەمی ژمێریاری و فەرمانگەی ناسنامە یەك ساڵ یەك لە دوای یەك لە ساڵی ١٣٠٤ کۆچی مانگی شەعبان رۆژی ٢٣ بەرامبەر ساڵی ١٣٠٣ مایسی رۆژی ٥، مانگانە بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە هۆبەی مولکی هومایۆنی شەمامك لە موقاتەعەی مولحە لە نووسراوی پاراستنی دە یەك (اعشار) دامەزراوم. دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣٥ رۆژ لە کارکردن موقاتەعەی ناوهاتوو بووە رژێمی ئیلتیزام، منیش ئاوا مامەوە، بەم دواییە ساڵی ١٣٠٥ مانگی شەوال رۆژی ١٧ بەرامبەر بە ١٣٠٤ حوزەیران ١٥ هاتمە سانجەقی سلێمانیە، بەهۆی خراپی بژێوم ساڵی ١٣٠٨ مانگی موحەررەم رۆژی ٢٨ بەرامبەر بە ١٣٠٦ سەرەتای ئەیلوول لە لیوای ناوهاتوو لە قەزای شەهربازار لە دادگای شەرعی لە بریکاری نووسین بە مووچەی ٩٥ قوروش دامەزرام، نزیکەی چوار ساڵ لە خزمەت کردن، دواتر بری مووچەی دیاریکراو بۆ بژێوی ژیانم بەس نەبوو، بۆیە ساڵی ١٣١١ مانگی رەمەزان رۆژی ٢ بەرامبەر بە ١٣٠٩ شوبات ٢٥ دەستم لە کار کێشایەوە، بە بێ کار مامەوە، دواتر ساڵی ١٣١٣ موحەررەم رۆژی ٩ بەرامبەر بە ساڵی ١٣١١ مانگی حوزەیران رۆژی ٢٠ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە هۆبەی مولکی هومایۆنی سەرچنار بە یاریدەدەری نووسینی نووسراوی ئاغچەلەر دامەزرام.
لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکانەی کە تێدا خزمەتم کردووە، کاتی بووە، داوای پاکانەی ئەستۆم نەکردووە، بەڵام ئەوەی لە دەستم وێنەی نووسراوی عوسمانی و هیچ کاتێکیش بانگهێشتی دادگا نەکراوم، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن، لە ٢٠ موحەررەم ١٣١٣ و ١ تەمموز ١٣١١.

یاریدەدەری مولکی هومایۆنی ئاغچەلەر
لە سەرۆکایەتی قومیسیۆنی مولکی هومایۆنی موسڵ تێبینی نووسراوە و راگەیەندراوە، ئەرکی ناوبراو روونە، لە ٨ تشرینی دووەم ١٣١٧.
نازری خەزینەی بەشی شاهانە

- نووسراو لە سەر یاریدەدەری کاتبی ئاغچەلەر خضر ئەفەندی
٧ ئەیلوول ١٣١٢
لە ناو قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی موسڵ، یاریدەدەری کاتبی مولکی هومایۆنی ئاغچەلەر خضر ئەفەندی کاغەزی وەرگێراوی هاتووە، ساڵی ١٣٠٦ سەرەتای ئەیلوول لە سلێمانیە قەزای شەهربازاری لکێنراو لە دادگای شەرعی بە بریکاری نووسین بە مووچەی ٩٥ قوروش دامەزراوە، نزیکەی چوار ساڵ بە بریکار خزمەتی کردووە، دواتر مووچەکەی بەشی نەکردووە تا بتوانێت بژێوی ژیانی خۆی پێ دابین بکات، دەستی لە کێشاوەتەوە و دوورکەوتۆتەوە، لەم نێوەندەدا، بە واژووی نائیبی قەزای ناوبراو ئیسماعیل حەقی بە مێژووی ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١١ یەك پارچە بەڵگەنامە لە بارەی گلەیی ناوبراو لە کاتی خزمەت و ئەو برە مووچەی کە بۆی دانراوە گلەیی نەبووە، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراو ویلایەتی موسڵ ئاگادار کراوەتەوە.

زیائەددین
لە دادگای شەرعی قەزای شەهربازار وەکو نووسەر هەولێری خضر ئەفەندی لە ساڵی ١٣٠٦ سەرەتایی ئەیلوول تا ساڵی ١٣٠٩ مانگی شوبات رۆژی ٢٥ لە ئەرکەکەی خزمەتی کردووە و بە شێوەیەکی دڵسۆزی کارەکانی راپەراندووە، لە رووی دەست پاکی قازانجی کردووە، لە ماوەی ئەرکەکەی یەك رۆژیش دڵنیایی پاراستنی، کاغەزی پاکانە بە ناوبراو درا، لە ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١١.

داواکار نائیبی قەزای شەهربازار سەید ئیسماعیل حەقی
ژمارە ١
- بە واژووی خضر ئەفەندی لە سەر داواکاری نێردراو لە مێژووی ١ نیسان ١٣١٢، چاوپێخشاندنەوە بە تۆماری کراوە، مووچەکانی خزمەتی ساڵی ١٣٠٣ لە دەفتەر نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ناوبراو لە ساڵی دیاریکراو کاغەز و یەك رۆژ لە سندوق لە بارەی پاراستنیەوە تۆماری نەبووە، لە بارەی کارەکانیشی لە مێژووە دیاری کراوەکاندا لە هۆبەی فەرمانبەرێتی تۆمار کراوە، سەرۆکی شارەوانی قەزای هەولێر حاجی ئەحمەد ئاغا زانیاری لەم بارەیەوە هەیە، بە پشت بەستن بە واژووی داواکاری ئاغا، ناوبراو پارێزراو دەبێ، لە ٣ نیسان ١٣١٢.
نووسەری پلە دوو مستەفا حەقی/ نووسەری پلە یەك عەبدولمەسیح حیلمی/ فەرمانبەری شەمامك لە تەشرە.

- خاوەنی نامەی داواکردن (استدعانامە) خضر ئەفەندی لە بێ دەسەڵاتیم لە هۆبەی فەرمانبەرێتی کارم کردووە، لە ساڵی ١٣٠٣ لە موقاتەعەی جەبور بە کاتی لە نووسینی دە یەك (اعشار) دامەزراوم، بەڵام بەم دواییە موقاتەعەی ناوبراو بە شێوەیەکی پچراو بە کەسێکی تر درا، ئەوە خەتی ئەو بێ توانایەیە، بەڵام ماوەی بەکارهێنانی بڕی مووچەی مەترسی لە سەر نەبووە، هەروەها لە بارەی دڵنیایی پاراستنەوە هەر خۆی لە تۆمار دەردەکەوێت، ئەو کاغەزی مامەڵەیە دووبارە پێشکەش کرایەوە، لە ١٦ نیسان ١٣١٢.
سەرۆکی شارەوانی ئەحمەد

- لەلایەن بەندەتانەوە پێشکەش کراوە
بەندەتان ساڵی ١٣٠٣ لە هۆبەی سەروو موقاتەعەی جەبور لە نووسینی دە یەك (اعشار کتابتی) بوونم هەبووە، ئەمجارە بۆ وەرگرتنی پاکانەی ئەستۆ لە پێشکەش کردنی داواکاری نابراودا سەروو ئاگادارکردنەوەی دەوێت، لە هەر حاڵەتێك ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١ نیسان ١٣١٢.
نووسەری پێشووی جەبوری مولحە خضر

- وێنەی رەسەنی ناوبراو هەمان شتە پەسەند دەکرێت لە ٢٣ مایس ١٣١٢
تۆماری دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیە

| چاو | سمێڵ و ریش | نیشانێك کە جێگیر بێت | وڵاتەکەی | گەرەك | کۆڵان | ژمارەی خانوو | جۆری نیشتەجێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاڵ | کاڵ | تەواوە | هەولێر | مزگەوتی گەورە | مزگەوتی گەورە | ١/١٤ | خانە |


| ناو و نازناوی | ناوی باوك و شوێنی نیشتەجێبوونی | سوننی | پیشە و پلەی کارەکەی | مێژوو و شوێنی لە دایك بوونی | مەزهەب |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سۆفی ئاغازادەکان خضر ئەفەندی | مەولود ئاغا، هەولێر | ١٢ | نووسین | ١٢٨٩ هەولێر | ئیسلام شافعی |

لە باڵا و ناو و نازناو و حاڵ و سیفەتی خضر ئەفەندی کوڕی مەولود ئاغا لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرز تۆمار کراوە، لە یەکەم وێنەدا لە رۆژنامەی ناسنامە دەرکەوتووە تۆمار کراوە، ئەم نووسراوەی پێ دراوە، لە ١٤ مایس ١٣١١.
فەرمانگەی کارگێری قەزای هەولێر / نەزارەتی کاروباری ناوەخۆ
وێنەی رەسەنی راستەقینە هاوشێوەیە و پەسەند کراوە لە ١ تەمموز ١٣١١

هەواڵنامەی کتێب



























هەولنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 175.78 | 4 موحەڕرەم 1313 |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە


لـە ١٢ حوزەیـران ١٣١١ لـە کەرکـووك سـانجەقی سـەڵاحیە و رانیـە لـە ناوچـەی روانـدز و هەولێـر حـەوت تابـور بوونـی هەیـە، هەروەهـا لـە کەرکـووك لەگـەڵ ئـەو دوو تابـورەی لـە رانیـەدا هەیـە، لەگـەڵ نزیکـەی ٨٠ سـوارەی ئێسـتر، لـە بـارەی سـلێمانیە بەهـۆی ئـەو دوا ئـاژاوە، دوێنـێ لـە ژێـر فەرمانـی موشـیر چۆتـە سـلێمانیە، لەوانـە جگـە لـە ئەمـرۆ لـە لیـوا لـە ١٣٠ لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی هـەر یەکـە دوو بـۆ هـەر یەکـە ١٢٠ بوونـی هەیـە، هەمووشـی لـە ٦٠ تـاك پێـك دێـت، ٥ تابـوری نیزامیـە، نیـوەی بـە رێـك خسـتنی ئاژەڵەکانیـان ٦ تـۆپ هەروەهـا ٦٠ تۆپچـی سـەربازی لـە ناوچـەی جیـاوازدا ١٥٠ سـوارەی تـاك بوونـی هەیـە، ئـەم حاڵەتـە ئەمـرۆ ئـەو هێـزەی بوونـی هەیـە، لـە ناوچـەی جیـاوازدا بـە شـێوەی جیـاواز بەیەکـەوە هـەر هەمـووی لـە یـەك خاڵـدا ناکرێـت کۆبکرێنـەوە، بەهـۆی پارانـەوەکان ئەگـەر لـە سـەڵاحیە دەسـت پـێ بکرێـت، هـەر چەنـدە ئـەوەی نێردراوەتـە مولکـی هومایۆنـی شـەمامك لـە موسـڵ ئـەو سـەرکردە گەندەڵانـەی لـەوێ دەسـتگیر کـراون و نێردراوەتـە کەرکـووك، بـەم شـێوەیە لـە شـەمامك کارەکان تـەواو بوونـە، لـە ئـەو دووەی ١٥٠ بوونـی هەیـە، لەگـەڵ یـەك تابـور پیادەکـە، نزیکـەی ١٥٠ سـوارەی ئێسـتر، لـە سـانجەقی کەرکووکیـش ئـەو هێـزەی کـە ماوەتـەوە، بـەرز کردنـەوەی پێویسـتە، بـۆ رێگریکـردن و رێگـە نـەدان لـە رووبەرووبوونـەوەی نێـوان هـۆزەکان و جێگیـر کردنی ئاسـایش و ئاسـانکاری کـردن بـۆ ئامادەباشـیەکان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەو تفەنگانـەی لـە دەسـتی هۆزەکانـە کۆبکرێنـەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە پڕ جێبەجـێ کردنـی کارێکـی لـەم شـێوەیە پێویسـتی بـە هێزێکـی زۆر هەیـە، هەروەهـا ئـەو هۆزانـەی کـە لـە سـەر سـنووری ئێرانـن هـەر هەمـووی بـێ چـەك کردنیـان گونجـاو نییـە، بـە گوێـرەی ئـەو تێروانینـەی کـە کـراوە لـە حاڵـی حـازر هـەر هۆزێـك بـە گوێـرەی پلـەی گرنگیەکەیـان لـە ناویـان لـە سـەرۆکەکان .......... کەسـە بـە زیانـەکان بـە پێـی یاسـا دەسـتگیر بکریـن یاخـود تەمبـێ بکرێـن، چونکـە ئـەو رووبەرووبوونەوانـەی لـە نێـوان هـۆزەکان جگـە لـەوەش بەرامبـەر حکوومـەت کاری سەرکەشـانە دەکـەن و ئـەو بوێریـە دەدەنـە خۆیـان کـە ئەنجامـی بـدەن. بـە هـاوکاری سـەرۆکەکان بێـت ئـەوا بـە دەسـتگیرکردنی سـەرۆکەکان هاوکاریەکانیـان نامێنێـت و ئـەو گرنگیـەی نامێنێـت، تەمبـێ کردنـی سـەرۆکەکان بـە هەمـوو خراپەکارەکانـەوە بـە تەواوەتـی دەخرێتـە بـواری جێبەجـێ کردنـی بەپەلـەوە، بـەم مامەڵـەوە بـە گشـتی ئاسـایش بەرقـەرار بێـت، بـەڵام بـۆ سـەرۆکە گەندەڵـەکان ئـەوا بـۆ دەسـتگیرکردنیان لـە سـەر هێـزی سـەربازی وەسـتاوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە پەلـە دەسـت بـە کار بکرێـت، پێداویسـتی و جێبەجـێ کردنـەکان رێگـە بـە ئاژاوەگێـری نەدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەوەی لە شـەمامك لەگەڵ سـەرباز بـە یەکـەوە ئـەوەی لـە کەرکـووك بوونی هەیـە، نزیکەی ٣٠٠ سـەربازی سـوارە نزیکـەی ٥٠٠ پیادەش ئێسـتا ٨٠٠ سـەرباز لـە مەفرەزەیـەك بوونیـان هەیـە، ئـەوەی بوێـری دەکات چـەك بـەکار بهێنێـت، ئـەوا بـە توندی تەمبـێ بکرێـن، بـە خـوای تەعالـە هەندێـك لـەم سـەرۆکانە نزیـك بوونەوەیـان لەگـەڵ بکرێـت، ئێسـتا ئـەو مەفرەزەیـەی بـە سـەرۆکایەتی قوماندانـەوە دەروات بـە موتەسـەرف راگەیەنـدراوە، لـە سـانجەقی کەرکووك بـە پێـی دەورووبـەر بارودۆخـی سـانجەقی سـلێمانیە بـۆ کۆتایـی هینـان بـەو ئاژاوەگێریـە دەبـێ تەمبـێ بکرێـن، بەمـەش مامەڵـەی تونـد جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا ئـەو شـێخە تاڵەبانیانـەی لـە نـاو کەرکووك بوونیـان هەیـە، ئەگـەر بکرێـت هەندێکیـان تەمبـێ بکرێن، بـەڵام ئەوانـە بۆ هەردوو سـانجەق پێداویسـتی چاکسـازیەکان یەکسـەر بـە یـەك بـەش لـە کارەکان جێبەجـێ بکرێـن، ئـەو شـێخانەی کـە بـە گەندەڵیـەوە خەریکـن بخرێنـە ژێـر چاودێریـەوە، یـەك تاقـم پیـاوی زیانبەخـش کـە بوونیـان هەیـە، لـە تەمبـێ کردنیـان لـە دەسـتەی کارگێـری لـە سـەر بریـاری لیـوا وەسـتاوە، لـە ١٥ حوزەیـران ١٣١١.


جەلال موتەسەرفی کەرکووك



















هەواڵنامەی کتێب























هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **DH.ŞFR.** | 182.77 | **4 جەمادی یەکەم 1313** |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە ٩ تشرینی یەکەم ١٣١١ بەرەبەیان ئیبراهیم پاشا و راسخ ئەفەندی لە ٢ تشرینی یەکەم ١٣١١ تەلەگرافەکانی ئەم مێژووە وێنەیەکی هێنراوە و خوێندراوەتەوە، زانیاریەکان راستن، پێویست بە گۆرینی و راست کردنەوەی ناکات، بە کۆی گشتی ١١ کەس بە بەرێوەبەر و پۆلیسی پاراستن جێگیر کراون و نووسەرانی ژمێریاریش بە هۆبەکانیانەوە یەکسان لە ناو ویلایەت بۆ یەکێکی تریش ژمێریاری لە کۆتا لە فەرمانگەی ویلایەتێك یەك ژمێریار بنێردرێت، و ئەرکی فەرمانبەرەکان لە شوێنی جیاجیا دەست بکەوێت، قائیمقامی کەلعەنبەر عوسمان پاشا بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی سنجار کە بە مەرکەزی ویلایەت بەستراوەتەوە، ئەگەر رەزامەندی نیشان نەدات ئەوا مانەوەی لە کەلعەنبەر سنووردار دەبێت، ئەو کاتە دەبێت لە موسڵ نیشتەجێ بکرێت، قائیمقامی مەرکەز عەبدولقادر پاشا بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی سەڵاحیە کە سەر بە کەرکووکە، قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بۆ کەلعەنبەر و قائیمقامی سنجار ئیبراهیم ئەفەندی بۆ هەولێر و قائیمقامی سەڵاحیە وەلی ئەفەندی لە قائیمقامیەتەکان بگوازرێنەوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارەش جگە لە فەرمانبەرانی دادوەری هەموو فەرمانگەکان ناوە گۆرینەوەیان پێویستە لە بارەی دوورخستنەوەشیان بە پێدانی مۆڵەت یارمەتی دەدرێن و رادەگەیەندرێت، فەرمان لە ١١ تشرینی یەکەم ١٣١١.


ساڵح والی موسڵ


| MF.MKT. | 344.6 | 5 ڕەمەزان 1313 |
| --- | --- | --- |

- بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٥٤
بۆ جەنابی خدێوی فەخامەت
بۆ جەنابی دەوڵەت
ئـەو ئەرکانـەی کـە شـوێنەکانیان بەتاڵـە، بـۆ دەرچـوون و دامەزراندنـی قوتابیەکانـی، ئـەو مامۆسـتایانەی کـە لـە مەکتەبەکانـی روشـدییە مامۆسـتا بوونـە، بـۆ دانانیـان لـەم شـوێنانە، ناوەکانیـان بـۆ ئـەو ویلایەتانـە بـڕوات کـە دەتوانـن بـۆی بـڕۆن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یـەك پارچـە دەفتـەر پێشـکەش کـراوە و بـۆ ناردنـی بـە مێـژووی ١٤ تشرینـی دووەم ١٣١٢ ژمـارە ١٣٩ فەرماننامـە بـۆ لایەنـی خدێـو نێـردراوە، مامۆسـتای پلـە یـەك کـە لـە ژێـر کارگێـری ئێمەشـە روشـدییەکانی سـلێمانیە و هەولێـر بـۆ جێبەجێکردنـی کارەکانیـان ئـاگادار کراونەتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەش کـە وەرگیـراوە، مامۆسـتای پلە یەکـی روشـدییەی سـلێمانییە، داوای روشـدییەی مولکیـەی بەغـدادی کـردووە، هەروەهـا مامۆسـتای پلـە یەکـی روشـدییەی هەولێریـش حـەز دەکات خانەنشـین بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری پێشـکەش کـردووە. ئەمـر و فەرمان بۆ ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ ڕەمەزانـی پیـرۆز ١٣١٣ و ٢٦ کانوونـی دووەم ١٣١٢.
محەمەد تۆفیق بریکاری بەڕێوەبەری مەعارفی موسڵ


- بـە ئاشـکرا ئەوانـەی شایسـتەن و قوتابـی دادەمەزرێنـن، ئـەو مەکتەبانـەی مامۆسـتاکانیان لـە پلـە یەکـن، ناوەکانیـان نێـردراوە تـا بچنـە ئـەو مەکتەبانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یـەك پارچـە دەفتـەر ڕەوانەکـراوە، لـە سـەر ئـەوە نـووسراوی بەڕێوەبەرایەتـی مەعارفـی هەمـوو ویلایەتـەکان کـراوە، بـۆ وەڵام دانەوەی نـووسراوی جەنابـی نەزارەتپەناهـی، لـە نـووسراوی وەکالەتـی بەڕێوەبەرایەتـی مەعارفـی موسـڵ لـە ویلایەتـی ناوبـراو ئـەو مامۆسـتا پلـە یەکانـەی کـە بوونیـان هەیـە، لەوانـە مامۆسـتا پلـە یەکەکانـی مەکتەبـی روشـدییەی سـلێمانیە و هەولێـر، مامۆسـتای پلـە یەکی سـلێمانیە داوای مەکتەبـی روشـدییەی بەغـداد دەکات، هەروەها مامۆسـتای پلـە یەکـی روشـدییەی هەولێـر داوای خانەنشـینی کـردووە، زانیـاری و ووردەکاری نێـردراوە، لـە سـەر ئـەوە چاوەڕێـی روون کردنـەوەی سـەروو دەکات، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ مـارت ١٣١٣.

- ٤ زیلقەعدە ١٣١٤
٢٥ مارت ١٣١٣
بۆ بریکاری بەڕێوەبەرایەتی مەعارفی ویلایەتی موسڵ
لـە داواکاری بـە مێـژووی ٢٦ کانوونـی دووەم ١٣١٢ ژمـارە ٥٤ مامۆسـتای پلـە یـەك لـە مەکتەبـی روشـدییەی هەولێـر عەبدولحەکیـم ئەفەنـدی داوای خانەنشـین کـردن دەکات، خەریکە خانەنشـین کردنەکەی جێبەجێ دەکرێـت، لـەم بارەیـەوە پێویسـتە کاغـەزە جیاوازەکانـی بنێردرێـت، لـە وەڵامـدا ئـاگاداری بـۆ کارگێـری مەکتەبەکانـی روشـدییە نێـردراوە، داواکاری نـووسراوە.





هەولێرنامەی کتێب


موصل ولايتى معارف مديريتى وكالتنه

هەواڵنامەی کتێب


نظارت امور ماليه
محاسبهٔ عموميه
عدد
١١٢٢

هەولێرنامەی کتێب

| ŞD. | 363.64 | 23 جەمادی یەکەم 1313 |
|---|---|---|

نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریای گشتی
ژمارە
١١٢٢

لە ساڵی ١٣٠٠ تا کۆتایی ساڵی ١٣٠٢ ئەو زەخیرەیەی بۆ سەربازی شاهانە لە قەزای هەولێر بۆ قەسەبەی هەولێر نێردراوە و گوازراوەتەوە، خەرجی گوستنەوەی ئەو زەخیرانە ١٨ هەزار و ٥٧٠ قوروش ٣٤ پارە دراوە، هەروەها ئەو زەخیرانەی نێردراوە نرخی دەرهاتوو رادەست کراوە، لە شوێن خۆی بەهای (رایج) زیادی کردووە، بۆیە بۆ گواستنەوەی ئەوەی باس کراوە بۆ لایەنی سەربازی لە سەنەدی تایبەت لە رووی زیادەکەوە رەزامەندی نەدراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە دەفتەرداریەتی ویلایەتی موسڵ راپرسی کراوە، هەروەها بە پێی رێنماییەکان بۆ هاوکارییە سەربازییەکان ئەو زەخیرانەی بۆ شوێنی خۆی رادەست دەکرێت، لە دەرچوونی بەهاکەی (رایج) ئەگەر لە بەهاکەی کەموکوری دەرچێت، بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆ تۆڵەکردنەوەی خەرجی گواستنەوەکە ئەوە پێدانی ئاقچە بۆ پاراستنی قەدەغەکراوەکان لە دابینکردنی دارایی رەزامەندی و هەژماردنی زیانە، ئەگەر ژمارەی دیاریکراو ئاساییش بێت، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٢ ئەوەی تۆمار کراوە، بە رێکخستنی جیاوە لە ساڵی هاتوو خەرجی گشتی بە رێکخستنی رەزامەندی جەنابی پاشای لە ئەنجوومەن و ژمێریاری گشتی دارایی باس و وتووێژی لە سەر کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١٣ و ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١١.

نازری دارایی

| Y.PRK.UM. | 36.30 | 6 جەمادی کۆتایی 1314 |
|---|---|---|

- لەشکری یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە موسڵەوە شیفرەی تەلەگرافنامە
وێنە


لە سەر پارانەوەی خەڵکی پشدەر هەروەها ئەو چەك و کەلوپەلی جەنگییەی کە لە دەستیان بوو، رادەست کرانەوە، لەگەڵ ئەو حاڵە، تکا و پارانەوەیان دەدرێتە ویلایەتپەناهی، لە وەڵامدا خۆیان بەمە ئاگادار کراونەتەوە، بەڵام تا ئێستا نەرۆیشتوون، ئێستا لە قائیمقامیەتی پشدەر تەلەگرافنامە وەرگیراوە و نیشان دراوە، بە باشی کارەکە گەیشتۆتە ئەنجام، لە وەڵام ئاگادارکردنەوەکە نووسراوەتەوە، هەروەها لە سەر ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت، زانیاریەکان نیشان دەدرێن، بە ئاسایی دانراوە، لە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣١٢.


ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە موتەسەرفی سلێمانی بە وەکالەت هاتووە، بۆ سەروو نێردراوە، کاری پشدەر بە فەرمانی پاشای سەدارەتپەناهی بە رێکوپێکی جێبەجێ کراوە، شێخ سەعید ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی پێشوو عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی هەولێر و قائیمقامی رواندز عەبدوڵڵا بەگ بەیەکەوە لەگەڵ نووسراوی دەستەی چاکسازی ئاسانکاری کراوە لە ئەنجامی پارانەوەیان دەستەبەرکردنی شوێنی کۆنیان نیشتەجێ کردنیان و ئاسوودە بوونیان، لەلایەن موتەسەرفی ناوبراو لە وەڵامدا ئاگادار کراونەتەوە، بەم شێوەیە پشدەریەکان خەریك کردنیان بە کاری جوتیاری هەروەها ئینشائەڵڵا تا چەند رۆژی دواتر بە تەواوەتی بە رەزامەندی دەوڵەت لایەك بە لایەك دەبێت، فەرمان، لە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٢.
والی موسڵ و وەکیلی قوماندان میری لیوا رەفیق


- لەشکری یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە موسڵەوە شیفرە


قائیمقامی پشدەر بینباشی حوسنی و قوماندانی تابور سەعید ئەفەندی لە فرقەی قوماندانی دوانزەمین ئاگادار کراوەتەوە، لەگەڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٢ لەگەڵ تێروانین لە تەلەگرافنامەی موتەسەرفی سلێمانی بە مێژووی ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٢ بە پێی جموجۆڵی سەربازی ئەو دواییە، بۆ ئێران هەڵاتووە، لەوێش پارێزگاری لێ کراوە، لایەنگری ئێران و لە سەر سنووری عوسمانیە ناحیەی ئالان ئاغاکانی پشدەر نیشتەجێ کراون، دانیشتووانی ناحیەی ناوبراو لەگەڵ هۆزی پشدەر بە بەیەکگرتنیان، نزیکەی ١٥٠٠ کۆمەڵ لە تشرینی یەکەم رۆژی ٢٣ لە رێگای گوندی بێستانە لە ناحیەی پشدەر هۆزی ئۆجاق نیشتەجێن و لەگەڵیان تووشی هەرەشە بوونەتەوە و گوندەکەیان سووتێنراوە و ماڵیان تاڵان کراوە، لە مەرکەزی قەڵای دیزە هێزی سەربازی لە سەر هاتنن، بەڵام لەگەڵ مەفرەزەیەکی ١٠٠ کەسی ناوبراو حوسنی ئەفەندی چاودێری کراوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی دوو رووبەروو بوونەوە، لە سەربازی شاهانە ٢ شەهید و ٤ بریندار هەیە، هەروەها لە چەتەکانیش دوو کوڕی سەلیم ئاغا لەگەڵ کەسانی ناو هۆزەکە کوژرا و بریندار هەیە، هەروەها ئەو هێزەی کە بوونی هەیە، بە پێی پێویست نییە، تووشی ئابڵوقە بۆتەوە، بە پەلە یەك تابور بنێردرێت، گرنگی کارەکە و پەلەی پێویستە، لەگەڵ ١٢٠ پیادە و مەفرەزەی ٣٠ سوارەی ئێستر لە کۆی سانجەق بۆ ناوچەی دیاریکراو بنێردرێت، بۆ ئەم مەبەستە بۆ قوماندان نووسراوە، لە کەرکووکیش مەفرەزەیەك بە ٦٠ سەرباز ئەمرۆ جولە دەکەن. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی هێشتا لە رووی پارێزگارییەوە ناتەواوە، لە سەر فەرمانی پاشای خەلافەتپەناهی لە سلێمانی یەك تابور سەربازی شاهانە دەنێردرێت، لە ژێر پاراستنی ئەو سەربازانە، بەیەکەوە، بە پەلە ئاسایشی پشدەر بگەرێندرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەو مەفرەزانەی لە کۆی سانجەق و کەرکووك نێردراوە، جگە لەوەش بە پەلە یەك تابور لە سلێمانی نێردراوەتە پشدەر، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بە رێکوپێکی و پارێزگاری کردن لە شوێنەکە میری ئاڵای رزا بەگ لە کارگێری بە توانایە و ئیسلامە، لە ژێر قوماندانی ناوبراو ماوەیەك لەم ناوچەیە دەمێنێتەوە، یارمەتی دانی ئەرکی ئێمەیە، لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٢.
والی موسڵ و وەکیلی قوماندان رەفیق

هەواڵنامەی کتێب










هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 201.175 | 8 رەمەزان 1314 |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەرەبەیان لە سەر فەرمانی سەدارەت بۆ پشدەر بەرێکەوتوون، ئەمڕۆ دەستەی تایبەتی لە سەر بڕیاری جەنابی پاشا پشدەریەکان بۆ نیشتەجێ کردن و لە شوێنی کۆنی خۆیان نیشتەجێ کردنیان سەرکەوتوو بوونە، لە سەردەمی والی پێشوو عەبدوڵڵا پاشا بەهۆی سەرهەڵدانی رووبەرووبوونەوە، کەلوپەلی هۆزەکەی کەوتۆتە ژێر دەستی، تا ئێستا ئەوەی خستویەتیە سەر خۆی ١٧ ئێستر و ١٦ تفەنگ و ١ بارگیر ئەوانە وەرگیراوەتەوە و رادەستی حکوومەتی ناوەخۆ کراوە، ئەو کەلوپەلانەی کە ماوەتەوەش دەستیان کردووە بە دانەوەی، دیارە مەسەلەی پشدەر بە نیشتەجێ کردنیان ئاسایشی سنووری شاهانە بەم شێوەیە ئارام دەبێت، دەستەی ناوبراوی جەنابی پاشاش بەرز نرخێنراوە، جگە لەوەش شێخ سەعید ئەفەندی بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە لە کاری چاکەکاری بەردەوام بێت، لەم جۆرە ئەرکانە پەسەند کردن و رۆیشتنی دەزانێت، تەنیا والی پێشوو سەنەدەکانی بۆ ناو مەرکەزی ویلایەت بردووە، داوا دەکات برادەری سەید مستەفا ئەفەندیش بۆ سلێمانیە بگوازرێتەوە، قائیمقامی پێشووی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ قائیمقامی پێشووی رواندز عەبدوڵڵا بەگ هەر خۆی لە بەگزادەکانی هۆزە و سی ساڵ پێش ئێستا خزمەتی سەڵتەنەتی پایەداری کردووە و بەکار هاتووە، بەندەیەکی ئەمەکدارە لە شوێنێکی ویلایەت دابنرێن کە ئەرکەکانیان بەتاڵە، لە ٢٩ تشرینی دووەم ١٣١٢.

بریکاری والی موسڵ میری لیوا رەفیق




هەواڵنامەی کتێب





هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ŞD.</td><td>2675.3</td><td>23 شەعبان 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دەفتەرخاقانی<br>ئەنجوومەن<br>ژمارە ١٤٨<br>راگەیەندراوی بەندەتانە<br>لە قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ شوێنی موتق زەوییەکانی بە شوێنگرەوە (بدل) ماوەیەکی دیاریکراوە بەتاڵە و بۆ رێکخستنەوەی لە بەرامبەر ٥٠ لیرە خاخام یوسف داوای کردووە بدرێتە ئەو، ئەگەرچی ئەو زەوییانە بەتاڵ و بێ خاوەنە، گونجاوترە بە شێوەی شوێنگرەوە (بدل) بدرێتە خەڵکی ناوچەکە شوێنگرەوەکەش بە پێشین وەربگیرێت، بەڵام بۆ ئەوەی بە بەش بەش پارەی زەوییەکە وەربگیرێت، پێویستی بە مۆڵەتی سەدارەتپەناهیە، بەڵام ووتەی نەزارەت لە بارەی جێبەجێ کردنی، بە فەرمان و راگەیاندن دەبێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ شەعبان ١٣١٤ و ١٤ کانوونی دووەم ١٣١.<br>نازری دەفتەرخاقانی</td></tr>
</table>

| 8 زیلحیجه 1315 | 36.6 | Y.PRK.AZJ. |
|---|---|---|

پێنجەم داواکاری مەملوکانەم راگەیەندرا، بە گوێرەی ئەوە شێخەکانی بارزان و بجیل لەگەڵ ئەندامانی هۆزی عەبدولرەحمان لە نێوانیان رووبەرووبوونەوە و نیشتەجێ کردنیان بە شێوەی جیاجیا دەستی پێکردووە، لە مارتی رۆژی دەیەم رێککەوتوون، کە هەر یەکەیان ئەندامانی هۆزەکانیان ئاگاداری پێویستیان پێیان داوە، لە بارەی کوشتن و شەڕەوە ئاگادار کراونەتەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ تێکچوونی ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی رێگری دەکرێت، کشتوکاڵ و پارەوپول و مەروماڵاتی هەژاران بە تاڵان دەبەن و هێرش دەکەنە سەریان، هەروەها هۆزی هەمەوەند لە پیاوانی ئازیز و دەوڵەت یار لەگەڵ لیواکانی سلێمانیه و کەرکووك ئەو کەلوپەلانەی کە لە بەغداد و موسڵەوە دێن چەپاندوویانە، ئەمنیەت و ئاسوودەیی سەردانی کەرانی ئێران و ماردین و هاتووچۆکەران تاڵان دەکەن، جگە لەوەش کاروباری بازرگانەکانیان راگرتووە، ئەم راگەیەندراوەش پەسەندە.

لە قەزای دهۆك دانیشتووانی ناحیەی مزوری لەگەڵ حوسێن کوری عەرەب لەلایەن ٢٠ کەس لە هاوەڵان ئاژەڵەکانی ناحیەی بەرواری ژێر گوندەکانی بلبا و کارواپان تاڵان کردووە و کوری مەلا مستەفا کەسێکی بە ناوی محەمەد کوشتووە و خەڵکی بریندار کردووە، ئەوانەی بوێری ئەو کارەیان کردووە، لە بارەی دەستگیرکردنیان نووسراو بۆ قائیمقامیەتی دهۆك کراوە.

دانیشتووانی ناحیەی بەرواری ژێر لەگەڵ حوسێن ئاغا لە نێوان ئەوانە و دانیشتووانی گوندی ئاسپندار ئەوەی روویداوە لە کوشتن و تاڵان، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئاسایشی ناوچەکە تێك بدەن، لە بارەی نەهێشتنی ئەو ئاژاوەیە لە ٢٣ شوبات ١٣١٣ لەلایەن قائیمقامی عەمادیە نووسراو بۆ ویلایەت هاتووە.

لە نێوان عەمادیە لەگەڵ زاخۆ لە نێوان هۆزی حەمیدیە ئەرتوش هۆزی سیدان بوونیان هەیە، ئەندامەکانی ئەو هۆزە بە چەك هەرەشەیان لە فەرمانبەرانی هەژمارکردنی مەروماڵات کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لە قائیمقامیەتی زاخۆ تەلەگرافنامە لە ١١ مارت ١٣١٤ هاتووە و راگەیەندراوە لە بارەی رووداوی چەك هەڵگرتنیان لەلایەن سەرۆکی هۆزی ناوبراو حاجی بەگ، ئەسپ ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بچنە سەر سەربازانی شاهانە دوای بەکارهێنانی چەك، ئەوانەی بوێری ئەو کارەیان کردووە دوو کەس دەستگیر کراون، هەروەها ناوبراو حاجی بەگ لەگەڵ هێزی هۆزەکان مامەڵەی دوژمنکارانەیان ئەنجام داوە، لەم بارەیەوە تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ مارت ١٣١٤ لەلایەن قائیمقامیەتی دهۆك لە پیادەی بینباشییەوە هاتووە.

لەگەڵ لیوای کەرکووك و سلێمانییە قەزایەك کە لە نێوان سنوور و قەزای های دایە بەستراوە بەقەزای مەعمورەی حەمیدیە زۆربەی هۆزەکانی پشدەر و ئاکۆ و مام و دەلۆ و خۆشناو و بلباس و مەنکور ژوری لەبەر ئەوەی لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە جێگیر نییە، ئەو زانیاریەی لە موسڵ هەیە، فەرمانی کارگێری و ئاسایشی ناوەخۆ بە تەواوەتی گەیشتۆتە حاڵەتێکی خراپ، ناچاریە کە یەك دوو تابور بنێردرێت، لەم حاڵەتە لەبەر ئەوەی لە ویلایەت ئامادەکارییەکی کاریگەر نەبینراوە، هۆزەکان ئەگەری شەڕ کردنیان هەیە، هەروەها لە هەر لایەکەوە رەوە ئەسپ و چەك و جبەخانە کۆکراوەتەوە و لەسەر سنوور لە شوێنێك بە ناوی پێنچوین شەڕ کراوە، ٤٢ کەس کوژراوە و برێکیش بریندار بوونە، ئەمەش لەو تەلەگرافنامانەی کە لە لیواوە هاتووە دەرکەوتووە.


گوندی شوك سەر بە قەزای هەولێر پیاوێکی زۆڵ لەگەڵ بەحرکەیی کاکل ئاغا و کورەکەی جەمیل و یەك تاقم لە هاوەڵانی دانیشتووانی گوندەکانی پیرزین و کەسران و ئاودل براستیان دەرکردووە و یەك کەسیان کوشتووە و کەلوپەل و مەروماڵاتیان تاڵان کراوە، هەروەها لە هێرشەکانیان ئەو زەویانەی کە لە ژێر دەستیان بووە قەڵایەکیان تێدا بونیاد ناوە، خەڵکەکەیان پەرێشان کردووە، بەهۆی نامەی بەهاناچوونەوە لە ویلایەت بە مێژووی ٣٠ مارت ١٣١٤ ژمارە ٩٧ نووسراو لە موتەسەرفیەتی کەرکووك نووسراوە.

دانیشتووانی گوندی هیران کە سەر بە قەزای کۆی سانجەقە کە بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لە نێوان دانیشتووانەوە هەیە، لەبەر فراوان بوونی تا ئێستا لە بارەی نیشتەجێبوونیان هێشتا هیچ شتێک نەکراوە.

←




هەولێرناسی




ئـەو گونـد و زەویانـەی کـە سـەر بـە قـەزای سـنجارن، داهاتـی ساڵانەیان لـە یـەک ملیۆن لیـرە پێـك هاتووە، قائیمقامـی قـەزای ناوبـراو شـەربەتچی زادە لـە کارگێـری ئەنجوومەنـی ویلایـەت زاوای بـاش کاتیـب رەئوف ئەفەنـدی، ناوبـراو رەئـوف ئەفەنـدی زەوی قـەزای ناوهاتـووی بـە نەواوەتـی خسـتۆتە ژێـر رکێفـی خـۆی، هەمـوو سـاڵ دە یەکەکـەی (اعشـار) بـە هـاوکاری و بـێ ئـەوەی نرخێـك بـدات، بـەکاری دەهێنێـت، ئێسـتا لـە ناحیـەی مـزوری ئـەو گوندانـەی سـەر بـەو ناحیـەن، دەسـتی بـە کار کـردووە بەشـێکی دەخاتـە ژێـر رکێفـی خـۆی، ئـەم کارەش بـە کاری نەشـیاو هەژمـار دەکرێـت، هـەر بۆیـە لەلایـەن وەرگێـری پێشـووی باڵیـۆزی فەرەنسـا سـلێمان کـوڕی داود ئاغـای موسـڵ چەندیـن داواکاری بـۆ سـەروو بـەرز کردۆتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەو نـووسراوەی کـە لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ کـراوە داوای زانیاریـش کـراوە، نائیبـی پێشـوو ئەحمـەد فائیـز ئەفەنـدی کـە لەگـەڵ مەکتوبچـی رەمـزی بـەگ لـەم بـارەوە بیروڕایان یـەك بـووە، مەکتوبچـی رەمزی بـەگ لـە بیـری کـردووە هەروەهـا لەلایـەن سـەرووتر پرسـیاری لـێ نەکـراوە بـە چ رێگایـەك مامەڵەکـەی کـراوە، بـە بـێ دەنگـی ماوەتـەوە، بۆیـە یاسـای بەنـدە کۆتایـی پـێ دێـت.

مەسـەلەی پێنچویـن پشـتگوێ خـراوە، هەروەهـا بـۆ ناردنـی سـەربازی شـاهانە و خەرجیەکەی بە پێویسـت نەزانـراوە، هـەر بۆیـە ئـەو هەواڵـەی کـە یەکسـەر بـۆ قائیمقامـی کەلعەنبـەر عوسـمان پاشـام نـارد، لەبـەر کاریگـەری هەواڵەکـە سـوپاس بـۆ خـوا یەکسـەر بـە هانایـەوە هـات، لـە سـایەی جەنابـی سـەروو دادوەری بانـە محەمـەد خـان و هاوەڵانـی لـە پێنچوینـەوە دەرهێـنراون و نێردراونەتـەوە خاکـی ئێـران، ئـەم هەواڵ لە پلەوپایـەی ویلایـەت لـە نێـوان هومایۆنـی ملوکانەکانـی بـاش کیتابەتی جەلیلـە بە تەلەگـراف راگەیەنـدراوە و زانیـاری دراوە، هەروەهـا بـە گوێـرەی لێکۆڵینـەوەی قوماندانـی ژاندارمـە حەسـەن پاشـا بـە ئامادەبوونی دیوانـی جەنـگ دادگاییەکـە دەکرێـت، بـە سـەرۆکایەتی فەریـق محەمـەد پاشـا دەسـتەیەکی لێکۆڵینـەوە (هیئـە تحقیقیـە) بـۆ موسـڵ رۆیشـتووە، فەرمـان، لـە ١٨ نیسـان ١٣١٤.

بەندەی حەمدی






| | | |
|---|---|---|
| DH.ŞFR. | 211.31 | 29 موحەڕەم 1315 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر دامەزراوە و ڕەسەنایەتی دەرخراوە، ئەو تەلەگرافنامەیەی لەلایەن عەبدوڵڵا بەگ وەرگیراوە، هەواڵ ئاوا هاتووە کە لە قەزای ناوبراو بۆ قائیمقامیەت کەسێک بە ناوی عارف حیکمەت هەڵبژێردراوە بۆ دامەزراندن، بە هۆی خزمەتی باشی ستەمی لێکراوە، داوای بەزەیی کردووە، هەروەها ناوبراو لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئەوێ سوودی خۆی نیشان داوە و لەگەڵ خزمەتی ڕێکوپێکی، لەگەڵ خۆگونجانی لەگەڵ هۆزەکانی ئەوێ دڵسۆزی و مەردایەتی دەرخستووە و شایەنی ڕێزگرتنە. ڕەسەنایەتی کارەکانیان ڕاگەیەندراوە و کۆتایی هاتووە، قائیمقامیەتەکەیان جێگای قەدەغە کردن نییە، لەم حاڵەتە ئەگەر ڕەزامەندیش درابێت، ئێرە وەکو هەموو ویلایەت سنووری دیار نییە، لەم حاڵەتە تا چ پلەیەك هەڵبژاردنی لە ناو ویلایەت گونجاوە، بە پێی ئەو شتانەی باس دەکرێت سەرەتا عارف حیکمەت ئەفەندی لە قائیمقامیەتی ڕواندز بووە، ئەگەر ئەو عارف حیکمەت ئەفەندییە بێت، ئەوا لە ویلایەت ناوبانگی باش نییە، بۆیە دامەزراندنی لەم ویلایەتە گونجاو نییە، بۆ ئەم مەبەستەش دەرخراوە.

زوهدی والی موسڵ
١٨ حوزەیران ١٣١٣




| | | |
|---|---|---|
| 19 جەمادی کۆتایی 1315 | 217.76 | **DH.ŞFR.** |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە 29 تشرینی یەکەم 1313 بەرەبەیان، لە هەولێر لەسەر بەڕێوەبەری دارایی پێشوو ئەسعەد ئەفەندی زانیاری قۆمیسۆن خوێندرایەوە، لە ویلایەت مامەڵەی دەفتەردار بە نووسراوی فەرمی نێردراوە، لە وەڵامی فەرمیدا ناوبراو پێشەکی ئەو کاتەی بەڕێوەبەری دارایی عەقرە بووە، لە سندوقی دارایی دزی کراوە، کە بڕەکەی ٧٠٠٠ قوروشە، لەم کارە بێ تاوان دەرچوو، هەروەها لە بەڕێوەبەری دارایی زاخۆش لە رەسمی سەر مەڕ لە دەیا یەك قوروش رادەستی سندوق نەکراوە، بۆ ئەوەی بۆ تێنەگەیشتن لەم بارەیەوە مامەڵەی یاسایی خەریکە جێبەجێ دەبێت، نیشان دراوە کە پێویستە دوور بخرێتەوە، بۆیە سەرەتا لەو ئەرکەی بوونی هەبووە و لە سندوقی ئەمینی هەولێر پاکانەی دەرکەوتووە، عەلی ئەفەندی دامەزراوە، بە مەبەستی خراپەی بێ رووداو رێکخراوە، لە کاری خراپەکاری ئەزموونی وەرگرتووە، کەسی ناوبراو سکاڵای لە سەرە، بۆ ئەمەش ئاگاداری نێردراوە، لە دوورخستنەوەی ناوبراو لە شوێنی ئەو، ئەوەی تر دامەزرێت، لە دەفتەردار بۆ جێبەجێ کردن هۆکاری سەرچاوەکەی لە هەڵبژاردن و باڵایە، لەوە زیاتر نیشان دانی پوختەکەی بە پێویست زانراوە، بەڵام ٥٠٠ قوروش مووچەی هەیە، تەنیا یەك فەرمانبەر بەم شێوەیە فیداکاری تێدا بینراوە، ئەوەیان گونجاو نییە، بۆیە عەلی ئەفەندی بۆ پێدانی پلە یاخود لە بارەی کۆتایی پێ هێنانی لە قەزای ناوبراو بە هیچ شێوەیەك شتی تری لە سەر نەبووە، بە تێروانین لە نەزارەتی جەلیلەش دیارە ناوبراو ئەسعەد لە بارەی ویلایەتەوە جێبەجێ کاری کراوە، بۆ دەوڵەت بە گشتی تەنیا بە راشکاوانەیە و لە بارەی پارەوە دامەزراندنی بەسە و لە بارەی دەفتەرداریش داوا بەرز بکرێتەوە و داوای مۆڵەت بکرێت، بەم شێوەیە جێبەجێ کردنی بە رای نەزارەتپەناهیە، لە ٣ تشرینی دووەم ١٣١٣.


بەناوی والی موسڵ/ زوهدی

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>221.108</td><td>12 شەوال 1315</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>پزیشکانی ئەڵمانی بە ناوی ساهاد و کۆلدافای هاتوونەتە موسڵ، ئەو یاخی بوونەی لە دەورووبەری موسڵ بۆتە هۆکاری وێران بوونی گشتی و سەردانی هەندێك لە گوندەکانیان کردووە، دواتر چوونەتە مەرکەزی قەزای هەولێر، لە کاتی سەردانەکەیان بۆ گوندی نەینەوا کە سەر بە موسڵە وێنە و نەخشەیان لەوێ دۆزیوەتەوە، لە مەرمەر یەك دوو پارچە بەردیان بردووە، دواتر دوێنێ ئێوارە گەراونەتەوە موسڵ، بە گوێرەی کاغەزی نووسراوی پوختە، پێشکەش کراوە، فەرمان، لە ٢٢ شوبات ١٣١٣.<br>عەبدولوەهاب والی موسڵ</td></tr>
</table>




| DH.ŞFR. | 224.10 | 23 زیلحیجه 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

....... پێویست کراوە لە دوورخستنەوەی بە مێژووی ٢٦ نیسان ١٣١٤ هەروەها شیفرەی تەلەگرافی نێردراوە، موتەسەرفی سلێمانییە رەفعەت ئەفەندی لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پارێزگاری لە حکوومەت بکات، جگە لەوە لە کارگێری سەربازیدا لە بارەی متمانەوە سکاڵای قورسی لە سەرە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دووبارە بگاتە ئەوەی داوای دامەزراندنی بکرێتەوە، ئەوا قائیمقامی پێشووی هەولێر عەبدوڵلا پاشا بە وەکالەت بۆ سلێمانییە بنێردرێت، لە موشیرەتی جەلیلە نیشان دراوە کە موتەسەرفی ناوبراو لە ئەنجامی ئەوەی کارەکانی بە خراپی بەرێوەبردووە، لە ناو لیوا حکوومەت دەستی بە کار کردووە، دوورخستنەوەی بە مامەڵەیەکی بە پەلە لە نەزارەتپەناهی دایە، ناوبراو عەبدوڵلا پاشا بە وەکالەت لە موتەسەرف فەرمانی دامەزراندن و رۆیشتنی بە تەلەگراف ئامادەیە تا بنێردرێت، لە ٣ مایس ١٣١٤.

عەبدولوەهاب والی موسڵ



| 27 سەفەر 1315 | 473.11 | ŞD. |
| --- | --- | --- |


بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
هەروەك چۆن باوباپیرانم تا گیان فیداکردن بۆ چاکسازی عیراق کاریان کردووە، بەندەشتان ٣٠ ساڵە بە دڵسۆزی لە ویلایەتی موسڵ ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردووە، بە تایبەتی بە فەرمانی پاشا لە خاکی ئێران لە ئاشت کردنەوەی هۆزەکانی عەمادییە کردوومە، بەهۆی ئەو خزمەتانەی ئەنجامم داوە، لە قۆمیسیۆن کارەکانم پەسەند کراوە و بۆ بەرز نرخاندنی نیشانم پێ دراوە، لە پلەی میری میرانی نیشانی مەجیدی عوسمانی خەریکە ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی پێشکەشم بکرێت، بەڵام لەلایەن هەندێك لە کەسانی بێ کەڵك و کە رەسەنایەتیان نییە و پێیان قەبوڵ ناکرێت، بیرۆکەی رابردووی بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە و وردبینی بۆ بکەن بەسەرم دادەسەپێنن، بۆیە بە ستەملێکراوی لە هەولێر جیابوومەتەوە، لە مێژووی جیاجیا بانگ کراوم، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبینراوە، بەندەیەکی وەکو من لە کوردستان لە یەکەم خانەدانەکانە. لە رێگای پاراستنی سنوور و دوورخستنەوەی ململانێی هۆزەکان گیانم فیدا کردووە، بە پارەش ئامادەم، دڵسۆزیم شایەتی ئەوە دەدات. لە نزیك شوێنەکەی خۆم لە دووەم چینی قائیمقامیەت بە بروایەکی ناچارییەوە لە ئەرکەکەم بەقەت زەرەیەك خاوەتم وەرنەگرتووە، بۆیە هیچ یاسایەك رێگە نادات ئەرکەکەم بە هەدەر بچێت، ئەوەی ئاشنای تایبەتمەندی من بێت داخی بۆ من خواستووە، تەنانەت ستەملێکراویم بەم دواییە بە بابەت لە ویلایەتی ناوبراو دیاری کراوە و بە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانی دواتر گواستنەوەی ئەرکەکەم بۆ کەرکووك بە کۆی گشتی دڵسۆزیم دیارە، یا ئەوەتا لە ئەرکی پێشووم لە قائیمقامیەتی هەولێر بە پێی نیزام دووبارە دامنێنەوە یاخود لە شوێنێکی تر لە کارێکی گونجاو کە شایەنی رەسانایەتی من بێت پێم بدرێت، بۆ ئەنجامی ستەم لێکراوییەکەم، ئەمجارە داوای دادوەری دەکەم، فەرمان، لە ١٤ تەمموز ١٣١٣.
عەبدوڵڵا قائیمقامی پێشووی هەولێر


٢٧ سەفەر ١٣١٥
بە بریاری فەرمانگەی فەرمانبەرایەتی ژمارە ٩٦ لە مێژووی ١٦ سەفەر ١٣١٥ نووسراو بۆ سەرۆکایەتیپەناهی نەزارەتی ناوخۆی نووسراوە.

| 24 شەعبان 1315 | 001070.080222 | BEO. |
|---|---|---|

٢٤ شەعبان ١٣١٥
٥ کانوونی دووەم ١٣١٣
بە پێی داواکاری لە نەزارەتی ناوەخۆ بۆ جێبەجێ کردن دەست بە کار بکرێت

لە فەرمانگەی فەرمانبەرانی شورای دەوڵەت نووسراوی ژمارە ٢٢٣٤ وێنەکەیەتی لە قەزای هەولێر لە خزمەتی فەرمانبەرایەتی لە قائیمقامیەت بە ناهەق دوور خراوەتەوە، غەدری لێکراوە، بەهۆی خزمەتی پێشووی لەلایەن عەبدوڵڵا پاشا پلەی پێشکەش کراوە و داواکارییەکە رەوانەی شورای دەوڵەت کراوە، ئەو داواکارییە کە لەلایەن ناوبراو نێردراوە لەگەڵ دوو پارچە تەلەگرافنامە بە یەکتریەوە رەوانەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی فەرمانبەران خوێندراوەتەوە و لە ویلایەتی موسڵ چۆنیەتی وەرگرتنی زانیاری دراوە. لە ویلایەتی ناوبراو لە مێژووی ١١ کانوونی دووەم ١٣١٢ تەلەگرافنامە هاتووە، نیشان دراوە کە پاشای ناوبراو هیچ حاڵێکی وای نییە، بەم پێیە ئەو زانیاریانەی لە نەزارەتی ناوەخۆ هەیە و دوای خوێندنەوە روون کردنەوە وەرگیراوە، بە پێی وەڵامی نووسراوی ٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥، ناوبراو لە هێرشەکەی سەر فەرمانگەی مولکی هومایۆنی شەمامك، لە کاتی هەڵاتنی کەسەکان لەوانە ئەحمەد کوچوك و چەتەکانی تر شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین کردوون، پێشەکی لەلایەن والی پێشووی موسڵ زانیاری دراوە، ئاگاداری نێردراوە و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، لەم بارەیەوە بە جێبەجێ کردنی لێکۆڵینەوەی پێویست، لە سەر هۆکاری دیاری کراو ئاگاداری نێردراوە، دووبارە ویلایەتی ناوبراو هەواڵی بۆ نێردراوە، ئەمجارە لە وەڵامدا نووسراو لە مێژووی ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٥ هاتووە، قائیمقامی ناوبراو پێویست بووە لە قائیمقامیەتی هەولێر دوور بخرێتەوە، لەلایەن وەکیلی پێشوو فەریق عەبدوڵڵا پاشا لە مێژووی ١٨ حوزەیران ١٣١٢ پێشکەش کراوە، لە دانەیەکی شیفرەی تەلەگرافنامەکە لە دەست ناوبراو ماوەتەوە، ئەوەی هاوپێچ لەگەڵیەتی نەیزانیوە، لەسەر لێکۆڵینەوەی ناوبراو، نائیبی کەرکوك راسپێردراوە، لەگەڵ ئەو نامەی ویلایەت کە هەیە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، ئەوانە لە چەتەی ناودارن و بەرامبەر بە حکوومەت دەمارگیرن و بەردەوامن لە ئەنجامدانی بەدکاری، هەواڵ هاتووە لە دیزەییەکانی میر یوسفی ئاغا، ئەحمەد کوچك لەگەڵ حاجی بایز ئاغازادە ئیبراهیم ئاغا و بەکر بەگ بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا یەکتریان بینیوە، ئەم هەواڵەش لەلایەن دەروێش ئاغازادە محەمەد ئاغای هەولێری راگەیەندراوە، کاتیبەکەی بن داود رایگەیاندووە بە تەواوەتی ئاگاداری ئەو هەواڵە نییە و زانیاری نییە، هەروەها لە بارەی ئەحمەد کوچك و بەکر بەگ کە بە شەو لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا چاویان بە یەك کەوتووە، پشت راست کراوەتەوە کە ئەم ووتانەی پێشوو بوهتانن، هەروەها هەواڵگرێکی تر نائیبی هەولێر محەمەد عەلی و موفتی عەبدولرەحمان و بەرێوەبەری پارەوپولی پێشوو (مال مدیر) زەینل و نووسراوی کاتیبی پێشوو حاجی سەفوەت ئەفەندی لەگەڵ ئەندامی ئەنجوومەن خضر ئاغا و ئەندامی پێشووی دادگای سەرەتایی عەبدولرەحمان ئەفەندی و قائیمقامی رواندز عەبدوڵڵا بەگ لەگەڵ ئاغای بلۆك سەید وەهاب ئاغا لەم بارەیەوە رایانگەیاندووە کە زانیاریان نییە، تەنیا سەید عەبدوڵڵا ئاغا دوای هەڵاتنی ئەحمەد کوچك شەوێك لە قۆناغی حکوومەت لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا چاویان بەیەکتر کەوتووە، هەولێری دەروێش ئاغازادە داوای لە ئەحمەد ئاغا کردووە بە پێی ووتەکانی ناوبراو ئەحمەد ئاغا بە جێگیرکردنی ووتەکانی پاشای ناوبراو هەم بۆ ئەحمەد کوچك و هەم بۆ بەکر بەگ ووتوویەتی یەکتریان بینیوە، لەگەڵ ئەوەش دۆسیەی عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ چەتەکان تەنیا ناوبراو ئەحمەد ئاغا نیشان دراوە کە جیاکراوەتەوە، هەروەها هەواڵی هەموو کەرستەکان بۆ دادگاییکردنی پاشای ناوبراو بەش ناکات، بە ووردبینی کردنی کاغەزی لێکۆڵینەوە لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت لە داواکردنی داواکاری گشتی بڕیاری ئەنجوومەنی ناو هاتوو هەڵگیراوە، بێگومان ناوبراو ئەرکی پێ نادرێت، بە تەلەگرافنامە بۆ زانین نێردراوە، هەروەها ئەم ئاگاداریە جگە لەو لێکۆڵینەوانەی باس کراوە ئەنجامەکەی و بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت متمانە پێکراوە، ووردەکاری و روون کردنەوە دراوە، کە کێشە نییە لە بەکارهێنانەوەی عەبدوڵڵا پاشا، بۆیە نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٧ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ و ١١ تشرینی دووەم ١٣١٣.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO



هەواڵنامەی کتێب

| DŞ. | 2986.48 | 4 زیلقەعدە 1315 |
|---|---|---|

لە سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
بۆ جەنابی ئەفەندی دەوڵەت
ئـەو ماوەیـە کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای هەولێـر لـە ویلایـەت موسـڵ بـووم، لـە فەرمانگـەدا بەهـۆی کار و خزمەتـە باشـەکانمەوە، ئـەو پاداشـتەی لـە جەنابی پاشـا وەرمگرتووە، بیسـت مانگ پێش ئێسـتا لە سـەر چەند بیانویەکـی کەسـێتی بۆتـە فەرمـان، هـەر چۆنێـك بێـت ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـراوە لـە سـەر دوورخسـتنەوەم، هەروەهـا لـە ئەنجامـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کە لە سـەر تەکیەکـەم کـراوە، کردنـەوەی قەدەغەکـراوە، ئەمەش لـە ٢٨ شـەوال ١٣١٥ ژمـارە ٢٢٣٤ رێکخـراوە، لەوێشـەوە بـۆ سـەدارەتپەناهی نێـردراوە، بـە ژمـارە ٣١٨٩ بـە مێـژووی ٥ کانوونـی دووەم ١٣١٧ فەرموویەتـی و نەزارەتـی ناوەخـۆش ئـاگادار کراوەتـەوە، داواکاری ناوبـراو وێنەیەکـی پەسـەند کـراوە، لـە بـارەی یارمەتـی سـەرۆکایەتپەناهی شـایانی نیشـان داوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٤ شـوبات ١٣١٧.
قائیمقامی هەولێر بووە ئێستا لە رواندز نیشتەجێیە
عەبدوڵڵا

ئـەو داواکاریـەی پێشـکەش کـراوە، وەرگرتنـی گونجـاو نیيـە، ئـەو داواکارییـە بەتـاڵ کراوەتـەوە و هەڵگیـراوە لـە ٢٨ شـەوال ١٣١٥ بـە پێـی جێگیرکردنـی لـە ژووری کاغـەزەکان دووبـارە بۆتـەوە، لـە ٤ زیلقەعـدە ١٣١٥.
جەودەت

| DH.TMIK.M. | 56.43 | 19 سەفەر 1316 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
هۆبەی چوارەم
٧٥٦
ئـەو تەلەگرافنامـەی لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن هاتـووە، لەلایەنـی هەولێـر و رواندز زیاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ هەروەهـا یـەك رەوە کەلوپەلـی بازرگانـی لەلایەن هەرکیـەکان تـاڵان کراوە، فرقەکەیـان لـە قـەزای شـەمدینانْ کـە سـەر بـە هەکارییـە لەگـەڵ سـنووری ئێـران کۆبوونەتـەوە، بـە گفتوگـۆ رێککەوتـوون، لـەم بارەیـەوە ئامادەکاری یەکجارەکـی بکرێـت و جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا بـۆ گەڕانەوەی ئـەو کەلوپەلانـە فەرمـان دراوە، بـەڵام بەهـۆی زۆری و زبـری رەوشـتی هەرکییـەکان، لـە فەرمانـی وەرگرتنـی کەلوپەلـەکان پێویسـت بـە جولـە دەکات و رووبـەروو بوونـەوە روو دەدات، بـۆ ئامادەکردنـی ئـەو هێـزەش فەرمـان دراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن موشـیری جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن ئـاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن ئـەو هێـزەی بوونـی هەیـە، یـەك تاقـم لە شـوێنی گرنگ و پێویسـت بـەش بـبن، تـا لـە جولـەی بەرامبـەر ئامـادە بـن، بـەڵام بـۆ شـەمدینان پێویسـت دەکات دوو بلـۆك بنێردرێـت، هـەر خـۆی لەوێـش یـەك بلـۆك بوونـی هەیـە، پارەوپـول و کەلوپەلـی تـاڵان کـراو لەلایـەن محەمـەد سـدقی ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عەبدوڵـڵای مـردوو کـە جێگـەی ئومێـدە، بـە رێگـەی ئـەو گەرێندراوەتـەوە، ئـەم زانیاریـەش لـە وەڵامـدا بـە تەلەگرافنامـە لـە قۆماندانیەتـی فرقـەی هەشـت وەرگیـراوە، لـە وەڵامـی جێبەجـێ کردنـی ئامادەکاریەکانیـش موشـیری ناوهاتـوو ئـەو روون کردنـەوەی نووسـیوەتەوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٩ سـەفەر ١٣١٦ و ٢٧ حوزەیـران ١٣١٤.
رزا سەر عەسکەر

- بۆ ویلایەتی وان
شفره
١١ تەمموز ١٣١٤
بە نووسراو
لـە لایـەن هەولێـر و روانـدز زیاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ و یـەك رەوە ئەسـپ و کەلوپەلـی بازرگانـی لـە لایـەن هەرکیەکانـەوە تـاڵان کـراوە، زانیاریـش هاتـووە کـە دەرکەوتـووە فرقەکـە بـە تەواوەتـی لـە قـەزای شـەمدینان و سـنووری ئێـران کۆبوونەتـەوە، بـۆ گەڕانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کراوەکـە، پێویسـت بە جموجۆڵێکـی هەمان شـێوە دەکات، بـە تێروانیـن لـە زۆری و زبـری رەوشـتی هەرکییـەکان پێویسـت دەکات برێـك هێزی سـەربازی بنێردرێـت، هەروەهـا کەلوپەلـی تـاڵان کـراو دەتوانرێـت لـە لایـەن محەمـەد سـدقی ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عەبدوڵـڵای مـردوو بگەڕێندرێتـەوە، نـووسراوی سـەربازی کـە لەلایـەن سـەدارەتپەناهی هاتووە، لـە کەلوپەلی ناوهاتـووی تـاڵان کـراو تـا ئێسـتا ئامـادەکاری کـردن و جێبەجـێ کردنیـان پێویسـتی بـە زانیاری قۆمیسـیۆنە.

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
لە ویلایەتی وان بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافنامەهاتووە
لـە ١١ تەممـوز ١٣١٤ لـە سـەر فەرمانـی سـەرووی نەزارەتپەناهـی بـۆ هێنانـەوەی ئاژەڵـەکان و رادەسـت کردنەوەیـان بـە خاوەنەکانیـان پێویسـتە هـەم بـۆ لایەنـی حکوومـەت هـەم بـە ئـاگاداری شـێخ سـدیق ئەفەنـدی و لـە وەڵامـی ویلایەتـی موسـڵ زانیـاری دراوە، لـە کۆتاییـدا لـەم لایەنـە لـەم بارەیـەوە پێداچوونەوە نەکـراوە، ئەمجـارە لەلایـەن شـێخی ناوبـراو بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەی لـە تەلەگرافنامـەدا هاتووە ٢٠٠٠ سـەر مـەڕ رادەسـتی ئـەو فەرمانبـەرە کـراوە کـە لـە روانـدزەوە هاتـووە، لـە کاتی گەڕانـەوەی ئـەو فەرمانبـەرەش لە بـارەی کەلوپەلـی تـری تـاڵان کـراو کـە هەیـە یاخود نییـە ووردبینـی نەکـراوە، فەرمـان، لـە ١٩ تەممـوز ١٣١٤.
تاهیر


هەواڵنامەی کتێب


- تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ نووسراوە
لە ١٩
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
٢٤ تەمموز ١٣١٤
لـە لایەنـی روانـدز و هەولێـر زاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ و یـەك رەوە ئەسـپ و کەلوپەلـی بازرگانـی لـە لایـەن هەرکیەکانـەوە بـە تـاڵان بـردراوە، بـەم راگەیاندنـەوە هەمـوو فرقەکـە لـە قـەزای شـەمدینان و سـنووری ئێران کۆبوونەتـەوە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کـراوەکان پێویسـت دەکات هێزێکـی سـەربازی رەوانە بکرێت، هەروەهـا بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی ئامـادە باشـی کـراوە، هەروەها بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کراوەکەش شـێخ محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی جێـگای ئومێـدە، تێگەیشـتن لە سـەر عەسـکەر بە گفتوگـۆ لەگـەڵ ویلایەتی وان کـە بـە تەلەگرافنامـە هاتـووە، سـەرەتا ٢٠٠٠ سـەر مـەڕ هێنراوەتـەوە، رادەسـتی ئـەو فەرمانبـەرە کـراوە کـە لـە رواندزەوە هاتـووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی فەرمانبەرەکـەش بـۆ گەرانـەوە پەلـەی کـردووە، لێکۆڵینـەوە نەکـراوە کـە ئایا کەلوپەلـی تاڵانکـراوی تـر هەیـە یاخـود نییـە، لەلایـەن شـێخ سـدیق بـە وەڵام راگەیەنـدراوە، ئاشـکرای کـردووە کـە هەمـوو مـەڕەکان گەرێندراوەتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو بـۆ ویلایـەت کـراوە، بـە ووتـەی قۆمیسـیۆن لێپرسـینەوە دەکرێت.


- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
لە ویلایەتی وان بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافنامەهاتووە
تەواو کەری تەلەگرافنامەی بەندەم بە مێژووی ٢٣ ئۆغستۆس ١٣١٤ لەو کەلوپەلە تاڵان کراوانەی هۆزی هەرکی ئەمجارە ٣٨٨٠ سەر مەڕ و ١٥٧ سەر ئاژەڵ گەرێندراوەتەوە و رادەستی خاوەنەکانیان کراوە، بە گوێرەی وەڵامی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لەلایەن شێخ سدیق ئەفەندی هاتووە، روون کراوەتەوە، فەرمان لە ١٠ ئەیلوول ١٣١٤.
تاهیر


- بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە/ تەلەگرافنامە/ ٢٣ ئەیلوول ١٣١٤
لـە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٢٤ تەممـوز ١٣١٤ روون کراوەتـەوە، لـەو کەلوپەلـە تـاڵان کراوانـە کـە لەلایـەن هـۆزی هەرکیـەوە ئەنجـام درا، ئەمجـارە ٣٨٨٠ سـەر مـەڕ و ١٥٧ سـەر ئـاژەڵ گەرێندراوەتـەوە و رادەسـتی خاوەنەکانیـان کـراوە، بـە گوێـرەی دوا ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتـی وان بـە ووتـەی قۆمیسـیۆن رادەگەیەنرێت.
















| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 2131.22 | **24 جەمادی کۆتایی 1316** |

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٦
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣١٤

لە ویلایەتی موسڵ ئەو دانەوێڵەی ئەم ساڵە دێت، بە گوێرەی پێویستی زەخیرە هەژمار کراوە و داواکراوە، سێ ئەوەندە لە ١٠٠ هەزار قیەدا ٦٠٠ هەزار قیە گەنم بۆ ویلایەتەکانی دیاربەکر و مەعمورەتولعەزیزە، هەروەها ٣٠٠ هەزار قیە جۆ لە ویلایەتی بەغداد یەکسەر بفرۆشرێت، جگە لەوەی پێش ئەوەی وەرزی کشتوکاڵ بەسەر بچێت، بگاتە موسڵ، هەروەها شوێنگرەوەکانی کە لەم ناوچانە دەفرۆشرێت پارەکانیان بدرێت، ئەوەی لە ئەنجومەنی تایبەتی و بریارانەی کە دێت لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم کە دێت، نووسراو بکرێت. لە لایەنی هەولێریش ئەو زەخیرەیە بە رەوە ئەسپێك دەگوازرێتەوە، ئەمەش دوای پەیدا کردنی ئەمر و فەرمان دراوە تا لەوێوە رێگەچارەیەك بۆ گواستنەوەی بدۆزرێتەوە، لە چۆنیەتیشی بە تەلەگراف، ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها ئەو وەڵامەی لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە وەرگیراوە، بری زەخیرەی داواکراو بە رەچاوکردنی خەزینەی جەلیلە، بە گوێرەی توانا پێداویستی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت، ئەگەر  برێکی کەمتر دابەش بکرێت، بە گوێرەی پر کردنەوەی پێداویستی نابێت، لە ویلایەتی ناوهاتوو ٩٠٠ هەزار قیە زەخیرە رێکخراوە، جگە لەوەش ١٠٠ هەزار قیە جۆی تریش رێکخراوە، هەروەها پێویستی ناردنی نیشان دراوە، لە ویلایەتی بەغدادی جەلیلە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، هێشتا ویلایەت پێویستی لەوە زیاترە، بۆیە دەبێ زەخیرە لە موسڵەوە بێت، هەر خۆشی ساڵی رابردوو کەموکوریەکانی لە موسڵ و لایەنەکانی تر لە ئەو زەخیرانەی کە هاتووە پێویستی پر کراوەتەوە، هەروەها ئەم ساڵە لەم شوێنانە هەروەك دیارە زەخیرە نەهاتووە، لە لایەنەکانی تر هۆزەکانی غەزە و شەمەر لەگەڵ ئەو هۆزانەی کە بەستراونەتەوە بە ویلایەت بە هاتنیان بۆ ئەوێ رەوە ئەسپی زەخیرە دەفرۆشرێت، ئەو زەخیرانەی کە دێنە ئەوێ نرخی زەخیرەکان بە پارەیەکی زیاتر دەفرۆشن، هەروەها ئەو زەخیرانەی کە لە دەرەوەی وولات لە وولاتی بێگانەوە دێت، لە گومرگ خۆش بن، تا خەڵك سوودی لێ وەربگرن. جگە لەوە ئەو زەخیرانەی کە لە ناو ویلایەت بوونیان هەیە و لە دەرەوە نەهاتوون، دەرکەوتووە بەش ناکات، بۆیە بری نرخەکەی لەسەر خەڵك گران دەبێت و نرخی زەخیرەکان بەرز دەبێتەوە، لەم بارەیەوە ئەو زەخیرەی بۆ ویلایەتی موس دابینکراوە، دەرکەوتووە لە فرۆشتن و ناردنی لە دەرەوەی توانای ئەو دایە، ئەو زەخیرەش شتێکی ئاوا نییە، ئەوەی پێك هاتووە لە ٣٠٠ هەزار قیە جۆ، خەڵکی موسڵیش لە رووی زەخیرەوە تووشی کێشە بوونە و ئەوەش باش نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ناردنی زەخیرە، پێویستە ئامادەکاری بە پەلە ئەنجام بدرێت، ئەم زانیاریانەش بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە نووسراوە، لەم بارەشەوە هێشتا وەڵام وەرنەگیراوە، بەڵام هێنانی زەخیرە لە خاکی ئێران دێت ئاسایی بووە، کەچی ناردنە دەرەوەی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەکرا، بۆ رێزگرتن لە راگەیەندراوی باڵیۆزی تەهران، لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە ئاگادارکردنەوە هاتووە، لەبەر ئەو هۆکارانە ئەگەر لە نێوچەوانی زەخیرەوە تووشی بێزاری بێت و نەبێت، لەکاتی پرسین ئەو وەڵامەی کە لە ویلایەتی بەغدادی جەلیلەوە دێت، هەموو ساڵ ئەوەی دەدرێتە موسڵ ئەو زەخیرانەی لەم لایەنانەوە دێت، ئەو زەخیرانەش کە قەدەغەکراون دیار و ئاشکران، لە قەدەغەکراوەکانی ناو ویلایەت بۆ نموونە زەخیرەی خورما قەدەغەکراوە بنێردرێت، بۆ سوود وەرگرتن لە نرخەکەی لەلایەن بازرگانەکانەوە بهێنرێت، ئەو زەخیرانەی لە لایەنی هیندستان لە رێگەی بەسراوە دێن، بە گوێرەی پێداویستی دانیشتووان تا چەند پێویستیان پێیەتی بەم رادەیە لە رسوماتی گومرگ خۆش بن، ئەم کارەش پێویستە، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە راگەیاندن نێردراوە، هەروەها لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە ئەو تەلەگرافنامەیەی کە هاتووە، ئەم ساڵە بەردەوام دەبێت ئەو دانەوێڵەی قورغ دەکرێت و دەستی بەسەر دادەگیرێت کاریگەریەکانی بەسەر سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانیە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت، ئەگەر بێتو قەدەغەکراوەکانی سەر ئێران بەردەوام بێت و ئەو زەخیرانەی لە سنووری ئێرانەوە دێنە ناو قەزاکانەوە بوەستێت، ئەوا پێداویستیەکان زۆر زیاد دەکەن، جگە لەمە لە مەرکەزی سانجەق بۆ پرکردنەوەی پێداویستی کەرکووك و سلێمانییە ناردنی زەخیرە دەوەستێت، ئەگەر بێتو هێنانی زەخیرەش لە ئێرانەوە بوەستێت، ئەوا لە هەردوو لا رێگای هاتنە ژوورەوە دادەخرێت، بەم جۆرەش قاتوقری دروست دەبێت، بۆیە نووسراو هاتووە ماوەیەك بە شێوەیەکی کاتی ئەو زەخیرانەی کە لە ئێرانەوە دێن بۆ ئاسانکاری و خێراتر کردنی کارەکان رسوماتی گومرگ وەرنەگیرێت، جگە لەوەی ئەوەی قەدەغەکراوە بە هەمان شێوە  رێنماییەکان بەردەوام بێت، بۆ دابینکردن و ئاسانکاری کردن لە پێداویستی ئێستاش زەخیرەکان بهێنرێن، بۆ ئەمەش ئامادەکاریەکان راگەیەندراوە، تێگەیشتوون کە چارەی تر نییە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە باس کراوە، پێویستی بە مۆڵەتی سەرووی جەنابی وەکالەتپەناهییە.








هەوالنامەی کتێب

| 19 رەمەزان 1316 | 2164.42 | DH.MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەدارەتپەناهی
١٩ رەمەزان ١٣١٦
١٩ كانوونی دووەم ١٣١٤
سەرۆكی هۆزی ئەرتوش حاجی بەگ هەر چەندە دوورە، بەڵام ئەمجارە گەراوەتەوە سەر مەرەكانی مار یەعقوب رەهبانی كاسۆلێكی دزیوە، لەگەڵ هاوكارەكەی شێخ محەمەد نوری لە گوندەكە فیشەكی تەقاندووە، بۆیە بە پەلە لەگەڵ باڵیۆزخانەی فەرەنسا پەیوەندی ببەسترێت و لە نەزارەتی دەرەوە ئاماژە نێردراوە، هەروەها قسە كردن لەگەڵ ویلایەت بۆ جێبەجێ كردنی بە شەرەفەوە نووسراوی سەدارەت لە سەدارەتپەناهی لە مێژووی ٥ كانوونی یەكەم ١٣١٤ ژمارە ٣٢٦٠ بە فەرمانی ناچار كراوەتەوە، بە پێی تەلەگرافنامەی ١٠ كانوونی دووەم ١٣١٤ لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە لە وەڵامەكەدا هاتووە و ئاماژەی پێكراوە ناوبراو حاجی بەگ مامەڵەی بۆ كراوە و لێكۆڵینەوەی لە سەر كراوە شێخ نوریش ماڵەكەی لە دهۆك گواستۆتەوە بۆ قەزای هەولێر، بۆیە ئێستا پێویست ناكات مامەڵەی تر ئەنجام بدرێت.




| DH.MKT. | 2180.16 | 8 زیلقەعدە 1316 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دەریایی<br>٨ زیلقەعدە ١٣١٦<br>٨ مارت ١٣١٥<br>ئەمجارە بۆ چوونە حیجاز هاتۆتە دەرسەعادەت داوای کەشتی بە خۆرایی دەکات، تا بچێتە حیجاز، لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی خەلیفە و زانای هەولێر شێخ ئەحمەد داواکاری خۆی بە واژووی خۆی بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی پێشکەش کردووە، هەروەها داواکراوە دەست بەکار بن بۆ جێبەجێ کردنی. | | |


| 10 جەمادی یەکەم 1317 | 78.49 | DH. MKT. |
|---|---|---|


- فەرمانگەی ئەرکانی پاسەوانی گشتی
هۆبەی چوارەم
١٠٦٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێز جەنابی دەوڵەت
شێخی دهۆك لە نێوان هەولێر و فیشخابور بەهۆی ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی لە بارەی تەمێکردنی ئەگەر دەستەوئەژنۆ بوەستن، ئەوا وێرانکاریەکانی زیاتر دەبێت، لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا ووتەی خۆی داوە، هەروەها شێخی ناوبراو لە رابردوو زیانی نەبووە، ئەوەی کاری چەتەی دەکات سەلیم ئاغا لەگەڵ شێخ نوری کە لە چیاکانی مزوری خۆی حەشارداوە، هەروەها دەرکەوتووە کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆ دەستگیرکردن و سزادانی ئەوانە مەفرەزەی سەربازی دەرچووە، لە مێژووی ٢٥ تەمموز ١٣١٥ ژمارە ٢٥٢ نووسراوی هاتوو، ناچار کراوە کە لەشکری شەشەمی همایۆن لە سەر هاتنی هەواڵ ئەو تابورەی لە رواندزە لە داهاتی باج و خەراجی زێیار ٦٠ تاك و ٨٠ پیادە، هەروەها لە موسڵ ٥٥ کەس داوا کراوە، کەچی نەنێردراوە، بەم شێوە ناردنی سەرباز لە نێوان باش کیتابەتی همایۆن بە فەرمانی سەروو لەگەڵ فەرمانی همایۆنی ملوکانە، تایبەت بەم بابەتە نووسراوی ئاگادار کردنەوە نێردراوە، هەروەها ئەمر و فەرمانی همایۆنی ملوکانە بۆ ناوبرا نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٠ جەمادی یەکەم ١٣١٧ و ٤ ئەیلوول ١٣١٥.
رزا سەر عەسکەر

- قەڵەمی نووسەری ناوەخۆ
شیفرە
بۆ ویلایەتی موسڵ
٥ ئەیلوول ١٣١٥
لە ساڵی ١٢ تەمموز ١٣١٥ شێخ نور لە چیاکانی مزوری خۆی حەشارداوە، لەگەڵ سەلیم ئاغا کە بە کاری چەتەییەوە خەریکە، بۆ دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنیان ئەو مەفرەزەیەی پێك هاتووە، لە تابوری رواندز کە لە سەر داهاتی زێبارە ٦٠ کەس و ٨٠ پیادەیە، هەروەها لە موسڵیش ٥٥ کەس لە سەر گواستنەوەیان رەزامەندی دراوە، لە نێوان همایۆنی ملوکانە باش کیتابەت بە ئەمر و فەرمانی همایۆن بە نووسراوی تایبەت ناچار کراوە و ئاگادارکراونەتەوە، کە لایەنی واڵای سەر عەسکەر ئاگادار بکرێتەوە، بە گوێرەی فەرمانی پاشا جێبەجێ دەکرێت.


- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە
لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣١٥ موختاری گوندی بابیرە سکاڵای تۆمار کردووە، شیفرەی مێژووی ١٢ تەمموز ١٣١٥ لەگەڵ شیفرەی تەلەگرافنامەی مێژووی ٥ ئەیلوول ١٣١٥ ناوبراو شێخ نوری لەگەڵ سەلیم وەکو چەتەکانی مزوری بۆتە چەتە و ماوەی سێ چوار ساڵ دەبێت نەتوانراوە بە هێزی پۆلیس دەستگیر بکرێت، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەوانە نەگیراون، کاتێکی گونجاو بەرچاو بگیرێت و ئامادە باشی بکرێت، گرنگە لەسەرخۆ وورد وورد چارەسەر بکرێت، لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٧ تشرینی دووەم ١٣١٥ نیشان دراوە، لەوانە حوسێن عەربان لەگەڵ لایەنگرانی کە ١١ کەسن دەستگیر کراون، ئەوانی تریش هەروەك دەبینرێت کار دەکرێت بۆ دەستگیرکردنیان، لەگەڵ ئەوەش ئەو کەلوپەلانەی کە لە گوندی بابیرە بردراون بگەڕێندرێنەوە، ئەمەش کاری لە سەر کراوە، فەرمان، ٢٠ تشرینی دووەم ١٣١٥.
حازم

کتێبی هەولێرنامە





هەواڵنامەی کتێب





| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 2224.31 | 14 رەبیعی یەکەم 1317 |

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی لایەنی سەروو
١٤ رەبیعی یەکەم ١٣١٧
١٠ تەمموز ١٣١٥
بە نووسراو

شێخی دهـۆك لـە نێـوان هەولێـر و فیشـخابور بەهـۆی ئـەو تاوانانـەی ئەنجامـی داون، لـە بـارەی تەمبێ کردنـی رۆیشـتن بـۆ ئـەو ناوچەیـە و تەنانـەت لـە بـارەی دووبـارە بوونـەوەی رووداوەکان و بریـار لەسـەر دووبـارە نەبوونـەوەی دووپـات کراوەتـەوە، لـەم حاڵەتـەدا لـە قـەزای ناوبـراو شـێخی ناوبـراو ئـەو بەشـە وێرانکاریـەی کـە کردوویەتـی، لـە باڵیۆزخانەی فەرەنسـا بـاس کـراوە، پێشـکەشـی نەزارەتـی دەرەوەش کراوە، ئـەوەی لـە نووسراوەکـە باسـکراوە، لەلایەن شـێخ محەمەد کـوێر ئەم جـۆرە تاوانانە ئەنجـام نـەدراون، زانیاری لـەم بارەیـەوە نییـە، لـەم بارەیـەوە ئـەو سـکاڵایانەی کـە لـە باڵیۆزخانـە هاتـوون، هەمـان بابـەت نەبـووە، لـە نەزارەتـی ناوبـراو بـە مێـژووی ٢٣ حوزەیـران ١٣١٥ روون کراوەتـەوە و ئاگادارکراوەتـەوە، لـەم رووەوە لـە ویلایەتـی موسـڵ پرسـیاری لـە سـەر کـراوە، لـە وەڵامـدا بـە زیادەوە هاتـووە، هاوپێـچ پێشکەشـکراوە لـە تەلەگرافنامەکانـی ٢٩ حوزەیـران ١٣١٥ و ٣ تەمموز ١٣١٥ شـێخ نـور محەمـەد بە مەبەسـتی تۆڵەسـەندنەوە ویسـتویەتی بچێتـە سـەر هـۆزی ئەتروش، رێگـری لـێ کـراوە، جگـە لـەم جـۆرە جموجۆڵـە تا ئێسـتا چالاکی نەگونجـاوی نەبـووە، بـە پێچەوانـەوە بـۆ حکوومەتـی سـەروو خزمەتـی باشـی کـردووە، هەروەهـا شـێخ نور کەسـێکی تـرە بـە هەمان ناوی شـێخ بوونـی هەیە، ئەمرۆ لەگـەڵ هاووەڵانـی بەیەکەوە خەریکـی چەتەیین، بـۆ دەسـتگیرکردن و دوورخسـتنەوەیان هێزێکـی پۆلیسـی پارێـزگاری یـەك مەفـرەزە بنێردرێـت، بـۆ ئەمەش لەشـکری شەشـەمی همایـۆن گفتوگـۆی لەگـەڵ بکرێـت، نـووسراو کـراوە، لـە کۆتاییـدا ئـەوەی هاتـووە لـە فەرمانـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی بـە مێـژووی ٢٧ حوزەیـران ١٣١٥ ژمـارە ١٢٩٨ شـێخی ناوبـراو لەگـەڵ پیاوەکانـی سـەلیم ئاغـا یـەك دەسـت یـەك تاقـم مامەڵـەی نابەجێیـان کـردووە، لەگـەڵ ئـەو روون کردنەوەیـەی کـراوە، لـە بـارەی گەرانـەوەی بـۆ هەولێـر ناوبـراو فەرمانـی لـە باڵیۆزخانـەی ناوهاتـوو ئاماژەی پێکـراوە، نەزارەتـی ناوهاتـووش ئاگادارکراوەتـەوە، پشـت بەسـتن بـە ئامـاژەکان لـە کۆتاییـدا سـکاڵای شـێخ لەگـەڵ شـێخ نـوری هەمـان کەسـن، لە کاتـی لێکۆڵینـەوە پێویسـتە چاودێریەکی بـاش بکرێت، بـە جێبەجێ کـردن لەگـەڵ هاووەڵانـی بەیەکـەوە دەسـتگیر بکرێـن، بـۆ تەواوکردنیشـی بـۆ ویلایەتـی نـاو هاتـوو نێـردراوە.


هەواڵنامەی

| DH.MKT. | 2230.59 | 29 رەبیعی یەکەم 1317 |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی دەرەوە و بۆ جەنابی سەر عەسکەری واڵا
٢٩ رەبیعی یەکەم ١٣١٧
٢٥ تەمموز ١٣١٥

شێخی دهۆك لە نێوان هەولێر و فیشخابور خیانەتی ئەنجامی داوە، بۆ تەمبێ کردنی، بریار دراوە کە هاتووچۆی لە ناو قەزا قەدەغەیە، لەم حاڵەتە لە قەزای ناوبراو ئەوانەی لەسەر شێخی ناوبراو ئابلۆقەدراون و ئەو بەشەی دەبێتە بەرهەم هێنەری وێران بوون لە باڵیۆزی فەرەنسا باس کراوە، هەروەها ئەو نووسراوەی لە نەزارەتی دەرەوە بۆ پلەوپایەی سەرووی سەدارەتپەناهی پێشکەش کراوە، لە کاتی گفتوگۆدا ئەو تەلەگرافنامانەی لە ویلایەت وەرگیراون، شێخی دهۆك نور محەمەد بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە کاتی چوونە سەر هۆزی ئەتروش رێگەی لێ گیراوە، هەروەها جگە لەو جموجۆڵانە تا ئێستا بۆ یەك رۆژیش رابردوو و جموجۆڵی نەشیاوی نەبووە، لەبەر ئەوە گوندەکان وێران نەبوونە، بە پێچەوانەوە بێنراوە خزمەتی باشی حکوومەتی سەرووی کردووە، هەروەها جگە بە ناوی شێخ نور شێخی تریش هەیە، ئەمرۆ لەگەڵ هاووەڵانی بەیەکەوە خەریکی چەتەگەرییە، بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوەیان بۆ ناردنی یەك مەفرەزە لە هێزی پۆلیسی پاراستن، لەشکری شەشەمی هومایۆن لەگەڵ موشیرەتی جەلیلە لە گفتوگۆدان، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو کراوە، بەم دواییەش نووسراوی سەدارەتپەناهی هاتووە، شێخی ناوبراو لەگەڵ پیاوەکانی سەلیم ئاغا بەیەك دەست یەك تاقم کاری نەگونجاویان کردووە، بۆ گەرانەوەی بۆ هەولێر ناوبراو فەرمانی باڵیۆزخانەی باسکراوی هەیە، بە پێی ئەوە ئاگاداری نێردراوە، بەم دواییە لەم بارەیەوە سکاڵا کراوە، شێخەکەی تر هەمان شێخ نورییە یاخود خودی ئەو نییە، بە لێکۆڵینەوە و چاودێری پێویستە دەست بەکارکردن بکرێت، ناوبراو لەگەڵ هاووەڵانی بەیەکەوە بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوەیان لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو کراوە، شێخ نوری لەگەڵ سەلیم ئاغا خەریکی چەتەیین، شێخ نوری لە چیاکانی مزوری خۆی شاردۆتەوە، ئەوانە هەر لە کۆنەوە گوندەکانی یەزیدییەکان و لە گوندی تر کەلوپەل و پارەوپول تالان دەکەن، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی کارە بەدەکانیان کەم نەبووبێت، بەم دواییە ٨ کەسیان کوشتووە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندێکی زۆریش، بەڵام زانیاری نەبووە، عەلی پاشا لە میرەکانی یەزیدی هێنراوەتە ئەوێ، هەروەها بۆ سکاڵانامە دەیانەوێت بچنە موسڵ، بەڵام بەیەك دەست لەم حاڵەتە ووتوویەتی هیچ شتێك رووی نەداوە، راگەیەندراوە کە لەلایەن شێخی ناوبراو هەرەشەی لێکراوە، بۆیە ناچار بوونە بگەرێنەوە گوندەکەی خۆیان، کەسەکان لە کامە گوند بۆتە گۆرستانیان و نەبۆتە دەرچوونیان، ئەگەر بەم دەستەواژەوە لێکۆڵینەوەکە نەکراوە، ئەوا بە دوورخستنەوەیان کۆتایی بە چەتەگەریان بهێنرێت، رێژەیەکی زۆر لە خراپەکاریان هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسەکان و دەستگیرکردنیان، تاکی پۆلیسی پاراستن کە بە هێزی پشت بەستن ناودەبردرێت بنێردرێت، بەڵام ٥٠ تا ٦٠ سەرباز پلەیان بەرز بکرێتەوە، لەگەڵ موشیری ناوبراو بە پێی ئەو گفتوگۆیەی دەکرێت تێبگەن، ئەوانە لەو شوێنانە کە بوونیان دەبێت لە دوو بلۆکی پیادە کەمتر نەبێت، هەروەها یەك بلۆك ئەسپ سوار و یەك مەفرەزە سەرباز پێویستە، لەگەڵ ئەم ئاماژە پێکردنە بۆ مەفرەزەی ناوبراو موشیری ناوبراو فەرمان دراوە، بە پەلە چۆنیەتی کارکردنی دراوەتە سەر عەسکەر، لەم ناوەش چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بۆ واڵای سەر عەسکەر ئاماژەی نێردراوە.





هەواڵنامەی کتێب



<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>2269.87</td><td>9 ڕەجەب 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی زەبتیەی سەروو، ئەو ناوانەی کە لە ویلایەت و موتەسەرفەکان نووسراوەتەوە<br>٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٥<br>٩ ڕەجەب ١٣١٧<br>ئەم ساڵە لە مەکتەبی مولکیەی شاهانە ٢٣ پزیشك خوێندنیان تەواو کردووە، بۆ ئەوەی لەو قەزایانە دابمەزرێن کە شوێنەکانیان بەتاڵە، لەوانە هارون ئەفەندی بۆ هەولێر بنێردرێت، لە بەڕێوەبەرایەتی مەکتەبی ناوبراو ئاگاداری ناردووە، ئەوانە بە ماوەی ١٥ ڕۆژ دەبێ بچنە ئەو شوێنانەی کە تێدا ناویان هاتۆتەوە، ئاگاداریش بە نووسراوی نەزارەتی مەکتەبەکانی سەربازی شاهانە لە مێژووی ٢١ ئەیلول ١٣١٥ ناردراوە، جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>


| DH.TMIK.M. | 57.26 | 25 رەبیعی کۆتایی 1318 |
|---|---|---|


- ٢٥ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٨ ئۆغستۆس ١٣١٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٦ کانوونی یەکەم ١٣١٥ مێژووی نووسراوی کەڵکە بووە، سەرۆکی هۆزی میران، مستەفا پاشا لەگەڵ سەرۆکی هۆزی ئەتروش، حاجی و ١٠٠ سوار هێرشیان کرۆدتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە مەرکەزی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، چەکداریان ناردۆتە سەر ئەو گوندانە، بە شێوەیەکی توند تفەنگیان تەقاندووە، نزیکەی ٥٠٠ سەر مەڕومالاتیان تالان کردووە، هەروەها دوو قازیان کوشتووە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە بۆ ئەوەی دەست بەکار بکرێت، هەروەها بۆ بە پەلە دەست بەکاربوونی ئەم مامەڵەیە لە قۆمیسیۆن نێردراوەتە سەدارەتپەناهی و بە تێروانین لە ئاگاداری پێشوو فەرمان و هەواڵی رای سەروو پێویستە بۆ دەست بەکاربوون.

بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا
٤ کانوونی یەکەم ١٣١٥ مێژووی نووسراوی کەڵکە بووە، سەرۆکی هۆزی میران مستەفا پاشا لەگەڵ سەرۆکی هۆزی ئەتروش حاجی بەگ بە ١٠٠ سوار هێرشیان کرۆدتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە مەرکەزی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، چەکداریان ناردۆتە سەر ئەو گوندانە، بە شێوەیەکی توند تفەنگیان تەقاندووە، نزیکەی ٥٠٠ سەر مەڕومالاتیان تالان کردووە، هەروەها دوو قازیان کوشتووە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە بۆ ئەوەی دەست بەکار بکرێت، هەروەها بۆ بە پەلە دەست بەکاربوونی ئەم مامەڵەیە لە قۆمیسیۆن نێردراوەتە سەدارەتپەناهی و بە تێروانین لە ئاگاداری پێشوو فەرمان و هەواڵی رای سەروو پێویستە بۆ دەست بەکاربوون.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
سەرۆکی هۆزی میران مستەفا پاشا لەگەڵ سەرۆکی هۆزی ئەتروش حاجی بەگ بە ١٠٠ سوار هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە ناوەندی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، ئەو چەکدارانەی کە نێردراونەتە ئەو دوو گوندە بە شێوەیەکی توندوتیژ تەقەیان کردووە، زیاتر لە ٥٠٠ سەر مەڕومالان تالان کردووە، دوو قازیشیان کوشتووە، بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە قائمیقامیەتی زاخۆ وەرگیراوە، بە پێی زانیاریەکان لایەنی سەروو ئەو جۆرە توندوتیژی و کاری چەتەگەری قەدەغە کردووە، ئەوانەی بەم تاوانە هەستاون دەبێ دەستگیر بکرێن، بە پێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە بردوویانە بە تەواوەتی بگەڕێندرێنەوە، فەرمانی بەپەلەی بۆ دەرچووە، لە ٧ حوزەیران ١٣١٦.
حازم والی موسڵ

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ لێکۆڵینەوە لەو سنوور بەزاندنانەی کە بە هاوبەشی لە نێوان پیاوەکانی شێخ سدیق ئەفەندی لە شەمدینان لەگەڵ بەگزادەکانی برادۆست ئەنجام دراوە، لێرە ئەو فەرمانبەرانەی نێردراون، لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی لە ویلایەتی وان دەنێردرێن، یەکبگرن دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن، هاوکارەکانی لەگەڵ پیاوەکانی یەکەم شێخ دەستدرێژیان کردۆتە چەند سەد برادۆستێك، و لەتیف بەگیان بریندار کردووە، هەروەها سێ لە پیاوەکانی کوژراوە، لە چەند گوندێك کەلوپەل و مەڕومالاتیان تالان کردووە و بریندار ناوبراویان بردۆتە پێش شێخ، بۆیە خەڵکی برادۆست هاتوونەتە قەزای رواندز داوایان کردووە پارێزگاریان لێ بکرێت، لەگەڵ موتەسەرفی کەرکووك بە وەکالەتی قائیمقامی رواندز ئەو تەلەگرافنامانەی وەرگیراوە، باس کراوە، شێخی ناوبراو ئەگەر ئەو سنوور بەزاندنانەی دووبارە بکاتەوە، پێویستە بە پێی یاسا لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو تاوانانەی بکرێت، لەم حاڵەتە پێویست دەکات فەرمانبەری دادوەری بۆ ئەم شوێنە بنێردرێت، بۆ ئەمەش موتەسەرفی کەرکووك ئاگادار کراوەتەوە، ئەو کۆمەڵەیەی شێخ ناردوویەتی پێویستە پەرشوبڵاو بکرێتەوە، هەروەها رێگری بکرێت لە سەر سەرهەڵدانەوەی و ئامادەکاری بۆ بکرێت، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی وان ئاگاداری نێردراوە و فەرمان، لە ١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٥.
حازم والی موسڵ







- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی بەرز
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٢١٦٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ جەنابی دەوڵەت


لـە دەوروبـەری جەزیـرە هـۆزی ئەتـروش هاتووچـۆ دەکات، هـەر خۆشـی لە لایەنـی جەزیرە هـۆزی میران بوونـی هەیـە، ٢٠٠ هـەزار سـەر مەڕی هەیـە، کۆکردنـەوەی تاکەکانی ئەم دوو هـۆزە و لەگـەڵ مەڕوماڵاتیان ئـەوا جۆرەهـا کێشـە و گرفـت روو دەدات، هەروەهـا هـۆزی ئەتـروش شـوێنی کۆنـی نزیکـی موسـڵ بـووە، ئێسـتا کۆکردنـەوەی ئـەو دوو هـۆزە لـە یەك شـوێن موسـڵ تووشـی کێشـە دەکات، ئاژەڵەکانیشـیان تووشـی لەناوچـوون دەبێـت. خەڵکەکـەش تووشـی پەرێشـانی دەبێـت، بـۆ رێگـە گرتـن لـە کێشـە و رووداو هـۆزی ئەتـروش پێویسـتە بگەرێتـەوە شـوێنی رەسـەنی خـۆی، بـە ئـاگاداری مێـژووی ٢٨ جەمـادی یەکـەم ١٣١٧ ژمـارە ٦٣٢ نـووسراوی هاوپێـچ لـە سـەر عەسـکەر بـە ئاماژەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن هـەواڵ نێـردراوە، بـە چاوخشـاندن بـە بریـاری پێشـووش گفتوگـۆ بکرێـت، دەسـت بکرێت بـە جێبەجێکردنـی، لە ٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٧و ٢٨ ئەیلـوول ١٣١٥.

سەدری ئەعزەم








هەواڵنامەی کتێب




| DH.ŞFR. | 256.87 | 16 زیلقەعدە 1318 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ئـەو کاروانـەی بـۆ هەولێـر دەچـوو، لـە کەرکـوك دوو کاتژمێـر ماوەکەیەتـی، تووشـی چەتـەی هەمەوەنـد ..... کـوڕی ڕەشـید و نزیکـەی بیسـت لـە پیاوەکانـی بوونەتـەوە، هێرشـیان کراوەتە سـەر و چەند کەسـێکیان کـووژراوە و پارەوپـول و کەلوپەلیـان تـاڵان کـراوە، بـۆ چاودێـری کردنیـان و دەسـتگیرکردنیان بڕێکـی تـەواو هێـزی نیزامـی و پاراسـتن ڕۆیشـتووە، لـە موتەسـەرفیەتی کەرکـوك لەگـەڵ قۆماندانیەتـی هێـزی چاکسـازی ئاگادارکراونەتـەوە، پێویسـتە چاودێـری کردنیـان زۆر بـە پەلـە بێـت، لـە بـارەی دەسـتگیرکردنی چەتـەکان ئاگادارکردنـەوەی پێویسـت دراوە، بـەڵام ئـەو ڕەشـیدە ئـەوەی شـایەنیەتی پێویسـتە بـە گوێـرەی ئـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت، لەسـەر ئـەو زانیاریانـەی کـە هەیـە خـۆی بـە چەتەکانـی تاڵەبانـی بەسـتۆتەوە، ٨ بـۆ ١٠ ڕۆژ پێـش ئێسـتا، ئـەو کەسـانەی ناویـان هاتـووە، لـەلای شـێخ نـوری بیـنراوە، جگـە لـەوەش لـە کاروانێکـی تـردا یەك ڕەوە ئەسـپ کەلوپـەل تاڵان کراوە و بـردراوە، ئەوانـەی ڕایان کردووە دەسـتگیرنەکراون، هەروەهـا بـە دەسـتگیرنەکردنی ئـەو کەسـانە وەکـو ڕەشـید، دیسـان ڕووداوی ئـاوا ڕوو دەداتـەوە، ئـاگاداری بـۆ زۆربـەی ناوچـەکان نێـردراوە، لـە بـارەی ئەوانـەوە بـە تێروانیـن لـە ڕووداوەکانـی پێشـوو پێویسـتە پەلـە لـە مامەڵـەی دەسـتگیرکردنیان بکرێـت، ٢٢ شـوبات ١٣١٦.
حازم والی موسڵ





هەولێرنامەی کتێب

| ZB. | 450.70 | 22 موحەررەم 1318 |
|---|---|---|

نەزارەتی زەبتییە
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٩
بۆ ویلایەتی موسڵ

بـۆ جەنابـی ئەفەنـدم دانیشـتووی قـەزای هەولێـر پێـش ئێسـتا هاتۆتـە دەرسـەعادەت، هەروەهـا سـاڵی رابـردوو لـە دەورووبـەری تۆپقاپـی وەکـو شـێخی تەریقەتـی کەلامـی دامـەزراوە، بـەڵام ئێسـتا محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی لەگـەڵ خێزانەکـەی بـە بـێ وەرگرتنـی مۆڵـەت چۆتـەوە هەولێـر، هەروەهـا ناوبـراو دووبـارە نەگەراوەتـەوە دەرسـەعادەت، بـە پێـی فەرمانـی پاشـا جەنابـی خەلافەتپەناهـی لـە جێبەجـێ کردنـی بـە ئەمـر و فەرمانـی هومایـۆن بـە هـۆی بەرزنرخاندنـی کارە باشـەکانی، ناوبـراو لەگـەڵ خێزانەکەی لەلایـەن پۆلیسـەوە بـە هاوبەشـی کەسـێکی تـر رێگـە دراوە بەیەکـەوە بچنـە ئـەو بـەری، هەروەهـا زانیاری گەیشـتنەوەی بـە ئـاگاداری ویلایەتپەناهـی راگەیەنـدراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٢ موحـەررەم ١٣١٨ و ٨ مایـس ١٣١٦.

ئەحمەد شەفیق نازری زەبتییە



| ZB. | 450.78 | 9 زیلقەعدە 1318 |
|---|---|---|

١٥ شوبات ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
بە مەبەستی خۆکوشتن خۆی خستۆتە ناو دەریاوە، لە ناو ویلایەت دانیشتووی قەزای هەولێر حاجی ئەحمەد تووشی نەخۆشی ورێنەی کروزاندن بووە، زانراوە نەخۆشیەکەی بەهۆی خەم و خەفەتەوە بووە، لە دەرسەعادەت ڕێگەی پێ دراوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە وولاتەکەی خۆی، ناوبراو بە پێی ووتەی بەڕێوەبەری پۆلیس و بە ڕۆڵی قائیمقامی قەزای ئەسکەندەرۆنە دەگەڕێندرێتەوە مەملەکەتی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە لە گەیشتنەوەی ئاگادارکردنەوە بنێردرێت.


قائیمقامی ئەسکەندەرۆنە بۆ جێبەجێ کردن
ئەمجارە کەسێك بە ناوی ئەحمەد بۆ ناردنەوەی نووسراوی لەگەڵ هاوپێچ کراوە، بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، هەروەها وێنەی گەیشتنی ئاماژەی پێ بکرێت.


| DH.MKT. | 2377.100 | 24 رەبیعی یەکەم 1318 |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٤ رەبیعی یەکەم ١٣١٨
٨ تەمموز ١٣١٦

فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فرقەی رەدیفی کەرکووك ساڵی ١٣٠٥ فەرمانبەرانی چاودێری و پشکنینی ئەرکانی جەنگی ئاغای قول ئەحمەد جەودەت ئەفەندی ئەنجامی پکشنینەکانی لە لیستێك رێك خستووە و ناردوویەتی، تابورەکانی کەرکووك، ئاڵتون کۆپری، شەقڵاوە، هەولێر، کۆی سانجەق، رانیە، سلێمانیە، پێنچوین، کەلعەنبەر، قەرەتەپە، سەڵاحیە، تۆزخورماتو، داقوق، چەمچەماڵ، فەرمانگەکانیان مامەڵەی ناسنامەیان ئەنجام نەداوە، زۆر گوند هەیە ناسنامەی تۆمار نەکراوە، تۆمارەکانی پشکنینیان بۆ نەکراوە، هەروەها لەدایکبوون و مارەبرین و هەموو جۆرێك لەلایەن حکوومەت نیشان نەکراوە. هەروەها خەڵکی ناوچەکانیش بۆ ئەم کارە بۆ ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە سەردانی حکوومەتیان نەکردووە، ناسنامەکانیشیان مامەڵەی تۆمار و نووسینی بۆ نەکراوە، مردووەکانیشیان لەلایەن موختارەوە بە ووتەی ئەو کاری بۆ کراوە، گواستنەوەش بە هیچ شێوەیەك لە دەفتەر جێگیر نەکراوە، هەروەها لە نووسینە جۆراوجۆرە نوێیەکاندا بۆ هەندێك کەس لە دەفتەری کۆنی ناسنامە لە هەموو دەفتەرەکانی تر دەردەهێنرێت، بۆ هەندێکی تریش بە گۆرانکارییەوە بە دوو سێ مامەڵەی سەربازی کارەکان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها زۆربەی گوندەکانیش لە رووی ناسنامەکانیانەوە کەموکوری تێدایە، هەندێکی تریش زیادەرۆیی تێدایە. هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە لە فەرمانگەی ناسنامە بوونیان هەیە، سەردانی گوندەکانیان نەکردووە، بە هەر حاڵ لە بارەی ناسنامەی خەڵکەکە ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت لە رووی مامەڵەی ناسنامەوە کارەکان جێبەجێ نەکراون. لە بابەتی راگەیاندن و یەدەگەوە ئەو دانیشتووانەی کە بوونیان هەیە، بە پێی بەرژەوەندی بۆ ناوچەیەکی تر دەرۆن، بە یاسانامەی یەدەگی هومایۆن بە پشت بەستن بە کەرستەی یاسای تایبەتی پۆلیسی بلۆکەکان و هەروەها تا حکوومەتی ناوەخۆ دڵنیایی نەدات، لەلایەن فەرمانبەرانی ناسنامە نووسراوی تێپەراندن نادرێت، لەم بارەیەوە گرنگی پێ نادرێت، ئەگەرچی لە تابورەکانی هەولێر و چەمچەماڵ و کۆی سانجەق گواستنەوەی قۆمیسیۆنی سەربازی دامەزراوە، لەم بارەیەوە بە پشت بەستن بە یاسانامەی هومایۆن، ماددەی یاسا مامەڵەکان جێبەجێ ناکرێت، لە سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانیە لەگەڵ تابوری پێنچوین رێکەوتە لەگەڵ قەزاکانی شەهربازار، کەلعەنبەر، سەڵاحیە، رانیە، مەعمورەی حەمیدیە هێشتا کاری باسکراو لە سەرەوە و قۆمیسیۆنەکانی پشکنین دانەمەزراوە، لەمەودوا بە پشت بەستن بەو رژێمە یاساییەی کە هەیە، مامەڵەکان جێبەجێ دەکرێن، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ١٠ مایس ١٣١٦ ژمارە ١٨٠ نووسراو نوسراوەتەوە، ئەو ناوچانەی کە ناسنامەیان تۆمار دەکرێت، مامەڵەکانیان لە کاتی داواکردنیان نابێ زانیاری دەربچێت، لە بارەی فەرمانبەرەکانیش بەرپرسیارێتی توندیان لە سەرە، هەرچی زووە مامەڵەی ناوبراو لەگەڵ چاکسازی بکرێت، لە بارەی گواستنەوەی سەربازی ئەو رژێمانەی کە بوونیان هەیە، بە پشت بەستن بە یاساکان مامەڵەی نووسراوی تۆماری ناسنامەی فەرمانگەی گشتی جێبەجێ بکرێت، بە ووتەی تۆماری ناسنامەی فەرمانگەی گشتی راگەیەندراوە پەلەی تێدا بکرێت.








هەواڵنامەی هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 2391.104 | 23 رەبیعی کۆتایی 1318 |


بۆجەنابی سەدارەتپەناهی
٢٣ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٣ ئۆغستۆس ١٣١٦

گۆرینـەوەی شـوێنی مسـتەفا سـالم ئەفەندی قائیمقامـی خانەقین لەگـەڵ عەبدوڵڵا بـەگ قائیمقامی هەولێر لـە نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ٢١ مایـس ١٣١٦ فەرمـان نێـردراوە، بـەڵام وەڵامـی فەرمانـی پاشـا جەنابـی پاشـا کـە پێشـتر هاتـووە، ناوبـراو مسـتەفا سـالم ئەفەندی لـە پلە یەکـە، جگە لەمـە قائیمقامی هەولێـر لەگـەڵ کەشـوهەوای خانەقیـن ناگونجێـت، لەبـەر ئـەوە لـە رووی چینـەوە پلـەی نەیەتە خـوارەوە، نەبێتـە سـتەم لێکـردن، بگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامـی دەلیـم، قائیمقامـی دەلیمیـش ئەدیـب ئەفەنـدی کـە لەگـەڵ خەڵکەکـە و جگـە لـەوەش لـە ئەرکەکـەی ناگونجێـت و لـە رووی کارگێرییـەوە هیـچ کاریگەریەکـی نەبیـنراوە، لـە رووی جێبەجـێ کردنـی کارەکان و دەسـتکەوتەکانیش دواکەتـن دەبینرێـت، بۆیـە مانـەوەی دەبێتـە سـتەم هەروەهـا بـە خۆشـی داوای کـردووە بـۆ قەزایەکـی تـر بگوازرێتـەوە یاخـود لـە ئەرکەکـەی ببوردرێـت، هـەردوو قـەزاش لەبـەر ئـەوەی لـە یەکـەم چیـن نیـن، بۆیـە گواسـتنەوەی قائیمقامەکان هیـچ کێشـەیەکی تێـدا نییـە، عەبدوڵـڵا بەگیـش لـە هەولێـر بمێنێتـەوە. بـەم جـۆرە قائیمقامـی دەلیم بـۆ خانەقین و قائیمقامـی خانەقینیـش بـۆ دەلیـم بگوازرێتـەوە. لە سـەر گواسـتنەوەی ناوبراوان و گەیشـتنیان بۆ شـوێنی خۆیـان، لـە ویلایەتـی بەغـداد تەلەگرافنامـەی وەرگیـراو لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت نـووسراو کـراوە، بـەڵام ناوبـراوان مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی لەگـەڵ عەبدوڵـڵا بـەگ بریـاری گۆرینەوەیـان پەسـەند کـراوە، عەبدوڵـڵا بـەگ نابـێ لـە هەولێـر بمێنێتـەوە، قائیمقامـی دەلیـم ئەدیـب ئەفەنـدی بـە نـزم بوونـەوەی چینەکـەی بـە قائیمقامیەتـی هەولێـر رازی بـووە، لەگـەڵ گۆرینـەوەی لەگـەڵ سـالم ئەفەنـدی پێشـوەختە بـە پێـی ئـەو راپرسـییەی کـراوە قائیمقامـی هندیە راسخ ئەفەندی بەهۆی کەشـوهەوای شـێداری هندیـە داوای کـردووە بـۆ ناوچەیەکـی تـر بگوازرێتـەوە، لـە کاتـی دەرچـوون بـە نـزم بوونـەوەی چینەکـەی گواسـتنەوەی بـۆ قائیمقامـی هەولێـر رازی بـووە، ئـەو بـۆ هەولێـر و مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی بـۆ هندیـە و عەبدوڵـڵا بـەگ بـۆ دەلیـم و ئەدیـب ئەفەندیـش بـۆ خانەقیـن گواسـتنەوەیان بـە بەرژەوەنـدی هەمـوو لایـەك دەشـکێتەوە، بـەم دواییـە ئـەو تەلەگرافنامەیـەی هاتـووە ناوبـراوان گوسـتنەوە و گۆرینەوەیـان لـە تەلەگرافنامـەی سـەرەوە و داواکاری پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنیشـی لـە سـەر فەرمانـی سـەرووی وەکالەتپەناهـی جێبەجـێ بکرێت.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1886 | 141411


| | | |
|---|---|---|
| 10 رەبیعی کۆتایی 1320 | 001886.141411 | BEO. |


١٠ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠
٣ تەمموز ١٣١٨
بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر
قەزاکانی سنجار و هەولێر لەگەڵ ئەو ناوچانەی جموجوڵیان تێدایە، رەدیفەکان کاری نابەجێ و دزیان کردووە، بۆ ئەم کارانە ئەو رەدیفانەی لە موسڵن، لەگەڵ هەندێك کەس یەکیان گرتووە، ١٠ کەلەك کە باری لەسەر بووە تاڵان کراوە بەشێکیشی خراوەتە ناو ئاو، هەروەها کەلەکچیەکانیان بریندار کردووە، لەم بارەیەوە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ هاتووە، نووسراوی نەزارەتی ناوبراویش بە مێژووی ٩ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ ژمارە ٢٣٧٤ بۆ تەمبێ کردنی لە رێگە لادراوان و هەروەها بۆ ئەوەی رێگە لەم جۆرە کارە نەشیاوانە بگیرێت، ئاماژەی پێ کردووە کە پێویستە بەپەلە جێبەجێ بکرێت.





| A.MKT.MHM. | 00587.00011 | 13 جەمادی یەکەم 1322 |
|---|---|---|


تەلەگرافنامە
جەنابی سەدارەت
لە سلێمانییە نەخۆشی کۆلیرا زۆر بە قورسی بڵاوبۆتەوە، هەر خۆشی لە خاکی ئێران بە شێوەیەکی قورس بڵاوبۆتەوە، لە ماوەی سێ ساڵیش دەبێت پزیشکێکی گونجاو بۆ بەغداد نەدۆزراوەتەوە، بۆیە فەرمان دراوە لە بەسراش کەسێك بدۆزرێتەوە و بنێردرێت، ئەگەرچی نەزارەتی تەندروستی ئاگادارکراوەتەوە، بەڵام ئاساییە کە لە بەسراش نەدۆزراوەتەوە، لە کەرکووکیش تا رادەیەك پزیشکێك دۆزراوەتەوە، جگە لەوە پزیشکی فەرمانبەر نییە بە پزیشکی سەربازی تا رادەیەك کێشەیە، هەروەها لە قەزای هەولێر یەك پزیشکی شارەوانی بەپەلە بنێردرێت، ئەمر و فەرمان، لە ١٣ تەمموز ١٣٢٠.
نوری والی موسڵ








| DH.ŞFR. | 00617.00045 | 2 رەبیعی یەکەم 1323 |
|---|---|---|
| قائیمقامـی بیرەجیـك فەرەیـدون بـەگ بەهـۆی بارودۆخـی تەندروسـتیەوە دەسـتی لـە کارکێشـاوەتەوە، ئەمـڕۆ بـە تێروتەسـەلی بـە تەلەگـراف ڕاگەیەنـدراوە، لەبـەر گرنگـی بیرەجیـك و تێروانیـن لـە بارودۆخـی ئـەم دواییـەی لـەم ماوەیـەدا گونجـاو نییـە قائیمقامیەتەکـەی بـە وەکالـەت بەڕێوەببردرێـت، لـەو کاتـەوە فەرەیـدون بـەگ لـە کار دەسـتی بـەرداوە، قائیمقامـی هەولێـر .......... بـەگ بەهـۆی هەوڵ و کۆششـەکانی بـۆ سـەقامگیرکردنی ئاسـایش و کارە باشـیەکانیەوە لـە شـوێن ناوبـراو دامەزرێـت، لـە ٢٤ نیسـان ١٣٢١. نوسرەت موتەسەرف | | |








هەواڵنامەی کێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 002551.191311 | 4 سەفەر 1323 |

- واژووی نووسراوەکە پەیوەستە بە تەلەگرافەکە، زەرفی وەرگرتووە لەگەڵ پشت بەستن بە ژمارەی زانیاریەکان، ئەو تەلەگرافنامەیە لەگەڵ دەرچوونی لە بارەی لێکۆڵینەوە نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ کراوە.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٤ سەفەر ١٣٢٣
٢٨ مارت ١٣٢١
موتەسەرفی عەمارە بەهۆی مامەڵەی بێ چاوورووی لە خزمەتی گواستنەوەی فەرمانی موقاتەعە، هەروەها لەبەر ئەوە لە نێوان هۆزەکان شەڕ و دەمەقاڵی روویداوە، هۆکاری نەداوەتە دەست، بەردەوام بوونی لە کارەکەی بە هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە، بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی بەسرا وەرگیراوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاگادار کردنەوە خزمەتەکەی ڕێگە پێدراو نییە، بۆ دوورخستنەوەی لە کارەکەی لە وەڵامدا لە ویلایەت هەواڵ نێردراوە، موتەسەرفی ناوبراو کەسێکی گونجاو هەڵبژێردرێت بۆ شوێنەکەی، چەند جار بۆ نەزارەت نووسراو نووسراوەتەوە، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە بە مێژووی ٢٧ مارت ١٣٢١ هاتووە، لێرە موتەسەرف لەڕێگەی برادەرەکەی هێور بۆتەوە، گوایە بە پشت بەستن بە تەلەگراف لە خزمەتەکەی بەردەوام دەبێت، ئەو هەواڵە نادروستانەی کە لە بارەی کراوە، ئەنجامی کاریگەی خراپی بووە، هەواڵ دراوە کە هۆزە ناکۆکەکان دووبارە کۆدەبنەوە و شەڕێکی قورس دەکەن، لەبەر ئەوە بۆ گەڕانەوەی هێمن و ئاسایش تابورێك لە هەولێر هەرچی زووە بنێردرێتە عەمارە، بۆ پەلە ناردنی ئەو تابورەش بۆ لایەنی سەر عەسکەر ئاگاداری نێردراوە، لەم حاڵەتە بۆ موتەسەرفی لیوای ناوبراو کەسێکی تر بە پەلە دابمەزرێت، لە سەر هەواڵی پێشوو هەرچی زووە جێبەجێ بکرێت.




هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 002658.199287 | 28 جەمادی کۆتایی 1323 |
|---|---|---|


٢٨ جەمادی کۆتایی ١٣٢٣
١٦ ئۆغستۆس ١٣٢١
بۆ ئەندامی یەکەمی قۆمیسیۆنی دارایی سەروو لایەنی والّا
ڕەدیفی تابوری هەولێر کە چەکدار کراون، مووچەی سێ مانگیان هەیە، لە سەر ئاگاداری سەر عەسکەری لایەنی والّا، پارەکە خراوەتە سەر پارەی ویلایەتی بەغداد، لە موازەنەی گشتی ئەم ساڵ بە دابینکردنی ٤٧١٩٦ قوروش زیادی کردووە و بە ئاقچە تۆمارنەکراوە، بە یەك جار هەژمار کراوە، هەروەك پێشوو بە نیزامی زیادکراو لەم ساڵەی کە ناوی هاتووە، لە موازەنەی گشتی لەگەڵ زیادکردنەکە لە نەزارەتی دارایی بە نووسراوی مێژووی ٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣٢٣ ژمارە ١٩٩٧ بۆ دەوڵەت نێردراوە، قۆمیسیۆنیش ووردبینی بۆ بکات و بیگەڕێنێتەوە.

| 8 زیلحیجه 1324 | 00138.00032 | DH.SAID. |
|---|---|---|


لاپەرە ١
تۆماری گشتی
حاجی محەمەد تاهیر ئەفەندی کوڕی کۆچکردوو کورەچی زادە عەبدوڵڵا ئاغایە
ساڵی ١٢٧٧ کۆچی واتە ساڵی ئێستا ١٢٧٦ لە قەسەبەی هەولێر لە دایك بووە، وێنەیەکی پەسەند کراوی لە تۆماری ناسنامە نووسراوەتەوە.
لە قەسەبەی ناوهاتوو لە مەکتەبی سبیان پێشەکی زانست و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، هەروەها بە زمانی کوردی قسە دەکات، لە کاغەزی وەرگێراودا هەمووی نووسراوەتەوە.
ساڵی ١٢٩٩ سەرەتایی موحەررەم واتە ساڵی ئێستا ١٠ تشرینی دووەم ١٢٩٧ لە ویلایەتی موسڵ لە تۆماری قەزای عەقرە و قەڵەمی دارایی لە زیلحیجەی ٢٣ واتە ٢٤ تشرینی یەکەم ١٢٩٨ بە مووچەی ١٥٠ قوروش لە قەزای ناوبراو لە تۆماری فرقەی سێی پیادە دامەزراوە، لە ساڵی ٣٠٠ سەفەری ٨ واتە ٧ کانوونی یەکەم ١٢٩٨ دەستی لە کێشاوەتەوە، لە ٤ رەبیعی یەکەم واتە ١ کانوونی دووەم ١٢٩٨ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە فرقەی ناوبراو دامەزراوەتەوە، هەروەها لە ٣٠١ زیلحیجەی ٢٣ واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٠ بە مووچەی دیاریکراوی سەروو لە فرقەی یەکەم گوازراوەتەوە، لە ١٣٠٢ جەمادی یەکەم ٢٦ واتە ١ مارت ١٣٠١ بە مووچەی ٢٥٠ لە فرقەی سێیەم پلەی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ١٣٠٦ رەجەبی ٢٠ واتە ١٠ مارت ١٣٠٥ بە مووچەی ٣٦٠ قوروش لە قەزای زاخۆ لە ئەمانەتی سندوق هەروەها لە ١٣٠٧ جەمادی کۆتایی ١٤ واتە ٢٤ کانوونی دووەم ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٧٣ قوروش و نیو لە قەزای ناوهاتوو هەروەها لە ١٣١٠ جەمادی کۆتایی ١٤ واتە ٢١ تشرینی یەکەم ١٣١١ بە مووچەی دیاریکراوی سەروو گوازراوەتەوە بۆ قەزای دهۆك لە نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت) دەست بە کار بووە، هەروەها لە ٨ رەمەزان واتە ١٠ شوبات ١٣١١ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و لە ١٣٠٤ موحەررەم ١١ واتە ١٠ حوزەیران ١٣١٢ بە مووچەی ٢٧٣ قوروش و نیو گەراوەتەوە بۆ کاری پێشووی کە لە قەزای دهۆك وەریگرتبوو دووبارە لە نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت) دامەزراوەتەوە، هەروەها لە ١٣١٥ زیلحیجە ٢١ واتە ١ مایس ١٣١٤ بە مووچەی دیاریکراوی باس کراو لە قەزای عەقرە گوازراوەتەوە بۆ نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت) لە ١٣١٧ رەجەب ٩ واتە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٥ دەستی لە کار کێشاوەتەوە.
١٣١٨ زیلقەعدەی ٩ واتە ١٥ شوبات ١٣١٦ بە کرێی براوەی ١١٥٠ قوروش بە فەرمانبەری مەڕوماڵاتی حەوت هۆزەکە دامەزراوە، لە سەرەتای زیلحیجەش کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە و دەستی لە کارکێشاوەتەوە، لە ١٣١٩ رەبیعی یەکەم ١٧ واتە ٢١ حوزەیران ١٣١٧ بە کرێی براوەی ١٢٥٠ قوروش لە قەزای سنجار لە ناحیەی تەلەعفەر لە ئەمانەتی دە یەك (اعشار امانت) دامەزراوە، لە ١٠ رەجەب واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣١٧ بە کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی دەستی لە کێشاوەتەوە، لە ١٣٢٠ جەمادی کۆتایی ٢٥ واتە ١٥ ئەیلوول ١٣١٨ مانگانە بە ٤٠٠ قوروش بە مەرجی سنوورنەبەزاندن لە داهاتی قەزای هەولێر دامەزراوە، لە زیلحیجەی ١٥ واتە ١ مارت ١٣١٩ لە داهاتی ناوهاتوودا بە هەمان ئەرك گوازراوەتەوە کەرکووك لیوای سەلاحییە، لە ١٣٢١ زیلحیجەی ٢٦ واتە ١ مارت ١٣٢٠ بە هەمان داهاتی پێشوو، بە چاودێری داهات گوازراوەتەوە بۆ قەزاکانی رانیە و کۆی سانجەق.
لە ویلایەتی موسڵ دەفتەردار و خەزینەی جەلیلە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی داهات بە هاوبەشی ئەو تێبینیانە نووسراوەتەوە، بە میهرەبانیەوە تێبینیەکان لە نەزارەتی دارایی جەلیلە لەگەڵ گرنگی ئەرکەکەی بە گونجاو نیشان دراوە و راگەیەندراوە.
لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی لە خزمەتی پێشووی و ماوەی بەکارهاتووی و بری مووچەکەی و کرێیەکەی لەگەڵ هۆکاری دەست لە کێشانەوەکانی پاکانەی ئەستۆی لە ویلایەتی موسڵ لە ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری بە مێژووی ٦ مایس ١٣١٨ ژمارە ٥٢ لەگەڵ وێنەی پەسەند کراوی بەکار هاتووە، لە چاودێری داهاتەکاندا مێژووی دامەزراندن و بری داهاتەکەی و فەرمانی راگەیاندنی بە ناوچەکان راگەیەندراوە، فەرمانگەی داهات نووسراوی لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ١٣٢٠ ژمارە ٢٤٥٠ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی رەسەنی لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ٨ زیلحیجە ١٣٢٤ و ١٧ حوزەیران ١٣٢٢.



هەولێرنامەی گێتی





هەولێرنامەی کتێب




| BEO. | 002773.207933 | 9 موحەررەم 1324 |
| --- | --- | --- |


٢٠ شوبات ١٣٢١
ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لە ١١ شوبات ١٣٢١ لە بارەی ئەوانەی هێرشیان کردۆتە سەر قۆناغی حکوومەتی سلێمانییە، بۆ لێکۆڵینەوە لەم رووداوە، تەلەگرافنامە نێردراوەتە هەولێر بۆ ئەوەی موفەتیشی دادوەری بە پەلە بگاتە سلێمانیە، تا لە سەر رێگا لادراوەکان بهێنرێن و لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانیان بکرێت، هەروەها لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنیان لە فەرمانگەی یاسا هۆکارەکانی دەست نیشان بکرێت، رێگە نەدرێت بۆ یەك رۆژیش بێت گرفت و کاری بەد بکرێت، لە سەر وەڵامی نەزارەتی دادوەری ئاگادار کراونەتەوە.



هەولێرنامەی کتێب

| BEO. | 002773.207934 | 9 موحەررەم 1324 |
| --- | --- | --- |

٩ موحەررەم ١٣٢٤
٢٠ شوبات ١٣٢١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
نـووسراوی مێـژووی ٢٩ زیلحیجـە ١٣٢٣ هاوپێچـە، لەلایـەن هەندێـك كـەس بـۆ قۆناغـی حکوومەتـی سـلێمانییە سـنووری تاوانیـان بەزانـدووە و تاوانەکانیـان زیـادی کـردووە، هەروەهـا بابەتەکـە گوازراوەتـەوە دادگا، لەبـەر گرنگـی و بایەخـی بابەتەکـە بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی تـەواو بـە بوێریـەوە لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر بکرێـت و لـە رووی یاسـاوە چاودێـری بکرێـت، لـە هەولێـر پشـکێنەری دادوەری ساڵح ئەفەنـدی بـە پەلـە بنێردرێتـە سـلێمانییە، لـە ویلایـەت ئـاگاداری نێـردراوە تـا فەرمـان بدرێتـە ناوبـراو، زووتـر ئـاگاداری نێـردراوە، ئـەو وەڵامـەی لـە نەزارەتـی دادوەری هاتـووە، پشـکێنەری دادوەری لـە بـارەی بەپەلـە چوونـی بـۆ سـلێمانییە لێکۆڵینـەوەی پێویسـت بـۆ سـەلامەت بوونـی بـە تەلەگـراف ناوبـراو ئـاگادار کراوەتـەوە، تاوەکـو لێکۆڵینـەوەی ناوبـراو ئەنجامـی هەبێـت، ئـەو کەسـانە رادەسـتی لایەنـی دادوەری بکرێـن، بریارەکانـی یاسـا بـە تەواوەتـی جێبەجـێ بکرێـت، بـەڵام ئەفسـەرانی ناوچەکـە لـە ئەرکەکانیـان بـە جوانـی جێبەجـێ نەکـردووە، بۆیـە پشـکێنەری ناوبـراو لـە رۆیشـتنی بـۆ ئەوێ هیـچ سـوودێکی نابێـت، هەروەهـا بـە تێروانین فەرمانبـەری دادوەری ناوچەکـە بەهـۆی تووشـبوونیان بـە سـنوور بەزانـدن، بۆیـە کەسـانی سـنوور بەزێـن بردرێـن و لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەکانیان بکرێـت و لـە فەرمانگـەی یاسا دادگایـی بکرێـن و دادگاییەکـە بـە سـەلامەتی بەرێـوە بچێـت و لـە بـارەی جێبەجـێ کـردن و کۆتایـی هێنـان نـووسراو بـۆ ناوچەکـە و چۆنیەتی بـە تەلەگـراف لـە ویلایەتـی موسـڵ ئـاگاداری نێـردراوە، لـە نەزارەتـەکان هیمـەت بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002858.214337 | 4 جەمادی یەکەم 1324 |
|---|---|---|


بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
٤ جەمادی یەکەم ١٣٢٤
١٣ حوزەیران ١٣٢٢
تا کۆتایی مایس لە هەولێر بۆ رواندز ٢٣٩٠٠٠ قیە گەنم هەروەها ٤٩٠٠٠ قیە جۆ رەوان کراوە، ئەوەی خەرج کراوە ٦٠ تا ٧٠ هەزار قیە ئەوەی تر نێردراوەتە شوێنی هەڵگرتن، هەروەها لەلایەنی سەربازیەوە جگە لەو ئاژەڵانەی لەناوچوون، ٦٧٥ بارگیر لە گواستنەوەیان بەکاردێت، ئەو حوشترانەی یارمەتیدەر دەبن لە رێگەی مەعمورە جگە لەوە کاروانی حوشترەکان بە رێك خستنیان بۆ رواندز و مەعمورە زەخیرە نێردراوە، گواستنەوەی دە یەك (اعشار) بۆ گوندەکانی چواردەوری قەزاکانی رواندز و کۆی سانجەق و رانیە و مەعمورەی حەمیدیە، بەو مەرجەی رادەستی ئەنباری میریەکان بکرێت، لەم بارەیەوەش ئاگادار کراونەتەوە، تا ئێستاش ئەو ئاژەڵانەی رادەستی لایەنی سەربازی کراوە تەواو بووە، دووبارە ناردنی ئەو بارگیرانە نەوەستاوە و گواستنەوەیان لەلایەن فەرمانبەرانی سەربازی تووشی هێرش بوونەتەوە، ئەمجارە ئەو ئاژەڵە بارگیرانەی لە رواندز بۆ هەولێر نێردراوە، ٣٠٠ سەر بارگیر لەلایەن مولازمی یەکەم عەبدوللەتیف جەبار ئەفەندی وەرگیراوە تاوەکو کەلوپەلی بازرگانی و زەخیرەکان بگوازیتەوە، لە وەڵامدا لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ١٢ حوزەیران ١٣٢٢ تەلەگرافنامە هاتووە و نێردراوەتە والای سەر عەسکەر.


| BEO. | 002886.216412 | 15 جەمادی کۆتایی 1324 |
| --- | --- | --- |

- بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
١٥ جەمادی کۆتایی ١٣٢٤
٢٤ تەمموز١٣٢٢


ئـەو ئاژەڵـە بارگیـرە بەکـرێ گیراوەنـەی کـە رادەسـتی لایەنـی سـەربازی کراونەتـەوە هیـچ یەکێکـی هێرشـی نەکراوەتـە سـەر، نـووسراوی قوماندانـی لەشـکری شەشـەمی همایـۆن لـە مێـژووی ١٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٤ ژمـارە ١٦٧١ لەگـەڵ هاوپێچـی تەلەگرافنامـەی سـەر عەسـکەر، لـە مێـژووی ٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٤ بـۆ لایەنـی سـپاهی سـەروو نێـردراوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ ئـەو ئاژەڵانـەی رادەسـتی لایەنـی سـەربازی کـراون، تـەواو کـراوە هەروەهـا لـە بـارەی ئامـادەکاری بارگیـرەکان لـە جێبەجـێ کردنـی نەوەسـتاوە و ئـەو سـەربازانەی ئاژەڵـەکان دەگوازنـەوە لـە روانـدوز بـۆ هەولێـر ٣٠٠ سـەر بارگیـر دراوەتـە مـولازم عەبدوللەتیف جەبـار ئەفەنـدی کـە لـە گواسـتنەوەی کەلوپەلـی بازرگانی بـەکاری دەهێنێـت، لـەم بارەیەوە بۆ گواسـتنەوەی زەخیـرەکان ویلایەتـی ناوبـراو ئـاگادار کراوەتـەوە.

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگ
هۆبەی چوارەم
شـیفرەی ئـەو تەلەگرافنامەیەیـە کـە لـە بەغـداد لەلایـەن لەشـکری همایۆنـی قوماندانـی فرقـەی یەکـەم سـلێمان پاشـا لـە ١٣ تەمـوز ١٣٢٢ نێـردراوە.
تـا ئێسـتا حوشـتر و ئێسـتر و بارگیـر و ئـەو بارگیرانـە کـە بـە کـرێ گیـراوە، بـە هـەواڵ و زانیـاری رادەسـتی لایەنـی سـەربازی کـراوە، بـڕی ئاژەڵـە بارگیـرە بەکـرێ گیـراوەکان لـە ٢٠٠٠ زیاتـرە، لـە بـارەی کۆکردنـەوە و گواسـتنەوەیان پێویسـتە ئامادەکارییـەکان تـەواو بکرێـن، ئـەو فەرمانبـەرە سـەربازانەی کـە ئاژەڵـەکان دەگوازنـەوە، فەرمـان دراوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە بـە مێـژووی ٢٧ ئەیلـوول ١٣٢٢ لـە سـەر جێبەجێکردنـی بـە وەکالەتـی قۆماندانـی فرقـەی دوانـزە، هێـزی سـنوور داواکـراوە بـۆ جێبەجێکردنـی.
هەروەهـا لـە بـارەی گەیاندنـی ئاژەڵـەکان، لێکۆڵینـەوە و چاودێریکردنـی پێویسـتە و جگـە لەوە ئـەو ئاژەڵانە رادەسـتی کـێ دەکرێـت؟، ئـەو هـەواڵ و زانیاریانـە هەمـوو بەیەکـەوە بنێردرێـن، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بـۆ ویلایەتـی ناوبـراو کـراوە، ئـەو ئاگاداریـەی لـە قوماندانـە ناوبـراوەکان هاتـووە، بـە تێروانیـن لـە وەڵامەکـەی لـە ویلایـەت ئامـادەکاری کـراوە و ئـەو ئاژەڵانـەی رادەسـت کـراون، هیـچ یەکێـك هێرشـی نەکراوەتـە سـەر، هەروەهـا لـە گواسـتنەوەی ئەرزاقـدا ئێسـتری رەشـی بارهەڵگـر ١٥٥٠ ئاژەڵـی بـار بوونـی هەیـە، لـە سـەر ئـاگاداری پێشـووش ٢٠٠٠ ئاژەڵـی بارگیـری بەکـرێ گیـراو رادەسـت کـراوە، بـە پێـی هـەواڵ و زانیـاری بـۆ ویلایەتـی ناوبـراو نێـردراوە.








هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003051.228757 | **24 رەبیعی یەکەم 1325** |
|---|---|---|
| ٢٤ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥<br>٢٤ نیسان ١٣٢٣<br>بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا<br>نووسراوی زیادە لە مێژووی ١٣ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥ دەرچووە، سەبارەت بە جێبەجێ کردنی لێکۆڵینەوەی قائیمقامی کەلعەنبەر عوسمان پاشا لەگەڵ ئەوەش بە دانانی قائیمقامێك بە وەکالەت و قەدەغەیە پاشای ناوبراو خزم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی بباتە سەر سنوور، بۆ ئەم مەبەستە قوماندانی سلێمانییە، میری لیوا مستەفا پاشا توانای تەواوی نییە، لە هەولێر میری لیوا عزەت پاشا پێویستە بچێتە ناوچەکە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ ناردنی دووبارە کراوەتەوە، ئەمجارە لە نەزارەتی ناوەخۆ لە وەڵامدا نووسراو بە مێژووی ٢٢ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥ ژمارە ٧٦٦ هاتووە، دواتر بۆ سەر عەسکەری واڵا نێردراوە، بە پەلە جێبەجێ بکرێت. | | |





| DH.MUI. | 00001.11.00030 | 17 شەعبان 1328 |
|---|---|---|

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی دادگاییەکان
٣٩١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: بە هاوکاری هەمەوەندەکان کەریم کوری ساڵح بە ماددەی کوشتن بە ماوەی ١٥ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان سزا دراوە.

بۆ جەنابی دەوڵەت
لە قەزای هەولێر گوندنشین کەریم کوری ساڵح لەگەڵ هەمەوەندەکان بووە، بە بەدکاری ناوبانگی دەرکردووە، لەگەڵ کاهیەی قەرەچەناق کوخە حوسێن بەیەکەوە ٦ کەسیان کوشتووە، لەگەڵ هاوکاری و بەشداری کردنەکەی پەسەند کراوە، بە گوێرەی یاسانامەی ماددەی ١٧٥ بە مێژووی دستگیرکردنەکەی ١٥ ساڵ بە سەوڵ لێدان سزا دەدرێت، بریاری لەسەر دراوە، لە دیوانی جەنگی عورفیەی بارزان رێکخراوە و نووسراوەتەوە، وێنەی پەسەند کراوی ئەو داواکاریە هاوپێچ لەگەڵ ئاماژەی پێشوو بە راگەیاندنی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرموویەتی، لە مێژووی ٣ ئۆغستۆس ١٣٢٦ نووسراوی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهیش نووسراو نێردراوە، هەروەها نووسراوی ئەمر و فەرمانی هومایۆن بۆ جێبەجێ کردنی، ئاماژە بۆ قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن نێردراوە، بە گوێرەی ئەوە جێبەجێ دەکرێت، ووتەکانی فەرمانگەی دادگاییەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٧ شەعبان ١٣٢٨ و لە ١٠ ئۆغستۆس ١٣٢٦.
نازری جەنگی

هەوالنامەی کتێب


دائرۀ صدارت تحريرات قلمى

OSMANLI ARŞİVİ

BEO

| BEO. | 003707.278006 | 11 سەفەر 1328 |
|---|---|---|

نەزارەتی جەنگی
١١ سەفەر ١٣٢٨
٩ شوبات ١٣٢٥
لەو پارەیەی کە رێك دەخرێت و داوای دەکەن، نووسراوی عوسمانی و بە سەیرکردن لە مێژووی تۆماری ویلایەتەکان هاتووە، بە پێی ساڵەکان مووچەکانیان بە گۆرانکارییەوە جێبەجێ کراوە، مولازمی یەکەم داود ئەفەندی لە لەشکری شەشەمی هومایۆن لە سێیەم ئاڵای تابوری دووەمی موسڵ بلۆکی چوارەم مانگانە ٤٤٣ هەروەها مولازمی دووەم محەمەد بەکتاش ئەفەندی لە ئاڵای نۆهەتەمین تابوری چوارەمی هەولێر بلۆکی چوارەم ٢٥٤ قوروش مووچەی خانەنشینی لە مێژووی ١ شوبات ١٣٢٥ ژمارە ١٠٦٦ پێ دەدرێت، راپۆرتی سەروو بە مۆڵەت دان بە مێژووی ٧ شوبات ١٣٢٥ فەرمانی پاشا جەنابی سەدارەتپەناهی فەرمانی کردووە، بۆ جێبەجێ کردن.

| 7 شەوال 1330 | 00053.00036 | DH.H. |
|---|---|---|


نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی دادگایی
٣٦٤
بۆ بریکاری نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: لە هەولێر ئەو ژاندارمانەی کە پەلاماری خانووی مریەم خاتوونیان داوە، لەبارەی ئەو ژاندارمانەوە بەپەلە چاودێری یاسایی جێبەجێ بکرێت.


بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ژاندارمەکانی سوارە خورشید چاوش لەگەڵ نزیکەی ٢٠ ژاندارمەی تر لە قەزای هەولێر لە گوندی قورشاقلو پەلاماری خانووەکەیان داوە و کەلوپەلیان تاڵان کردووە، هەروەها کەلوپەلی ئافرەتان کە گرانبەهایە هەندێك کەلوپەلیان بردووە و تاڵان کردووە، هەروەها لەگەڵ خەڵکی خانووەکان بە تفەنگ دارکاری کراون، بە واژووی مریەم خاتوون خێزانی ئەحمەد پاشا تەلەگرافنامە وەرگیراوە و راگەیەندراوە، هەروەها سکاڵای کردووە، بە گوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە پێشووتر هاتووە، لێکۆڵینەوە کراوە، لە ئەنجامەکەیدا ئەندامانی ناوبراو لە بارەی ئەو یاسایەوە کە جێبەجێ کراوە، لە موسڵ لە قوماندانیەتی لەشکری ١٢ی قول، لە وەڵامدا ئەو نووسراوانەی نێردراوە، لەسەر کاغەزەکان لەشکری قول و یەکەی دادگایی نووسراو کراوە و نیشان دراوە، هەروەها بە تێروانین لە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە دەرکەوتووە ژاندارمەکان رەفتاری نەشیاویان ئەنجام داوە، بەڵام ئەوەی ئەوان کردوویانە هیچ پەیوەندی بە ئەرکی سەربازیەوە نییە، لە بارەیانەوە لە دیوانی جەنگی چاودێری یاسایی جێبەجێ ناکرێت، کاغەزی ناوبراوان و لیستەکانیان هەروەها ووتەی فەرمانگەی دادگایی هاوپێچ بۆ نەزارەتپەناهی نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ شەعبان ١٣٣٠ و لە ٩ تەمموز ١٣٢٨.


راوێژکاری بریکاری نازری جەنگی

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٣٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ژاندارمەی سوارە خورشید چاوش و ژاندارمەکانی تر لە بارەی دەرکردنیان کاغەزەکانیان بۆ دادگا نێردراوە
بۆ جەنابی دەوڵەت
بە ووتەی هەواڵگری گشتی یەکەی دووەم، نووسراو لە مێژووی ١٥ تەمموز ١٣٢٨ ژمارە ٦٢٨٦٢ گشتی و ١٩٦ تایبەتی وەڵامە بۆ نەزارەتپەناهی، لە ژاندارمەی سوارە خورشید چاوش لە گوندی قورشاخلو بوێری کردووە لەو مامەڵەی کە کردوویەتی، وەکو سەرەتا لە قوماندانیەتی ئاڵای ژاندارمە سکاڵا تۆمار کراوە، بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە و ووردبینیانەی کە کراوە، لە ئەنجامدا ناوبراو خورشید چاوش و سێ کەسی تر لەو سکاڵایەی کە لێیان کراوە، کارەکەیان دووپات کراوەتەوە، هەواڵ دراوە کە ناوبراو و ژاندارمەکانی تر تۆماریان دەسرێتەوە و لەم بارەیەوە کاغەزەکانیان بۆ دادوەر نێردراوە، هەروەها لە قوماندانیەتی ناوهاتووش باس کراوە، لەسەر ئەمە کاغەزەکانی لێکۆڵینەوەی دادگا لەگەڵ کاغەزەکانی تر بەیەکەوە بۆ موتەسەرفی کەرکوك نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ رەمەزان ١٣٣٠ و لە ٩ ئۆغستۆس ١٣٢٨.

والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
DH.H
53 | 36 | 2


OSMANLI ARŞİVİ
DH.H
53 | 36 | 6


هو

باب فتوى
دائرهٔ مشیخت
۲۴۶۰

ارادهٔ سنیه

بلاد خمسه پایه‌لولرندن واربیل علماسندن کوچوک ملازاده ابوبکر افندی‌یه مجدداً اوچنجی رتبه‌دن بر قطعه عثمانی نشان ذیشانی اعطا اولنمشدر

اشبو ارادهٔ سنیه‌نک اجراسنه مقام مشیخت مأموردر


صدر اعظم
سعید
موسی کاظم

477/6
İ.TAL.1330/M-6
2

هەوالنامەی کتێب

| 13 موحەررەم 1330 | 00477.00006 | I.TAL. |
|---|---|---|


بابی فەتوا
فەرمانگەی مەشیخەت
٢٤٦٠
فەرمانی پاشا
لە پلەی بیلادی خەمسە و زاناکانی هەولێر کوچك مەلا زادە ئەبوبەکر ئەفەندی سەر لە نوێ، لە پلەی سێیەم یەك پارچە نیشانی عوسمانی نیشانی پێدراوە.
موسا کازم شێخولئیسلام
سەعدوڵڵا سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **ML.EEM.** | 01128.00020 | **17 جەمادی یەکەم 1330** |

١٧ جەمادی یەکەم ١٣٣٠
٢١ نیسان ١٣٢٨
بۆ دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ
تکای کردووە ئەو مولکەی لە قەزای هەولێر کە پشتاو پشت بۆی هاتووە رادەستی بکرێت، جەنابی سوڵتان سەلیم خانی خوالێخۆشبوو لە یەکەم هەنگاو بەغدادی فەتح کرد و دەستی بەسەر داگرت، باپیرە گەورەی کورەجی رەسەن حەسەن پاشا بەهۆی کاریگەری دەرخستنیەوە بووە جێگای رەزامەندی جەنابی ناوبراو وەکو پاداشت لە قەزای هەولێر لە ناحیەی دزەیی گوندەکانی دووگردکان و قورشاقلۆ و میراوە سوریش سیران ترپە سپیان دوو کە لە قازی خانە بە فەرمانی عالی شان بەرێگەی پشتاوپشت دراوەتە ناوبراو، ئەو گوندانە لەلای باپیرە گەورەوە و دوای خۆشی کورەکەی ئەحمەد ئاغا لە ئەویش بە رێگەی گواستنەوە لەلایەن باپیری عەبدوڵڵا ئاغا بە فەرمان بەبێ کێشە بەکاری هێناوە، ئەو بریارنامەی لە دەستی بووە پەسەند بووە، بە گوێرەی ئەو ووتانەی باس کراوە بە فەرمانی ناوهاتووی تۆمارکراوهاتووە، یەکێك لە نەوەکانی کورەجی حەسەن پاشای خوالێخۆشبوو لە سانجەقی کەرکووك لە قەزای هەولێری گەرەکی سەرای نیشتەجێیە، لەلایەن خالید ئاغا کوری دەروێش ئاغا مولکەکە دراوەتە ناوبراو، داواکاری ٢٩ مارت ١٣٢٨ دووبارە نووسراوەتەوە و نێردراوە، بە تێروانین لە دارایيەکەی بە لێکۆڵینەوە و ووردبینی داواکراوە پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


I.DH 1493/1 /1330.Ca/1


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 01493.00001 | 28 رەبیعی کۆتایی 1330 |


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٢٩٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای هەولێر محەمەد عەلی بەگ ماوەی مۆڵەتی تێپەڕاندووە، لەبەر ئەوەی ئەمرۆ نەچۆتە سەر کارەکەی، بە تێروانین لە ئاماژەی ویلایەت قائیمقامی قەزای ڕانیە ئیبراهیم بەگ سەبارەت بە گواستنەوەی لە ئەنجوومەنی هەڵبژاردن بڕیاری لەسەر دراوە، بۆ پەسەند کردنیشی لیستی فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٠ و لە ٣ نیسان ١٣٢٨
بریکاری نازری ناوەخۆ



دائرۀ صدارت تحریرات قلمی
شعبه
اوراق نومروسی
مسوددی
مبیضی
ورودی تاریخی
تاریخ تسویدی
تاریخ تبییض
لاجل التبییض قلمه ورودی
مقابله ایدنلر
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4028 302073

| 1 جەمادی یەکەم 1330 | 004028.302073 | BEO. |
| --- | --- | --- |
| ١ جەمادی یەکەم ١٣٣٠<br>٥ نیسان ١٣٢٨<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی وەکالەتی جەلیلە<br>بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر قائیمقامی هەولێر ئیبراهیم بەگ دەگوازرێتەوە و دادەمەزرێت، بە نووسراوی سەروو بە مێژووی ٣ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٢٩٥ نووسراوەتەوە، لیستی فەرمانی پاشا بە واژووی جەنابی پاشا پەسەند کراوە، وێنەی پەسەند کراویشی بۆ سەروو نێردراوە. | | |




هەوالنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.MBH.</td><td>00012.00090</td><td>16 شەعبان 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە نێوان هومایۆنی ملوکانە<br>باش کیتابەت<br>ژمارە ١٢٢<br>لـە مەرکەزەکانـی جەبەلـە و هەولێـر دوو پارچـە تەلەگرافنامـەی هاوپێچ بۆ سـەدارەتپەناهی نێـردراوە، ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٦ شـەعبان ١٣٣١ لە ٨ تەممـوز ١٣٢٩.<br>سەرکاتبی شەهریار</td></tr>
</table>


مابين همايون ملوكانه
باش كتابتى
عدد
٢٤٦

I.MBH 13/89 2

هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.MBH.</td><td>00013.00089</td><td>18 زیلحیجه 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە نێوان هومایۆنی ملوکانە<br>باش کیتابەت<br>ژمارە ٢٤٦<br>لـە دانیشـتووانی هەولێـر شـێخ عەبدوڵـڵا عاسـفی و خانەنشـینی سـەربازی تەیمـور عەلـی دوو پارچـە داواکاری بـە واژووی ناوبـراوان پێشکەشـی شـاهانە کـراوە، لەوێشـەوە بـۆ سـەدارەتپەناهی نێـردراوە، ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.<br>لە ١٨ زیلحیجە ١٣٣١ و ٤ تشرینی دووەم ١٣٢٩<br>سەرکاتبی جەنابی شەهریار</td></tr>
</table>





| 13 رەجەب 1331 | 00027.00012 | DH.EUM.EMN. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

هەولێر و حەربە تەمو تێکەڵی رووداوەکە بوونە، ئەوانەی رایانکردووە، حوسێن حاجی عەبدولرەحمان گوندنشینی حەربە تەمو هەروەها ئیسماعیل کوڕی عوسمان گوندنشینی هەولێر لە رووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ چەکەکانیان دەستگیرکراون، رادەستی لایەنی دادوەری کراون، لەسەر ئاماژەی موتەسەرفیەتی ماردین راگەیەندراوە.

٢ حوزەیران ١٣٢٩

بریکاری والی/ قوماندان سەعید


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


OSMANLI ARŞIVI DH.İD.

| DH.ID. | 00034.00085 | 28 ڕەمەزان 1331 |
| --- | --- | --- |

بۆ ئەعیانەکانی جەنابی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی

لـە قـەڵای هەولێـر بـە شـێوەی مـەشروت (مـشروط) ووتنـەوەی وانـە بـە قوتابیـان لـە باوباپیرانمانـەوە بـۆ یەکـتر ماوەتـەوە، بـازرگان بارئابـاد یوسـف بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـت لـەم کارە وەرنـەدات، لە مێـژووی ١٧ شـەوال ١٣٢١ بـە فەرمانـی سـەروو بـۆ ئێمـە گوازراوەتـەوە، فەرمانبەرانـی دارایـی تێکەڵـی ئـەو کارە نەبـن، ئەمـرۆ لـە دەفتـەرداری موسـڵ لـە هەولێـرە، بـە داوا کردنـی مۆڵـەت لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە، لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو بـە تەلەگرافنامـە داوای پارێزگاریـم کـردووە، بـە تکاوە مەدرەسـەکەمان ڕێکخـراوە ڕێگە نەدرێـت کـەس لێـی نزیـك بێتـەوە و هـۆکاری داخسـتن نەدرێتـە دەسـت.

مەلا


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارەسی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
RECEPTION
OSMANLI ARŞİVİ
DH.H
53 54 2


DH.H.00053.00054.002

| DH.H. | 00053.00054 | 12 شەوال 1331 |
| --- | --- | --- |

لە سەروو بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە


لە زەوییەکانی گەردی لە هەولێر بریکاری من شێخ محەمەد ئەفەندی کە بە سەنەدی خاقانی خاوەنی زەوییەکانە، دە یەك (عشر) و تاپۆکەی لە یاسا دژی یەکترن، واتە دراوەتە کەسێکی تر، باجەکەشی بە یەکسانی رێکخراوە، بۆ زیادکردنەکەی لە جێبەجێ کردنی مامەڵەی یاسایی یاسا بەرقەرار دەبێت، لە رووی کارگێریەکەی لە مەشروتیەتەکەی (مشروطیت) بەڵێنیان بەیەکتر داوە هاوکاری یەکتر بکەن، لە رووەوە فەرمانبەرانی دارایی حکومەتی خۆچێی لەگەڵ یاسا نین، بەم شێوەیە جۆرەها زوڵم ئەنجام دەدرێت، ئەگەر لەسەر ئەوە بەهانەی نامشروع ئەنجام بدرێت، ئەوا بە گوێرەی یاسا و پشت بەستن بە یاسا باجەکەی هەر وەکو جاران بە ئاشکرا بێ ئەوەی رێگە بدرێت کەسێك مافی بخورێت، داوا دەکرێت هۆکارەکانی تەواو بکرێت.

ئیسماعیل بریکاری داواکە




| | | |
|---|---|---|
| HR.ID. | 00062.00013 | 7 ڕەجەب 1331 |

پلەی پایەبەرز
دەوڵەتی عوسمانیەی پایەبەرز
لە شەهبەندەری ساوچبولاق وێنەی نووسراوی مێژووی ٢٣ مایس ١٩١٣ ژمارە ٧٤
کەرکـوك و روانـدز و کـۆی سـانجەق و هەولێـر و سـلێمانیە و موسـڵ و لـە دەورووبـەری ویلایـەت زیاتـر هاووڵاتیانـی عوسـمانی روو دەکەنـە سـاوچبۆلاق، لـە دەستیشـیان پەسـاپۆرتی عوسـمانی نییـە، بەم شـێوەیە حکوومەتـی خۆچێـی و شـەهبەندەر سـەرقاڵ دەکـەن، هەروەهـا لـە بـارەی لایەنگرانیـان حکوومـەت گومانـی هەیـە، بـە تێروانیـن لـەم خاڵـە زیاتـر لـە ١٠٠ هـەزار قـوروش زیـان بـە خەزینـەی دەگەیەنـن، هەروەهـا لەلایـەن فەرمانبەرانـی سـنووری ئێـران زیادەڕۆیـی دەکـەن بـۆ ڤیـزە دووقاتـی پـارە وەردەگـرن، بەمـەش لایەنگرانـی عوسـمانی زیانێکـی زۆریـان پـێ دەگات، بۆیـە ئەوانـەی لـە دەورووبـەری ویلایەتـەوە لـە هاووڵاتیانـی عوسـمانی دەچنـە نـاو خاکـی ئێرانـەوە پێویسـتە پەسـاپۆرتیان هەبێـت، گرنگـی ئـەو کارە پێویسـتە بەرچـاو بگیرێـت، بـا بەبێهـودە زیـان بـە داهاتـی دەوڵـەت نەگەیەندرێـت، هـۆکار نەدرێتـە دەسـت زیـان بـە داهاتـی دەوڵـەت بگەیەندرێـت، بۆیـە پێویسـتە کاری پێویسـت جێبەجـێ بکرێـت، بـە سـەفارەتپەناهی رابگەیەندرێـت و ئـاگادار بکرێتـەوە، بـۆ ئـەم کارەش بوێـری کـراوە.


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MTV
64 4 6

DH.MTV.00064.00004.006


هەواڵنامەی کتێب

| 26 ڕەبیعی یەکەم 1331 | 00064.00004 | DH.MTV. |
|---|---|---|

ئەو بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

نووسراوی ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٨ ژمارە ٤٦٨ دوای لێکۆڵینەوە لەوەتەی هاتۆتە ئێرە هیچ خۆی نەگونجاندووە، ئەوەی لەسەر هەقە و لەسەر هەق نییە سکاڵای لەسەری هەیە، لەسەر ئەوە کەسێکی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە، دەرکەوتووە خەلیل ڕەفعەت ئەفەندی باجگری تایبەت ئەرکەکەی لێرە بە تەواوەتی سەرکەوتوو نابێت و بەردەوام نابێت، لەگەڵ زۆربوونی سکاڵاکاران و حاڵی حازر سکاڵاکارێکی زۆر سەردانمان دەکەن کە وەسف ناکرێت، بۆ بەدواداچوون پێویستی بە بەڵگەیە، هەروەها سەرپەرشتیاری دارایی ویلایەت ٦ مانگە لە دەرەوەیە، ئێستاش لە قەزای هەولێرە، لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوەی وردبینیەکی زۆر هەیە کە بکرێت، وای لێهاتووە کەوتووینەتە بارودۆخێکەوە شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی وون بووە، پێویستمان بە کەسێکە کە ناوبراو بە پاکی لەم بابەتە دەربهێنێت، هەر خۆشی ناوبراو چۆتە سەردانی دەفتەردار و داوای کردووە پلەی ئەرکەکەی بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی کراوە، بە تێروانین لە وەرگرتنی هەواڵ لە ئەنجوومەنی ویلایەت بڕیار لەسەر گواستنەوەی ناوبراو دەدرێت بۆ ناوچەیەکی تر، لە ٢٠ شوبات ١٣٢٨.


والی





هەواڵنامەی کتێب

| HR.HMŞ.IŞO. | 00099.00007 | 20 رەبیعی یەکەم 1331 |
| --- | --- | --- |

١٤ شوبات ١٣٢٨
لە هەولێر عەبدوڵڵا خەڵکی ئورمیە کۆچی دوایی کردووە، لە دادگای شەرعی دەفتەری پەسەند کراوە، ئەوەی لە دواى خۆی بەجێی هێشتووە، دەبێ لەلایەن میراتگرەکانیەوە بێنە ئێرە تا بیبەنەوە، ئەمەش لە موتەسەرفی کەرکووك ئاماژەی پێکراوە، نەزارەتی جەلیلە لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئێران لە نێوان خۆیان بریاریان لەسەر داوە، بە گوێرەی ئەو نووسراوەی لە مێژووی ٢١ زیلقەعدە ١٢٩٢ بۆ ووردبینی کردن و پرسین لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و حەواڵە کراوە لە ٧ کانوونی دووەم ١٣٢٨ ژمارە ١٣٧ نووسراوەکە خوێندراوەتەوە.






هەوالنامەی کتێب

| I.HB. | 00130.00042 | 2 جەمادی یەکەم 1331 |
|---|---|---|

بـە پێـی نووسراوێـک کـە موتەسـەرفی موسـڵ بـۆ ئەنجوومـەنی بـاڵا ناردوویـەتی، یەکێـک لـە بەگـزادەکانی فەرەنـسی لـە چـواردەوری موسـڵ و بەغـداد گـەڕاوە، دوای گـەڕانی لـە موسـڵ، خـودی خۆی چۆتـە کەرکووک و موسـڵ گـەڕاوە، بـە چـاوی خـۆی بینیویـەتی کانـزای زێـڕی تیـراق و تاسـی بینیـوە، هەروەهـا ئـەو جـۆرە کانزایـە لـە ئەمەریـکاش دەردەهێنرێـت و یـەک شـتە، هەروەهـا بـە خەرجیەکـی کەمیـش دەردەهێنرێـت، ئـەم زانیارییانـەی بـە نووسراوێـک بـۆ فەرەنسـای نـاردووە، لـە نووسراوەکـەش هاتـووە لـە رووبـاری قـەزای هەولێـر هەندێـک کات بـەدوای ئـەو زێـرە دەگەڕێـن، کـە بـە قـەت تەنکـی کاغـەز وایـە، هەروەهـا لـەم ناوچەیـە لـەم بارەیـەوە قسـە و بـاسی راسـت هەیـە. کـە کانـزای زێـر لـەم ناوچەیـە دۆزراوەتـەوە و بـە خەرجیەکـی کـەم دەتوانرێـت دەربهێنرێـت، تەنانـەت هەندێـک کات لـە کەنـارەکانی ئـەم رووبـارە هەندێـک شـت دۆزراوەتـەوە، لـە ئەنجامـی ئـەو ئاماژە پێکردنـە، ئـەم کانزایـە گـران بەهایـە و خەرجـی دەرهێنانیشی کەمـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە زانیـاری نـەزارەتی خەزینـەی تایبـەت ئەندازیـار مۆسـیۆ دویـانی بەلجیکـی ئەم کارەی پـێ بسـپێردرێت، ئەگـەر نـا کەسـێکی شـارەزا و لێهاتـوو هەڵبژێردرێـت و بـۆ خەرجـی رێـگا برێـک پـارەی گونجـاوی پـێ بدرێـت، بـۆ ئەوەی بێـت و لەبـارەی ئـەم کانزایانە لێکۆڵینـەوە بکات، نموونـەشی ببات، ئەگـەر دەرکـەوت ئـەو شـتانە گـران بەهایـە، ئـەوا کاری گونجـاو ئەنجـام دەدەیـن، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ١٨ زیلقەعـدە ١٢٧٢.





هەولێرنامەی کتێب

| DH.ID. | 00139.00008 | 4 سەفەر 1331 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

لە عێراق نزیکەی چوار ساڵ ئەو چاودێریەی کە لەسەر بەرووبوومەکانی کشتوکاڵی بووە، لە رووی دەوڵەتەوە ئەوەی گرنگ بووە، هەژمار کردنی برەکەی بووە، بۆیە لە مامەڵەی دەرهێنانی زەخیرەی شاراوە، خۆی کردۆتە خاوەنی و خزمەتی حکوومەتی کردووە، هەروەها لەم جۆرە کارانەدا پێویستی بە خەرجیە، هەروەکو بۆ خزمەتەکانی خزمەتکارەکانیش سوودی هەبووە، بە گشتی سوودی هەبووە، بە دابین کردنی ئەو پێداویستیانە بیر لە دەوڵەت دەکاتەوە، بۆیە جێبەجێ کردنەکەی بە ئامادەکاریەوە دەکرێت، لەلایەن قائیمقامی هەولێر ئیبراهیم بەگ راگەیەندراوە، هەروەها لە دەرخستەکەشی رایگەیاندووە خەرجی کۆگاکان لە چی پێك هاتووە، وەڵامەکەی لەلایەن قائیمقامی ناوبراوەوە هاتووە، لەوە زیاتر روون کردنەوە بدات هیوای خواستووە ئەوەی بوونیشی هەیە پارێزگاری لێ بکرێت، کە دێتە سەر خەرجیەکەشی بری چوار مووچە بە شێوەی پێشەکی بدرێتە حکوومەت، لە ئەنجامیش نرخی پێشەکیەکە بە هەژماری سەدا سەد دەدرێتە خودی خۆی، لەم پاداشتەش داوای کردووە بوەستێت، راگەیاندن و مۆڵەت رادەگەیەندرێت، لە ٣١ کانوونی یەکەم ١٣٢٨.


ئەسعەد بریکاری والی


OSMANLI ARŞİVİ
HR.UHM
141 | 40 | 1

هەواڵنامەی کتێب

| .HR.UHM | 00141.00040 | 12 سەفەر 1331 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٣٧
بۆ جەنابی دەوڵەت
عیبادەڵڵای ئورمیەیی لە کاتی گەرانەوە لە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لە دادگای شەرعی ئەوەی لە دوای بەجێ ماوە کراوەتە دەفتەر و پەسەند کراوە، لە کاتی سەردانی میراتگرەکانی لە موتەسەرفی کەرکووک ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی حەواڵەش لە نێوان باڵیۆزی ئێران و نەزارەتی جەلیلە لە نێوانیان بۆتە بریار، بە ناردن ئاماژەی پێکراوە، لە مێژووی ٢١ زیلقەعدە ١٢٩٢ و ٨ کانوونی یەکەم ١٢٩١ راپۆرتنامەی ماددەی ٤ ئەو هاووڵاتیانەی ئێران کە لە دەوڵەتی عوسمانی کۆچی دوایی دەکەن، ئەوەی بەجێیان هێشتووە دەستی بەسەر دادەگیرێت، ئەوەی لە بارەی ئەوانەوەیە لە نووسراو و هەموو شتێك پەیوەست دەبێت بە شەهبەندەری ئێران و بریکارەکانیان هەروەها لەبەر ئەوەی لەم ویلایەت شەهبەندەر نییە، چۆنیەتی کارەکەش لە مەرکەزی نیابەتی شەرعی بە نووسراو بە نەزارەتی جەلیلە راگەیەندراوە و نوسراوی بۆ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٢ سەفەر ١٣٣١ و لە کانوونی دووەم ١٣٢٨.
بریکاری والی موسڵ میری لیوا





DH.ID.00181.00016.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00181.00016 | 4 شەوال 1331 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ناو ویلایەتی موسڵ قەزای هەولێر بە تاپۆ دە یەکی (اعشار) گوندی گەردی هەموو ساڵ بە زیادکردن ٣٠٠٠-٤٠٠٠ قوروش لەگەڵ شوێنگرەوە حەواڵە دەکرێت، دە یەکی ئەم ساڵە ١٩١ لیرە لەگەڵ شوێنگرەوە هەر لە کۆنەوە ئاژاوەچی و خاوەن هەرەشە و پەلامارکەر ناسراو و کاغەزی لە دادگایە مەحمود کاکە خان و برادەرەکانی حەواڵەی ئەمین ئاغا بووە، هۆکارەکانی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ نێوان ئەو دوو دە یەکەی هەیە هەر لە کۆنەوە بەردەوام دوژمنایەتی کەوتۆتە نێوانیانەوە، گوندی ناوهاتوو دانیشتووانەکەی تووشی پەرێشانی و ناچار بوونە بۆ شوێنێکی تر هیجرەت بکەن، لە شوێنێکی تر بەرووبوومەکەیان لەوێ نیشتەجێ بکەن، بەم شێوەیە لە تۆڵەسەندنەوە پێکهاتووە ئەگەر مامەڵەی حەواڵەکە هەڵناوەشێتەوە، بە ناچاری خۆیان ماڵەکانیان بەجێ دەهێڵن و بە گوێرەی بەرژەوەندی ئەو تەلەگرافنامانەی کە لە دەرسەعادەت بینیومە داواکراوە بەندە سەردانی لایەنی پەیوەندی دار بکەن.
بە داخەوە هەر لە کۆنەوە لە نێوان هۆزەکاندا ناکۆکی و پەلامار و هێرشکردن و کوشتن هەبووە، بەرقەراربوونی ئاسایش شکستی هێناوە، بە شێوەیەکی گونجاو سوود لە باجەکەی وەرنەگیراوە، زۆربەی ناوچەکان ئەمڕۆ وێران و پەرێشان بووە، ئەگەر بێتو ئەو بارودۆخە کۆتایی پێ بێت ئەوا بۆ بەرژەوەندی خەزینەی جەلیلە و هەم بە سوودی دانیشتووان کۆتایی پێ دێت، ئەگینا هەر ئاوا حەواڵەکردنی یەک شوێنگرەوە و دە یەک لە نێوان دوو هۆز بەردەوام دەبێت، هەروەك دیاریشە فەرمانبەرانی خۆچێی ئەو ناکۆکیە زیاتر گەرم دەکەن و هان دەدەن، بەمەش کوشتن و هیجرەت و هاندانی رووداوەکان زیاتر دەبێت، بۆیە ئەگەر خەڵکەکەی بری چەند قوروشێك تەخمین بکەن لەگەڵ ئەو برە شوێنگرەوە بە ناوی دانیشتووانی گوندەکە دە یەکەکەش بدرێت، بەم شێوەیە ناکۆکی نێوان ئەم دوو گوندە و شەریان بوەستێنرێت و رێگە نەدرێت روو بدات، ئەم گرنگیە بە تەلەگراف لە ویلایەتی ناوهاتوو بە ئاماژە و فەرمان داوا دەکەم، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
٢٤ ئۆغستۆس ١٣٢٩
لە دەرسەعادەت پۆست نشینی تەکیەی کەلامی/ شێخ محەمەد ئەسعەد ئەفەندی زادە




DH.ID.00183.2.00006.002

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.ID.</td><td>00183.2.00006</td><td>6 زیلقەعدە 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی نووسین<br>ژمارە ١٣٤<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بۆ جەنابی دەوڵەت<br>لـە کـۆن سـەر بـە ناحیـەی مەلحە بـووە، لەلایـەن مولکـی میریـەوە بەڕێوەبـردراوە، بـەم دواییە بـە فەرمانی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە دراوەتـەوە سـەید ئەحمـەد ئەفەندی و سـەید عومەر ئەفەنـدی، لەسـەر داواکاری بـۆ بەڕێوەبردنـی کارگێـڕی گونـدی شـەمل و تەلهیلالـە بـە گەڕانـەوەی بـۆ ناحیـەی مەلحـە و بەسـتنەوەی هیـچ کێشـەیەك نەبیـنراوە، لـە موتەسـەرفی خۆچێی گفتوگۆی لەسـەر کـراوە و لـە مامەڵەکـەی دەرکەوتووە لـە کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی گشـتی ووردبینـی بۆ کـراوە و ڕەوێـنراوە، لەسـەر ئاماژەی خۆچێیـش هەردوو گونـدی ناوبـراو ئێسـتا وەکـو جـاران بۆ بەسـتنەوەی بـە ناحیەی مەلحـە لە ئەنجوومەنـی کارگێـڕی ویلایەت پەسـەند کـراوە، هەروەهـا چۆنیەتیشـی بە موتەسـەرفیەتی کەرکـووك ڕاگەیەنـدراوە، زانیـاری ڕاگەیەنـدراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەرردەکات، لـە ٦ زیلقەعـدە ١٣٣١ و ٢٣ ئەیلـوول ١٣٢٩.<br>بریکاری والی موسڵ، میری لیوا ئەسعەد</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
997 | 23 | 1

هەواڵنامەی کتێب


| ML.EEM. | 00997.00023 | 13 رەجەب 1331 |
|---|---|---|

دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی خاوەنداریەتی میری
٤٠١٦ گشتی
٣٣٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

رسوماتی ...... رووباری زاب لە ئیلتیزاماتی ساڵی ١٣٢٥ هەولێری موختار ئاغا لەلایەنی داراییەوە قەرزارە لە بەرامبەر ئەو برە پارەیە ئەمجارە بە ناوی خەزینەی دارایی جەلیلە ئەو زەویە کشتوکاڵیەی کە هەیەتی مێژووی ٢٠ مارت ١٣٢٩ ژمارە ٤١ سەنەدەکەی بردراوە و پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٣ رەجەب ١٣٣١ و لە ٥ حوزەیران ١٣٢٩.


بەرێوەبەری خاوەندارێتی میریە

دەفتەرداری موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01497.000041</td><td>29 موحەررەم 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران<br>٦٩٠٢ گشتی<br>٣٠٩٠ تایبەتی<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>راگەیەندراوی بەندەتانە<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای هەولێر ئیبراهیم بەگ دیارە قەزای ناوبراو چەند گرنگە ئەویش ناتوانێ بەڕێوەی ببات، سەبارەت بە قەزای کۆی سانجەق بەڕێوەبردنی کارگێڕیەکەی ئاسانە، بۆیە لەگەڵ قائیمقامی کۆی سانجەق حەسەن ئەفەندی بگۆردرێنەوە، ئەمەش لە ویلایەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە و لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریاری لەسەر دراوە، لەسەر ئەم بریارە جێگیرکراوە و لیستی فەرمانی پاشا بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٩ موحەررەم ١٣٣١ و لە ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٨.<br>نازری ناوەخۆ</td></tr>
</table>








| ŞD. | 02208.00029 | 3 زیلقەعدە1331 |
|---|---|---|

وێنـەی ئـەو بریـارەە کـە لـە مێـژووی ٢١ ئەیلـوول ١٣٢٩ ژمـارە ٢٠٤٨ لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت دەرچـووە
تەلەگرافنامـەی قائیمقامیەتـی هەولێـر لـە مێـژووی ٢٩ ئۆغسـتۆس ١٣٢٩ ژمـارە ٤٨١ لەگـەڵ پەراوێـزی نـووسراو لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـلاك بەیەکـەوە خوێندراوەتـەوە، لـە کـۆن سـەر بـە ناحیـەی مەلحـە بـووە و مولکـی میـری بـووە، لـە کۆتاییـدا بـە فەرمانـی نەزارەتـی دارایـی گوندەکانـی شـەمل و تەلهیـلال دراوەتـە سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی و سـەید عومـەر ئەفەنـدی، گەرانـەوەی بەڕێوەبردنـی کارگێڕیەکـەی بدرێتـەوە مەلحـە و لـە ئەمـەش هیـچ بەربەسـتێك نەبینـراوە، لـەو مامەڵەیـەی کـە جێبەجـێ دەکرێـت دەرکەوتـووە لـە کۆبوونـەوە و ڕێکخسـتنی ئەنجوومەنـی گشـتی بـۆ ووردبینی کـردن نێردراوەتـە خۆچێیەوە، کـە هەردوو گونـدی ناوهاتـوو ئێسـتا گونجـاوە هەروەکـو خـۆی سـەر بـە ناحیـەی مەلحـە بمێنێتـەوە، لـە وەڵام بـۆ موتەسـەرفی کەرکـوك ڕاگەیانـدن نێـردراوە، ئەمجـارە حەواڵـەی بەڕێوەبەرایەتـی مولکداریەتـی کـراوە، چۆنیەتیەکەشـی بـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە ڕاگەیەنـدراوە لەگـەڵ ئەوەش بۆ پێشـکەش کردنـی زانیاری نـووسراو کـراوە.


دائرۀ صدارت تحریرات قلمی
شعبه

| اوراق نومروسی | مسوّدی | مبیضی |
|---|---|---|
| ٤٥٢٧ | | |
| قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض |
| | ٤ صفر ٣١ / ٢١ كانون اول ٢٨ | ٤ / ٢١ |


لاجل التبییض قلمه ورودی

مقابله ایدنلر

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4133 309955


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>004133.309955</td><td>4 سەفەر 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ سەفەر ١٣٣١<br>٣١ کانوونی یەکەم ١٣٢٨<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>قائیمقامەکانی هەولێر و کۆی سانجەق ئیبراهیم بەگ وحەسەن بەگ ئەفەندی بۆ گۆڕینەوەیان ئامادەکاری کراوە و لە مێژووی ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٨ ژمارە٣٠٩٠ لەگەڵ نووسراوی پایەبەرز جگە لەوانەش لیستی فەرمانی پاشا بە واژووی جەنابی پاشا پەسەندی کردووە، وێنەی پەسەندکراوی هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، ئەم نووسراوە لە جێبەجێ کردنیەتی.</td></tr>
</table>




| 3 جەمادی یەکەم 1331 | 004162.312109 | BEO. |
| --- | --- | --- |

٣ جەمادی یەکەم ١٣٣١
٢٨ مارت ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی جەنگی و نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە ئاڵای ژاندارمەی ویلایەتی موسڵی تابوری کەرکووك، مولازمی دووەم ئەمین بەگ قوماندانی تاقمی رانیە کە سەر بە بلۆکی هەولێرە، مانگانە ٤٢٥ قوروش مووچەی خانەنشین بوونی رێکخراوە و لە مێژووی ٢٤ مارت ١٣٢٩ ژمارە ٢٥ راپۆرتی پایەبەرز نێردراوە لەگەڵ لیستی فەرمانی پاشا بە مۆری هومایۆنی جەنابی پاشا داوای پەسەندکردنی کراوە، وێنەی پەسەند کردنی بۆ سەروو نێردراوە، هەروەها بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە ئاگاداری نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن.





هەواڵنامەی کتێب

| ML.EEM. | 010004.00023 | شەعبان 1331 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی مولکی میریە
قەڵەمی یەکەم
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
پوختە: وونبوونی تۆماری فەرمانی سەروو، داواکراوە دەربهێنرێتەوە
ڕاگەیەندراوی بەندە

شوێنی بەهەشت جەنابی سوڵتان سەلیم خان لە هەنگاوی یەکەم لە کاتی فەتح کردنی بەغداد و دەستبەسەرکردنی، باپیرە گەورەیان حەسەن پاشا لە بنەچەکی کورەچی بەهۆی کاریگەری بەناوبانگی و توانا و تێروانینی وەکو مەمنون بوون پاداشت کراوە، لە ناحیەی دزەیی سەر بە قەزای هەولێر، هەشت گوند، گوندەکانی دوگردکان و قوشاقلو بە فەرمانی عالیشانی بە ڕێگەی پشت لە دوای پشت گوندە ناوهاتووەکان دراوەتە ناوبراو، دوای خۆشی دراوەتە ئەحمەد ئاغای کوڕی، لە دوای ئەویش بە ڕێگەی گواستنەوە لەلایەن باپیری، عەبدوڵڵا ئاغا بە فەرمان بە بێ ڕووبەڕووبوونەوە وەریگرتووە، لە دەستی بریارنامەی دارایی پەسەند کراوە، بەڵام ناوبراو فەرمانی عالیشانەکەی لێ وون بووە، هەروەها باوکی لەم کاتە لە ئەرکی سەربازی بووە مردووە، لەگەڵ هەموو گەرانەکاندا ناوبراو وێنەی فەرمانەکەی وەرگرتووە، بە مۆری خالید کە لە گەرەکی عەرەبان نیشتەجێیە، دراوەتە نەزارەتی جەنگی جەلیلە، نەزارەتی ناوبراو بە نووسراوی مێژووی ٢١ مایس ١٣٢٩ ژمارە ٣٣٠ نێردراوە، لە داواکاری ٢٥ نیسان ١٣٢٩ داواکراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە خەزینە لێکۆڵینەوە کراوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە تۆماری ئاوا نەدۆزراوەتەوە، هەروەها لە دوای مێژووی ١١١٠ پێیان دراوە، ئەوەی ئاشکرایە فەرمانی هومایۆن بە قەڵەمی دیوانی هومایۆن تۆمار کراوە، لە کاتی ناردنی وێنەیەکی داواکاری بۆ جەنابی پایەبەرز پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە شەعبان ١٣٣١ لە ١٣٢٩.


نازری دارایی




| DH.MB.HPS. | 00007.00045 | 19 رەجەب 1332 |
|---|---|---|

نەزارەتی دادوەری و مەزهەبی
قەڵەمی تایبەتی
ژمارە ٢٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە ویلایەتی موسڵ قەزای هەولێر رێنماییەکانی تەندروستی گرتووخانەکان باش نییە، هەروەها لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەیەك بوونی نییە، پێویستە سەر جێگاکانی گرتووخانە بە گوێرەی پێویست بن، جگە لەوەی زۆربەی زیندانیەکان لە نان پەیدا کردن دەستیان بەستراوەتەوە، لیستی یاریدەدەری سەرپەرشتیاری دادوەری موسڵ دەرکەوتووە. بۆ دەستگیرکراوەکان بە بێ ساسا و رێسا هەروەها تا سزای دەستبەسەرەکان دیاری دەکرێت نانیان پێ بدرێت، ئەمەش بە گوێرەی نیزامی گرتووخانەکان دەکرێت جێبەجێ بکرێت، لە قەزای ناوهاتوو دەبێ گرتووخانەیەکی رێکوپێك و تەواو ئامادە بکرێت، هەروەها بە گوێرەی توانا مەرجەکانی تەندروستی تێدا رەچاو بکرێت، بۆ ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن ئاگادار بکرێنەوە، لەم بارەیەشەوە داوا بکرێت نەزارەتپەناهی هاوکار بێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ رەجەب ١٣٣٢ و لە ٣١ مایس ١٣٣٠.
راوێژکار بە ناوی نازری دادوەری


عدلیه و مذاهب نظارتی
قلم مخصوص
عدد ۲۳۲

داخلیه نظارت جلیله سنه

خلاصه [۱]

OSMANLI ARŞ
DH.MB.HI
24 | 1 | 2

[۱] بو خلاصه‌نك یازیله‌جق جوابنامه بالاسنه عیناً نقلی و قلم مخصوص و تاریخ و نومرولرك ذکر و تصریحی تمنی اولنور

هەواڵنامەی کتێب

| 1332 رەجەب 15 | 00024.00001 | DH.MB.HPS. |
|---|---|---|

نەزارەتی دادوەری و مەزهەب
قەڵەمی تایبەت
ژمارە ٢٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە قەزای هەولێر سەبارەت بە دابەشکردن و دەست نیشان کردنی بینایەی فەرمانگەی حکوومەت ئەو فەرمانبەرانەی کە بوونیان هەیە، بە زیادەوە بەشیان دەکات، فەرمانگەکە یەك بەشی لەلایەن قائیمقامی قەزا وەکو حەرەم بردوویەتی و بەکاری دەهێنێت، ئەو سێ ژوورە بچووکەش کە بۆ فەرمانبەرانی بەجێ هێشتووە، بۆ پێویستی ئەوان بەس نییە، لە یاریدەدەری سەرپەرشتیاری دادوەری ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢٦ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ٢٧٣ لیستێکی بەدواداچوونی راگەیاندووە، فەرمانگەی دەوڵەت هەر چەند بەشێکیشی بێت لەلایەن قائیمقامی قەزا بۆ جێگەی دانیشتنی خۆی بردوویەتی، لە بارەی فەرمان و ئاماژە پێکردنیەوە هاوکاری نەزارەتپەناهی پێویستە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ رەجەب ١٣٣٢ و لە ٢٧ مایس ١٣٣٠.
راوێژکار بەناوی نازری دادوەری


TELEGRAMME تلغرافنامه


دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. MTK
35/12


| 13 زیلقەعدە 1332 | 00035.00012 | DH.EUM.MTK. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچ حوزەیران ١٣٣٠، ماوەی ٣٠ ساڵە لە قەزای هەولێر دەستدرێژی دەکەنە سەر هێمنی و ئارامی هەولێر، لەسەر چاودێری توند و ئامادەکاری پێویست لە رۆژانی رابردوو لە چەتەکانی دزەیی دووانیان دەستگیر کران، ئەوانی تریش بۆ دەستگیرکردنیان چاودێری کردنیان بەردەوامە، ئەو توندرەوانەی ناوبراو بە تاوانی دووبارە بەردەوامن بوونەتە چەتەی بەناوبانگ، برادەرزادەی ئیبراهیم بایزی سەرۆك بە ناوی عومەر........ ئەمجارە بە مردووی هەروەها لە هاوەڵانی مستەفا و ئەحمەد جەلەبی بە زیندووی دەستگیرکراون، یەکیان...... ئەوی تریش دوو تفەنگ و ١٨٥ فیشەك و یەك ئەسپ و دوو.... دەست بەسەر کراوە، بریکاری موتەسەرفی کەرکووك و بەڕێوەبەری پۆلیسی ویلایەت خالید ئەفەندی کە ئەرکی چاودێریەکەی پێ سپێردراوە لە سەر ئەسپ کەوتۆتە خوارەوە و سەری بریندار بووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا برینەکەی سووکە و مەفرزەکەی بەردەوامە لە چاودێری کردن، لە ٢٠ ئەیلوول ١٣٣٠.
والی/ سلێمان نەزیف




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00045.00019</td><td>24 شەوال 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>لـە هەولێـر سـەر بـە هـۆزی دیزەیـی پیـرداود ئاغـا، لە ترسـی حکوومەت بـە نەزانیـەوە بـۆ ئێـران رایکردبوو، دوای گەرانەوەیـان بـۆ لای حکوومـەت بـە جەسـتە و بـە پـارە خزمـەت دەکـەن، داوای لێخۆشـبوون دەکـەن، ئـەم هەواڵـە هاتـووە، لـەم لایەنـەوە ئـەو هەواڵـەی کـە لـە ویلایـەت هەیـە، لـە بـارەی لێخۆشـبوونیانەوە ئامـاژەی پێکـراوە، لـە ٢ ئەیلـوول ١٣٣٠.<br>بە ناوی نازر</td></tr>
</table>


TELEGRAMME

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ

DH.EUM.

| | | |
|---|---|---|
| 1 شەعبان 1332 | 00070.00014 | DH.EUM.EMN. |

لە موسڵ دەرچووە
ژمارە ١٠٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە نـاو یەکـەی زاب موڵکـی میـری هەیـە، چەتەکان مـاوەی ٣٠ سـاڵە هێمنی و ئاسایشـی قـەزای هەولێریان خسـتۆتە مەترسـیەوە، سـەبارەت بە دوورخسـتنەوەی چەتەکانی دزەیی دوای گەیشـتنم ئەو ئامادەکاریانەی کـە کـراوە بـە بۆنـەی جموجۆڵی بارزانـەوە بە ناچـاری کارەکـە دواکەوتووە، بۆ دەسـتگیرکردنی تونـدرەوەکان ئەمجـارە هێـزی پێویسـت بهێنرێـت و قائیمقامی هەولێـر بە وەکالـەت بەڕێوەبەری پۆلیسـی ویلایەت خالید ئەفەنـدی بـە فیداکاریـەوە بوێـری نوانـدووە، لەگـەڵ دامەزرانـدنـی و ناردنـی ئامادەکاریـەکان تـەواو دەبـن، لـە ئەنجامـی ئـەو چاودێریـە تونـدە و ڕووبەڕووبوونـەوە جۆراوجـۆرە لـە تونـدەرەوەکان بەنـاوی عەزیـز و ئیسـماعیل بـە مـردووی دەسـتگیر کـراون، جگـە لەوانـەش ئەوانـی تـر هـەر یەکـە بـە ١٠ سـاڵ زینـدانـی کـراون، ئەوانـە بـە چەکـەوە دەسـتگیرکراون، چاودێریـەکان بـەردەوام دەبـن، بـە هیـواوە داوا دەکرێـت ئـەو توندرەوانـەی کـە مـاون دەسـتگیر بکرێـن، ١٢ حوزەیـران ١٣٣٠.
والی/ سلێمان نەزیف


| DH.ID. | 00081.3.00016 | 22 سەفەر 1332 |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافنامە و تەلەفۆن
بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ
بۆ ژمێریاری کەرکووك
قائیمقامی هەولێر حاجی حەسەن ئەفەندی ئەو رووبەرەی تۆماری کردووە بۆ هەر کاتژمێرێك ١٢ قوروش و نیو بۆ ١٦ کاتژمێر بە گوێرەی نیزامی خەرجی رێگا دەکاتە ٢٠٠ قوروش، بەڵام لە بەرێوەبەرایەتی دارایی لە تەلەگرافەکەتان لە ٢٩ نیسان ١٣٢٩، ٨٠ قوروش دەدرێت، لەوەدا بەهەڵەداچوونە، بۆیە چاك کراوەتەوە و فەرمانەکە لێرە دراوەتە بەرێوەبەری دارایی، لە ١ مایس ١٣٢٩.
موتەسەرف ئەلکازمی

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراقنامە و تەلەفۆن
بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ
٨٣٥٥ گشتی
٢٦٠٨ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
هەروەك ئەو وێنەیەی پێشکەش کراوە دەردەکەوێت لەلایەن موتەسەرفی کەرکووك بۆ هەژمارەکەی لە هەولێرەوە تەلەگرافنامە بە ژمارە ٧٢٤ مێژووی ١ مایس ١٣٢٩ نووسیویەتی دەرکەوتووە هیچ لایەنێك پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە، بە گوێرەی ئاگاداری سەرووش کرێی تەلەگرافنامەکەش ١٣ قوروش و نیو بدرێتە تەلەگرافنامەی شوێنی دەرچوونەکەی، دەبێ موتەسەرف لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکاتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٥ حوزەیران ١٣٢٩.
بە ناوی نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن بۆ بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە
٢٣٧ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
بە ووتەی بەرێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ نووسراوی ژمارە ٨٥٧٨٧ هەروەها ٤٣١ لە مێژووی ١٠ تشرینی دووەم ١٣٢٩ لە نەزارەتپەناهی بابەتەکە خوێندراوەتەوە، ١٣ قوروش کرێی تەلەگرافنامە رادەستی تەلەگرافنامەی هەولێر کراوە، لە موتەسەرفی کەرکووك بە وەڵام ئاگاداری نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٧ سەفەر ١٣٣٢ و لە ٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٢٩.
والی موسڵ


هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 3


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 2


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 9


هەولێرنامەی کتێب





هەولێرنامەی کتێب

| 10 شەعبان 1332 | 00084.00029 | DH.EUM.EMN. |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
پوختە
٢١ حوزەیران ١٣٣٠
لە قەزای هەولێر لە چەتەکانی دزەیی عومەر بە مردووی و مستەفا و ئەحمەد جەلەبی بە زیندوویی دەستگیر کراون، لە مێژووی ٢٠ حوزەیران ١٣٣٠ لە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە.





| | | |
|---|---|---|
| **DH.EUM.EMN.** | 00103.00017 | **16 رەبیعی کۆتایی 1332** |

لە هەولێر دەرچووە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچ ٢٠ شوبات ١٣٢٩ جەنابی خاقانی لە ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی حەز و هەژماری خۆی بۆ دوو بەش دابەشی کردوون، لە رووی کارگێرییەوە بەشێکی وەکو خاوەندارێتی و بەشەکەی تریش بە موڵکی پاشا دانراوە، ئەو دوو پارچەیەش لە هەر یەکێکی دانیشتووانی بە دەسەڵات لێی دانیشتوون شێوەی دەستبەسەرداگرتنی پێوە دیارە، ئەو بەشەی موڵکی میری هۆزەکان کە تێدا نیشتەجێن، بە هەست و بەرژەوەندی بەش بوونە، لە ناو قەزای هەولێر لە موڵکی سوراوە لە نێوان هۆزی دزەیی و هۆزەکانی تەی و لەهیب لەسەر زەوی کشتوکاڵی هەر لە کۆن و وەکو خو ناکۆکیان لە نێوانیان دا هەیە، ئەم ناکۆکیە چاوی حکوومەتی موسڵی بۆ لای خۆی راکێشاوە، گوندی شەراعولحەمید کە دیزەییەکان بەکاری دەهێنن، هۆزی لەهیب بۆ ئەوەی دیزەییەکان لەم گوندە دەربهێنن ٣٤٥ لیرە وەکو کرێ داوەتە هەندێك کەس لە ناو هۆزی دیزەیی، لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بۆتە راپۆرت، بری پارەی ناوبراو وەرگرتنی لەلایەن دزەییەکانەوە قەبوڵ کراوە، بەڵام ئەو بە رادەست کردنی ئەو زەوییانە بە دەستدرێژیکەر ئاماژەی پێکردووە و لەگەڵ هۆزی تەی هێرشی کردۆتە سەر ئەو گوندە، یەك ئافرەت و ٨ کەسی تریشیان کوشتووە و ٩ نەفەریشیان بریندار کردووە، هەر زوو هێزی پێویست نێردراوە، بێ دەسەڵاتەکانیشیان بۆ شوێنی رووداوەکە بۆ هۆبەی زاب رۆیشتوون، لەوێشەوە بۆ هەولێر هاتم، سەرۆکەکانی دزەیی ئەوانەی لە رووداوەکە نزیکم بوون، هەندێکیان دەستبەسەر کراون، ئەوانەی تریش بە توندی لە ژێر چاودێرین، بە چاوچنۆکی بریندارکردنی فەرمانبەرانی موڵکی میری لووتیان بەرز بووە و چارەگە سەدەیەکە لەم ناوە دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموسی خەڵك، بۆ متمانە کردن بەم مەسەلەیە لە دادگای هەولێر متمانەدار نییە، ئەو رووداوە راستەوخۆ و ئەوەی پەیوەندیدارە بە چەتەکانی دزەیی مامەڵەی یاساییان بۆ فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی موسڵ بگوازرێتەوە، بۆ ئەمەش لە نەزارەتی دادوەری قسەی لەسەر کراوە.
نەزیف والی موسڵ




| | | |
|---|---|---|
| DH.SAID. | 00144.00196 | 8 جەمادی یەکەم 1332 |

لاپەرە ٣٨٩
تۆماری گشتی
محەمەد هاشم لە کاری فەرمانبەرایەتی بەکارهێنراوە کوڕی مردوو ئەبوبەکر ئەفەندییە
ساڵی ١٢٩٧ کۆچی بە ساڵی ئێستا ١٢٩٦ لە هەولێر لە دایك بووە، لە نووسراوی عوسمانی پەسەندکراوە و نووسراوەتەوە.
لە مەکتەبی سەرەتایی ناوەخۆ و لە مەکتەبی روشدیە دوای چوار ساڵ خوێندن لە عەمارە و لە روشدییەی مولکیە بە ڕێکوپێکی وانەکانی خوێندووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
ساڵی ١٣١٥ موحەررەمی حەرام ٢٩ واتە ١٨ حوزەیران ١٣١٤ تا جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ١٩ ئەیلوول ١٣١٤ مانگانە ٢٠٠ قوروش لە ژێر خاوەندارییەتی قۆمیسیۆنی هومایۆنی موسڵ لە هۆبەی شەمامك لە نووسراوی دە یەك و گواستنەوە، هەروەها ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ١١ واتە ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٤ تا شەوالی ٢٩ واتە .... شوبات ١٣١٥ مووچەی ٢٠٠ قوروش تا کۆتایی ئەم ساڵە..... هەروەها ساڵی ١٣١٨ شەعبانی ٥ واتە ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش بۆ نووسراوی هاوکاری پەردەوام گواستراوەتەوە، هەروەها ١٣٢٨ زیلقەعدە ٢٦ واتە ١١ شوبات ١٣١٨ دەستی لە کار کێشاوەتەوە. لە ساڵی ١٣٢٣ رەجەبی شەریفەی ٤ واتە ٢٢ ئۆغستۆس ١٣٢١ مووچەی ٥٠٠ قوروش لە کارگێری..... مولکی هومایۆن لە نووسینی تاپۆ دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٤ زیلقەعدەی ٢٢ واتە ٢٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٢ مووچەی ٥٢٦ و نیو قوروش لە قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی دەرسەعادەت لە کارگێری نووسین (ضبط کتابت) دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٥ رەجەبی شەریفە بۆ پلەی سێیەم ڕێزی لێگیراوە.
ئەو تێبینیەی لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی نۆژەنکردنەوە و زەوی و زاری پاشا نووسراوە، بۆ ڕێزلێنانی ناوبراو پەسەند کراوە و بە خەتی شاهانە لە نەزارەتی سەروو پەسەند کراوە.
لەو خزمەتانەی کە بینیویەتی بە مێژوو و برەکەی لە قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی عەمارە و موسڵ، هەروەها قۆمیسیۆنی عەمارە وێنەیەکی ئەو نووسراوە و ناسنامەی عوسمانی لەگەڵ بروانامەی مەکتەبی روشدییەی مولکیە وێنەیەکی پەسەند کراوە، بە وەرگێرانی کاغەزی ئێستا پارێزراوە.
....... کارگێری تاپۆی نووسەرێتی مێژووی خزمەتی و بری مووچەکەی لە خەزێنەی شاهانە پەسەند کراوە، ئەوەی لە ئەوەدا ئاشکرایە بە گوێرەی مێژووی ئەو پلەی سێیەمەی کە وەریگرتووە، لە نێوان هومایۆنی جەنابی ملوکانەی باش کیتابەتی جەلیلە روون کردنەوە دراوەتە داهاتی باجی شاهانە، فەرمانی پاشاشی تێدا بووە، ٣٠ زیلقەعدە ١٣٢٥ و ٢٢ کانوون ١٣٢٣.
ناوبراو بەهۆی گۆڕینی سەڵتەنەت خزمەتی بۆ خەزینە گەڕاوەتەوە، قۆمیسیۆنی ناوهاتوو بەناوی قۆمیسیۆنی قەڵەمی ماڵومڵکی گوازراوە بە خەزینەی دارایی لکێنراوە، بۆیە ناونیشانی خزمەتەکەی بۆ قۆمیسیۆنی ماڵومڵکی دارایی گوازراوە/ قەڵەمی نووسینی نووسراو گوازراوەتەوە، ساڵی ١٣٢٧ شەعبانی ٢٨ واتە ١٠ مایس ١٣٢٥ بە گوێرەی ڕێکخستن بە مووچەی ٨٠٠ قوروش بەرز بۆتەوە، لە هۆبەی ماڵوموڵك/ چینی نووسینی نووسراو، بە مووچەکە و بە چینی ئێستادا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ماڵوموڵك/ قەڵەمی ماڵوموڵك گوازراوەتەوە، بەمەش هۆبەی دارایی لە ٢٢ مارت ١٣٢٧ لێی ئاگادار کراوەتەوە.


TELEGRAMME

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD


TELEGRAMME

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD

هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.ID. | 00162.2.00023 | 22 ڕەبیعی کۆتایی 1332 |

٧ مارت ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی دەرسەعادەت
ئێمە لە قەسەبەی هەولێر لەگەڵ ئەوەی لە میللەتی بە توانای موسەوین، کەچی لەلایەن حکوومەتەوە دەیانەوێت لەسەر گۆرستانەکەمان مەکتەبێکی دواناوەندی و تەلەگرافخانەیەك دروست بکەن، بارودۆخی ئێمە ئەوەیە ئەو گۆرستانە بە گشتی بۆ ئێمە تەرخان کراوە ئەمەش نابێت وەکو ڕێگاکان و کێڵگەکان ببەسترێتەوە بە تاپۆ و لەسەر جێبەجێ کردنی نیزام لە بیرۆکەی ئەوەدان گۆرستانی ناوبراوی ئێمە بە تاپۆ ببەستنەوە، ئەوە هەقی ئێمەیە ئەگەر ئەم کارە جێبەجێ بکرێت زوڵمان لێ دەکرێت، لەم سەرپێچیە تکایە دادوەری پەیرەو بکرێت.
عەبدوڵڵا/ هاوڵاتی عوسمانی بە ناوی هەموو میللەتی موسەوی


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە ٩ مارت ١٣٣٠ لەلایەن باش وەکیلی خاخامی هەولێر پروپاگەندەی ئەوە دەکات کە گۆرستانەکە هی یەهودیەکانە، لەوانەیە ئەوەی پروپاگەندەی بۆ دەکات ڕاست نەبێت، هیچ بەڵگەیەکیان لە دەست نییە کە کاتی خۆی لەم قەسەبەیە ئەو شوێنەیان کردبێتە گۆرستان، خودی خۆی وەکیلی باش خاخامی ئەوەی ڕاگەیاندووە، لە ڕاگەیەندراوێکی ئاوا بە نرخ هەروەها قەسەبەکە بە زیادەوە پێویستی بە مەکتەبێکی دواناوەندی و تەلەگرافخانەیە، ئەمانە دەیانەوێت کاریگەری لەسەر بیناسازی دروست بکەن، داوایەك کە هیچ بەڵگەیەکی نەبووبێت و لەلایەن تاکە کەسێکەوە ووترابێت، ئەگەر لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوەش باس بکرێت و ڕێگەی پێ نەدرێت ئەوە ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە هەقی خۆیان دڵنیان دەتوانن سەردانی دادگا بکەن.
لە ١١ مارت ١٣٣٠
نەزیف والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
194 35 2

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00194.00035 | 27 رەجەب 1332 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی کاروباری مولکیەی دەستەی سەرپەرشتیاری
ژمارە ٣٩٧
بۆ جەنابی نەزارەتپەناهی پایەبەرز
دزی لە جانتای پۆستە کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەبووە، ٢١ لیرەی عوسمانی دۆزیوەتەوە، بە گوێرەی نیزام دەبێ لە کۆتایی ٩١ رۆژدا بیگەرێنێتەوە، کەچی ئێستا ٦ مانگ تێپەریوە نەگەراوەتەوە، بۆ داواکردنەوەی لە هەولێر بە واژووی ساعەتچی نادر داواکاری دراوەتە سەرپەرشتیاری مولکیەی موسڵ، بە حەواڵەش لە نەزارەتی پۆستە فەرمان نەدراوەتە بەرێوەبەرایەتی تەلەگراف، بۆیە مەحاڵە پارەی باسکراو بگەرێندرێتەوە، لە پەراوێزی داواکاریەکە نووسراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی گەرانەوەی پارەی دزراو بۆ خاوەنەکانیان فەرمان دراوەتە شوێنی خۆی، بۆ جێبەجێ کردنەکەش ئاماژە بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف نێردراوە، هاوکاری لە نەزارەتپەناهیەوەیە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ حوزەیران ١٣٣٠.
بە ناوی بەرێوەبەرایەتی گشتی دەستەی سەرپەرشتیاری


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

| 23 جەمادی کۆتایی 1332 | 00427.00016 | DH.ŞFR. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

بە نووسراوی تێروتەسەل راگەیەندراوە، قائیمقامی هەولێر نەدیم بەگ لە هەموو روویەکدا بێ هێزی و سەرنەکەوتووی قەزاکەی نیشان داوە و کارگێری قەزاکەی تێکداوە، لەبەر بێ دەسەڵاتی ناوبراو چەتەکان پەیتا پەیتا سەریان دەرهێناوە، بۆ دەستگیرکردنیان و تەمبێ کردنیان پاراوەتەوە، ئەگەر لەوێ ماوەیەکی تریش لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت ئەوا تەنگوچەڵەمە دروست دەبێت، بۆیە گونجاو نییە، لەبەر ئەوە لە ویلایەت بگوازرێتەوە قەزایەك کە بەڕێوەبردنی کارگێریەکەی ئاسان بێت، لە شوێن ئەویش کەسێکی بە توانا و بەهێز بەپەلە دابمەزرێت، رادەگەیەندرێت، لە ٦ مایس ١٣٣٠.

والی/ نەزیف


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


L'État n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

Retransmission ou Expédition تکرار شیده ویا سوق — RECEPTION اخذ

هەواڵنامەی کتێب

DH. ŞFR. 428/3

<table>
<tr><td>1 رەجەب 1332</td><td>00428.00003</td><td>DH.ŞFR.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>شیفرەی ئەو تەلەگرافەیە کە لە هەولێرەوە دەرچووە، لە ١٣ مایس ١٣٣٠.<br>حەلیم سەرپەرشتیاری مولکیە</td></tr>
</table>



TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

هەواڵنامەی کتێب

| DH. ŞFR. | 00428.00008 | 1 رەجەب 1332 |
|---|---|---|
| لە هەولێر دەرچووە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە هەولێر بەڕێوەبەری دزەیی ساڵح لە ساڵی نۆیەوە لەگەڵ کاتیبەکەی لێرە دانیشتووە، هیچ کارێکی نەبینراوە، بۆیە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و خانەنشین کراوە.<br>لە ١٣ مایس ١٣٣٠<br>حیلمی سەرپەرشتیاری مولکیە | | |


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| | |
|---|---|
| Retransmission ou Expédition تکرار کشیده ویا سوق | RECEPTION اخذ |
| No d'expédit. / transmis à / Date / Signature de l'employé | Signature de l'employé / Date / Reçu de / Nº d'ordre |

Pour .... موردی .... مخرجی اربیل


Mots .... Date .... H. .... M. .... تاریخ .... کلمات .... نومرو

Indic. Eventuelles .... اشارت مخصوصه .... طریق

مطبعهٔ احمد احسان وشرکاسی

| DH.ŞFR. | 00428.00045 | 4 رەجەب 1332 |
|---|---|---|


تەلەگراف لە هەولێرەوە دەرچووە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
پێویستە یەك فەرمانبەری حەواڵەکردنی دە یەك (اعشار) بنێردرێت، پێویستە ویلایەت بەمە بزانێت، بەرێوەبەری دارایی و قائیمقامی لەم کارە بێ دەسەڵاتن، راگەیەندراوە.
حیلمی سەرپەرشتیاری مولکیە




| DH.ŞFR. | 00435.00121 | 15 ڕەمەزان 1332 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ئـەشراف و دانیشـتووانی هەولێـر بـە بۆنـەی سـەفەربەرلیك بـۆ خەرجـی کەلوپـەل و ئامـادەکاری سـەربازی شـاهانە ٩٠٠٠ و هەندێـك لیرەیـان وەکـو هـاوکاری کۆکردۆتـەوە ئـەو فیداکاریـەك رادەسـت کـراوە، بـە وەکالەتـی قائیمقامیـەت ئـاگادار کراوەتـەوە و بـە نـاوی ویلایەتیـش سوپاسـنامە راگەیەنـدراوە، لـە ٢٥ تەممـوز ١٣٣٠.

نەزیف والی موسڵ


TELEGRAMME تلغرافنامه


دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارەسی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

DH.ŞFR 437/45

| DH.ŞFR. | 00437.00045 | 24 رەمەزان 1332 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ماوەیەکە قائیمقامیەتی هەولێر بە وەکالەت بەڕێوەدەبردرێت، نوێنەری پێشووی موسڵ حەسەن فائیق بەگ بۆ سەفەر بەرلیك خەرجی کاروباری جەنگی بە زیادەوە خەرج کردووە و ئەوپەری سەربەرزی نیشان داوە، بۆیە تا ئەو شەڕە کۆتایی پێ دێت لە وەکالەتەکەی خۆی بمێنێتەوە.<br>لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٣٠<br>سلێمان نەزیف والی موسڵ | | |




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01504.000023 | 22 موحەررەم 1332 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ١٦٥٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە

قائیمقامی مەرکەزی ویلایەتی موسڵ نەدیم و قائیمقامی هەولێر حەسەن بەگ بە پێویست زانراوە ئەرکەکەیان بگۆردرێتەوە، بە گوێرەی ئاماژەی ویلایەتی ناوهاتوو پەسەند کراوە و لیستی فەرمانی پاشاش پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ موحەررەم ١٣٣٢ و لە ٩ کانوونی یەکەم ١٣٢٩.

نازری ناوەخۆ


باب عالی
داخلیه نظارتی
عدد
٩٤٨
ارادهٔ سنیه
I. DH 1508/1332.B/28
75

هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01508.000075 | 19 ڕەجەب 1332 |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی‌فەرمانبەران
ژمارە ٩٤٨
فەرمانی پاشا

بـۆ قائیمقامیەتـی شـەهرپازار قائیمقامـی هەولێـر نەدیـم بـەگ، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی عەقـرەش بـە مووچـەی چینـی سـێیەم لـە ویلایەتـی خوداوەنـدکار فەخـری بـەگ کـە مـاوەی نیزامیـەی خـۆی تـەواو کـردووە، گۆڕینـەوەی و دامەزراندنیـان بـۆ کـراوە.

ئـەم کارە بـۆ جێبەجـێ کردنـی بـە فەرمانـی پاشـا نـازری ناوەخـۆ ئـەو ئەرکـەی پـێ سـپێردراوە، لـە ١٩ ڕەجـەب ١٣٣٢ لـە ١ حوزەیـران ١٣٣٠.

بریکاری نازری ناوەخۆ

سەدری ئەعزەم



باب عالى
داخليه نظارتى
انتخاب مأمورين قومسيونى
عدد
عمومى
خصوصى
خلاصه
I.DH 1509/1332.N/18
73

هەوالنامەی کتێب

| 16 رەمەزان 1332 | 01509.000073 | I.DH. |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران
١٢٨٦٩ گشتی
٩٥٢ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامیەتـی هەولێـر بەتاڵـە، قائیمقامـی پێشـووی قـەزای داری دەرە، سـوعاد فەهیـم بـەگ لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران بڕیـاری دامەزراندنـی دراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیسـتی فەرمانـی پاشـا پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٦ رەمەزان ١٣٣٢ و لە ٢٦ تەمموز ١٣٣٠
نازری ناوەخۆ




هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 02208.00029 | 5 ڕەبیعی یەکەم 1332 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری ناوەخۆی گشتی
١٨٦٤ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
پوختە: لە بارەی گواستنەوە و بەستنەوەی هەردوو گوندی شەمل و تەلهیلالە لە شورای دەوڵەت وردبینی بۆ کراوە.


گوندەکانی شەمل و تەلهیلال بە جیابوونەوەیان لە قەزای هەولێر و بەستنەوەیان بە ناحیەی مەلحە، لە ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بڕیاری لەسەر دراوە، گوندەکانی ناوبراو بەستراو بە هەولێر و بە مولکی میری بەستراونەتەوە، لە ناوەراستی گوندێکی زۆر هەیە، هەروەها لەگەڵ ناحیەی مەلحە لەوێ وەکو ڕووباری زاب سنوورێك هەیە، ئەگەر تەنیا ئەو گوندە جیا بکرێتەوە ئەوا لەگەڵ خاوەنی گوندەکانی دەورووبەر، کە بەستراونەتەوە بە مولکی میری، ناکۆکی سەرهەڵدەدات، بۆیە لە نێوان دانیشتووانەکەی قسە کراوە لەبەر سنوور بەزاندن ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویداوە یەکێکیان بۆ کەرکوك و ئەوی تریان بۆ هەولێر ناچاربوونە بڕۆن، یەك تاقم ڕێنمایی کارگێری و مولکی جێبەجێ کراوە، خاوەنی ئەم دوو گوندە لە کەرکووك نیشتەجێن خاوەن دەسەڵات و کەسی خاترگرتەن، ئەو زەویانەی کە مولکی میرین دەکەونە چواردەوری ئەو گوندانەی ناویان هاتووە، بۆ چارەسەرکردن و کۆتایی پێهێنانی ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا حەواڵەی کەرکووك بووە، هێشتا سەرپێچیەکانی بە ئەنجام نەگەیەندراون، لەوە زیاتر بە ڕووبەرێکی فراوان زەمینەسازی بۆ دەکرێت، هەروەها بەهەر جۆرێك بێت داواکراو بێبەشە، ئەوە یاسای کارگێری گشتی ویلایەت بە پشت بەستن بە ماددەی تایبەت چۆنیەتی جێبەجێ کردنی لە شورای دەوڵەت وردبینی بۆ دەکرێت، ویلایەتی موسڵ ئەمەی بە پێویست زانیوە، هەروەها کاغەزەکانی بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٢ و لە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٩.
نازری ناوەخۆ


| 28 رەبیعی کۆتایی 1332 | 004273.320427 | **BEO.** |
|---|---|---|

- شورای دەوڵەت
ژمارە ١٣
گوندەکانی شەمەل و تەلهیلال سەبارەت بە پچراندنی بەستنەوەیان بە قەزای هەولێر و بەستنەوەی بە ناحیەی مەلحە لە ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بریاری لەسەر دراوە، لە ویلایەتی موسڵ رەخنەی لێگیراوە، بۆیە لە شورای دەوڵەت پێویست کراوە ووردبینی بۆ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆ مێژووی ١٨ کانوونی دووەم ١٣٢٩ حەواڵە کراوە، لە مێژووی ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٨٦٤ نووسراو و کاغەزی پەیوەست لە فەرمانگەی مولکیە و مەعاریف خوێندنەوەی بۆ کرا. کاغەزەکانی ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بریاری ٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ گوندەکانی شەمەل و تەلهیلال بە ناحیەی مەلحە بەسترابوونەوە، ماوەیەك لەلایەن یەکەی موڵکەکانی شەمامك بەرێوەبردراوە، بە ئاشکرا بەستراوەتەوە بە قەزای هەولێر، بەڵام لە کۆتاییدا زەوییەکانی هەردوو گوندی ناوهاتوو بە گەرانەوەیان بۆ خاوەنی یەکەمەکان، پێویست ناکرێت ببەسترێنەوە بە ناوهاتوو، وا نیشان دراوە کە سوودی هەیە لە رووی کارگێریەوە ببەسترێتەوە بە ناحیەی مەلحە، بۆیە جێگیر کراوە دووبارە بگەرێتەوە سەر ناحیەی مەلحە، لە دژی ئەم بریارەش خوێندنەوە و سکاڵای ویلایەتی ناوهاتوو لە بارەی گوندەکانی ناوهاتوو بەستنەوەی بە هەولێر و بەستراو بە موڵکی میری زۆر گوندی تریش هەیە لە ناوەرست ماونەتەوە و لەگەڵ ناحیەی مەلحە لەوێ وەکو رووباری زاب سنوورێك لە نێوانیان هەیە، لە ناو هەموو گوندەکان تەنیا ئەو دووانە بەستنەوەیان بگۆردرێت و گوندەکان بەستراو بە خاوەنەکانیان و موڵکی میری لە نێوان دانیشتووانی گوندەکانی تر قسەوباس دەکرێت، لەبەر دووبەرەکی سەرپێچی سەر سنوور ناچارن یەکێکیان سەردانی کەرکووك و ئەوی تر سەردانی هەولێر بکەن، یەك تاقم کۆسپ و تەگەرەی کارگێری و خاوەنداریەتیان هەیە، خاوەنی ئەو دوو گوندە لە کەرکووك نیشتەجێیە خاوەن دەسەڵات و کەسانی دیارن، بە دۆزینەوەی ئەوانە و زەوییەکانی موڵکی میری دەورووبەر چارەسەر بکرێت یەکلایی بکرێتەوە، لەمێژە پێشتر سەر بە کەرکووك بووە دەبێ ئێستا سەرپێچیەکان بگەن بە ئەنجام بۆ ئەم مەبەستەش بۆ زەمینە خۆشکردن دەبێ لە مەرکەز بێت لەگەڵ سکاڵا و خوێندنەوەکان بەرچاو بگیرێت، ئەو گوندانە سەر بە قەزای هەولێر بمێننەوە و وەکو خۆی بێت، پاراستنیشی وەکو پێشوتر پێویستە، بۆ ئاگاداربوونەوە لە ویلایەتی موسڵ بە ئاماژە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ رەبیعی یەکەم ١٣٣٢ و لە ٣ شوبات ١٣٢٩.

- گوندەکانی شەمل و تەلهیلال ئەو پەیوەندیەیان کە بە قەزای هەولێرەوە هەیە، پێویستە وەکو خۆی بپارێزرێن.
٢ مارت ١٣٣٠ بریاری شورای دەوڵەت

- ٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٢
١٣ مارت ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
وێنەکانی نووسراوەتەوە داواکاریەکانی شورای دەوڵەت و فەرمانگەی مەعاریف لەگەڵ هاوپێچی نووسراوی دەستەی گشتی داوا لە نەزارەتی ناوەخۆ کراوە هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.


دائرهٔ صدارت تحریرات قلمی
شعبه
OSMANLI ARŞİVİ
BEO


OSMANLI ARŞİVİ
BEO



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4294 322034 2

هەواڵنامەی کێتێب


| BEO. | 004294.322034 | 1 شەعبان 1332 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
یەكەی ئەنجوومەنی ئەیالەت
ژمارە ٦٤٥
جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندە

بـۆ وەكالەتەكانـی موتەسـەرفیەتی سـانجەقی ئەرزنجـان لەگـەڵ قائیمقامیەتـی قـەزای هەولێـر مەكتوپچـی ئـەرزروم ئەبوسـورەیا سـامی و بەرێوەبـەری پۆلیسـی ویلایەتـی موسـڵ خالیـد بـەگ دادەمەزرێـن، بـۆ خەرجـی پێویسـتی ناوبـراوان دەگەرێتـەوە سـەر مووچەكانیـان مووچـەی وەكالەت بـە هەژماری سـێ یەكی ڕێـك دەخرێـت، بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی ویلایەتەكانـی ئـەرزروم و موسـڵ ئاماژەی پێكـراوە، هەروەهـا بڕیارنامـەی خەرجـی ڕێـگا بـە گوێـرەی مـاددەی ٨ بـە شـوێن و بەرژەوەنـدی جـێ بەجـێ دەكرێـت و دادەمەزرێـن، بـە گوێـرەی حـاڵ و پیشـە وەكیـل لـە پێنـج ئاقچـە زیاتـرە، دوای ڕەزامەنـدی مووچـەی ڕاستەقینەی، لـە پلـەی چوار یەكـی یاخـود سـێ یەكـی ئاقچـە پێـی دەدرێـت، نـووسراو كـراوە، بـە تێروانین لـە ئاماژە و بڕیار بـری سـێ یەكەكـە جێبەجـێ دەكرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو كـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە كۆتایـی ڕەجـەب ١٣٣٢ و لـە ١١ حوزەیـران ١٣٣٠.
بە ناوی نازری ناوەخۆ ڕاوێژكار/ عەلی خضر




| BEO. | 004305.322817 | 20 ڕەمەزان 1332 |
|---|---|---|
| ٣٠ تەمموز ١٣٣٠<br>٢٠ ڕەمەزان ١٣٣٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>نـووسراوی ٢٦ تەمموز ١٣٣٠ ژمارەی تایبەتی ...٩٥ وەڵامی دەوڵەتە، بـۆ قائیمقامیەتـی هەولێر قائیمقامی پێشـووی داری دەرە، سـوعاد فەهیـم بـەگ دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوای ڕەزامەنـدی بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرموویەتـی، وێنـەی پەسـەندکراوی بـۆ لایەنی سـەروو نێـردراوە. | | |


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ


DH.İ.UM.EK

| DH.IUM.EK. | 00007.00055 | 30 جەمادی یەکەم 1333 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

بـۆ لەشـکری سـەفەرەکە بـە مـاوەی سـێ ڕۆژ ٦٠٠ یـوك زەخیـرە دەنێـرم، لـە دێـر حەریـر و باباچیمـەن ٢٠٠ هـەزار و لـە هەولێـر ٤٠٠ هـەزار جـۆ و ٦٠٠ هـەزار گەنـم دەبێـت، کـە یـەك ملیـۆن قیـە زەخیـرە کـۆ دەکەمـەوە، بـۆ گواستنەوەشـی لەسـەر جـۆری هاوکاریەکـە بـەردەوام دەبیـن، پێویسـتە بـری گەنمەکـە بگەیەنمـە یـەك ملیـۆن، جگـە لـەوە بـەردەوام دەبـم لـە ناردنـی ڕون و برنجیـش، سـبەی دەگەڕێمـەوە مەرکـەز.

حەیدر بریکاری والی موسڵ لە هەولێر





DH.İ.UM.EK.00009.00073.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.I.UM.EK. | 00009.00073 | 7 شەوال 1333 |
|---|---|---|


لە کۆپری دەرچووە
لە قەزای هەولێر ١٥ هەزار خانە هەیە رێکخراوە لەگەڵ هۆزەکەمان بریاری سەفەربەرلیکی داوە، تا ئەو کاتەی ئێستا ئەو پارەوپولەی داومانە لە پێشەسازی شەری ئازەربیجان خەرج کراوە، هیممەتی ئێمە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، هەر لە کۆنەوە ئاغاکان بە جوتیاریەوە سەرقاڵن، زەوییە کشتوکاڵیەکانی هۆزەکەمان هەمووی بە نەفرەتی ئاسمانی کەوتوون، بۆیە بە زیادەوە تووشی تەنگانە و پەرێشانی بوونەتەوە، تەنانەت زۆربەیان پێویستیان بە پارەیە، ئەمساڵ بە گشتی کشتوکاڵەکەمان لە ٧٠٪ تا ٨٠٪ فەوتاوە، لێرە خودی حکوومەت دەزانێ خۆی لە خۆیدا لەم جۆرە دەردوبەڵایانە سێ یەکی ئەو داهاتانە وەرناگیرێت، بەڵام حکوومەتی ئێرە گوێ بەم قسانە ناگرن و مامەڵەکە جێبەجێ دەکەن، ئەو هەموو خەڵکە تووشی پەرێشانی دەکەن، خەزینەی جەلیلە ئەگەر پێویست بکات تا کشتوکاڵی خەڵك تووشی زەرەروزیان نەبێت، فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەران چاوپۆشی لێ بکرێت، بە شێوەی ئیلتیزام یاخود بە ئەمانەتەوە بەرێوەببردرێت، داوای میهرەبانی دەکات، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پشت بە دادپەروەری دەبەسترێت، لەم ماوەیەشدا هۆزەکەمان دەیەوێت بۆ سنووری ئێران کۆچ بکات، بۆ ئەوەی رێگە بەم کۆچ کردن و پەرێشانیە نەدرێت، ئەوا ئەو سێ یەکە جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ هەموو بەروبوومی کشتوکاڵی و پارەوپول و مەرومالات بدرێت ناتوانێ برەکەی تەواو بکات، بە بێگومانەوە و بە ناچاری کۆچ دەکەن، ئەمە راگەیەندراوە و بە تکاوە داوا کراوە.
ئیبراهیم سەرۆکی دزەیی




| DH.MB.HPS. | 00045.00028 | 5 شەوال 1333 |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٤٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگ
لـە قـەزای هەولێـر لەبـەر ئـەوەی زینـدانـی ئافرەتان نییە، بـۆ دەستبەسـەرکردنی ئافرەتان مانگانـە بە کرێیەك لـەم سـاڵەوە لـە سـەرەتای مایـس ئـەو خانەیـەی بـۆ زینـدان دانـراوە، کـرێ ١٢ مانـگ گرتنـی بنێردرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری ویلایـەت رادەگەیەندرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە فەرمـان دەردەکات.
لە ٥ شـەوال ١٣٣٣ و لە ٢ ئۆغستۆس ١٣٣١
حەیدەر بریکاری والی موسڵ

لـە مێـژووی مایـس ١٣٣١ لـە قـەزای هەولێـر بـۆ ئـەو زیندانـەی کـە بـۆ ئافرەتـان دەکرێتـەوە لـە موزانـەی ئـەم سـاڵەوە لـە بەشـی ١٢ مـاددەی یەکـەم مانگانـە ١٩ قـوروش وەکـو شـوێنگرەوەی کـرێ (بـدل ایجـار) رێکخـراوە، بـۆ ١٢ مانـگ بـری ١٩٠ قـوروش حەواڵەنامـە رێکخـراوە، لـە بەڕێوەبەرایەتـی ژمێریـاری فەرمانـی لەسـەر دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣٣١



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH. ŞFR.</td><td>00494.00113</td><td>17 زیلحیجه 1333</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٣ تشرینی یەکەم ١٣٣١<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٣١ قەزای گەوار بەرێوەبەری ناحیەی ئۆرامار، سەروەر ئەفەندی سێ مانگ پێش ئێستا لە ویلایەتی موسڵ مەرکەزی قەزای هەولێر کۆچی دوای کردووە.<br>١٣ تشرینی یەکەم ١٣٣١<br>مەمدوح بریکاری والی</td></tr>
</table>



معارف عمومیه نظارتی قلم مخصوص دائره‌سنه مخصوص مسوده

دوسیه اولیاتی

OSMANLI ARŞİVİ
MF.MKT
1203 11 2


هەواڵنامەی کتێب

| MF.MKT. | 01203.00011 | 5 موحةررةم 1333 |
|---|---|---|
| ١٠ تشرینی دووەم ١٣٣٠<br>بۆ بەڕێوەبەرایەتی بابی فەتوای ناسنامەی کەسێتی<br>لە مێژووی ٥ تشرینی دووەم ١٣٣٠ ژمارە ٦٠٥ وەڵامی نووسراوی سەرووە، هەولێری عەبدوڵڵا ئەدیب ئەفەندی بە بریارنامەی مێژووی ١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٨٠٦ هەروەها بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە مامۆستایەتی سوڵتانیەی ئەسکوداری فارسی دامەزراوە، هەروەها راگەیەندراوی ژمارە ٤ بە ستراو بە بریارنامەی مێژووی ٩ ئەیلوول ١٣٣٠ ژمارە ٧١١ مووچەکەی ٥٠٠ قوروش راگەیەندراوە، ئەمرۆش ناوبراو لە مامۆستایەتی بەردەوامە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی وانەبێژی باسکراوە و راگەیەندراوە، لەگەڵ رێزم ئەفەندم. | | |


دولت عثمانیه
OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM.EK
20 51 2

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.I.UM.EK.</td><td>00020.00051</td><td>22 زیلقەعدە 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەخۆشخانەی هەولێر ئەو پارەیەی کە لە قائیمقامیەتی کۆی سانجەق کۆکراوەتەوە، لەوێ بۆ سەربازانی بێ هێز نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێلەیی دروست کراوە.<br>٤ ئەیلوول ١٣٣٢<br>حەیدەر والی موسڵ</td></tr>
</table>




DH.İ.UM.EK.00022.00055.002

هەواڵنامەی کتێب

| 1334 زيلحيجه 25 | 00022.00055 | DH.I.UM.EK. |
|---|---|---|

لە هەولێر دەرچووە
وەڵامێکە لە ٢٠ ووشە پێك هاتووە
لەبەر پێویستیمان لەگەڵ لیرە مولکمان لە بارمتە داناوە، بۆ کۆتایی هێنان بەم بارمتەیە، لیرای عوسمانی لەگەڵ کاغەزی نەقدی بۆ دانەوەی قەرزەکە سەردانمان کردووە، بەڵام قەبوڵ نەکراوە، بە گوێرەی یاسای یەکبوویی سکەکان (توحید مسکوکات) لە ماددەی حەوتەم تۆمار کراوە، بە مەبەستی بە هەژماری لیرە ١٠٢ قوروش نیو زەرەر نەکەن، میهرەبانی نواندراوە، ئەوە جێبەجێ کراوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە دیسان رەزامەندی نیشان نەدراوە خەریکە بێ ماڵوحاڵ دەمێنینەوە، ئەو کاغەزە نەقدیانەی کە زێری پێ دەوترێت بە گشتی فەرمانگەکان و دامودەزگاکان وەکو بانقی زراعەت حاڵی منیان قەبوڵ کردووە، بەڵام بارمتەچییەکان قەبوڵی ناکەن، بۆیە بە کەمکردنەوەی بەهاکەی تووشی دەردوبەڵا دەبم، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەم بە نیازی ئەوەم لە ویلایەتی موسڵ فەرمان پێویست بدرێت و چاوەرێی دادپەروەریم.
به ناوی شێخ عەبدوڵڵا و هاوەڵانی/ عەبدوڵڵا





هەواڵنامەی کتێب

| DH.I.UM. | 00041.00001 | ڕەبیعی دووەم 1334 |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە
٣٤٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگ

لە قـەزای هەولێـر بینایـەی مەکتەبـی سـەرەتای و تەلەگرافخانـە بـە یەکـەوە خراوەتـە زیـادەوە، حەواڵـەی یەکێك لـە ئەندامەکانی ئەنجوومەنـی کارگێـری عەتائەڵڵا ئەفەنـدی بـووە، دوای حەواڵە کردنەکـەش ناوبراو بەرامبـەر  ئـەوە شـوێنگرەوەکەی (بـدل) نـەداوە، ئـەو بڕیارنامەیـەی کـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری هاتـووە لەگـەڵ کاغـەزی پەیوەنـد بـەوە، تەنیـا لـە کاتـی خوێندنـەوەی لـە ویلایەت بـە زانیـاری دەسـتەیەکی فەرمی ئـەو زیادەیـەی کـە کـراوە لێـرەدا پارەوپولـی گـوازراوە و نەگـوازراوەی میـری کرینـی لەلایـەن یەکێـك لـە ئەندامانـی هەمـان دەسـتە بـە گوێـرەی یاسـا سـەرپێچیە، عەتائەڵـڵا ئەندامـی ئەنجوومەنـی کارگێـری قـەزا قەبوڵـی نەکـردووە، هەروەهـا لـەم جـۆرە زیادکردنانـە ئـەو مەشروتیانـەی کـە بوونـی هەیـە و کـراوە و پارەکـەی نـەدراوە، عەتائەڵـڵا ئەفەنـدی نکۆڵـی لـە کرینـی کـردووە، بـەم شـێویە قەبـوڵ ناکرێـت و پێـی نادرێـت، نابـێ شـتێکی ئـاوا ڕووبداتـەوە و زیادکردنێکـی تـر ئەنجـام بدرێـت، بـەم شـێوەیە بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی نـووسراو و کاغەزاکانـی ناوهاتـوو پێشکەشـی نەزارەتپەناهـی کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی داوای هـاوکاری کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ڕەبیعی دووەم ١٣٣٤ و لە ١٤ شوبات ١٣٣١
نامەی بریکاری والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

| DH.EUM.ADL. | 00049.00013 | 20 رەبیعی یەکەم 1334 |
|---|---|---|

هەر سێ مانگ جارێك هەر قەزایەك خشتەی ئاماری خۆی رێکدەخات


ئیسلام

| | | |
|---|---|---|
| تۆماری نوێ | ناوەخۆ: کوڕ ٣٨/ کچ ٤٣ | بێگانە: کوڕ ١٠/ کچ ٥ |
| لەدایك بوو | ناوەخۆ: کوڕ ٣٧/ کچ ٧٢ | بێگانە: کوڕ ٤/ کچ ١٢ |
| کەمکردنەوە | ناوەخۆ: کچ ٢ | بێگانە: کچ ١ |
| مردوو | ناوەخۆ: کوڕ ٦٩/ کچ ١٦ | |

یەهودی

| | | |
|---|---|---|
| تۆماری نوێ | ناوەخۆ: کوڕ ٥/ کچ ١٧ | |
| لەدایك بوو | ناوەخۆ: کوڕ ١٥/ کچ ٣٠ | |
| مردوو | ناوەخۆ:٧ | |


لە قەزای هەولێر ساڵی ١٣٣١ مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم خشتەی تۆماری ناوەوەی پەسەند کراوە، لە ٥ کانوونی دووەم ١٣٣١.




هەولێرنامەی کتێب


| I.DUIT. | 00060.00098 | 25 زیلقەعدە 1334 |
|---|---|---|


نەزارەتی جەنگی
بەڕێوەبەرایەتی مامەڵەی خۆیەتی
١٦٤٥
فەرمانی پاشا
لـە ئەشرافەکانـی هەولێـر دۆغرەمەچـی زادە عەلـی ئاغـا لەگەڵ دەسـت پێکردنی سـەفەربەر بـۆ دۆزینەوەی خۆبەخـش خزمەتێکـی گـەورەی کـردووە، لـە سـەفەری روانـدز شـوێنەواری دیـارە، بۆیـە پلەی میـری میرانی پێ بەخـشراوە.
بۆ ئەم کارە بە گوێرەی فەرمانی پاشا جێبەجێ کردنی دراوەتە نازری جەنگی
لە ٢٥ زیلقەعدە ١٣٣٤ لە ١٠ ئەیلوول ١٣٣٢
بریکاری نازری جەنگی
سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00067.00022</td><td>16 شەوال 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی<br>٥٢٠ تایبەتی<br>بۆ ویلایەتی موسڵ (شیفرە)<br>بە واژووی حاجی سەید بان شێخ لە مەرکەزی هەولێر تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ تەمموز ١٣٣٢ نێردراوە، دانەیەکی بە خوێندنەوەی ناسنامەی ناوبراو لەگەڵ خوێندنەوەتان راگەیەندراوە، لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٣٢.<br>نازر</td></tr>
</table>





هەولێرنامەی کتێب

| DH.UMVM. | 00089.00066 | 22 زیلقەعدە 1334 |
|---|---|---|


١١ ئۆغستۆس
بۆ ویلایەتی موسڵ
لەسەر سکاڵای سەرۆکی شارەوانی هەولێر عەبدوڵڵا ئاغا، بە واژووی عالیم حاجی سلێمان تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی هاوپێچ نووسراو بە مێژووی ٢ نیسان ١٣٣٢ ژمارە ٢٨٥١ نووسراوەتەوە، هێشتا وەڵامێك وەرنەگیراوە، ئەمجارە لەسەر هەواڵەکانی کارە خراپەکانی عەبدوڵلا ئاغا و هەندێك فەرمانبەرانی شارەوانی بە واژوو لە هەولێرەوە داواکاری نێردراوە، پێویستە هەرچی زووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٥٧ تایبەت
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: سەرۆکی شارەوانی هەولێر هیچ کارێکی خراپی نەبینراوە.
بۆ جەنابی نازر بەگ
لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆی ویلایەت نووسراوەکانی ژمارە ٢٨٠١ و ٣١ مێژووی ٢ نیسان ١٣٣٢ وەڵامی نەزارەتپەناهییە، بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ناوەخۆ جێبەجێ کراوە، لە ئەنجامەکەی دا سەرۆکی شارەوانی هەولێر هیچ کارێکی خراپی نەبینراوە، لە وەڵامی ئاماژەی موتەسەرفیەتی کەرکووك روون بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش لەم بارەیەوە بە مەبەستی ووردبینی کاغەزەکان نێردراونەتە ئەنجوومەنی دەستەی سروشتی. ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ زیلقەعدە ١٣٣٤ و لە ٦ ئەیلوول ١٣٣٢.

والی موسڵ



داخلیه نظارتی
مبانی امیریه وحبسخانه‌لر اداره‌سی مدیریتی

| DH.MB.HPS. | 00115.00024 | 28 رەبیعی یەکەم 1334 |
|---|---|---|
| ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٣١<br>لـە قـەزای هەولێـر گرتووخانـەی ئافرەتـان ئامادە کـراوە، خەرجـی ڕێکخسـتنی قەرەقۆڵخانەکـەی دیاریکراوە لـە ٣٤٩٦ قـوروش ٩٥ سـانتیم پێـك دێـت، کاغـەزی دەرخسـتەی قەبـوڵ کـراوە. | | |





هەوالنامەی کتێب

| DH.MB.HPS. | 00115.00038 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1334 |
|---|---|---|
| ٣١ کانوونی دووەم ١٣٣١<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی بینایەی میری و گرتووخانەکان<br>خەرجی نۆژەن کردنەوەی گرتووخانەی هەولێر ٦٤٩ قوروش ٦٠ سانتیم هەروەها بۆ نۆژەنکردنەوەی ژووری ژاندارمە خەرجیەکەی لە ٥٣٢ قوروش ٢٠ پارە پێك دێت، لکێنراوە بە کاغەزی دەرخستە شایەتی قەبوڵ کردنە. | | |




<table>
<tr><td>DH.MB.HPS.</td><td>00156.00073</td><td>16 ڕەبیعی یەکەم 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکوکی ویلایەتی موسڵ خشتەی چوار مانگی گرتووخانەکەی<br>دەست بەسەر    تاوان: کوڕ ١١    ئاژاوە: کوڕ ١٨<br>سزادراو    ئاژاوە: کوڕ ٨    کاری نەشیاو: کوڕ ٦<br>لە قەزای هەولێر لە تەممووزەوە تا کۆتایی تشرینی یەکەم خشتەی چوار مانگی گرتووخانە ڕێکخراوە و مۆر کرا.<br><br>لە ٥ تشرینی دووەم ١٣٣١<br>فەرمانبەری گرتووخانەی هەولێر</td></tr>
</table>


موصل ولايتى
مكتوبى قلمى
OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS
156 | 104 | 4

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | 00156.00104 | 20 سەفەر 1334 |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە
٢٨٥ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگی ئەفەندی

هەرچی زووە گرتووخانەی هەولێر پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، لە شوێن خۆی دەرخستەی بۆ کراوە و نێردراوە، دەرخستنامەکە لە ژمێریاری ویلایەت بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، ناوەڕۆکەکەی بە حەواڵە نامە نێردراوە، داوای هاوکاری کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ سەفەر ١٣٣٤ و لە ١٣ کانوونی یەکەم ١٣٣١.

نووسەری بریکاری والی موسڵ

خەرجی نۆژەنکردنەوەی گرتووخانەی هەولێر٦٤٩ قوروش ٦٠ سانتیم و نۆژەنکردنەوەی ژووری ژاندارمەش خەرجیەکەی ٥٣٢ قوروش ٢٠ پارە دەکات، لکێنراو بە کاغەزی دەرخستە شایەنی قەبوڵ کردنە، لە ٢١ شوبات ١٣٣١.



هەوالنامەی کتێب

| I.HB. | 00177.00035 | 23 موحەرەم 1334 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی نووسراوەکان
قەڵەمی نووسین
١٨٩٥
فەرمانی پاشا


لە دانیشتووانی قەزای هەولێر حاجی ئیسماعیل کوڕی محەمەد لە نێوان ئەو تاکی سەربازانەی کە لە ئەنتاڵیا بۆ دەرسەعادەت ڕەوانە کراون تێکەڵ بووە و داوای کردووە و هانی داون ملکەچ نەبن، ئەم کارەشی لە دادگا سەلمێنراوە و بە گوێرەی یاسانامەی سزای هومایۆن ماددەی شەستەمین بە ماوەی پێنج ساڵ لە قەڵا بەند دەکرێت، ئەو بریارە دراوەتە دیوانی جەنگی عورفی لەوێ پەسەند کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە بە فەرمانی پاشا نازری جەنگی سپێردراوە، لە ٢٣ موحەرەم ١٣٣٤ لە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٣١.

بریکاری باش قوماندان و نازری جەنگی

سەدری ئەعزەم




DH.ŞFR.00498.00018.001



DH.ŞFR.00498.00018.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00498.00018</td><td>11 موحەررەم 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>قائیمقامیەتی قەزای حمس بەتاڵە، کاروباری کارگێریەکەی لە پێویستی خۆی زیاتر گرنگە، بۆیە پێویستە نوێنەرێکی حکومەت بۆ ئەوێ دابنرێت کە نوێنەرایەتی حکومەت بکات، ئەو قائیمقامە بە هەموو مانایەکەوە لێهاتوو بێت، بۆیە بۆ قائیمقامیەتی ناوهاتوو قائیمقامی قەزای هەولێر سوعاد بەگ بگوازرێتەوە، چونکە ئەو خاوەنی ئەو خەسڵەتانەیە، ئەگەر ناوبراو نەبوو کەسێکی تری گونجاو دابمەزرێت و بگوازرێتەوە، لە ٦ تشرینی دووەم ١٣٣١.<br>عەزمی والی سوریا</td></tr>
</table>




| DH.ŞFR. | 00518.00056 | 28 جەمادی کۆتایی 1334 |
|---|---|---|

دەوڵەتی عوسمانیە
نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
لە ١٦ و ١٨ نیسان ١٣٣٢، سوعاد بەگ قائیمقامی قەزای هەولێر ئێستا ماوەی ئەرکەکەی تەواو بووە، هەروەها خزمەتی بینراوە، بۆیە داوای مانەوەی کراوە.
حەیدەر والی موسڵ



DH.ŞFR.00525.00071.001



DH.ŞFR.00525.00071.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH. ŞFR. | 00525.00071 | 15 رەمەزان 1334 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

خەلیل پاشا لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم لەسەر گواستنەوەی کەلوپەلی گرنگ لە گفتوگۆکردن دایە، خەریکن دێنە کەرکووك، بەرێگەی هەولێر چوومە کەرکووك، بۆ سوود وەرگرتن لەم کارە سەرەتا ئەو نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەوێڵەیەی کە لە هەولێر کردوومەتەوە و زیاتر لە ٢٠٠ قەرەوێڵە بۆ نەخۆشخانەی کەرکووك و ١٥٠ قەرەوێڵەش بۆ نەخۆشخانەی سلێمانیە رۆیشتووە، بۆ دیر حەریریش و بابا چیمەنیش هەر یەکە ٣٠ چادر رۆیشتووە و لێی دڵنیابوومەوە، بە هەمان شێوەش بۆ نەخۆشخانەی رانیەش دەگوازرێتەوە، لە موسڵیش لە نەخۆشخانەی مانگی سوری ١٠٠ قەرەوێڵەییم دروستم کردووە و ٢٠٠ قەرەوێڵە زیاد دەکەم.


٣ تەمموز ١٣٣٢

والی موسڵ





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ML.EEM.</td><td>01198.00005</td><td>2 ڕەجەب 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>٧٧<br>بە ئاشکرا و بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، لە قەزای هەولێر بۆ پەسەند کردنی داواکاری قۆمیسیۆنی جەنگی لە کاغەزی پەسەند کراو نووسراوەتەوە، لە مولکیەتی شەمامکی میری یەکەی ئەنبار ١٧١١٢٤ قیە گەنمی گوندەکان لە گواستنەوەی بۆ کۆگای گشتی سامەرا لە کاتی گواستنەوەی بۆ ئەنباری تەلشەعیر بە نارێکیەکی زۆر و ئاژەڵەکانەوە، هەروەها لەوێش لە گونیە کراوە و لە کاتی خستنە سەر کەلەکەوە بێ کەڵك بوونە و کەموکوری تێدا دەرکەوتووە، لە کاتی لێکۆڵینەوە، ٣٦٠٠ کیلۆ گەنم فەرمانی تۆماریان دراوە، داواکاری قۆمیسیۆنی جەنگی موسڵ و وتەکانی ژمێریاری ویلایەت ڕاگەیەندراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢ ڕەجەب ١٣٣٤ و ٢١ نیسان ١٣٣٢.<br><br>بەڕێوەبەری کشتوکاڵ/ سەر موهەندیس/ بەڕێوەبەری مەعاریف/ موفتی/ نووسەر/ دەفتەردار/ قازی/ والی موسڵ</td></tr>
</table>




| 18 شەعبان 1334 | 01198.00010 | ML.EEM. |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی دارایی
نووسراو
٧ حوزەیران ١٣٣٢
لە قەزاکانی کەرکووك و هەولێر سێ پارچە پەیوەستە بە تەلەگرافخانە، لە حکوومەتی عوسمانی ڕێکخراوە و دەفتەری خاقانی لە مێژووی ٢٤ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٢٧٢ لەگەڵ نووسراو نێردراوە، چوار پارچە سەنەدی خاقانی پێوەی لکاوە لە مێژووی ٢٨ نیسان ١٣٢٨ فەرمانی پاشا دەرچووە، ئەو سەنەدە باسکراوانە لە خەزینەی دارایی ڕێکخراوە و لە قەزای کەرکووك تەلەگرافخانەی ناحیەی کۆپری سەنەدەکانی تەلەگرافخانەی هەمان ساڵ تۆمار کراوە، تەلەگرافخانەی ناوهاتوو بری ٢١٠٨ قوروش نیشان دراوە، ئەوەی لە تۆمارەکان نیشان دراون، ٢١٢٠٨ قوروش نووسراوەتەوە، ئەگەر بە هەڵە نووسرابێتەوە، بە گوێرەی تۆماری سەنەدەکان کە نووسراوەتەوە ڕاست بکرێتەوە دواتر بنێردرێتەوە.


موصل ولايتى
مكتوبى قلمى
عدد
OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1213 16 8

هەواڵنامەی کێژ

| | | |
|---|---|---|
| ML.EEM. | 01213.00016 | 17 جەمادی کۆتایی 1334 |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە
٣٢ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگ
لـە قـەزای هەولێـر ئەو شـوێنانەی فەرمانگـەی دادوەری کە پێویسـتی بە نـۆژەن کردنەوەیە، لە موتەسـەرفی کەرکـوك کاغـەزی دەرخسـتە نێـردراوە، لەگـەڵ هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، ئـەوەی لـە ناوەڕۆکەکـەی بـاس کـراوە، ٣٢٩٠ قـوروش پێویسـتە حەواڵـە بکرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری ویلایـەت ڕاگەیەنـدراوە کە هـاوکاری پێویسـتە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٧ جەمادی کۆتایی ١٣٣٤ و لە ٧ نیسان ١٣٣٢
حەیدەر والی موسڵ





هەواڵنامەی کتێب

| ML.EEM. | 01222.00018 | 29 جەمادی یەکەم 1334 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ
٦٠٢٤ گشتی
٨٩ تایبەتی
بۆ وەکالەتی نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

دوای ئـەوەی بـە ڕێگـەی زیادکـردن مەکتەبێکـی سـەرەتایی و تەلەگرافخانەیـەك لـە قـەزای هەولێـر حەواڵـەی ئەندامـی ئەنجوومەنـی کارگێـری قـەزا عەتائەڵڵا ئەفەنـدی کـرا، ناوبـراو خـۆی نەکردۆتـە خاوەنی و شـوێنگرەوەی موزایدەکـەی نـەداوە و نکۆڵـی لـێ کـردووە، لە ویلایەتی موسـڵ پرسـیاری مامەڵەکـە کراوە، هەروەهـا نەزارەتـی جەلیلـە لـە مێـژووی ٢ تشرینی یەکـەم ١٣٢٦ بـە تێروانین لـە بڕیارەکانـی ڕاگەیەندراوی گشـتی ئـەوەی باسـکراوە لـە موزایـدە بەشـداری ناوبـراو عەتائەڵـڵا ئەفەنـدی گونجـاو نییـە، هەروەهـا هەر خـۆی حەواڵـەکـە بەتاڵکراوەتـەوە، لـەم جـۆرە لێبووردنانـە و مامەڵـە نایاسـاییانەدا ڕێگـە نەدرێـت ئەنجـام بدرێـت، هەروەهـا بـە گرنگیـەوە ئەوانـەی پەیوەندیـان بـەم کارەوە هەیـە ئـاگادار بکرێنـەوە، لـە ئەنجامـی ئـەو زیادەیـەدا خەزینـە زیانـی پێگەیشـتووە و جیـاوازی ئاقچـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـراوە، بـەم شـێوەیە لـە وەڵامـدا ڕاگەیەنـدراو بـۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو نێـردراوە، بـە ڕاگەیاندنـی زانیـاری پەلـە کـراوە لـە کارەکـە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ٢٩ جەمادی یەکەم ١٣٣٤ و لە ٢١ مارت ١٣٣٢
بریکاری ڕاوێژکار بە ناوی نازر



| HR.SYS. | 02163.00004 | 9 رەجەب 1334 |
|---|---|---|
| بەهۆی چاودێری کردنی جەنگ بە فەرمانی تایبەتی بۆ دارولئەمان جولەم کرد، لە ٢٥ نیسان ١٣٣٢ چوومە ناو شەرەوە، لە ٢٩ نیسان ١٣٣٢ لە جولەکردنم بۆ رواندز، تا برینەکەم تیمار بکەم ئەمرۆ هاتمە هەولێر.<br>موختار شەهبەندەری ساوچبۆلاق و قوماندانی سوارەی گشتی هۆزەکان | | |


دائرهٔ صدارت امور مهمه قلمی

| اوراق نومروسی | مسودی | مبیضی |
|---|---|---|
| ١٦٤٥ | | |
| قلمە ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض |

قلم نومروسی ١٢٨٠


مقابلە ایدنلر

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4432 | 332353

هەواڵنامەی کتێب


| 26 زیلقەعدە 1334 | 004432.332353 | BEO. |
|---|---|---|

٢٦ زیلقەعدە ١٣٣٤
١١ ئەیلوول ١٣٣٢
بۆ وەکالەتی نەزارەتی جەنگی جەلیلە
نووسراوی مێژووی ٧ ئەیلوول ژمارە ٥٤٤٠/٨ وەڵامی سەرووە: لە ئەشرافەکانی هەولێر دۆغرامەچی زادە عەلی ئاغا پلەی میری میرانی پێ دراوە، بە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسەندکراوی بۆ دەوڵەت نێردراوە.




هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.EUM.6. b.</td><td>00016.00003</td><td>2 شەعبان 1335</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی نووسین<br>ژمارە<br>٨٦ تایبەتی<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە قـەزای هەولێـر قەرەقۆڵـی تەلشـەعیر بـۆ ژاندارمـە مەجیـد کـوڕی حەمـدی و شـەریف کـوڕی وەهـاب ئامـادە کـراوە تـا دەسـت بـە ئەرکەکانیـان بکـەن، لـە کاتی ڕۆیشـتنیاڵن بۆ ئـەوێ لەلایەن چـوار لـە کوڕەکانی دانیشـتووی گونـدی زەرایتـە کـوژراون، بکوژەکانیـش بـۆ نـاو هۆزی بەیـات رایانکـردووە.</td></tr>
</table>





| DH.EUM.6.Şb. | 00016.00059 | 20 شەعبان 1335 |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی نووسین<br>١٠٩ تایبەتی<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>لـە زینـدانـی هـەولێـر سـێ دەسـتگیرکراو رایکـردووە، یەکێکیـان بە زینـدووی و دووەکـەی تریش بە کـوژراوی دەسـتگیرکراوە، لـە تەلەگرافنامـەی موتەسـەرفیەتی کەرکـووك راگەیەنـدراوە، لـە ٢٠ شـەعبان ١٣٣٥ و لـە ١٠ حوزەیران ١٣٣٣.<br>والی موسڵ | | |




هەولێرنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.EUM.6.Şb.</th><th>00018.00010</th><th>6 شەوال 1335</th></tr>
<tr><td colspan="3">مەحمود کاکە خان خەڵکی گوندی گرد مەلایە، محەمەد عەلی تاکی ژاندارمە لە بردنی ناوبراو بۆ هەولێر لە شوێن ئەوەی بە پارێزراوی رادەستی هەولێری بکات، ناوبراوی ئازاد کردووە و ئەرکەکەی بە خراپی جێبەجێ کردووە، بۆ ئەم مەبەستە کاغەزی لێکۆڵینەوەی نێردراوە و ووردبینی و خوێندنەوەی بۆ کراوە.<br>بە تێروانین لە کاغەزەکانی ناوهاتوو مەحمود کاکە خان بۆ ئەوەی کەلوپەلی لە بازار بهێنێتەوە بۆ گەرانەوەی کەسێك بە ناوی عەبود یوسفی کردۆتە کەفیل دوای ئەوەی ئازاد کراوە، جارێکی تر نەگەراوەتەوە لای ژاندارمە محەمەد عەلی، ئینجا ناوبراو لە موسڵ راستەوخۆ چۆتە زیندانی هەولێر و خۆی رادەست کردووە، بە چاودێری کردنی کە چۆتە هەولێر محەمەد عەلی بینیوە، دەرکەوتووە لە موسڵ گەراوەتەوە، لەبەر ئەوە هیچی لێ نەبینراوە، بریار دراوە دادگایی نەکرێت، لە ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣.<br>بریکاری والی موسڵ دەفتەردار</td></tr>
</table>


داخلیه نظارت جلیله‌سنه

١٤١

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS.M
30 | 25 | 3


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MB.HPS.M. | 00030.00025 | 30 رەمەزان 1335 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
راگەیەندراوی بەندە

هاوپێچی داواکاری مێژووی ١٤ تەمموز ١٣٣٣ ژمارە ١٣٧ یە، لە ساڵی ئێستای مارتەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران لە زیندانخانەی هەولێر خشتەی زانیاری رێکخراوە و نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.


لە ٣٠ رەمەزان ١٣٣٥ لە ١٩ تەمموز ١٣٣٣
بریکاری والی موسڵ دەفتەردار



هەواڵنامەی کتێب

| 1 جەمادی کۆتایی 1335 | 00035.00003 | DH.EUM.5.Şb. |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
دەرچوونی هەولێر
بـۆ رووسـەکان سـیخوری دەکـەن و پروپاگەنـدەی ناراسـت دەدۆزنـەوە و کوردەکانـی پـێ هـان دەدەن، سـەریان بـە قوماشـی سـەوز دەبەسـتن، لـە نـاو ویلایـەت دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر خەڵـك، ئـەو سـێ سـێخورە لـە کاتـی دەسـتگیرکردنیان فیشـەك بـاران کـران، لـە ٢٥ مـارت ١٣٣٣.
لە هەولێرەوە بۆ والی موسڵ/ حەیدر




هەواڵنامەی کتێب

| 9 شەوال 1335 | 00037.00051 | DH.I.UM.EK. |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی جەنگی
هۆبەی ئاسایش
ژمارە ١٠٩٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە وەزارەتی جەنابی سوڵتان سەلیم خان بەهۆی خزمەتی فیداکارانەی حەسەن پاشا وەکو پاداشت لە ناو قەزای هەولێر هەندێك گوند دراوەتە ژێر دەستی، لە کاتی پێویست نەوە دوای نەوە گوازراوەتەوە، بەڵام لەبەر داواکاری چەند بەڵگەیەکدا دەستبەسەر کراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی داواکراو بەدەست نەکەوتووە، لە قەزای هەولێر لە گەرەکی عەرەب نیشتەجێ و بە واژووی نەوەی حەسەن پاشا، دەرویش ئاغا زادە خەلیل بەگ داواکاری پێشکەشی نەزارەتپەناهی کراوە و نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٩ شەوال ١٣٣٥ و لە ٢٩ تەمموز ١٣٣٣
بە ناوی نازری جەنگی




هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>I.DUIT.</td><td>00045.000098</td><td>28 رەمەزان 1335</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی و فەرمانبەران<br>١٠٢٦ تایبەتی<br>فەرمانی پاشا<br>قائیمقامی هەولێر سوعاد فەهیم بەگ بۆ قائیمقامیەتی قەزای وادی عەجەم، بۆ قائیمقامی هەولێریش قائیمقامی عەزیزیە شەوکەت بەگ بە مووچەکانیان دەمەزراون و گوازراونەتەوە.<br><br>بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە، لە ٢٨ رەمەزان ١٣٣٥ لە ١٨ تەمموز ١٣٣٣.<br>سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ</td></tr>
</table>



باب عالی
داخلیه نظارتی
سوریه ولایتنه
شفره تلغراف
OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
77/199

| DH.ŞFR. | 00077.00199 | 6 ڕەمەزان 1335 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بۆ ویلایەتی سوریە/ شیفرەی تەلەگراف<br>قائیمقامی مەسحیە، سەزائی بەگ لە ناو ویلایەت بە مووچەی ٢٠٠٠ قوروش بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەیەك بگوازرێتەوە، لە شوێنی ئەویش قائیمقامی هەولێر سوعاد فەهیم بەگ بگوازرێتەوە، بۆ خوێندنەوە، لە ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣.<br>بە ناوی نازر | | |




هەوالنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00077.00228</td><td>10 ڕەمەزان 1335</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٢٨٤١٧<br>بۆ ویلایەتی سوریا/ شیفرە<br>هاوپێچ شیفرەی ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣، بەهۆی هەندێك هۆکاری پێویست ناتوانێ بچێتە وادی عەجەم بۆیە فەرید بەگ لە گەبزە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوێ قائیمقامی هەولێر، سوعاد فەهیم بەگ یاخود ئەوی تر لە بارەی دامەزراندنیەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لە ٣٠ حوزەیران ١٣٣٣.<br>بە ناوی نازر</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| ML.EEM. | 01198.00009 | رەبیعی یەکەم 1335 |
|---|---|---|

دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی ژمێریاری
٩٢١٣ گشتی
٤٩٧ تایبەتی
بۆ جەنابی پەیەبەرزی نەزارەتی دارایی
بۆ جەنابی دەوڵەت
بـە ووتـەی بەڕێوەبەرایەتـی موڵـك ئـەو فەرمانـە لـە مێـژووی ٧ حوزەیـران ١٣٣٢ ژمـارە ٣٣/١٤١ وەڵامـی ئەو داواکاریەیـە کـە نێردراوە. سـاڵی ١٣٢٥ لەسـەر رسـوماتی ئیلتیزامی بەلەموچکـەی رووبـاری زاب، موختار ئاغا کـوڕی سـەلیم ئـەو قەرزەیـەی کـە لـە حکوومـەت هەیەتـی لـە بەرامبـەر ئـەوەدا زەوییـە کشـتوکاڵیەکەی لـە هەولێـر هەیـە، سـەندەکەی گەراندۆتـەوە بـۆ حکوومـەت واتـە وەکـو شـوێنگرەوە (بـدل) پێشکەشـی کـردووە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە رەبیعی یەکەم ١٣٣٥ لە ١٨ کانوونی یەکەم ١٣٣٢
دەفتەرداری موسڵ


موصل املاك اميريه ادارهسی
عدد عمومی ۸۹۸۵ خصوصی ۴۷۹
مالیه نظارت جلیله سنه
OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1219 | 15 | 1


هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ML.EEM. | 01219.00015 | 27 سەفەر 1335 |

فەرمانگەی مولکەکانی میری موسڵ
ژمارە ٨٩٨٥ گشتی
٤٧٩ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە کارگێری گشتی قەرزی موسڵ لە ساڵی ١٣٢٩ حەواڵەیە، لەم ساڵە حاجی عەبدوڵڵا لە هەولێر لە دە یەك (اعشار) قەرزاری حکوومەتە، دەکاتە ١٠ هەزار قوروش، بۆیە لەلایەن خەزینەوە بەرامبەر بە قەرزەکەی، دەست بەسەر پارەوپولی نەگوازراوەی داگیراوە، لە سەنەداتی خاقانی کە ٣٧ پارچەیە لە نێو سەنەداتەکان بە مێژووی ٣٠ حوزەیران ١٣٣١ ژمارە ٢٣٧/١٤٧ پێشکەشی سەروو کراوە، ئەمجارە ناوبراو ١٠ هەزار قوروشی لەگەڵ خەرجی واز هێنان بەیەکەوە رادەستی حکوومەتی کردووە، لە مێژووی ٥ مارت ١٣٣٢ بە هاوپێچی سەروو ئاگاداری نێردراوە، بە پشت بەستن بە بڕیاری یاسای مێژووی ٢٨ شوبات ١٣٣١ ماددەی دووەم زەوییە دەستبەسەرکراوەکانی رەتکراوەتەوە تا بدرێتەوە ناوبراو، بۆ رەتکردنەوەی مامەڵەکەش سەرەتا ٣٧ پارچە سەنەدەکە بگەرێندرێتەوە ئێرە، ئینجا بەتاڵ بکرێتەوە و بدرێتەوە خاوەنەکەی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٣٢.

دەفتەرداری موسڵ/ بەڕێوەبەری مولکەکانی میری





| | | |
|---|---|---|
| ML.EEM. | 01237.00022 | 2 رەجەب 1335 |

دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی ژمێریاری
١٦٤١ گشتی
٩٤ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە

لـە قـەزای هـەولێـر دوکانێکـی قۆناغـی حکوومـەت بـە نـاوی موهتـەدی بەقـاڵ هەولێـری یـە، ئـەو داوایـەی لـە نێـوان خـۆی و خەزینـەدا هەیـە، لـە دادگای سـەرەتایی هەولێـر دوای دادگاییکـردن ئەنجامەکـەی دەرچـووە، لـە خەزینـەش بریارەکـە راگەیەنـدراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـڕوای بـە بریارەکـە نییـە، دووبـارە چۆتـە دادگای لیـوا کەچـی لـە لیـواش بریارەکـە پەسـەند کـراوە، هەروەهـا لە مـاوەی یاسـاییدا لەبـەر ئەوەی لەلایـەن بریـکاری خەزینـەی لیـوا داوای پێداچوونـەوەی داواکـە نەکـراوە، بۆیـە داوای پێداچوونەوەکـەش رەت کراوەتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە راگەیاندنـی دووبـارە دەسـت پێکردنـەوەی پەسـەند کـراوە، بـۆ دوکانـی ناوهاتـوو بـۆ رووخـان و تێکەڵکردنـی بـە رێگاوبـان لەلایـەن دەسـتەوە بـە شـوێنگرەوە کاری بـۆ کـراوە، حەواڵنامـە نێـردراوە لـە ژمێریـاری کەرکـووك نـووسراو وەرگیـراوە و راگەیەنـدراوە، هەروەهـا ئـەو داوایانـەی پەیوەنـدی بـە خەزینـەوە هەیـە، بـە ووریـای و لـە کاتـی خۆیـدا چاودێـری ناکرێـت، بـەم شـێوەیە خەزینـە لـە رووی یاساییەوە مافـی خـۆی لەدەسـت دەدات، بەم داوایيـە دەرکەوتـووە دوورخراوەتەوە، لەبـارەی داوای بریـکاری خەزینـە چاودێریکردنـی یاسـایی جێبەجـێ کـراوە، بـە گوێـرەی یاسـای کریـن و فرۆشـتن لـە جیاتی شـوێنگرەوەی دوکانـی ناوبـراو کـە دەروخێـت و دەخرێتـە سـەر رێـگا لـە سـندوقی شـارەوانی زیانەکـەی وەردەگرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حەواڵەنامـە نێـردراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.


لە ٢٤ نیسان ١٣٣٣
دەفتەرداری موسڵ

هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4478 335787

هەوالنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>004478.335787</td><td>29 ڕەمەزان 1335</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٩ ڕەمەزان ١٣٣٥<br>١٩ تەمموز ١٣٣٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>مێژووی ١٥ تەمموز ١٣٣٣ ژمارە ٣٨٩ تایبەت وەڵامی نووسراوی سەرووە:<br>بـۆ قائیمقامـی قـەزای وادی عەجـەم، قائیمقامـی قـەزای هەولێـر سـوعاد فەهیم و بـۆ قائیمقامیەتـی قەزای هەولێریـش، قائیمقامـی قـەزای عەزیزیـە شـەوکەت بـەگ دادەمەزرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرموویەتـی، وێنـەی پەسـەند کراویشـی بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە.</td></tr>
</table>



OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM
10-1 | 2-59 | 3

هەواڵنامەی کتێب

| DH.I.UM. | .DH.I.UM | 17 زیلحیجه 1336 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
ئەمرۆ بە گوێرەی بارودۆخەکە کەرکووك و دەوروبەری بۆتە ناوچەی جەنگ، دەبێ لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی سەربەست پارێزگاری لێ بکرێت، بۆ پارێزگاری کردن لە کەرکووك ئەو شتانەی کە نەگونجاون نابێ بگوازرێنەوە، هەروەها نابێ ئەو جموجوڵانە سەربەست بکرێت کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە حکوومەت، جگە لەوە دەبێ حکومەت لەوە سەربەستتر کار بکات، ئەگەر پێویست بکات بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پارێزگاری لە جموجۆڵی سەربەستی خۆی بکات، مەرکەزی لیوای بگوازێتەوە هەولێر، ئەمەش بە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم ووتراوە. لە هەنگاوی دواتر کەرکووك یەك مەفرزەی تێدایە تەنانەت لە کاتی هەر رووداوێك لەوانەیە کەرکووك بەجێ بهێڵێ، حکوومەت لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر بگوازرێتەوە، لەوێ کاروباری لیوا بەرێوەببردرێت، هەروەها لە کەرکووکیش لەگەڵ قائیمقامی سەلاحیە هەندێك فەرمانبەرانی دارایی حکوومەت و دەستەی فەرمانرەواش لە هەولێر نیشتەجێ بن و کاری حکوومەت جێبەجێ بکەن، هەرچی زووە داوای هاوکاری بکرێت، ١٥ ئەیلوول ١٣٣٤.


مەمدوح والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
DH.SN.THR
80 92 1

هەواڵنامەی کتێب

| DH.SN.THR. | 00080.00092 | 23 شەوال 1336 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٣٤ تایبەت
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مـۆری فەرمـی ناسـنامەی فەرمانبەرێتـی هەولێـر لەبـەر مردنـی فەرمانبەرەکـەوە، وون بـووە، چونکـە لـەلای ئـەو بـووە، بۆیـە لـە موتەسـەرفیەتی کەرکـوك نـووسراوە، لەبـەر دواکەوتنـی مامەڵەکان ئێسـتا لـە خۆچێیی دروسـت کردنـی مۆرێـك ئەنجـام بدرێـت، لـە کارگێری گشـتی مـۆری فەرمی جێبەجـێ بکرێـت و بنێردرێت، راگەیەنـدراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٣ شەوال ١٣٣٦ و لە ١ ئۆغستۆس ١٣٣٤
والی موسڵ





هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00091.00184 | 12 زیلحیجه 1336 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٢٣
لە شیفرەی ١٥، گواستنەوەی لیوای مەرکەز بۆ هەولێر گونجاوە، بۆ نەزارەتی دادوەریش نووسراو کراوە، لە ١٨ ئەیلوول ١٣٣٤.

نازر/ئیسماعیل


mvxl 1108 5 grvb 35 rr

= dahlye nttartne = j nvmrv drt 4829 4543 4255 4526 3661 3818 4 hzyran 34 de

5608 9503 3868 8816 3908 3908 7869 aytmc aydy 4589 3749 7573 9282 4583 olvb

9651 3769 4668 3779 3769 3897 tkdym 3569 4471 3759 3529 1218 ayldyqnq 9555


3828 8875 3809 4451 4509 arbyl kaimmkamlgy afadesyle marvzdr


= 7/6 mvxl valysy mmdvh +


DH. ŞFR 586/99

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00586.00099 | 27 شەعبان 1336 |
|---|---|---|
| مەجدولسەڵتەنەت لە ٤ حوزەیران ١٣٣٤ لە ڕێگای هەولێرەوە بۆ ڕومیە جولەی کردووە، ئەمەش ڕاگەیەندراوی قائیمقامی هەولێرە، لە ٧ حوزەیران ١٣٣٤.<br>مەمدوح والی موسڵ | | |







هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.ŞFR. | 00595.00121 | 9 زیلحیجه 1336 |


ژمارە چوار، بە گوێرەی ئەرك لە چواردەوری هەولێر بۆتە شوێنی جەنگ، لە رووی دەوڵەت پێویستە پارێزگاری لە هەموو جۆرە جموجوڵێکی سەربەست بکرێت، بۆ پاراستنی کەرکووك هەر شتێکی نەگونجاو بدۆزرێتەوە و هەست بە هەر جموجولێکی نەشیاو بکرێت بەپەلە کۆتایی پێ دەهێنرێت، ئەگەر پێویست بکات حکوومەت جموجوڵی سەربەست ئەنجام بدات، یاخود رێگە بدرێت و پارێزگاری لە جموجوڵی سەربەستی هێزی سەربازی بکرێت، بۆ ئەوەی هێزی سەربازی سەربەستانە کاری خۆی بکات مەرکەزی لیوا بۆ هەولێر بگوازرێتەوە، بۆ ئەمەش قوماندانیەتی لەشکری شەشەم ئاگادار کراوەتەوە، لە داهاتوو مەفرەزەیەك بۆ دەرخستن کەرکووك بەجێ بهێڵێت، بەمەش حکوومەت بۆ هەولێر بگوازرێتەوە، لەوێ کاروباری لیواکە بەرێوەببردرێت و لە کەرکووك لەگەڵ قائیمقامی سەڵاحیە یەك والی و فەرمانبەری مولکیە و دارایی هەر هەمووی نیشتەجێ بکرێن و دەستەی دادوەریش لە هەولێر کارەکانی خۆی بکات، ئەم فەرمانە بە پەلە رابگەیەندرێت و هاوکاری بکرێن، لە ١٥ ئەیلوول ١٣٣٤.

مەمدوح والی موسڵ




| ŞD. | 03151.00049 | 6 زیلحیجه 1336 |
|---|---|---|

بۆ بەرێوەبەرایەتی فەرمانبەران/ لە ٢١ زیلقەعدە ١٣٣٦
٧٠١
لـە بـارەی موفتـی پێشـووی قـەزای هەولێـر داواکـراو عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی بـە گوێـرەی ئـەو سـکاڵایانەی لەسـەری تۆمـار کـراوە، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـراوە، کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوە هاوپێـچ لـە بنکـەی قـازی ویلایەتـی موسـڵ بـە مێـژووی ٣٠ تشرینـی دووەم ١٣٣١ ژمـارە ٣٧ هاتـووە، لەگـەڵ ژمارەیـەك داواکاری، کـە ناوبـراو بـە بەکارهێنانـی پیشـەکەی چەندیـن زەوی داگیـر کـردووە، لـەم بارەیـەوە گەواهیـدەر زۆرە و بـۆ شـاهێدی دان ئامـادەن، کەچـی لەلایـەن ناوبـراوەوە تێکـدراوە، خـۆی لـە ئەنجامـی مردنـی کەسـێکی تـرەوە بـۆ موفتیایەتـی هەڵبژێـردرا و دامـەزرا، هەروەهـا لەلایـەن خۆیەوە بە گشـتی ئاشـتەوایی ئەمنیەتـی نەماوە، بۆیـە ناوبـراو هێشـتنەوەی لـە موفتیایەتـی گونجـاو نییـە، لە پایەی شـێخایەتی بە مێـژووی ٤ رەبیعـی یەکەم ١٣٣٤ دەرچـووە و ئامـاژە بـەوە کـراوە، کـە لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە، لـە شـوێن ئەویـش بـە مێـژووی ٢٩ جەمـادی یەکـەم ١٣٣٤ بـە هەڵبـژاردن مـودەرس محەمـەد ئەفەنـدی دامـەزراوە، بـە تۆمـار دەرکەوتـووە، لـە کۆتایـی لەلایـەن ناوبـراوەوە سـەردانی کـردوون و لـە بـارەی بابەتەکـەوە ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـراوە، بـە دادگا دەردەکەوێـت، بـە گوێـرەی ئـەو حاڵەتـە بـە جێبەجـێ کردنـی ئـەو مامەڵـەوە هاوپێـچ لەگـەڵ داواکاری، نـووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە مێـژووی ٢٣ تشرینـی دووەم ١٣٣٣ ژمـارە ٨٠ نـووسراوە، وەڵام لـە پایـەی شـێخایەتی هاتـووە، لـە ویلایەتـی ناوبـراو نـووسراو لـە ٥ کانوونـی دووەم ژمـارە ١ لـە بابەتەکـە هیـچ ووردبینـی نەکـراوە، لەسـەر ئـەوەش لـە بەرپرسـیارێتی ناوبـراو هیـچ حاڵەتێـك نەبیـنراوە، لـە مێـژووی ١ تشرینـی یەکـەم ١٣٣٣ لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری دەسـتەی سروشـتی قەدەغەکـراوە دادگایـی بکرێـت، لەسـەر ئـەو ئاماژەپێکردنـە ناوبـراو لـە ئەنجوومەنـی هەڵبژاردنـی فەرمانبەرانـی سـەروو بـە مێـژووی ٢٧ تەممـوز ١٣٣٤ ژمـارە ٩ بـە یاسـا بـەردەوام بوونـی لـە ئەرکەکـەی بـە گونجـاو زانـراوە، کەچـی بـە دەنگـدان لـە پلـەی شـێخایەتی بەهـۆی بەجـێ هێشـتنی کارەکـەی گەرانـەوەی گونجـاو نەبیـنراوە، لەسـەر سـەردانە بەردەوامەکـەی تکایەکانـی گونجـاو نییـە، لـە نـاو ویلایەتـی ناوهاتوو بـە پێشـنیار موفتیایەتی قـەزای زاخۆ و جارێکیـش لـە قـەزای هەولێـر پێـی دراوە، بـەڵام قەبوڵی نەکـردووە، بـەم داواکاریە سـەبارەت بـە گەرانەوەی لـە پلـەی سـەدارەتپەناهی فەرمـان دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٦ زیلحیجـە ١٣٣٦ و ٧ ئەیلـوول ١٣٣٤.





هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.DUIT.</td><td>00060.000102</td><td>12 ڕەبیعی یەکەم 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>سەدارەتی پایەبەرز<br>٥٣<br>فەرمانی پاشا<br>لە ئەشرافەکانی هەولێر و ساداتی ئەحمەدییە، سەید محەمەد ئاغازادە سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی لە جەنگ بە پارە و بە جەستە هەوڵ و کۆششی داوە، پلەکەی بۆ میری میران بەرز بۆتوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، سەدارەت سەرپشکە، لە ١٢ ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٧ لە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٣٥.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>


صدر اعظم
mv. 260/3
2
هەواڵنامەی کتێب

| MV. | 00260.00003 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1337 |
|---|---|---|


فەرمانی پاشا
ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٧
کانوونی دووەم ١٣٣٥
لـە ئەشرافەکانـی هەولێـر و سـاداتی ئەحمەدییـە، سـەید محەمـەد ئاغـا زادە سـەید عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی بەهـۆی ئـەو جەنگانـەی بـە پـارە و بـە جەسـتە کردوویەتـی، جگـە لـە هاوکارییـە پێشـووەکانی، پلەکـەی بۆ میـری میـران بـەرز بۆتـەوە.
بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە پاشاییە، سەدارەت بەرپرسە.
سەدری ئەعزەم





| DH.ŞFR. | 00599.00113 | 12 موحەررەم 1337 |
|---|---|---|

لە ١٨ تشرینی یەکەم ١٣٣٤ داقوقیان داگیرکردووە، لەوێ نزیکەی ٢٠ سوارە بلۆك لەناو چوون، یەکێك لە ژاندارمەکان بەدیل گیراوە و دووانیان لەگەڵ ژاندارمە هاتوونەتە کەرکوك، ٦ لە تەیارەکان هێرشیان کردۆتە سەر کەرکوك ئەو بۆمبانەی کە هاوێشتوویانە ١٠ کەس لە سەربازەکانمانیان بریندار کردووە، ئەمرۆ بەشێك لەمانە نێردراونەتە هەولێر، ئەمەش بە موتەسەرفی کەرکوك نوری بەگ راگەیەندراوە.
مەمدوح والی موسڵ


تلغرافنامه


داخلیه نظارتنه

دولت عثمانیه

DH. ŞFR 635/55

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 26 ڕەمەزان 1337 | 00635.00055 | **DH.ŞFR.** |
| سـەرۆك هۆزەكانی هەولێر دڵسـۆزی خۆیان دووپاتكردەوە، هاتمە مەركەزی ویلایەت، لە ٢٥ حوزەیران ١٣٣٥. | | |




| BEO. | 004546.340949 | 21 سەفەر 1337 |
| --- | --- | --- |

شورای دەوڵەت
مولکیە و مەعاریف
ژمارە ٣٦٧١١
٥١٦

بەسەرپێچی کردن لە یاسا دوورخراوەتەوە، بۆیە داوای کردووە دووبارە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، لەلایەن موفتی پێشووی هەولێر عەبدوڵلا فازڵ پێشکەش کراوە، حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، ئەو داواکاریە لەگەڵ هاوپێچەوە لە فەرمانگەی مولکیەی مەعاریف خوێندرایەوە.
ئەو داواکاریەی لە پلەی شێخایەتی سەروو لە بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران نووسراوەتەوە لە مێژووی ٧ ئەیلول ١٣٣٤ پەراوێزی نووسراوەتەوە، ناوبراو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە خەڵك لە هەر یەکێك زەوی و زارێکی زەوت کردووە، لەم بارەیەوە خەڵکێکی زۆر گەواهیدەری ئەوەن و شاهیدی ئەوەن، بەم ڕەفتارەوە سەروو لەکەدار دەکات، بە گشتی ئەمنیەتی تێکداوە، ئەو نووسراوانەی کە لە ویلایەتی موسڵ لە مەرکەزی قازیەتی وەرگیراوە، لەسەر ئاماژە پێکردنی مانەوەی ناوبراو لە شوێنەکەی خۆی گونجاو نییە، ئاماژەی پێکردووە لە شێخایەتی و موفتیەتی دوور خراوەتەوە، هەروەها لە شوێن ئەو بە هەڵبژاردن بە زۆرینەی دەنگ مودەرس محەمەد ئەفەندی دامەزراوە، بە تۆمار دیاری کراوە، لە کۆتاییدا لەلایەن ناوبراوەوە لە کاتی سەردانی کردنیدا بە لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردنەکەدا دەرکەوتووە، سەبارەت بە مانەوەی بۆ وەڵامدانەی ڕاگەیەندراوی شێخایەتی سەروو نووسراو لە ویلایەتی ناوبراو وەرگیراوە، لەم بابەتانە هیچ یەکێك لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، پشت بەستن بەوەش سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی ناوبراو هیچ شتێکی نەبینراوە، بۆیە لە کارگێری ئەنجوومەنی کەرکووك/ دەستەی سروشتی لە مێژووی ١ تشرینی یەکەم ١٣٣٣ بڕیار درا دادگایی کردنەکەی قەدەغە بکرێت، جگە لەوەش لە هەڵبژاردنی فەرمانبەراندا سەبارەت بە وەرگرتنەوەی ئەرکەکەی لە شێخایەتی بڕیاری لەسەر دراوە. بەم شێوەیە عەبدوڵلا ئەفەندی بە بڕیار دووبارە ئەرکەکەی وەردەگرێتەوە، بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئەنجام دراوە ڕوون نییە و ڕەزامەندی لەسەر دوورخستنەوەشی نادرێت، ئەمەش کرا بە نووسراو، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردکات.
٢١ سەفەر ١٣٣٧ و ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٣٤


هەواڵنامەی کتێب




هەوالنامەی کتێب

| 9 زیلقەعدە 1337 | 004585.343867 | BEO. |
| --- | --- | --- |

٩ زیلقەعدە ١٣٣٧
٧ ئۆغستۆس ١٣٣٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی پایەبەرز
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٤ ئۆغستۆس ١٣٣٥ ژمارە ١٣١٠ قائیمقامی بیرەجیك فەرەیدون بەگ بە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی، لە شوێن ئەو قائیمقامی هەولێر مونیر و بۆ قائیمقامی حەرانیش قائیمقامی پێشووی بیرەجیك مەسعود بەگ لەبارەی دامەزراندنیانەوە مۆڵەت دراوە و وێنەیەکی پەسەند کراوی فەرمانی پاشای جەنابی پاشا بۆ سەروو نێردراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.


DH.SN.THR. 1339.M.25
2

٩٨٢٤

OSMANLI ARŞİVİ
DH.SN.THR
87 | 28 | 2

2vrk
(3shf boş)

| | | |
|---|---|---|
| DH.SN.THR. | 00087.00028 | 16 موحەرڕەم 1339 |

بۆ لایەنی قائیمقامیەتی قەزای سومە
وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٣٠ ئەیلـوول ١٣٣٦ ژمـارە ١٥٢/٢٦١ لـە ویلایەتـی موسـڵی قـەزای هەولێـر نیشـتەجێ بـووە، ناسـنامەی عوسـمانی وون کـردووە، عەبدوڵـڵا کـوڕی بـەگ داوای کردۆتەوە، لەگـەڵ ناوبراو مسـتەفا کـوڕی مسـتەفا لـە قـەزای جەرمیك بـە گوێـرەی کات نەتوانـراوە لـە گەرەکەکـەیـان ڕەچەڵەکی خۆی بهێنێـت ناوبـراوان ئەمـرۆ ئـەو گەرەکانـەی تێـدا نشـتەجێن، لـە دەسـتەی هەواڵـگری بـە گوێـرەی زانیـاری و هـەواڵ، جێبەجـێ کردنـی تۆماریـان بـە ناسـنامە و وەرگرتنـی تۆمـاری عوسـمانیەکانیان زۆر پێویسـتە، دوو پارچـە مامەڵـەی داواکاری بـە هاوپێچـەوە دووبـارە نێردراوەتـەوە.

# پێرست

پێشەکی.............................................. ٥
رونکردنەوە لە بارەی بەڵگەکانەوە....... ٦
ووشەکان.......................................... ٨
بەڵگەکان.......................................... ١٣:
بارزان: ٢١٨. ٢٦٤. ٢٩٥
دزدار: ١٤. ١٧. ٧٨
دهۆك: ٦٢. ١٣٤. ٢١٩. ٢١٨. ١٣٤. ٢٣٤. ٢٣٨. ٢٣٦. ٢٥٦
زاخۆ: ٩٨. ٩٣. ٢١٨. ١٧٧. ١٦٠. ١٣٦. ٢١٩. ٢٢٢. ٢٤٢. ٢٥٦. ٣٦٠
شێخان: ٤٨. ٢٠٥.
قائیمقام: ٩٥. ٩٢. ٩٣. ٦١. ٦٠. ٢١٨. ٢١٣. ٢٠٨. ٢١٠. ٢٠٢. ١٩٥. ١٩٣. ١٨٩. ١٨٨. ١٨٦. ١٧٨. ١٧٧. ١٧٣. ١٧٥. ١٥٤. ١٥٣.
١٤٧. ١٤٦. ١٣٨. ١٢١. ١١٧. ١١٩. ١١٥. ٢١٥. ٢١٤. ١٩٠. ٢٢١. ٢٢٠. ٢١٩. ٢٦٣. ٢٥٣. ٢٥٠. ٢٤٧. ٢٤٢. ٢٢٨. ٢٢٦. ٢٢٥. ٣٦٨.
٣٦٦. ٣٦٠. ٣٥٩. ٣٥٦. ٣٥٥. ٣٥٧. ٣٥٠. ٣٣٥. ٣١٦. ٣٠٩. ٣٦٩. ٣٥١. ٣٤٩. ٣٥١. ٣٣٤. ٣٢٢. ٣١٥. ٣١١. ٣٠٨. ٣٠٧. ٣٠٣. ٢٩٦.
٢٩٥. ٢٩٢. ٢٨٨. ٢٨٧. ٢٨١. ٢٧١
موفتی: ٢٢٦. ٣٣٧. ٣٦٦,٣٦١
نائیب: ٢٠٠. ٢٠٢. ٢١٩. ٢٢٦. ٣٦٩

هەواڵنامەی کتێب